www.zanayan.org



## خوای گەورە دەفەرموێ:

﴿وَلِلّـهِ عَلَى النَّاسِ حِجُّ الْبَيْتِ مَنِ اسْتَطَاعَ إِلَيْـهِ سَبِيلاً..﴾
**آل عمران:** 97

﴿وَأَتِمُّواْ الْحَجَّ وَالْعُمْرَةَ لِلّهِ...﴾
**البقرة:** 196

## پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێ:

مَن حَجَّ لِلَّهِ فلم يَرْفُثْ ولم يَفْسُقْ رَجعَ كَيَوْمِ وَلَدَتْهُ أُمُّهُ.
**رواه البخاري**

وَالْحَجُّ الْمَبْرُورُ ليس له جَزَاءٌ إلا الْجَنَّةُ.
**رواه البخاري**

www.zanayan.org

# پێشکەشە بە :

* ڕۆحی پاکی ئەو پێغەمبەرە ئازیزەی لە ناو حەرەمی پیرۆزی مەدینەی مونەوەرە نێژراوە.
* هەموو ئەوانەی بە هەستێکی پاکو بە سۆزو عەشقەوە زیارەتی کەعبەی ماڵی خوا دەکەن.
* ئەوانەی لە سەفەری حەجدا بەدیار بەیتەوە فرمێسکی پەشیمانی هەڵدەڕێژن.
* دایكو باوکی ئازیزم، لەگەڵ ئەو مامۆستایانەی خەمخۆرم بوون.
* هەموو ئەو حاجیانەی دوعای خێر بۆ کوردستانی ئازیز دەکەن.

بسم الله الرحمن الرحيم

| | |
|---|---|
| یەکێتی<br>زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان<br>مەکتەبی تەنفیزی | اتحاد<br>علماء الدين الإسلامي في كوردستان<br>المكتب التنفيذي |

ژمارە: — العدد:

ڕێکەوت: ٢٠١٠/١٠/٤ — التاريخ: ٢٠١٠/١٠/٤

﴿ بەناوی خوای گەورەو میهرەبان ﴾

بابەت / هەڵسەنگاندن

دوای ئـەوەی کـاك مـەلا عەبـدوڵڵا شـێرکاوەیی داوای لێ کـردین چـاوو بـە کتابەکـەی بخشینینەوە، ئێمە وەکو لیژنەی باڵای فەتوای کوردستان چاومان کەوت بە کتابی ( فەڕیزەی حەج لـە شـەریعەتی ئیسلامدا )، کـە دانـدراوی ( مـەلا عبـدالله أحمـد شـێرکاوەیی)یـە، دەسـت خۆشیمان لێ کرد، چونکە لە هەموو ڕووێکەوە بە تێرو تەسەلی لە بارەی حەجەوە نوسیویەتی، لەگەڵ ئەوەشدا لە هەموو بابەتەکان بەڵگەی لەسەر هێناوە، لەبەر ئەوە داواکارین موسڵمانانی کورد سوودی لێ وەربگرن، پێمان باشە بۆی چاپ بکرێ، لەبەر ئەوەی بەرهەمێکی بەسوودە لـەبارەی وەرگرتنـی شـارەزایی لەسـەر حەجـەوە. ئومێـدیش دەکـەین خـوای گـەورە پاداشـتی بەخێری دانەر بداتەوە

والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته

لەگەڵ ڕێزماندا...

لیژنەی

باڵای فەتوای کوردستان

٢٠١٠/١٠/٤

هەولێر

# (( پەسندنامە ))

## بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

## بابەت / هەڵسەنگاندن

دوای ئەوەی کاك مەلا عەبدوڵڵا شێرکاوەیی داوای لێ کردین چاوو بە کتابەکەی بخشینینەوە، ئێمە وەکو لیژنەی باڵای فەتوای کوردستان چاومان کەوت بە کتابی ( فەڕیزەی حەج لە شەریعەتی ئیسلامدا )، کە داندراوی ( مەلا عبداللە أحمد شێرکاوەیی)یە، دەست خۆشیمان لێ کرد، چونکە لە هەموو ڕوویێکەوە بە تێرو تەسەلی نوسیویەتی، لەگەڵ ئەوەشدا لەهەموو بابەتەکان بەڵگەی بەڵگەی لەسەر هێناوە، لەبەر ئەوە داواکارین موسڵمانانی کورد سوودی لێ وەربگرن، پێمان باشە بۆی چاپ بکرێ، لەبەر ئەوەی بەرهەمێکی بەسوودە لەبارەی وەرگرتنی شارەزایی لەسەر حەجەوە، ئومێدیش دەکەین خوای گەورە پاداشتی بداتەوە.

[illegible]

**لیژنەی**

**باڵای فەتوای کوردستان**

2010/10/4

**هەولێر**

# سوپاس و پێزانین

- زۆر سوپاسی برای بەڕێزم (شێخ سەلاح شێخ فەتاح نەقشبەندی) دەکەم کە لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی حەج و عومرە ئەرکی لەچاپدانی ئەو پەرتووکەی گرتە ئەستۆ.
- هەروەها سوپاس بۆ بەڕێز مامۆستا مەلا محمد وەرتی سەرۆکی لیژنەی بالای فەتوای کوردستان، کە ئەو نووسینەی هەڵسەنگاندن و ئەرکی پێداچوونەوەی هەڵگرت.

بسم الله الرحمن الرحيم

# پێشەکی:

سوپاس و ستایش بۆ خوای پەروەردگارو، درودو سەلامیش لەسەر گیانی پێشەوای مرۆڤایەتی حەزرەتی (محمد ﷺ)، وە لەسەر یارو یاوەرانی تا رۆژی دوایی.

خوێنەری بەڕێز ..

زۆر تامەزرۆ بووم، لەبارەی حەجەوە بە زمانی کوردی شتێك بنووسم و خزمەتێك بە هەموو ئەوانە بگەیەنم، کە تامەزرۆی سەفەری حەج و زیارەتی بەیتی پیرۆزن، بۆ ئەوەی بە ئاستێکی بەئاگاو هۆشیارەوە هەنگاوەکان بهاوێژن و ئەو ئەرکە پیرۆزە ئەنجام بدەن.

بۆیە ئەم نوسینە هەوڵێکە، بۆ چۆنیەتی ئەداکردنی حەج و خستنە ڕووی گەورەیی ئەو فەڕیزەیە و، هەموو ئەو پاداشتانەی بۆ حەجکار داندراوە، پەیامێکی بەڵگەدارە لە شیکردنەوەی هەموو کارو هەنگاوەکانی حەج، کۆمەڵێك رێنمایی و ئامۆژگاری گرنگی لەخۆ گرتووە، بۆ ئەوەی خوشك و برای حاجی لەڕێیەوە بتوانن، بەو پەڕی رێك و پێکیەوە ئەرکی حەج راپەڕێنن و، بە جوانترین شێوە گەشتی حەج ئەنجام بدەن.

لەراستیدا ئەو فەرزە پێویستی بە هۆشیاری زۆرو شارەزایی تەواو هەیە، بۆ ئەوەی مرۆڤ لەرێی ئەنجامدانی حەجەوە بگاتە ئاستێکی باشی دینداری و پاکبوونەوە لە تاوان، هەم بۆ ئەوەش لەگەڵ هەنگاوەکانی حەجدا مرۆڤ زیاتر بەرەو ئاکارە بەرزەکانی ئیسلام هەنگاو بنێ و، لە هەرچی ڕەفتاری خراپ و ناشەرعیش هەیە خۆی دوور بخاتەوە.

چونكە خوای گەورە مرۆڤی لە دوو پێكهاتە (گیان و جەستە) دروست كردووەو بە جوانترین پەیامیش ڕێزی لێ ناوە، گرنگترین مەهامی (گیان) عەقیدەو ئیمانە، گرنگترین ئەركەكانی (جەستە)ش ئەنجامدانی خواپەرستیەكانە، بەو پێیە عەقیدەو ئیمان خواپەرستی گیانین، نوێژو ڕۆژوش خواپەرستی جەستەیین، زەكاتیش خوا پەرستیەكی ماددیە. بەڵام فەڕیزەی حەج خواپەرستیەكی گیانیو جەستەییو ماددییە، واتە تێكڕای مەهامو تایبەتمەندیەكانی پایەو فەرزەكانی ئیسلام لە خۆ دەگرێ.

سەرەڕای ئەوەش فەڕیزەی حەج وێڕای ئەوەی ئەركە لەسەر موسڵمانان، لە هەمان كاتدا قوتابخانەیەكی گەورەیە بۆ فێربوونی چەندین وانەی بەنرخو سوودمەندی دونیاو دواڕۆژ لە لایەكو، گەیشتن بە دەسكەوتە ڕۆحیو جەستەییو ڕەوشتیەكان لە لایەكی ترەوە. لەبەر ئەوەشە مەراسیمێكی لەو چەشنە لە هیچ شوێنو شارو وڵاتێكی دونیا وێنەی نییە، كە وەك كۆنگرەیەكی ساڵانە موسڵمانانی تێكڕای وڵاتە جیا جیاكان، بە جیاوازی ڕەنگو دەنگو نەریتو كەلتوورەوە، ڕوو دەكەنە ئەو شوێنە، بە مەبەستی بەرز ڕاگرتنی دروشمی خواپەرستیو یەكبوونی موسڵمانانو قوڵكردنەوەی گیانی برایەتیو هاوكاری، بەشێوەیەك كە پەیامو پەروەردەی ڕۆحیو ئەخلاقیو ئابووریو زانستی بۆ هەموو وڵاتان بەخێر بگێڕێتەوە.

لەبەر ئەوە پێویستە ئەو كەسەی حەج ئەنجام دەدات، تەواو هۆشیارو ئاگاداری تێكڕای ئەو یاساو ئەركو فەرمانانە بێت، كە شەریعەتی ئیسلام سەبارەت بە مەسەلەی حەج باسی لێوە كردووە، بۆ ئەوەی ماندوو بوونو ئەركو خەرجی حاجی لەو سەفەرەیدا، بە هەدەر نەڕواو بە جوانترین شێوە ئەو فەڕیزەیە ئەنجام بدات.

ئەو پەرتووكە بەرهەمی شەونخونیو ماندووبونی زیاتر لە ساڵێكە، كە ئامانج لێی خزمەت گەیاندنە بە خوشكو برا حاجیەكانو، شارەزا كردنیانە لە كارەكانی حەج هەنگاو بە هەنگاو، لەگەڵ ئەوەشدا زانیاری تەواو دەدات لەبارەی ئادابو نهێنیو حیكمەتو سوودوەكانی حەج لەلایەكو، ڕوونكردنەوەی ئەرك كارەكانو فیدیەو قوربانیو دوعاو زیارەتو ئەحكامەكان لە لایەكی ترەوە.

هەرچەندە نووسین لەو بارەوە زۆرن، بەڵام لە شێوەی کورتو نامیلکەدا، کە زۆرجار وا دەکەن حاجی بە شێوەیەکی سادە حەجەکەی ئەنجام بداو، تەواو لە نهێنیو حیکمەتەکانی حەج نەگات. بەڵام ئەو نوسینە بە شێوەیەکی تێرو تەسەل لاپەڕەکانی حەج هەڵدەداتەوەو حەجکار ئاشنا دەکات، بە زۆرێك لە گەورەییەکانی فەڕیزەی حەجو، لە زۆر لاوە تێنویێتی دەشکێنێت.

هیوادارم بەو کارەم خزمەتێکم گەیاندبێ‌و، خوای گەورەش لێم وەربگرێت، بە دڵنیایشەوە ئەگەر ئەو کارە بەرهەمێکی باش بێ لە فەزڵی خواوەیەو ئەگەر کەمو کورتی تێدا بێت لەمنەوە، بۆیە تکا دەکەم خوێنەر لەکاتی سوود لێوەرگرتنی لە دوعای خێر بێ بەشم نەکاتو لەهەڵەکانیشم ببورێ، چونکە هەر خوا شایستەی تەواوێتیو بێ کەمو کوڕیە.

عەبدوڵڵا ئەحمەد شێرکاوەیی
پێش نوێژو وتارخوێن
شێرکاوە - باڵەکایەتی
2010/10/10
Sherkaway83@gmail.com
S_sherkaway@yahoo.com

www.zanayan.org

# ئەرکی مورشیدی ئایینی

هەبوونی مورشیدی ئایینی لەگەڵ کاروانی حاجیان لەسەفەری حەجدا، بەشێوەیەکی گشتی بۆ ئەو دوو ئامانجە سەرەکیەی خوارەوەیە:

**یەکەم:** بۆ ئەوەی مورشیدی ئایینی بتوانێ مەناسکی حەج بۆ حاجیان شی بکاتەوەو، شارەزایەکی تەواویان لەسەر ئەرکو کارەکانی حەج بداتێ، لەگەڵ هۆشیار کردنەوەیان لە هەموو ئەو قەدەغە کراوانەی لەکاتی حەجو ئیحرامدا، یان لەکاتی بەجێگەیاندنی واجبەکان، دروست نییە بکرێن.

**دووەم:** بۆ بە دەرفەت زانینو سوود وەرگرتن لە مەوسمی حەج، بەمەبەستی هۆشیار کردنەوەو، پەروەردە کردنو، رۆشنبیرکردنی خوشکو برا حاجیەکان، بەرێنماییو بنەما رۆحیو ئەخلاقیەکانی ئیسلام، چونکە لەو حاڵەتەدا حاجی ئامادەیی باشی هەیە، بۆ وەرگرتنی ئامۆژگاریو شارەزا بوون لە قیەمە ئەخلاقیو ئایینیەکان، بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو سەفەرەو، ئەنجامدانی ئەو ئەرکە گەورە، حاجی بە شێوەیەکی باش خۆی ئاراستە بکاتو، تەزکەیی دەروونی خۆی بباتە پێشی پێشەوە لەلایەکو، واز لە ئاکارو کردە ناشەرعیەکانیش بێنێ لەلایەکی ترەوە.

بۆیە پێویستە مورشیدانی بەڕێزی ئایینی هەست بەو ڕاستییە بکەن، کە ئەرکی ئەوان لەو سەفەرە گرانەو، بەرپرسیاریەتییێکی ئایینی گەورەیەو دەکەوێتە ئەستۆیان، کەوا پێویست دەکات خۆی لەپێناو ماندوو بکەنو، بە گیانێکی لەخۆ بووردووانە رایپەڕێنن، لەبەر ئەوە من لێرەدا چەند خاڵێك وەك هاوکاری کردنێك لەو بوارە دەخەمەڕوو، بە حوکمی ئەوەی سوپاس بۆ خوا ئەو ئەرکەم بینیوەو، لەگەڵ چەندین مورشیدیش قسەمان لەو بارەوە کردووە، لەبەر ئەوە چەند خاڵێك هەیە، پێویستە مورشیدی ئایینی لێ ئاگادار بێو، رەچاویان بکات لە مەوسمی حەجدا، ئومێد دەکەم

ببنە مایەی سوود لێوەرگرتن بۆ ئەو سەفەرەو، هەموو ئەوانەی ئەو ئەرکەیان پێ دەسپێردرێ:

1- نیەت پاکیو ئیخلاس هەبوون لەو ئەرکەو، دڵسۆزی نوواندن بەرامبەر حاجیان لەو سەفەرەدا.

2- بەجێگەیاندنی ڕێنماییەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی حەجو عومرەو، هاوکار بوون لەگەڵ حەملەدارو کارمەندی ئیداریو تەواوی حاجیان.

3- هەبوونی شارەزایی تەواو لەسەر ئەرکو کارەکانی حەج لە ڕوانگەی شەریعەتی پیرۆزی ئیسلامو، فیقهی مەزهەبی شافعیو، مەزهەبەکانی تریش چەندەی بکرێ، بۆ ئەوەی لە تەواوی هەنگاوەکان شارەزایی هەبێ، هەم بۆ ئەوەش کاتێ حاجیان هەر پرسیارێك لە بارەی حەجەوە دەکەن، زانیاری پێویستو تەواویان لە بارەیەوە بداتێ.

4- خۆ ناساندن بە حاجیانو، ئامادەیی دەربڕین بۆ هەر ئیشو کارو پرسێکی شەرعیو، مامەڵە کردن وەك دۆستی نزیکی حاجیان، نیازت وابێ تۆ خزمەتی ئەوان بکەی نەك بە پێچەوانەوە، هەر زووش ژمارە مۆبایلی خۆت بدە هەموویان، بۆ ئەوەی لەهەر شوێنێك پرسیاریان بۆ دروست بوو، پەیوەندیت پێوە بکەن، چەندە بە تەوازوعو نەرمیو لوتف خۆشیو ماندوو نەناسانە هەڵسوکەوت بکەی هەر کەمە، پێشیان ڕابگەیەنە، کە شەوو ڕۆژ دەرگات کرایەوە بۆ خزمەتی ئەوان، بێ جیاوازیش تەعامولیان لەگەڵ بکەو، سەردانیشیان بکەو، لەناویان دانیشەو، بەردەوام لە ئەحواڵیان بپرسە.

5- بەر لە ڕۆژانی حەج، ئەگەر بگونجێ شەوانە، یان کاتێکی تر، شوێنێك دیاری بکەی، چ لەناو حەرەم بێ، یان لەژوورێکی ئوتێل، حاجیانی کاروانەکەت کۆ بکەوە، بۆ ئەوەی زانیاریان لەسەر حەج پێ بدەیو، مەناسکی حەجیان بۆ ڕوون بکەیتەوە، هەروەها وەڵامی پرسیارەکانیان بدەیتەوە، یان بە عەمەلی مەشقیان پێ بکەی

لەسەر هەندێ لەو کارە گرنگانەی، کە پێویستە حاجی لەکاتی حەجکردن لێیان ئاگادار بێت.

**6-** ئەگەر بگونجێ بەر لە مەوسمی حەج، بۆ شارەزا بوون، کاروانەکەت ببە عەرەفەو موزدەلیفەو میناو شوێنی ڕەجم کردن، لەگەڵ حەملەدار تەنسیق بکەو بەر لەگەیشتن بە هەر شوێنێك شارەزایی لێ وەربگرە، ئینجا تۆ لە ڕووی شەرعەوە بۆیان ڕوون بکەوە، کە کارو ئەرکیان، لەو شوێنە چۆنەو چیە.

**7-** وتاردان بەر لە گەیشتن بە شوێنە پیرۆزەکان (ئەگەر بکرێ) بۆ نمونە کاتی نزیك دەبنەوە لە بەیت، کاروانەکەت کۆ بکەوەو باسی گەورەیی بەیتو تەوافو سەفاو مەڕوەو ئاوی زمزم بکە، یان ڕۆژی تەڕویە باسی چۆنیەتی وەستانی عەرەفەو ئەحکامەکانو گەورەیی دوعاکردن بکە، یان ڕۆژانی مانەوەی مینا باسی ئەرکەکانی ئەو شوێنەو چۆنیەتی ڕەجمو، گەورەیی خواپەرستیو، دوورکەوتنەوە لە شەیتانو، قوربانی کردنو، برایەتیو، تەوبەکردنو، نزاو قورئان خوێندن بکە، لەناو کاروانەکەشت دانیشەو کێ پرسیاری هەیە وڵامی بدەوە.

**8-** لەڕۆژی عەرەفە زۆر خۆت ماندوو بکە، لە گرنگی دان بەوتاری عەرەفەو، دوعا کردنی جەماعیو، باس کردنی گەورەییو فەزڵو پاداشتی وەستانی ئەو ڕۆژە، هەوڵ بدە بەو پەڕی ئیخلاسەوە تەشجیعیان بکە لەسەر زۆر پاڕانەوەو، تەوبەیەکی تەواو، چونکە ئەوان بەو وەستانە شەهادەی (حاجی بوون) وەردەگرن.

**9-** لە زیارەتەکانیش هەبوونی وتار پێویستە، جا لەناو پاس بێ، یان بەر لە گەیشتن بە شوێنەکان، بۆ نمونە کاتی لەمەدینە نزیك دەبنەوە، باسی گەورەیی مزگەوتی مەدینەو زیارەتی گۆڕی پێغەمبەر(د.خ) بکە، لە شوێنەکانی تری وەك: شوێنی شەڕی ئوحدو شەهیدانی ئەو شەڕە، مزگەوتی قوباء، گۆڕستانی بەقیع، ئەشکەوتی حیڕاء، ئەشکەوتی سەور.... هتد.

لەهەموو ئەو شوێنانە ئەگەر کەمیش بێت، شتێکیان لەبارەوە باس بکەو ڕوونکردنەوەی پێویست بدە.

**10-** تا دەکرێ لە کاروانەکەت دامەبڕێو بەردەوام لەگەڵیان بە، وە هانیان بدە خواپەرستی زۆر بکەو لەسەر نوێژەکانیان بە جەماعەت بەردەوام بن، هەوڵیش بدە تەواوی کاروانەکەت وەك خێزانێك تەعامول لەگەڵ یەکتر بکەن، بە شێوەیەك ئەو پەڕی ڕێز بنوێننو هاوکاری یەکتر بن.

**11-** دوای تەواو بوونی کارەکانی حەج، بەردەوام بە لەسەر ئامۆژگاریو، ڕایان بێنە لەسەر بەردەوامی خواپەرستیو گەڕانەوە بۆ لای خوا، لەگەڵ ئەوەشدا باس لەوە بکە، کە لەو قوتابخانەیەی پێی دەگوترێ (مەوسمی حەج) چی فێر بووینو، چۆن پارێزگاری لێ بکەینو، چۆن بتوانین لەسەری بەردەوام بین.

12- لەگشت کارەکان هەوڵ بدە، بە پێی دەقەکان پاداشتی ئەو کارانە باس بکە، کە حاجیان ئەنجامی دەدەن، بۆ ئەوەی ببێتە هاندەرو دڵخۆشیەك بۆیان، ئاگاداریش بە، وتارو قسەو ڕوونکردنەوەکانت حاجیان تووشی بێ تاقەتیو وەڕەزی نەکات.

www.zanayan.org

## پێویستییەکانی سەفەری حەج

مەبەست لە پێویستیەکانی حەج، ئەو شتانەیە کە حاجی پێویستیەتی لەسەفەری حەجدا، چونکە جاری وا هەیە هەندێك لە خوشك‌و برا حاجیەکان، هەندێك شتی وا لەگەڵ خۆیان دەبن، کە بەداخەوە هیچ پێویستیان پێی نییەو، بگرە بارگرانیەکەو ماندوو بوونی زۆریشی پێوە دەبینن، زۆر جاریش هەیە هەندێك شت نابەن، کە لەوێ پێویستیان پێ هەیە، هەر چەندە ئەوەش جێی گلەیی نیە، لەبەر ئەوەی زۆرینەیان یەکەمین جارە ئەو سەفەرە ئەنجام دەدەن‌و، زۆر شارەزایی وەزعەکە نین.

لێرەدا بەپێویستی دەزانم ئاماژە بەهەندێك ئەو پێویستیانە بکەم، کە پێویست دەکات خوشك‌و برای حاجی لەو سەفەرە لەگەڵ خۆیان ببەن، هەرچەندە ئەو دیارکردنە بەشێوەیەکی ڕێژەییەو، سەتا سەد نییە، چونکە دابین کردنی پێویستیەکان لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازی هەیە، یان مەوسمی حەج لەوەرزێکەوە بۆ وەرزێکی تر، گۆڕان بە سەر پێویستیەکان دەهێنێت، بەڵام دیارکردنی هەندێك لەو پێویستیانە، وەبیر هێنانەوەو هاوکاری کردنی ئەو سەفەرەیە، بۆیەش بەپێی ئەو ریزبەندیە شتەکان باس دەکەین:-

## یەکەم: جلوبەرگ‌و پۆشاك

ئەگەر بەشێوەی پۆلێن بێت، ئەوە ئەو پۆشاك‌و جلوبەرگەی حاجی پێویستیەتی، بریتین لەو چوار جۆرە پۆشاکە:

1- **ئیحرام:** مەبەستیش لە ئیحرام ئەو دوو پارچە پۆشاکەیە، کە واجبە حاجی لەکاتی گەیشتن بە میقاتی حەج پێی بن، هەرچەندە ئەو ئیحرامە لەگشت شوێنەکان دەفرۆشرێ، بەڵام وەك حەزەر وەرگرتن‌و ڕەچاوکردنی مەسەلەی کاروانی حاجیان‌و کات‌و شتی تر، وا باشە لێرەوە لەگەڵ خۆی بیبات. لەگەڵ کڕینی نەعل، کە لەکاتی ئیحرامدا پێویستە لەبەری بکات.

2- **جلوبەرگی تەرفیهی:** واتە دەستە جلوبەرگێك لەگەڵ خۆی ببا، بۆ ئەوەی لەکاتی دانانی ئیحرام لەبەری بکاو بۆ دەرەوە بگونجێ.

3- **جلوبەرگی خەوتن:** ئەمەش رەنگە هەندێ خەڵك بەکاری بهێنێ‌و، هەندێکیش بەلایەوە گرنگ نەبێ، بەڵام وا باشە بۆ کاتی پشوو و مانەوەی ئوتێل، دەستە جلوبەرگێکی رێکی شەوانەی پێ بێت.

4- خاولو سەرچەفو بەتانیەکی سووك، کە بۆ کاتی عەرەفەو مانەوەی مینا پێویستە.

سەبارەت بە جلوبەرگی ئافرەتانەوە، لەبەر ئەوەی هەموو جۆرە جلوبەرگێك بۆ ئەوان دروستە، منیش هیچ لەو بارەوە دیار ناکەم، ئەوان خۆیان دەزانن چیان پێویست دەبێت.

## دووەم: خواردن

لەبارەی خواردنەوە، زۆرێك لە خوشكو برا حاجیەکان، وا دەزانن هیچ جۆرە خواردنێك لەوێ دەست ناکەوێ، بۆیە هەر لێرەوە بە کارتۆن‌و جانتا خواردن لەگەڵ خۆیان دەبەن، کە سەرەنجام بارگرانیەکی زۆر بۆ خۆیان‌و کاروانەکەش دروست دەکەن، بەپێچەوانەوە لەوێ لە هەموو شوێنەکان‌و، بەتایبەتیش بازاڕ بەردەوام کراوەیەو خواردنیش هەیەو کەس پەکی ناکەوێت، بەڵام ئەوەی ئیمە لەخواردن مەبەستمانە ئەو دوو خاڵەیە:

1- **خواردنی رێگا:** واتە ئەگەر بکرێ بۆ کاتی رۆیشتن لێرەوە تا دەگەیە ئەوێ، یان تا شوێنی مانەوەت لە هوتێل بۆ دیار دەکرێ، رەنگە وەك پێویست نەتوانی بچیتە بازاڕو شت بکڕی، ڕەنگە جاری واهەبێ ئەو ماوەیە شەو رۆژێك بێ، یان زیاتر یان کەمتر، بۆیە ئەگەر جۆرە خواردنێکی سووك بۆ رێگە، لەگەڵ خۆت ببەی پێویستەو، شتێکی باشە.

2- **خواردنی مانەوە:** مەبەست لەوەش ئەوەیە، کە هەندێك پێخۆرو شتی سادەی وەك (کولیچە، کاکڵی گوێز، کێك، برمە، خواردنی وشکی سەفەری) ئەمانە شتی باشن، چونکە هەندێك کات هەیە، درەنگ دەگەڕێیتەوە ئوتێل، یان لەکاتی وەستانی عەرەفەو، مانەوەی مینا هەندێك شتی لەو چەشنەت پێ بێ پێویستە. لەگەڵ ڕەچاو کردنی ئەمانەی خوارەوە:

أ- وا باشە ئەو جۆرە خواردنانەی دەبردرێن، بەشێوەیەکی باش هەڵبگیرێن، یان ئەگەر شلەمەنی بوو وەك (چا، شەربەت، دەرمان) پێویستە لەناو ترمز، یان شتێکی باش دابندرێتو رەچاوی لایەنی تەندروستیش بکات.

ب- زۆرێك لە حاجیان بەتەنەکەو شتی گەورە، هەنگوینو پەنیرو تەحینو مرەباو خواردنێکی ئەوەندە زۆر لەگەڵ خۆیان دەبن، وا دەزانن هەر ناگەڕێنەوە، بەڕای من ئەوە پێویست نییەو، ئەرکو ماندووبوونی زۆریشی دەوێتو، جاری واش هەیە هەر فڕێ دەدرێت.

ج- وا باشە لەڕووی خوادرنەوە خوشكو برای حاجی ئاگاداری خۆیان بن، لەو جۆرە خواردنانەی مرۆڤ تووشی سك چوونو تەسەمومو کۆکەو پەسیو دەکەن، وەکو (هێلکەی کوڵاو، گۆشت، چەوری، شیرنەمەنی، ساردەمەنی).

## سێیەم: دەرمان

بۆ ئەوەی لەکاتی نەخۆش کەوتنو، تووش بوونی ئەو ئازارانەی مرۆڤ دەخەنە بێ تاقەتیەوە، پێویستە چەند دەرمانێکی فریاگوزاری لەگەڵ خۆت ببەی، کە سادەترینیان ئەمانەی خوارەوەن:

1- حەبی ژانە سەر (پاراستۆڵ).

2- بۆ هەڵامەتو پەسیوو (فلۆئاوت).

3- بۆ ئازارو ژانی لەشو تەشەنووجات (ڤۆلتارین ، پۆنستان کەپسول).

4- بۆ ڕشانەوەو دڵ تێك چوون (حەبی پلاسیل، بی سکس).

5- بۆ سك چوون (ئینترۆ ستۆب).

6- بۆ حەساسیەو خوران (ئەلەرمین).

7- مەرهەمی سووتانەوە.

8- ئەوانەش کە نەخۆشی درێژ خایەنیان هەیەو، دکتۆر چارسەری بۆ داناون، پێویستە دەرمانو چارەسەرەکانیان، لەگەڵ خۆیان ببەنو، لەوێ بەکاری بێنن.

9- هەندێك لەفافو گۆزو باندچو پلاستەر، بۆ ئەوەی لەحاڵەتی پێویست، یان لەکاتی بەربوونەوە، یان دروست بوونی برین بەکاریان بێنێ.

## چوارەم: جانتای سەفەری

باشتر وایە پێداویستییەکان بخرێنە ناو جانتایەکی دەستی، یان گچکە، کە بۆ گواستنەوە ئاسان بێت، نەك جانتای دوو نەفەری، یان چەند جانتایەك، کە ئەمانە لەڕێگەو، ئوتێلو، گواستنەوە ماندووبونێکی زۆریان دەوێت.

بەڵکو پێویستە:

1- جانتایەك بۆ جلوبەرگو ئیحرامو، ئەو کەلوپەلە وشكو سادانەی کە لەگەڵ خۆی دەیان بات.

2- جانتایەکیش بۆ مەوادی خواردنو، ئەو شتانەی پەیوەندیان بەو لایەنەوە هەیە.

## پێنجەم: چەند پێویستیەکی تر

ڕەنگە هەندێك شتی تر هەبێت، کە لەو سەفەرە پێویست بێ، چونکە هەندێك کات مرۆڤ شتێکی وای پێویست دەبێت، ڕەنگە نەگاتە بازاڕو، ئەگەر لای نەبێت کارەکەی بۆ نەکرێ، بۆیە لێرەدا چەند پێویستیەکی تر دەخەینەڕوو لەوانە:

1- کەرەستەی تاشین: وەك: مووس، مقەس، مەکینەی سەرو ڕیش، چەقۆ، بۆ ئەوەی لەکاتی پێویست بەکاریان بێنێ، کە هەموو حاجیەك ئەمانەی پێویست دەبێت.

2- نینۆك بڕ، بۆ ئەوەی لەکاتی پێویست بەکاری بێنێت.

3- مۆبایل بۆ ئەوەی ئەحواڵی خزمو کەسو کاری بزانێو لەوێش لەکاتی دابڕان لەکاروانی خۆی پەیوەندیان پێوە بکات.

4- بۆنێکی سووكو خۆش، بۆ ئەو کاتانەی دەگونجێ بەکاری بێنێ، تا لە بۆنی ئارەقەو گەرمادا خۆی بپارێزێ.

5- فلچەو مەعجونی ددان شووشتن.

6- ئاوێنەیەکی بچووكو شانە، ئەگەر بەکاریان بێنی.

7- قایش یان شتێکی تر بۆ هەڵگرتنی شتە وردەکانی وەك: پارە، مۆبایل، مقەس، ئەنگوستیلە، زێڕ، سەعات، شتی لەو بابەتە.



# بەشی یەکەم

# حەج لە قورئانو سوننەتدا

www.zanayan.org

# دەروازەیەك

## مەبەست لەو فەڕیزەیەو چەند وشەیەك

بێگومان فەڕیزەی حەج ئامانج گەلێكی هەیەو بۆ گەیشتن بەو ئامانجانەش، پێویستە مرۆڤی موسڵمان ئاگای لەو مەبەستو ئامانجانە بێت لەكاتی حەجی ماڵی خوا، تا بگاتە تێكڕای ئەو پاداشتو دەسكەوتە ڕۆحیو جەستەییو ڕەوشتیو خواپەرستیانەی، كە بە كردنی ئەو واجبە وەدەست دێن.

فەڕیزەی حەج وێڕای ئەوەی ئەركە لەسەر موسڵمانان، لە هەمان كاتدا قوتابخانەیەكی گەورەیە بۆ فێربوونی چەندین وانەی گەورەو بەسوودی دونیاو دواڕۆژ، لەڕووی دینداریەوە هێزێكی تری ئیمانی دەداتە دەروونو لەتاوانو گوناهەكان پاكی دەكاتەوە.

لەڕووی كەسایەتیەوە بەرەو پێش وەچوونێكی زۆر دروست دەكاتو مرۆڤ فێری زۆر وانەی گرنگ دەكات، كە ڕۆژانە سوودیان لێ دەبینێ.

لەڕووی كۆمەڵایەتیەوە زۆر شت بەرچاو دەخات، بگرە هەر لەشێوازی ڕەنگو زمانو نەریتو هۆشیاری گەلانی ترەوە، تا دەگاتە ئەو فائیدە ڕۆحیانەی مرۆڤ بۆی دەستەبەر دەبن، كە سەرەنجام بە خاڵی ئیجابی بۆ كەسێتی موسڵمان دەشەكێنەوە

بۆیە خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژە بەو ڕاستیە دەكاتو دەفەرمووێ: **﴿وَأَذِّن فِي النَّاسِ بِالْحَجِّ يَأْتُوكَ رِجَالًا وَعَلَى كُلِّ ضَامِرٍ يَأْتِينَ مِن كُلِّ فَجٍّ عَمِيقٍ، لِيَشْهَدُوا مَنَافِعَ لَهُمْ وَيَذْكُرُوا اسْمَ اللَّهِ فِي أَيَّامٍ مَّعْلُومَاتٍ عَلَى مَا رَزَقَهُم مِّن بَهِيمَةِ الْأَنْعَامِ فَكُلُوا مِنْهَا وَأَطْعِمُوا الْبَائِسَ الْفَقِيرَ، ثُمَّ لْيَقْضُوا تَفَثَهُمْ وَلْيُوفُوا نُذُورَهُمْ وَلْيَطَّوَّفُوا بِالْبَيْتِ الْعَتِيقِ﴾**[1]، واتە: ئەی ئیبراهیم (سەلامی خوای لەسەر) بە خەڵك ڕابگەیەنە، كە حەجی

---

1- الحج: 27-28.

ماڵی خوا بکەنو بانگیان بکە بۆ حەجو پێیان بڵێ: حەجکردن فەرمانی خوایە، ئیتر ساڵانە لە هەموو لایەکی دونیاوە خواناسان بە پیادەو بە سواری دێن بۆ ئەو زیارەتە، بۆ ئەوەی سوودو بەهرەو قازانج بۆ خۆیان دەستەبەر بکەنو یادی خوا بکەن لەو رۆژە دیارکراوانەدا، کە رۆزیو نیعمەتی زۆری پێداونو ئەو ئاژەڵانەی بۆی دەستەبەر کردوون، بە ئارەزووی خۆتان دەیانکەنە گۆشتو سەریان دەبڕن، دەجا لێی بخۆنو مافی هەژارانیشی لێ بدەن.

جا ئەگەر سەیری ئایەتی (**لِيَشْهَدُوا مَنَافِعَ لَهُمْ** ) بکەین، رێك ئاماژەیە بۆ هەموو ئەو سوودە دونیاییو قیامەتیانەی، کە خوشكو برای حاجی لەئەنجامی هەوڵو کۆششیان وەدەستی دێنن. چونکە حەج قوتابخانەیەکی ئیمانی گەورەیەو مرۆڤی ئیماندار دەتوانێ لێیەوە فێری وانەو سوودی گەورەی بوارە جیاجیاکانی ژیان بێت.

حەج دەروون پاك دەکاتەوەو بەرەو ئیخلاسو پاکی دەبات، کە بەوەش مرۆڤ دەگاتە ژیانێکی تازەو هیواو وورە بەرزیو گومان پاکی بەرامبەر بە خوا، وێڕای ئەوەش حەج باوەڕی مرۆڤ بەهێز دەکاو پەیمانو پەیوەندی نێوان بەندەو خوا رێك دەخاتەوەو، رێگەی پەشیمانی لە تاوانو هەڵسوکەوتی نابەجێ نزیکتر دەکاتەوە، چونکە ئەنجامدانی حەج خۆی لە خۆیدا پەیامی خواپەرستیو ستایشی نیعمەتەکانو قوڵکردنەوەی گیانی برایەتی ئیمانی پەرە پێ دەداتو بڵاو دەکاتەوە.

حەج پەروەردەی مرۆڤ دەکات لەسەر ملکەچ بوونو، بەجێگەیاندنی فەرمانی خوا، وەك چۆن ئەرکیەتی کارەکانی حەج بەتەواوی ئەدا بکا، بە هەمان شێوە بە ئەرکی دەزانێ مرۆڤ لەتێکڕای ژیانی ئەو پابەندیو ملکەچیە بنوێنێ، بۆ ئەوەی ئاسوودەیی دونیاو دوا رۆژی، لەسایەی سێبەری شەریعەتدا مسۆگەر بکات.

حەج دەرگای ئومێد بەڕووی تاوانباران دەکاتەوەو فێریان دەکات، بەوەی چۆن لەکاتی ئەنجامدانی فەرزەی حەج پێویستە حاجی واز لە هەندێ شت بێنێو خۆپارێزی لە

هەندێك شت بکا، بەهەمان شێوە هانی دەدات لەتەواوی ژیانیدا واز لەتاوانو ڕەفتارە نادروستەکان بهێنێ، بۆ ئەوەی بە هەمان ئەو پاکیو بەرزیە بمێنێتەوە، کە بە ئەنجامدانی حەج بۆی دێتە دی.

حەج دروشمی یەکبوونو یەکگرتنو برایەتیە، چونکە لە مەوسمی حەجدا خەڵك یەکسانە لە پۆشاكو ئەركو دروشمو قیبلەو شوێندا، کەس لە کەس گەورەترو لە پێشتر نیە، مەگەر بە تەقواو کردەوەی چاکە نەبێت.

حەج کۆنگرەیەکی گشتی ساڵانەی بە یەك گەیشتنی موسڵمانانە، کە سوودی گەورەی پەروەردەییو ئەخلاقیو کۆمەڵایەتیو دینداری لە ئەنجامی تیکەڵاو بوونو، پەیوەندی نێوان نەتەوەو کلتورو ڕەنگو زمانە جیاوازەکانی لێ دەکەوێتەوە، لە هەمان کاتیش دەرفەتێکە بۆ ئەوەی موسڵمانان بارودۆخی وڵاتو گەلی خۆیان بۆ یەکتر باس بکەنو، شت لە یەکتر فێربنو ڕێنماییو چارەسەر بۆ یەکخستنی پەیوەندیو دۆزینەوەی سەرچاوەیەکی فراوانی قبوڵکردنی یەکترو گیانی برایەتیو پێکەوە ژیان لە یەکترەوە وەربگرن.

لەبەر هەموو ئەمانە پێویستە ئەو کەسەی حەج ئەنجام دەدات، تەواو هۆشیارو ئاگاداری تێکڕای ئەو یاساو ئەركو فەرمانانە بێت، کە شەریعەتی ئیسلام سەبارەت بە مەسەلەی حەج باسی لێوە کردووە، بۆ ئەوەی ئەو ماندوو بوونو ئەركو خەرجەی حاجی لەو سەفەرەیدا، بە هەدەر نەڕواو بە جوانترین شێوە ئەو فەرزەیە ئەنجام بدات..

# باسی یەکەم

# حەج لە قورئانی پیرۆزدا

لەبەر ئەوەی لە قورئانی پیرۆزدا لە چەندین ئایەت باس لە حەج کراوەو، بەشێوەیەکی گشتیو چۆنیەتی کردنو ئەنجامدانی فەڕیزەی حەج هاتووە، بە پێویستم زانی هەندێ لەو ئایەتانە بخەمەڕوو، بۆ ئەوەی خوێنەر بەرچاوی ڕوون بێ، لەوەی قورئانی پیرۆز چەندە پێداگیریو جەخت لەسەر گەورەیی ئەو فەرزە دەکاتەوەو، تەنانەت سوڕەتێکی قورئانی بەناوی (الحج) دابەزاندووەو تۆماری کردووە، کە هەموو ئەو گرنگیدانەی قورئان بە فەڕیزەی حەج، ئەوە دەگەیەنێت، ئەو پرۆسەیە کارێکی بەخێرو هەنگاوێکی ئێجگار سوود بەخشە بۆ موسڵمانان، ئەمەش لەچەند بڕگەیەك کورتی دەکەینەوە بەم شێوەیە:

## بڕگەی یەکەم: یەکەمین ماڵی خوا پەرستی

خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿**إِنَّ أَوَّلَ بَيْتٍ وُضِعَ لِلنَّاسِ لَلَّذِي بِبَكَّةَ مُبَارَكًا وَهُدًى لِّلْعَالَمِينَ، فِيهِ آيَاتٌ بَيِّنَاتٌ مَّقَامُ إِبْرَاهِيمَ وَمَن دَخَلَهُ كَانَ آمِنًا وَلِلَّهِ عَلَى النَّاسِ حِجُّ الْبَيْتِ مَنِ اسْتَطَاعَ إِلَيْهِ سَبِيلاً وَمَن كَفَرَ فَإِنَّ اللهَ غَنِيٌّ عَنِ الْعَالَمِينَ**﴾[1]، واتە: یەکەمین ماڵ کە دانرا بێ لەسەر زەوی بە مەبەستی خواپەرستی ئەو بەیتەیە، کە لەشاری مەککەیەو شوێنی پیتو بەرەکەتو هۆی شارەزابوونو هیدایەتە بۆ هەموو کەسێك، چەند بەڵگەو نیشانەی ئاشکرای تێدایە وەك مەقامی ئیبراهیمو حەجەرولئەسوەد، هەر کەس چووە

1- آل عمران: 96-97.

نـاوی ئاسـودە دەبـیٚ، خـوا فـەرمانی حـەجی داوە بـۆ هەرکەسـیٚ، کـە بـۆی بکـریٚو هەرکەسیش حاشایی لەو فەرزە بکات، خوای گەورە لە هەموو خەڵکی دونیا بیٚ نیازە..

بەپێی مانای ئەو ئایەتە یەکەم شوێن بۆ خوا پەرستی دیاری کرابێت، بریتیـە لـەو ماڵە (بیت)ی، کـە خـوای گـەورە پیرۆزی کـردووەو جێگـەی دابـەزینی ڕەحمـەتی خـواو قیبلەی موسڵمانانە، هەر لەبەر ئەو پیرۆزیەشـە کـاتیٚ مـرۆڤ دەچـێتە ناویـەوە ئاسـوودە دەبیٚو کەس ناتوانیٚ پەی خەرابەی پیٚ ببات، هەر چاکەو خوا پەرستیەکیش، کـە لـەویٚ دەکریٚ پاداشتی زۆرترەو خوای گەورە بەچاوی بەزەییەوە دەڕوانێتە ئەوانەی تەوافی ئـەو بەیتـە دەکـەن، یـان نویـژێك لـەویٚ دەکـەن، یـان تـەنها سـەیری دەکـەن، بۆیـەش کـاتیٚ پێغەمبەر ئیبراهیم خۆیو ئیسماعیلی کـوڕی (سـەلامی خوایـان لەسـەر)، ئـەم ماڵـەیان بەفەرمانی خوا داناو بانگی دینـداریان تیـادا، پاڕانـەوە لـە خـودا تـا کارەکـەیان قبـوڵ بکاتو، لە پاداشتی ئەو شوێنە گەورە بیٚ بەشیان نەکات: ﴿**وَإِذْ يَرْفَعُ إِبْرَاهِيمُ الْقَوَاعِـدَ مِنَ الْبَيْتِ وَإِسْمَاعِيلُ رَبَّنَا تَقَبَّلْ مِنَّا إِنَّكَ أَنتَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ**﴾[1]، واتە: لـەو دەمـەی، کـە ئیبراهیمو ئیسماعیل بناغەی ئەو بەیتەیان بڵنـد کـردو دایـان نـا، دەیـان فـەرموو ئـەی پەروەردگار لێمان قبوڵ بکەیو خۆشت زاناو بیسەری.

## بڕگەی دووەم: کاتو مەبەستی حەج

خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿**الْحَجُّ أَشْهُرٌ مَّعْلُومَاتٌ فَمَن فَـرَضَ فِـيهِنَّ الْحَـجَّ فَـلاَ رَفَـثَ وَلاَ فُسُوقَ وَلاَ جِدَالَ فِي الْحَجِّ وَمَا تَفْعَلُواْ مِنْ خَيْرٍ يَعْلَمْهُ اللّهُ وَتَزَوَّدُواْ فَإِنَّ خَيْرَ الـزَّادِ التَّقْـوَى وَاتَّقُونِ يَا أُوْلِي الأَلْبَابِ**﴾[2].

1- البقرة: 127.

2- البقرة: 197.

واتە: کاتی حەجکردن چەند مانگێکی دیاری کراوەو، هەرکەس لەو مانگانەدا بڕیاریدا حەج بکات، نابێ لەکاتی ئیحرامدا نزیکی هاوسەری بێتەوەو نابێ گوناهو دەمەقاڵە بکات، هەر کارێکی چاکەش بکەن خوا پێی ئاگادارە، هەولَی تێشوێك بۆ خۆتان بدەن، کە بێگومان چاکترین تێشوو بۆ ئێوە خۆ پاراستنە لەتاوان، بشترسێن لە خوا ئەی خاوەن عەقڵو ژیرەکان.

لێرەشدا ئەوە بەدیار دەکەوێ، کە فەرزیەی حەج لە هەموو کاتێکی ساڵدا ناکرێ، هەروەك چۆن هەموو جۆرە قسەو ڕەفتارو گوناهو گاڵتەو گەپو شتە نادروستەکان بۆ کاتی حەج ناشێن، وەك چۆنیش ئەو کەسەی سەفەری حەج دەکات، پێویستی بە خواردنو هەندێ کەلوپەلو پارە هەیە، بەهەمان شێوە پێویستە لە رووی ڕۆحیو ئیمانیەوە زەخیرەیەکی دەست کەوێ، تا دوا ڕۆژی پێ سەرفراز بکات[1]، باشترین دەسکەوتی ئیمانیش خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، کە مرۆڤ گۆڕانێکی گشتی لە خۆیدا بکاتو، لە ئاکارە بەرزو جوانەکان نزیك بێتەوەو لە ڕەفتارە ناشیرینو هەڵسوکەوتە نا شەرعیەکانیش خۆی بپارێزێ، بۆ ئەوەی کەسایەتیەکی دەروون پاكو ڕەوشت بەرزی بەهۆی ئەو سەفەرەوە لێ دروست ببێ.

پێویستە چۆن لەوێ خۆی لە تاوانو دەمەقاڵەی نارێك دەپارێزێ، بە هەمان تەرز لە تەواوی ژیانو لەگەڵ هەموو خەڵکدا بە خۆ پارێزیەوە هەڵسوکەوت بکات.

---

1- التفسير المنير: ج/1 ص/561.

## بڕگەی سێیەم: سوودو بەهرەکانی حەج

لە ئایەتێکی تردا خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿**وَإِذْ بَوَّأْنَا لِإِبْرَاهِيمَ مَكَانَ الْبَيْتِ أَن لَّا تُشْرِكْ بِي شَيْئًا وَطَهِّرْ بَيْتِيَ لِلطَّائِفِينَ وَالْقَائِمِينَ وَالرُّكَّعِ السُّجُود، وَأَذِّن فِي النَّاسِ بِالْحَجِّ يَأْتُوكَ رِجَالًا وَعَلَى كُلِّ ضَامِرٍ يَأْتِينَ مِن كُلِّ فَجٍّ عَمِيقٍ ، لِيَشْهَدُوا مَنَافِعَ لَهُمْ وَيَذْكُرُوا اسْمَ اللَّهِ فِي أَيَّامٍ مَّعْلُومَاتٍ عَلَى مَا رَزَقَهُم مِّن بَهِيمَةِ الْأَنْعَامِ فَكُلُوا مِنْهَا وَأَطْعِمُوا الْبَائِسَ الْفَقِيرَ، ثُمَّ لْيَقْضُوا تَفَثَهُمْ وَلْيُوفُوا نُذُورَهُمْ وَلْيَطَّوَّفُوا بِالْبَيْتِ الْعَتِيقِ، ذَلِكَ وَمَن يُعَظِّمْ حُرُمَاتِ اللَّهِ فَهُوَ خَيْرٌ لَّهُ عِندَ رَبِّهِ وَأُحِلَّتْ لَكُمُ الْأَنْعَامُ إِلَّا مَا يُتْلَى عَلَيْكُمْ فَاجْتَنِبُوا الرِّجْسَ مِنَ الْأَوْثَانِ وَاجْتَنِبُوا قَوْلَ الزُّورِ**﴾[1]، واتە: لەو ڕۆژگارەی، کە جێگەی کەعبەمان بۆ ئیبراهیم دیاری کردو، پێمان ووت: کەس نەکەی بە شەریکی ئێمەو ماڵەکەم بۆ تەواف کارانو قیامکارانو کڕنۆش بەران لەناپاکی پاك بکەوە، ئەی ئیبراهیم بە خەڵکی ڕابگەیەنە، کە حەجی کەعبە بکەنو بانگیان بکە بۆ حەج کردنو پێیان بڵێ: حەج کردن فەرمانی خوایەو ئەنجامی بدەنو ئیتر ساڵانە لە هەموو لایەکی دونیاوە خواناسان بە پیادەو بەسواری بەرەو ماڵی خوا بێن، تا شایەدی قازانجی جۆر بە جۆر بنو لە چەند ڕۆژی دیاری کراو لەسەر ئاژەڵ گەلێ، کە پێی داون (لەکاتی قوربانی) یادی ناوی خوا بکەنو خۆتان لە گۆشتیان بخۆنو بەشی ئەو کەسانەشی لێبدەن، کە هەژارو تامەزرۆن، ئینجا چڵكو پیسی لە خۆیان لابەرنو نەزریان بەجێ بگەیەننو تەوافی ماڵی خوا بکەن، ئا بەو شێوە هەرکەس درووشمو دەستورەکانی خوا بەرز ڕابگرێ، لای خوا بۆی چاکترەو، ئاژەڵیش بۆ ئێوە حەلاڵ کراوە، مەگەر ئەوەی پێتان ڕادەگەیەندرێ، جا خۆتان لە بت پەرستیو پیسی دوور بگرنو لە درۆش خۆتان بپارێزن.

---

1- الحج: 25-30.

لەکۆی واتای ئەو ئایەتانەدا وا دەردەکەوێ، کە پێغەمبەر ئیبراهیم (سەلامی خوای لەسەر) یەکەم کەس بووە، کە شوێنی کەعبەی ئاوەدان کردۆتەوەو، پەیامی خوا پەرستی لێ بڵاوکردۆتەوە، لەڕێگەی ئەو بانگەوازەی ئیبراهیمەوەو، گەورەییو پیرۆزی ئەو حەرەمەو پاڵپشتی خوای پەروەردگار، ئەو شوێنە (کەعبە) بوو بە خولگەو جێی خوا پەرستیو قیبلەی موسڵمانان.

بۆیەش لەو ساوە تائێستا لە هەموو وڵاتانی دونیا خەڵکی بە مەبەستی ئەنجامدانی حەجو نزیك بوونەوە لە خوا، ساڵانە ڕووی تێدەکەنو، وەك پەیڕەوی ڕێبازی پێغەمبەران (سەلامی خوایان لەسەر) زیارەتی دەکەن.

لەو ڕوانگەشەوە لە چەندین لاوە سوودو قازانجو بەهرە وەردەگرن، کە هەم بۆ دونیاو، هەمیش بۆ دوا ڕۆژ بە کەڵکی ئەوانە دێت، کە ئامادەی ئەو شوێنە دەبن.

چونکە بە ئەنجامدانی مەناسکی حەج، مرۆڤ دەگاتە پلەو پایەی ئیخلاسو پاك بوونەوەو پاڕانەوەو چاکەو دادو یەکسانیو هاوکاریو تەباییو ئاسوودەییو هەست کردن بە ویژدان زیندوویەتی بەرامبەر بە خەڵکانی هەژارو نەدار .

وەك چۆن لەکاتی قوربانی کردن پێویستە یادی خوا بکرێ، بە هەمان شێوە فەقیریش لەیاد نەکرێ لە پێدانی خێرو بەشە قوربانی. بەو پاکیەو بەو هەستە جوانە مرۆڤ دەگاتە ئەندازەی پەیمانێکی دروست لە ڕێکخستنەوەی پەیوەندی خۆی لەگەڵ خواو خەڵكو هەستی دینداری.

## بڕگەی چوارەم: هەندێ یاسای حەج کردن

خوای گەورەو کار بەجێ دەفەرمووێ: ﴿**وَأَتِمُّواْ الْحَجَّ وَالْعُمْرَةَ لِلّهِ فَإِنْ أُحْصِرْتُمْ فَمَا اسْتَيْسَرَ مِنَ الْهَدْيِ وَلاَ تَحْلِقُواْ رُؤُوسَكُمْ حَتَّى يَبْلُغَ الْهَدْيُ مَحِلَّهُ فَمَن كَانَ مِنكُم مَّرِيضاً أَوْ بِهِ أَذًى مِّن رَّأْسِهِ فَفِدْيَةٌ مِّن صِيَامٍ أَوْ صَدَقَةٍ أَوْ نُسُكٍ فَإِذَا أَمِنتُمْ فَمَن تَمَتَّعَ بِالْعُمْرَةِ إِلَى الْحَجِّ فَمَا اسْتَيْسَرَ مِنَ الْهَدْيِ فَمَن لَّمْ يَجِدْ فَصِيَامُ ثَلاثَةِ أَيَّامٍ فِي الْحَجِّ وَسَبْعَةٍ إِذَا رَجَعْتُمْ تِلْكَ عَشَرَةٌ كَامِلَةٌ ذَلِكَ لِمَن لَّمْ يَكُنْ أَهْلُهُ حَاضِرِي الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ وَاتَّقُواْ اللّهَ وَاعْلَمُواْ أَنَّ اللّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ**﴾[1]، واتە: حەجو عومرە بۆ خوا تەواو بکەنو، ئەگەر کەوتنە گەمارۆو ڕێگەیان نەدان، چەندی بۆتان دەکرێ ئاژەڵ بکەنە قوربانیو هەتا قوربانیەکەش نەگاتە جێی دیاری کراو سەر مەتاشن، ئەگەر کەسێکیش لە ئێوە نەخۆش بوو یا ئازاری لەسەر دابوو (ناچاربو سەری بتاشێ) با کەفارەت بدا، بەوەی ڕۆژوو بگرێ، یان سەدەقەیەك بدات، یان ئاژەڵێك لەوێ بکاتە خێر، هەر کاتیش ترسو نەماو لەدوژمن ئەمین بوونەوە، کەسێ کە بیەوێ تەمەتوع بکا لەکاتی عەمرە تا کاتی حەج، ئەوە چەندە بۆی دەکرێ قوربانی بکاو، ئەگەریش بۆی نەکرا با سێ ڕۆژ لەوێ بە ڕۆژوو بێت حەوت ڕۆژیش لە کاتی گەڕایەوە ماڵ، کە هەمووی دەکا دە ڕۆژ، ئەوەش تایبەتە بەوانەی نیشتەجێی مەککە نین. لە خواش بترسن بزانن، کە خوا لە تۆڵە سەندنا توندو تیژە.

لەوەشدا خوا فەرمان دەکا بە بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی حەجو عەمرە لە کاتی دیاریکراودا، ئەگەر کۆسپو تەگەرەش خرایە بەردەم تەواوکردنی کارەکانی حەج، چ بەهۆی گەمارۆدانو ڕێگە لێگرتن بێ، یا بەهۆی نەخۆشیو شتی تر، ئەوە خوای گەورە فیدیەی داناوە تا لە ژێر ئیحرامەوە دەربچنو، شتە قەدەغە کراوەکانتان بۆ ئاسایی بێتەوە، بەڵام پێویستە فیدیەو سێ ڕۆژ بە ڕۆژوو بوون بەر لە گەڕانەوە بێتو دەبێ لە

1- البقرة: 196.

حەرەمی پیرۆزدا ئەنجام بدرێ، بەس ئەو جۆرە فەرمانە تەنها بۆ ئەو کەسانەیە، کە لە دووری مەککەوە دێن.

لەگەڵ ئەو باسانەدا خوای گەورە لە کۆتایی ئایەتەکەدا باس لە تەقوا دەکات، کە پێویستە حاجی هەوڵی بۆ بدا، بۆ ئەوەی بەهۆی تەقواوە خۆ پارێزی لە خراپەو سەر پێچیەکان بکاتو، نەکەوێتە داوی تاوانو بە هەدەر دانی ئەرکو بەهرەو سوودەکانی ئەو فەریزەیە، چونکە هەر سەرپێچیەك بکرێ خوای گەورە لێی دەپێچێتەوەو سزای توندیشی بۆ ئەوانە داناوە، کە لە فەرمانو دەستوری ئەو دەردەچن.

www.zanayan.org

## بڕگەی پێنجەم: دروشمی خوا پەرستی

خوای بالا دەست دەفەرموێ: ﴿**إِنَّ الصَّفَا وَالْمَرْوَةَ مِن شَعَآئِرِ اللّهِ فَمَنْ حَجَّ الْبَيْتَ أَوِ اعْتَمَرَ فَلاَ جُنَاحَ عَلَيْهِ أَن يَطَّوَّفَ بِهِمَا وَمَن تَطَوَّعَ خَيْرًا فَإِنَّ اللّهَ شَاكِرٌ عَلِيمٌ**﴾[1].

واتە: بەڕاستی سەفاو مەڕوە دوو دروشمی خوا پەرستین، هەر کەس دەچێتە حەج یان عومرە، ئەگەر تەوافی ئەو دووانە بکات هیچ گوناهی نییە، هەرکەسیش بە ویستی خۆی ئەو خێرە بکاو، فەرمانی خوا ببا بەڕێوە، ئەوە خوا ئاگادارە لە کارەکەیو سوپاسکارو پێزانە..

بەپێی ئەو ئایەتەش سەفاو مەڕوە دوو دروشمی خوا پەرستینو پەیوەندیان بە حەجەوە هەیە، بۆیە ناکرێ هاتوچۆی نێوانیان ئەنجام نەدرێ، ئەوەش حاڵی هاجەرە خاتوون دێنێتەوە یاد کاتێ پێغەمبەر ئیبراهیم (سەلامی خوای لەسەر) بە تەنها خۆیو کوڕی لەشوێنی کەعبە جێی هێشتن، ئەویش بەدوای ئاو دەگەڕا بۆ کۆرپەکەیو، ئەو بەرو ئەم

1- البقرة: 185.

بەری سەفاو مەڕوەی کرد، هیچی دەست نەکەوتو دواتر خوا ئاوی زمزمی بۆ هەڵقوڵاندو، تێنوێتی ئیسماعیلی کۆرپەی پێ ڕەواندەوە..

ئافرەتێك بە تەنها کاتێك ئومێدێکی زۆری بە خوا هەبوو، هەر ئەو هێزە ئیمانیە وای کرد، رازی بێ بە قەدەری خواو ژیانی دوور لە هاوسەری خۆی، حەزرەتی ئیبراهیم (سەلامی خوای لەسەر بێ)، لە ئەنجامی ئەو ئارامیو خۆ ڕاگریو خۆ دانە دەست خوا، بوو بە مایەی ئەوەی، کە سەفاو مەڕوا ببنە دروشمی خوا پەرستیو هاتوچۆی نێوانیان واجب بێ.

ئەمەش بۆ ئەوەیە ئەو کەسەی بەو شوێنە دەگا، حاڵو بەسەر هاتی هاجەرە خاتوونو پێغەمبەر ئیبراهیمی بیر کەوێتەوەو، وانەیەك وەرگرێ لەو هەموو ئاکارو کردەوەو هەنگاوە پڕ ئیمانیانەی ئەوانو، ژیانی خۆی پێ ڕەوشنو، بیرو هۆشی پێ هوشیارو، کارو کردەوەی پێ بەهرەمەندو ئاشنا بکات..



مەوسمی حەج

## بڕگەی شەشەم: پوختەی باسەکە

لەئـەنجامی خـستنە ڕووی ئـەو چـەند ئایەتـەی قورئـانی پـیرۆز لـەبارەی حەجـەوە دەرەکەوێت، کە خوای گەورە گرنگی زۆری بـە پرۆسـەی حـەجکردن داوەو، هۆشـیاریش دەداتە موسڵمانان، کە بە شێوەیەکی جوانو ڕێكو پێکەوە ئەو ئەرکە ئـەنجام بـدەن، بـۆ ئەوەی لە بەرەکەتو پیرۆزیو بەهرەی ئەو خوا پەرستیە بێ بەش نەبن.

هەرچەندە ئەوانە تێکڕای ئەو ئایەتانـە نین، کـە لـەبارەی حەجـەوە هـاتوون، بـەلاّم ئەوەی مەبەستەکەی پێکابێ خستمانەڕوو، لەبەر ئەوە لەو باسەدا بەکورتی چەند خاڵێك دەخەینەڕوو:

### یەکەم:

حەج کردن واجبێکـی دیـاری کـراوەو لەسـەر هـەموو ئـەو کەسـانە واجبـە، کـە توانـای ماددیو جەستەییو مەعنـەویان هەیـە، بـە نـەکردنی ئـەو واجبـە لەحاڵـەتی هـەبوونی ئـەو توانایە، مرۆڤ دەکەوێتە خانەی گوناهباریو کەمتەرخەمی بەرامبەر بەو ئەرکـە پـیرۆزە، جـا هەر کەس مەرجەکانی تێدا بوو، پێویستە پەلە بکـات لـە ئەنجامـدانی ئـەو فەریزەیـەو دوای نەخات، چونکە ڕەنگە دەرفەتو قەدەر هەموو کات ئەوە نەبێت، کە مرۆڤ بیری لێدەکاتەوە.

### دووەم:

پێویستە خوشكو برای حاجی باش ئەوە بزانن، کە ئەنجامدانی فـەریزەی حـەج، واتـە ئەنجامدانی پایەیـەك لـە پایـەکانی ئیـسلامو، بەجێگەیانـدنی فـەرمانی خـوای گـەورەو، پەیڕەو کردنـی ڕێبـازی پێغەمبـەر(ﷺ) لەبـەر ئـەوە ئەرکـە لـەڕووی دەرونو هـزرەوە، لـەڕووی ئاکـارو ڕەوشـتەوە، لـەڕووی گوفتـارو ڕەفتـارەوە، لـەڕووی هۆشـیاریو خـۆ پارێزیەوە، لەڕووی ئارامیو لەسەر خۆییەوە، لـەڕووی چاکەو چـاکە کاریـەوە، لـەڕووی تەوبەو وازهێنانی تاوانەوە، بەشێوەیەکی تۆکمەو هەستێکی ئیمانی گەورەوە، خۆی بـۆ ئامادە بکاتو، بە نیەتێکی پاكو پڕ لە ئیخلاسەوە ئەو کارە مەزنەی ئەنجام بدات.

**سێیەم:**

ئەسڵ لە بیناکردنی ئەو بەیتە بە فەرمانی خواو، دانانی لەلایەن پێغەمبەر ئیبراهیمو ئیسماعیلی کوڕی (سەلامی خوایان لە سەر بێت) خوا پەرستیە، خواپەرستیش بە ملکەچ بوونو سەر دانەواندن بۆ فەرمانی خواو، پەیڕەوی کردنی فەرمانی پێغەمبەر(ﷺ) دەبێت، ئامانجی سەرەکی ئەوەیەو پێویستە حەجکار ئاگای لیٚ هەبیٚو خۆی ملکەچی ئەو هەقیقەتە بکات.

**چوارەم:**

حەجکردن کۆنگرەیەکی ساڵانەی موسڵمانانەو، لە هەموو جیهانەوە خەڵکی بە جیاوازی ڕەنگو ڕەگەزو زمانو نەریتو کەلتورەوە، ڕوو لەو شوێنە پیرۆزە دەکەن، بۆ یەك ئامانجی دیاری کراو، کە ئەنجامدانی حەجە بە مەبەستی وەدەست هێنانی ڕەزامەندی خوای گەورە، بۆیە حاجی دەبیٚ هەوڵ بدات لە وەرگرتنی ئەو سوودو بەهرانەی لەئەنجامی ئەو بەیەکگەیشتنە بەرهەم دێن، تا لە ڕێی ئەو بەهرانەوە خۆی زیاتر بەهرەمەند بکات.

**پێنجەم:**

حەجو عومرە هەردووکیان واجبن دووبارە کردنەوەیان سوننەتە، بەڵام پاداشتو ستایشی زۆریان لەسەر باسکراوە، لە بەر ئەوەشە زانای ناودار ئیمام (قازی حسین)، کە شافیعی مەزهەبە دەڵێت: حەجکردن گەورەترین عیبادەتە لەبەر ئەوەی بە پارەو جەستە دەکرێت، حەج مانای تێکڕای خوا پەرستیەکانی تری هەڵگرتووە، هەرکەس حەج بکات، وەکو ئەوە وایە کە نوێژو ڕۆژیو زەکاتو تێکۆشان لەپێناو خوا ئەنجام دەدات[1].

1- الفقه الإسلامي وأدلته: ج/3 ص/2066.

**شەشەم:**

ئەو شوێنە پیرۆزە وێڕای ئـەوەی سەرچـاوەی هیدایـەتی خەڵکـە، بـە هـەمان شـێوە شوێنێکی بە پیتو بەرەکەتە، هەر چەندە لەڕووی خاکەوە وەك پێویست بـۆ بـەروبوومی کشتوکاڵی ناشێو دۆڵێکی بە شاخو داخە[1]، بەڵام خوای گەورە بەرەکەتی تێ خستووەو تەنانەت خێرو چاکەشی بە سەدان قات پاداشت دەداتـەوەو، شـتگەلێکی جیاجیـای لێ پەیدا دەبێت ﴿**يجبى إليه ثمرات كل شيءٍ**﴾[2]، واتە: هەموو جۆرە بـەرو بـوومێکی بـۆ دەنێرینو لێی پەیدا دەکەین، ئەمەش وانەیەکە بـۆ مـرۆڤ، بـەوەی خـوای گـەورە ئەگـەر بیەوێ بەرەکەت بخاتە شوێنێك، ئەوە لای ئاسانەو بەرەکەتی خۆی تێ دەخات.

**حەوتەم:**

هەرکەس کە گەیشتە ئەو شوێنە ئەمین دەبێ لەماڵو گیانی خۆی، ﴿**وَإِذْ جَعَلْنَا الْبَيْتَ مَثَابَةً لِّلنَّاسِ وَأَمْناً**﴾[3]، جا لە بـەر ئـەوە پێویـستە هـەموو ئـەو خەڵکانـەی ڕوو لـەوێ دەکەنو بەو نیعمەتە شاد دەبن، ئەو واقعە بگوازنەوە تەواوی دونیـاو ئـەمانو خۆشـی بلاّو بکەنەوە، چونکە پەیامی ئیسلام نـەك تـەنها بـۆ ئـەوێ بـەڵکو بـۆ تـەواوی دونیـا ئاشتیو برایەتیو ئەمانی گەڕەکە.

**هەشتەم:**

بەرز کردنـەوەی دروشمـی خواپەرستی، کـە ئەمەشـیان بەڵگـەی دامـەزراوی بـاوەڕو هەبوونی تەقوای ئەو خەڵکانەیە، کە بەو کارە هەڵدەستن، چونکە خوای گەورە وەك چۆن سەفاو مەڕوەی بە دروشمی خواپەرستی ناو بردوون، بە هەمان شێوە ئەرکە هـەموو ئـەو دروشمانە بۆ ئەو مەبەستە بەرز ڕابگیرێن، تا هێزی ئیمانو تەقوا زیاتر جێگیر ببێ.

---

1- التفسير المنير: ج/2 ص/333.
2- القصص: 57.
3- البقرة: 125.

## نۆیەم:

یەك لە ئامانجەكانی حەجكردن بریتیە لە نوێكردنـەوەی پـەیمانی پابەنـدی بـە بـاوكی پێغەمبەران حەزرەتی ئیبراهیم (سەلامی خوای لەسەر بێ)، لەبەر ئەوەشە خوا لە قورئان باسی مەقامی ئیبراهیم دەكات، تا حـەجكار بـە دیتنـی ئـەو دیمەنـە حاڵو هەڵوێـستو دڵسۆزی ئەو زاتەی بێتەوە یاد، كە چۆن لەسەردەمانی زوو، یاخود لەكاتی بێ دەسەڵاتی ماددیو نەبوونی كەرەسـتەی خـەدەمی، تـوانی ئـەو شـوێنە بـە مەبەسـتی خواپەرسـتی ئاوەدان بكاتەوەو، لە هەموو خورافیاتو بت پەرستیو نادروستیەك بیپارێزێت.

## دەیەم:

هەردوو سوودی دونیاییو قیامەتی لەو سەفەرەوە دەستەبەر دەبـنو دەكـرێن، بـەڵام پێویستە نیەتی خوا پەرستیەكە لەسەروی هەموو ئەو قازانجو سوودانەوە بێت، كە مرۆڤ لێی بەهرەمەند دەبێ، چونكە ئەگەر كەسـێك تـەنها بـۆ مەبەسـتی دونیـاییو بازرگـانی بچێتە ئەوێو نیەتە ئەسڵەكەی لەدڵدا نەبێ، ئەوە خوای گەورە هەر بەڕواڵەتیو كارێكی دونیایی سەیری ئەو كەسەو هەنگاوەكانی دەكات.

## یانزەهەم:

لە هەموو ئەو هێماو ئاماژانەی قورئـانی پـیرۆز سـەبارەت بـە مەسـەلەی حەجـەوە، جـەختیش لەسـەر بابـەتی تـەقواو لـە خـوا ترسـی كراوەتـەوە، بۆیـە پێویـستە مـرۆڤ هـەنگاوەكانی ئەنجامـدانی حـەج، وەك دەرفـەتێك بـۆ وەدەسـت هێنـانی پلـەی (تـەقوا) بدۆزێتەوە، تا بە هۆیەوە بگاتە ئاستی دەرونێكی پاكو كەسایەتی بەرزی دینداری، هەم بۆ ئـەوەی ئاسـودەی دونیـاو قیامـەت بێـتو، هـەمیش ژیـانی خـۆی لـە ژێـر سـێبەری ڕەزامەندی خوای گەورە بەرێتە سەرو بـەپێی ئـەو هێـزە ئیمانیـە، هەڵـسوكەوتی خـۆی پەروەردە بكات.

# باسی دووەم

## حەج لە سوننەتی پێغەمبەردا (د.خ)

لەمەوپێش باسی هەندێ لەو ئایەتانەمان خستەڕوو، کە لەبارەی حەجەوە چەند لایەنێکی پێ ئاشنا کردین، لەو بەشەشدا هەندێ فەرمودەی پێغەمبەر(ﷺ) دەخەینەڕوو، کە لەبارەی حەجەوە فەرمویەتی، بۆ ئەوەی بەر چاوی خوێنەر زیاتر ڕوون بکەین لە گەورەیی‌و پیرۆزی ئەو فەریزەیەو، چۆنیەتی وەدەست هێنانی پاداشتی تەواو بە ئەنجامدانیەوە، لەبەر ئەوەش هەر شتێك قورئان گرنگی پێ دابێت‌و لەسەری دوابێ، بەهەمان شێوە پێغەمبەری ئازیزیشمان گرنگی پێ داوەو، لایەنەکانی کردەیی بۆ موسڵمان‌و ئۆمەت روون کردۆتەوە، بۆ ئەوەی هیچ کێشەو گرفتێکیان لە بارەی مەسەلە ئایینیەکان نەمێنێت‌و، بەشێوەیەکی جوانەوە ئەنجام بدرێن.



هەرچەندە ناکرێ لێرە تیکڕای فەرمودەکان ڕیز بکەین، بەڵاّم بەشێکیان دەخەینە ڕوو، ئەوانەی تریش بەپێی پێویست لە تەوەرەکانی تری ئەم نووسینە باس دەکەین.

## بڕگەی یەکەم: پێویست بوونی حەج بە پێی فەرمووده

أ- لەبارەی واجب بوونی حەجەوە لە فەرموودەی پێغەمبەردا(ﷺ) هاتووە: ﴿عن ابن عُمَرَ رضي الله عنهما قال: قال رسول اللَّه(ﷺ) بُنِيَ الْإِسْلَامُ على خَمْسٍ شَهَادَةِ أَنْ لَا إِلَهَ إلا الله وَأَنَّ مُحَمَّدًا رسول اللَّهِ وَإِقَامِ الصَّلَاةِ وَإِيتَاءِ الزَّكَاةِ وَالْحَجِّ وَصَوْمِ رَمَضَانَ﴾[1]، واتە: لە ئیبن عومەرەوە گێڕدراوەتەوە، کە پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: ئیسلام لەسەر پێنج پایەو ڕوکن دامەزراوە:

یەکەم شەهادە هێنان بەوەی هیچ خوایەك بێجگە لە (الله) نییەو، محمد(ﷺ)یش نێردراوی خوایە.

دووەم: نوێژ کردن، کە خواپەرستیەکی جەستەیی بەردەوامی شەوو ڕۆژانەی موسڵمانانە.

سێیەم: زەکات دان لەو ماڵەی مەرجی زەکات دانی تێدا دروست دەبێت.

چوارەم: حەجکردن، کە خواپەرستیەکی ماددیو جەستەیی گەورەیەو تەنها یەك جار لەژیاندا واجبە.

پێنجەم: بە ڕۆژوبوونی مانگی ڕەمەزان، کە خوا پەرستیەکی ساڵانەیە.

بەپێی ئەو فەرمودەیە ئەگەر بێتو کەسێك باوەڕی بە حەج نەبێ، ئەوە کافر دەبێ، بەڵام ئەگەر کەسێ باوەڕی پێ هەبێو توانای حەجکردنیشی هەبوو، بە هەوەس حەجی نەکردبێو مرد، ئەوە کافر نیەو گوناهبارە[2].

هەروەها ئەم واجب بوونە ژنو پیاو دەگرێتەوە، بەو مەرجانەی، کە لە دوایی باسی لێوە دەکەین.

1- صحيح البخاري: ج/1 ص/ 12.

2- ڕووناکی (رب العالمين) ڕوونکردنەوەی منهاج الطالبين: بەرگی دووەم: ل/302.

ب- وعن علي بن أبي طالب قال: لما نزلت: وَلِلَّهِ عَلَى النَّاسِ حِجُّ الْبَيْتِ مَنِ اسْتَطَاعَ إِلَيْهِ سَبِيلاً. قالو يارسول الله أفي كلِّ عام؟ فسكت. فقالوا: يارسول الله أفي كلِّ عام؟ قال: لا ولو قلت نعم لوجبت. فأنزل الله: ﴿**يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تَسْأَلُواْ عَنْ أَشْيَاء إِن تُبْدَ لَكُمْ تَ سُؤْكُمْ**﴾[1]، واتە: لە عەلی کوڕی ئەبو تالیب گێڕدراوەتەوە، کە فەرمویەتی: لەو کاتەی ئەو ئایەتە دابەزی، کە خوا دەفەرموێ: ﴿**وَلِلّهِ عَلَى النَّاسِ حِجُّ الْبَيْتِ مَنِ اسْتَطَاعَ إِلَيْهِ سَبِيلاً**﴾، خوای گەورە واجبێکی لەسەر خەڵك هەیە، کە حەجکردنی ماڵی خوایەو لەسەر ئەو کەسەی، کە توانای ڕێگەی هەبێ پرسیان: هەموو ساڵێ ئەی پێغەمبەری خوا؟ بێدەنگ بوو، دیسان فەرموویان: هەموو ساڵێ ئەی پێغەمبەری خوا؟ ئینجا فەرمووی: نەخێر، ئەگەر بمگوتبا بەڵێ واجب دەبوو، پاشان خوای گەورە ئایەتی نازل کرد فەرمووی: ﴿**يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تَسْأَلُواْ عَنْ أَشْيَاء إِن تُبْدَ لَكُمْ تَسُؤْكُمْ** ﴾.

لەو فەرموودەیە ئەوە دەردەکەوێ، کە تەنها یەك جار حەجکردن واجبەو باقی جارەکانی تر، کە هەر کەس بیەوێ حەج دووبارە بکاتەوە، دەبێتە سوننەت بۆی‌و لەپاداشتیش بێ بەش نابێ، جاری واش هەیە لەبەر نەزر کردن واجب دەبێتەوە، جاری واش هەیە حەج کردن حەرامە بەهۆی ماڵی حەرامەوە، هەرچەندە زانایانی سەرمەزهەب وەك: ئیمامی شافیعی‌و حەنەفی‌و مالیکی لەسەر ئەوەن، کە حەجکردن بە ماڵی حەرام دادەمەزرێ بەس کەسەکە گوناهبارە بەو حەرامیە[2].

ج- لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە: (عن أبي هُرَيْرَةَ قال: خَطَبَنَا رسول اللَّهِ (ﷺ) فقال: أَيُّهَا الناس قد فَرَضَ الله عَلَيْكُمْ الْحَجَّ فَحُجُّوا. فقال: رَجُلٌ أَكُلَّ عَامٍ يا رَسُولَ اللَّهِ فَسَكَتَ حتى قَالَهَا ثَلَاثًا فقال رسول اللَّهِ(ﷺ) لو قلت نعم لَوَجَبَتْ وَلَمَا اسْتَطَعْتُمْ)[3]، واتە: ئەبو

1- فتح الباري: ج/8 ص/282.
2- الفقه الإسلامي وأدلته: ج/3 ص/272.
3- صحيح مسلم: ج/2 ص/975.

هورەیرە دەڵێ: پێغەمبەر(ﷺ) وتارێکی بۆ خوێندینەوە فەرمووی: ئەی خەڵکینە خوای گەورە حەجی لەسەر ئێوە فەرز کردوەو حەج بکەن، پیاوێك گوتی: هەموو ساڵێك ئەی پێغەمبەری خوا؟ سێ جار ئەمەی دووبارە کردەوە، ئینجا پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەگەر بمگوتبا بەڵێ واجب دەبوو نەشتان دەتوانی بیکەن.

جا ئەمە بەڵگەن لەسەر ئەوەی، کە حەجکردن واجبەو، لەژیانیشدا یەکجارەو زیاتر دەچێتە خانەی سوننەتەوە، زانایان واشیان بە باش داناوە هەر کات مرۆڤ بۆی ڕەخسا، ئەو سەفەرە بکات، واباشە دوای نەخات، چونکە ڕەنگە جارێکی تر بەو شێوە بۆی ڕێك نەکەوێتەوە..

## بڕگەی دووەم: گەورەیی حەجکردن

أ- عن أبي هُرَيْرَةَ(رضي الله عنه) قال سُئِلَ النبـي(ﷺ) أَيُّ الْأَعْمَالِ أَفْضَلُ؟ قـال: إِيمَانٌ بِاللَّـهِ وَرَسُولِهِ قِيلَ ثُمَّ مَاذَا؟ قال: جِهَادٌ في سَبِيلِ اللَّهِن قِيلَ ثُمَّ مَاذَا؟ قال: حَجٌّ مَبْرُورٌ[1]، واتـە: ئەبو هورەیرە گێڕاویەتەوە، کە پێغەمبەر(ﷺ) پرسیاری لێکرا لەبارەی باشترین و گەورەترین کردەوە، فەرمووی: باوەڕ بە خواو بە پێغەمبەر(ﷺ)، گوتیان چیتر؟ فەرمووی: تێکۆشانو جیهاد لە پێناو خوا، گوتیان چیتر؟ فەرمووی: حەجێکی وەرگیراو.

لەو ڕوانگەوە حەجکردن پیرۆزیو گەورەیی زۆری هەیەو ئەو کەسەش، کە ئەنجامی دەدات بە هەمان شێوە پاداشتێکی باشی دەست دەکەوێ، لەبەر ئەوە دوای باوەڕ هێنانو جیهاد کردن، پێغەمبەر(ﷺ) حەجکردنی لەپلەی سێیەمی کارە باشەکانی مرۆڤی بڕوادار داناوە.

1 - صحيح البخاري: ج/2 ص/ 553

ب- عن أبي هُرَيْرَةَ(رضي الله عنه) قال: سمعت النبـي(صلى الله عليه وسلم) يقول: (من حَجَّ لِلَّـهِ فلم يَرْفُـثْ ولم يَفْـسُقْ رَجَـعَ كَيَـوْمِ وَلَدَتْـهُ أُمُّـهُ)[1]، واتـە: ئـەبو هـورەیرە دەگێڕێتـەوە: گـوێم لـە پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) بـوو، دەیفـەرموو: هـەر کەسـێك بـۆ خـوا حـەج بکـاو لـەکاتی کردنـی حەجەکەیدا لەگەڵ ئافرەتی خۆی جووت نەبێ‌و، گفتوگۆی ناڕێك نەکا، ئـەوە وەکـو ئـەو ڕۆژە وایە، کە لە دایك دەبێ، ئاوا لە گوناهو تاوان پاك دەبێتەوە.

بەپێی ئەو فەرموودەیە وا پێویستو ئەرکە، کە ئەو کەسەی حەج دەکـات نیـەتێکی پاك‌و دروستی هەبێ بۆ گەیـشتنە ئـەو پاکبوونەوەیـە، کـە گـەورەترین نیعمـەتی خـوای گەورەیە لەگەڵ ئەنجامدانی کارێکی وادا، هەموو تاوانەکان لەسەر مـرۆڤ بـسڕێتەوە. لـە فەرموودەکە هاتووە (من حجَّ لله) واتە مەبەست لەو کـارە تـەنها بـۆ خـواو ڕەزامەنـدی خواو لێبوردەیی خوا بێت، چونکە زۆرێك لەو پاداشتانە ڕەنگـە وەك پێویـست هەسـتیان پێنەکرێ، ئەگەر نا تەعبیری گەورەن لە دانانی ڕێزو پێ بەخشینی خوای گەورە بەرامبەر بە بەندەکانی خۆی.

لەهەمان کاتدا ئەو خۆ پارێزی کردنە لە جووت بوونو قسەی ناڕێك، بۆ ئەوەیـە کـە بە کـردەوە بیـسەلمێنێ ملکەچـە بـۆ فـەرمانی خـواو بـەجێهێنانی ئـەو ئەرکـە پـیرۆزەی پێویست کراوە لەسەر موسڵمانان لە ئیسلامدا.

ج- عَنْ عَبْدِاللَّهِ بن مَسعود قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ(صلى الله عليه وسلم) تَابِعُوا بَيْنَ الْحَجِّ وَالْعُمْـرَةِ فَإِنَّهُمَـا يَنْفِيَانِ الْفَقْرَ وَالذُّنُوبَ كَمَا يَنْفِي الْكِـيرُ خَبَثَ الْحَدِيـدِ وَالـذَّهَبِ وَالْفِـضَّةِ)، واتـە: عبداللـەی کوڕی مسعود ڕەزای خوای لە سەر بێ دەڵێ: پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: حەج‌و عومرە بـە دوای یـەکتردا بکـەن‌و بـەینیان مـەدەنێ، چـونکە ئـەو دووانـە هـەژاری‌و تـاوان نـاهێڵن‌و دەیهاڕن، هەروەك چۆن مووشە چڵکی ئاسن‌و زێڕو زیو پاك دەکاتەوە ئاوایە.

1- صحيح البخاري: ج/2 ص/553،

ئەمەش موژدەیەکی تری فەرموودەی پێغەمبەرە(ﷺ) بۆ ئەوانەی ئەو ئەرکە بەجێ دێنن، چونکە هەر موسڵمانێك لەو دوو بابەتەی هەژاریو تاوان دەربازی ببێ، بێگومان پلەیەکی گەورەیەو لە دونیاو قیامەتیشا لە سایەی ئەو پاکیو ڕێکیەی خوا پێی دەدات، ئاسودەو بەختەوەر دەبێ.

د- عن أبي هريرة عن النبي(ﷺ) قال: (العمرة إلى العمرة تكفر ما بينهما والحج المبرور ليس له جزاء إلا الجنة)[1] واتە: ئەبو هورەیرە دەڵێ: پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: عومرە بۆ عومرە گوناهەکانی نێوان خۆیان دەسڕنەوە، حەجێکیش کە خوای گەورە وەری بگرێو قبوڵی بکات، پاداشتەکەی تەنها بەهەشتە لای خوای پەروەردگارو بەخشندە.

لەبەر ئەوە پێویستە هۆشیاریەکی تەواو هەبێ سەبارەت بە چۆنیەتی کردنو ئەنجامدانی حەجی ماڵی خوا، بۆ ئەوەی حەجکار لەو پاداشتو پلەو پایە گەورانە بێبەش نەبێ بیانگاتێ، ئەو هۆشیاریەش بەوە دەبێت، کە حاجی بەر لەوەی سەفەری حەج بکات، تەواو لە ڕووی دەروونیو هەستو ئاکارو هەڵسوکەوتەوە، خۆی بۆ ئامادە بکاتو بەشێوەیەکی ڕێكو پێكو نیەتێکی پڕ ئیخلاسەوە هەنگاوی بۆ بنێ.

www.zanayan.org

1- مختصر الأحكام: ج/4 ص/196.

## بڕگەی سێیەم: پایەو ڕێزی حاجی

أ- عن أبي هُرَيْرَةَ عن رسول اللَّهِ(ﷺ) أَنَّهُ قال: (الْحُجَّاجُ وَالْعُمَّارُ وَفْدُ اللَّهِ إن دَعَوْهُ أَجَابَهُمْ وَإِنْ اسْتَغْفَرُوهُ غَفَرَ لهم)[1]، واتە: ئەبو هورەیرە گێڕاویەتەوە، کە پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: حاجیەکانو عومرەکاران وەفدو شاندی خوای گەورەن، بانگی کردوونو بە پیر بانگەوازەکەیەوە هاتوون، ئەوان داوای خۆیان لە خوا خواستووەو خواش پێی بەخشیونو لێیان خۆشبووە.

چەندە گەورەییو شانازیە بۆ حەجکاران، کە خوای گەورە بە شاندو نوێنەری خۆی ناویان ببات، لەگەڵ ئەوەشدا خوا لە تاوانو گوناهیان خۆش ببێت!!!

ب- هەروەها لە فەرمودەیەکی تردا هاتووە: عن ابن عمر سمعت النبي(ﷺ) يقول: (ما ترفع إبل الحاج رجلا ولا تضع يدا إلا كتب له الله بها حسنة أو محا عنه سيئة أو رفعه بها درجة)[2]، واتە: ئیبنو عومەر (ڕەزای خوای لەسەر بێ)، دەڵێ: گوێم لە پێغەمبەر(ﷺ) بوو دەیفەرموو: ئەو کەسەی بە سواری حەج دەکا، حوشترەکەی پێ هەڵناگرێو دەست دانانێ، ئیلا خوای گەورە چاکەیەکی بۆ دەنوسێ، یان لە تاوانێکی خۆش دەبێ، یان پلەی ئەو کەسە لای خۆی بەرز دەکاتەوە.

ئەو سێ بەخششە تەنها پەیوەستە بە هەنگاوەکانی چوون بۆ زیارەتی ئەو شوێنە پیرۆزەیە، بە مەبەستی ئەنجامدانی حەج، کە خوای گەورە هەنگاوی حوشتر بەخێر بۆ حەجکار دەنوسێو پلەی بەرز دەکاتەوەو لێبوردەیی خۆی دەکاتە دیاری، کە ئەمانە بەڵگەو نیشانەی ڕێزداری ئەو کەسە دەگەیەنێت، کە بە دڵسۆزیو هەستێکی بەرزی ئیمانیو تامەزرۆیی ئەو شوێنە پیرۆزە سەفەری ماڵی خوا دەکات.

1- سنن ابن ماجة: ج/2 ص/966.
2- الدّر المنثور: ج/1 ص/510.

ج- عن أبي هريرة (رضي الله عنه) قال: قال رسول(صلى الله عليه وسلم): (من خرج حاجاً لله فمات كتب له أجر الحاجِّ إلى يوم القيامة، ومن خرج معتمراً فمات كتب له أجر المعتمر إلى يوم القيامة)[1]، واتە: لە ئەبو هورەیرە هاتووە، کە پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) فەرمویەتی: هەرکەس بەنیازی حەجکردن لەماڵ دەرچێ‌و لە ڕێدا بمرێ تا ڕۆژی قیامەت پاداشتی حەجکارێکی بۆ دەنوسرێتەوە، هەر کەسێکیش بەنیازی عومرەوە لە ماڵ دەرچێ‌و لە ڕێدا بمرێ تا ڕۆژی قیامەت پاداشتی عومرەکارێکی بۆ دەنوسرێ.

بەپێی ئەو فەرمودە واتە ئەو کەسەی هەوڵیش دەدا بۆ ئەنجامدانی ئەو ئەرکە، خوا هەر خێری بۆ دەنوسێ‌و لە چاکەو خێر بێبەشی ناکات، چونکە ئەوەی نیازێکی وای هەبێ، ئەوە بە مسۆگەر خوا زیاتری پێ دەبەخشێ‌و لە ڕەحمەت‌و میهرەبانی خۆی بێ بەشی ناکات.

د- عن عمرء بن العاص قال: لما جَعَلَ اللهُ الْإِسْلَامَ فِي قَلْبِي أَتَيْتُ النبي(صلى الله عليه وسلم) فقلت ابْسُطْ يَمينَكَ فَلْأُبَايِعْكَ فَبَسَطَ يَمِينَهُ قال: فَقَبَضْتُ يَدِي، قال: مالك يا عَمْرُو، قال: قلت أَرَدْتُ أَنْ أَشْتَرِطَ، قال: تَشْتَرِطُ بِمَاذَا ؟ قلت: أَنْ يُغْفَرَ لي، قال: أَمَا عَلِمْتَ أَنَّ الْإِسْلَامَ يَهْدِمُ ما كان قَبْلَهُ وَأَنَّ الْهِجْرَةَ تَهْدِمُ ما كان قَبْلِهَا وَأَنَّ الْحَجَّ يَهْدِمِ ما كان قَبْلَهُ)[2]، واتە: عەمری کوڕی عاص فەرموی: کاتێ خوای گەورە ئیسلامی خستە دڵمەوە هاتم بۆ خزمەت پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) وتم: ئەی پێغەمبەری خوا، دەستی ڕاستت بێنە با بەیعەتت لەگەڵدا بدەم، پێغەمبەریش(صلى الله عليه وسلم) دەستی هێنا، من دەستی خۆم گرتەوە، فەرموی: ئەو مەرجە کامەیە دەتەوێ بیگری، ووتم: دەمەوێ خوای گەورە لێم خۆشبێ، فەرموی: ئەی عەمر، نەتزانیوە ئیسلام گوناهو تاوانی پێش خۆی دەڕوخێنێ‌و ڕادەماڵێ، کۆچ‌و ئاوارەیش گوناهی پێش خۆی لادەبا، حەجیش هەرچی تاوانی پێش خۆی هەیە لادەباو نایهێڵێ..

---

1- فتح القدير: ج/1 ص/762.

2- صحيح مسلم: ج/1 ص/112.

و- عن بن عَبَّاسٍ رضي الله عنهما قال: بَيْنَمَا رَجُلٌ وَاقِفٌ مع رسول اللَّهِ(ﷺ) بِعَرَفَةَ إِذْ وَقَعَ من رَاحِلَتِهِ فَأَقْعَصَتْهُ، فقال: رسول اللَّهِ(ﷺ) اغْسِلُوهُ بِمَاءٍ وَسِدْرٍ وَكَفِّنُوهُ في ثَوْبَيْنِ ولا تُحَنِّطُوهُ ولا تُخَمِّرُوا رَأْسَهُ فإن اللَّهَ يَبْعَثُهُ يوم الْقِيَامَةِ مُلَبِّيًا)[1]، واتە: ئیبن عەباس دەڵێ: پیاوێك لە وشترەكەی كەوتە خوارو وەفاتی كرد، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: بە جوانی بیشۆنو كفنی بكەن، بەڵام با دەمو چاوی دیار بنو دایمەپۆشن، چونكە لە ڕۆژی دوایدا، كە زیندوو دەبێتەوە یەكسەر زیكری (لبيك اللهم لبيك) دەڵێتەوە..

ئەوەش ئاماژەیە بۆ ئەو كارەی مرۆڤ لەسەری دەمرێو دەگەڕێتەوە لای پەروەردگار، جا ئەگەر ئا بەو شێوە پیرۆزەو لەو شوێنە بەرەكەتدارە بێ، ئەوە خوای گەورە لە قیامەتیشا ڕێزی لێدەگرێ، بە زیكرو یادی خۆیەوە زیندووی دەكاتەوە، كە لەو ڕۆژەدا ئەو جۆرە بەخششە یەكجار بەنرخو سوود بەخشە بۆ مرۆڤی بڕوا دارو خواناس.



1 - صحيح البخاري: ج/1 ص/425.

## بڕگەی چوارەم : پوختەی باسەکە

لـە خـستنەڕووی ئـەو فەرموودانــەی بـاس کـران، دەگەینـە ئـەو ڕاسـتیە، کـە پێغەمبەر(ﷺ) چەندە بە گەورەیی‌و پیرۆزی باسی ئـەو حەجـەی کـردووە، کـە فیعلـەن پایەیەکی دیارو بنـچینەیی ئـاینی پـیرۆزی ئیـسلامە، خـوای گـەورە بـە چـەندین شـێوە پاداشت‌و لێبوردەیی‌و پلەو پایەی بۆ ئەنجادەرانی ئەو کارە گەورە داناوە، لەبەر ئەوە بە چەند خالێك پوختەی ئەو تەوەرە دەخەینەڕوو:

### یەکەم:

لـەئاینی پـیرۆزی ئیـسلامدا خـوای گـەورە یـەکجار حـەجی واجـب کـردووە لەسـەر موسڵمانان، لەبەر ئەوەی ڕەنج‌و ماندووبوون‌و خەرجی تێدایەو، لە وولاتی خۆت ناکرێ‌و پێویستی بە سەفەری مەککـەی پـیرۆزەوە هەیـە، لەبـەر ئەوەشـە زۆرتـرین دەسکەوت‌و پاداشتی لەبارەی حەجکردن کۆ کردۆتەوە، بۆ ئەوەی بە یـەکجار حـاجی بگاتـە هـەموو ئەو پلەو سوودانەی بۆ حەج دانراون، لەبەر ئەوە پێویستە حەجکار تەواو ئامادەیی تێدا بێ‌و زۆر بە جددی ئـەو ئەرکـە وەربگـرێ‌و لێـی هۆشـیار بـێ، تـا لـەو قازانجـە ڕۆحـی‌و ئیمانیانە بێبەش نەبێت.

### دووەم:

پاکبوونەوە لە گوناهو تاوان‌و هەموو ئەو سەرپێچیانەی، کە مـرۆڤ لـە ژیـانی خـۆی ئـەنجامی داون، ئەمـەش بـەهرەو بەخشـشێکی گـەورەی خوداییـە بـۆ حـاجی، کـە لـەو سەفەرەوە ئەگەر مەبەستی خوا بێ بۆی مەیسەر دەبێ، جا مرۆڤی موسڵمان دەبێ ژیرانە لەوەوە بڕوانێ‌و بیر بکاتەوە، لەوەی چەندە نیعمەتێکی گەورەیە، پاك بێتەوە لە تاوان‌و بە جەستەو دەروون‌و هەستێکی جوان‌و ڕێك ژینی ئایندەی خۆی بڕازێنێتەوە..

## سێیەم:

حاجی پاداشتی بەهەشتە، بەو مەرجەی حەجەکەی بۆ خواو لەپێناو ڕەزامەندی خوا بێت، مەبەستی گەورە لە خواپەرستیو خۆپاریزی لە دونیا، گەیشتنە بە ڕەزامەندی خوا، باشە کەسێك بەو حەجەی ئەنجامی دەدات بگاتە ئەو پلەیە، چەندە نیعمەتێکی گەورەو هەمیشەییو سەرکەوتنە لە دونیاو قیامەتدا.!

بۆیە پێویستە خوشكو برای حاجی ئەوە لە یاد نەکەنو بەوپەڕی نیەت پاکی هەوڵی ئەدا کردنی ئەرکەکانی حەج بدەن، چونکە ﴿الحجُّ المبرور ليس له جزاءٌ إلاّ الجنة﴾[1].

## چوارەم:

لەئاستی دینداریو بەجێهێنانی فەرمانی خوای گەورەو پەیڕەو کردنی ڕێبازی پێشەوای مرۆڤایەتی حەزرەتی محمد(ﷺ)، حاجی کەسایەتیەکی بەڕێزو حورمەتە لای خوای گەورە، لەبەر ئەوەشە لە چەندین فەرمودەدا ئەو ڕاستیە دەرکەوتووەو، خوا حەجکارانی بە وەفدو شاندی خۆی ناو دەباتو بەچاوی لێبوردەییو بەرز کردنەوەی پلەی دینداری سەیریان دەکات، جا لەبەر ئەوە پێویستە ئەو کەسەی، کە حەجی ماڵی خوا دەکات دەرك بەوە بکات، کە بەڕێزە لای خوای پەروەردگارو ڕێز لە ئەركو ماندوو بوونو ڕنجو خەرجی دەگیرێ، لە هەمان کاتیش پێویستە حاجی ڕێزی خۆی بزانێو کردەوەیەك یان ڕەفتارو هەڵسوکەوتێك نەکات، کە لەگەڵ قیەمو لایەنی ئەخلاقی ئەودا نەگونجێ.

## پێنجەم:

نەك هەر لە دونیاو ژیاندا، بەڵکو لە مردنو قیامەتیشدا حاجی لە بەزەیو لێبوردەییو پاڵپشتی خوای بالآ دەست بێ بەش نیە، ئەمەش هەر گەورەیی ئەو سەفەرە

1- پێشتر تەخریج کراوە.

دەگەیەنیّو مرۆڤ بەرەو ئەو پلەیە دەبات، لە کاتی زیندوو بوونەوەدا خەڵك عەودالّو تامەزرۆی شەفاعەتو بە هانا وەهاتنی پێغەمبەرەو، نازانیّ دەفتەری کردەوەی چۆنە بە چ شێوازێك ئەنجام وەردەگریّ، کەچی حاجی یا عومرەکار، کە لەو سەفەرە کۆچ دەکەنو قەدەر مۆڵەتی تەواو کردنی ئەو ئەرکەیان نادات، بەلاّم لەڕۆژی دوایی بە زیکرو نەشیدی (لبيك اللهم لبيك) زیندوو دەکرێتەوەو هەر بەو ئاوازە خۆشە ڕوو لە مەیدانی حەشر دەکات.

لەبەر ئەوە پێویستە خوشكو برای حاجی زۆر بە ووردی مامەڵە لە گەڵ ئەو ئەركو فەریزەیەدا بکەن، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی تۆکمەو دروستەوە خوای گەورە، حەجو عیبادەتی ئەو شوێنە پیرۆزە قبوڵ بکاتو، پاداشتی خۆی بکاتە دیاری شەیدایانی حەجو، ئەو شوێنە پڕ یادگاریەی پێغەمبەرانو ڕووگەی موسڵمانان..

## بەشی دووەم

# ئادابو ئامانجو سوودو نهێنیەکانی حەج

# وەرزی حەج

# ڕێوڕەسمێکی گەورە

هەموو ئەو خواپەرستیو شێوە عیبادەتانەی خوای گەورە بۆ مرۆڤی دیاری کردووە، ئامانج لێی دەرخستنو بەرز کردنی ئاستی پەیوەندی خواپەرستی مرۆڤەکانە، بۆ خواو چۆنیەتی ملکەچ بوونی فەرمانیەتی.

لەو چوارچێوە حیکمەتی خوا وایە، کە مرۆڤ بە پێی عەقڵ دەرکی هەندێ نهێنیو سوودو ئامانجی خواپەرستیەکان بکات، لەنێویشیاندا فەریزەی حەج یەکێکە لەو خواپەرستیو ئەرکە ئاینیانەی، کە چەندین بەهرەو پەندو ئامانجی پەیوەست بە ژیانی بڕوادار لە خۆ دەگرێو، بەرژەوەندی هەردوو دونیای موسڵمانان زامنو فەراهەم دەکات لەوانە:

**یەکەم:**

لە بەجێگەیاندنی فەریزەی حەجدا شێوەی ملکەچی مرۆڤ بۆ خوا دەردەکەوێ، چونکە حاجی خۆ لە هەندێ خۆشیو خۆ ڕازاندنەوە دەپارێزێو، بەرگێکی سپی دەپۆشێ، تا لەشێوەی هەژارێکی ملکەچو بێ دەسەڵات بەرامبەر گەورەیی خوا دەرکەوێ، هەرچی سەرقاڵی دونیا هەیە وەلای دەنێو، تەواو دەکەوێتە قاڵبی ئیخلاسو پەیوەندی ڕۆحیو پاڕانەوە لە خوا، بەمەبەستی دەسکەوتنی ڕەزامەندیو لێخۆش بوونو لێبووردەیی لەلایەکو، دەربڕینی هەستی شوکرانە بژێری بەرامبەر ئەو نازو نیعمەتانەی خوای گەورە پێی داوە لەلایەکی ترەوە.

**دووەم :**

بەجێ گەیاندنی ئەرکەکانی حەج، واتە ستایشی دوو نیعمەتی گەورە، کە بریتین لە شوکرانە کردنی خوا لەسەر ئەو سامانەی پێی داوە، لەگەڵ سەلامەتیو تەندروستی جەستەیی، کە بەو دوو نیعمەتانە مرۆڤ چێژ لە ژین وەردەگرێو، پێیانەوە بەرەو بەختەوەری دەڕوات، ئەنجامدانی ئەو خوا پەرستیە یەکسانە بە سوپاسگوزاری هەردووکیان، چونکە مرۆڤ لەو وەرزەدا ئەرکو ماندووبوون بە جەستە دەکێشێو، لە هەمان کاتیش پارەو سامان خەرج دەکات، بەمەبەستی خواپەرستیو نزیك بوونەوە لە خۆشەویستی خوا.

ئەمە جیا لەوەی، کە شوکرانەی ئەو دوو بەخششە خوداییە، لەهەمان کاتدا ئەرکی سەر شانی مرۆڤی موسڵمانیشە، کە شەریعەتی ئیسلام لەسەری فەرز کردووە.

**سێیەم :**

وەك کۆنگرەیەکی ساڵانە موسڵمانانی تەواوی شوێنە جیاجیاکانی جیهان لەوێ کۆدەبنەوەو بەیەك دەگەن، کە شوێنی ڕوو تێکردنی ڕۆحو دڵەکانە لەکاتی نوێژو لەوڵاتی خۆیاندا.

بەوەش ئاشنای زۆرێك نەریتی یەکتر دەبنو، زۆرێکیش لە ئەنجامی ئەو تێکەڵاویە تەعارفو بیروڕا ئاڵوگۆڕ دەکەن، چونکە لەوێ جیاوازی ڕەنگو ڕەگەزو زمانو دەوڵەمەندیو هەژاری پلەو پایەو شتی تر نامێنێو، پەیامی مرۆڤایەتی لە گەورەترین کۆنگرەی مرۆیی، لە چەمکی چاکەو تەقواو برایەتیو ئارامیو گیانی هاوکاریو سەدای وشەی (خواپەرستی) خۆی دەبینێتەوە، کە ئامانجی گەورەی بەستنەوەو پەیوەست کردنی تیشکەکانی ژیانە بەنووری ئاسمان..

**چوارەم:**

سوودو بەهرەکانی حەج کردن، چ ئەوانەی دەگەڕێنەوە بۆ کۆمەڵو کۆمەڵگە، چ ئەوانەی حەجکار تایبەت سوودیان لێ دەبینێ گەلێکن، پاکبوونەوەی دەروونیو دەرچوون لە لاوازی باوەڕیو واز هێنانی گوناهو تاوانو قبوڵبوونی نزاو پاڕانەوەکانو بەرز کردنەوەی دروشمە خوا پەرستیەکان، سەرچاوەی گڕو تینێنکی ئیمانی ڕۆحین، کە لەمرۆڤدا دروست دەبن ﴿**ذَلِكَ وَمَن يُعَظِّمْ شَعَائِرَ اللَّهِ فَإِنَّهَا مِن تَقْوَى الْقُلُوبِ**﴾[1]. هەر لەئەنجامی ئەو ڕێوڕەسمەیە، چەندین هەزار کەس چ لەسەر ئاستی دەستەو کۆمەڵ، یان تاکە کەسی بەرەو حاڵەتێکی نوێی دەروونیو ئیمانیو ئەخلاقی، خۆیان ئاراستە دەکەنو، پەیامی چاکە خوازیو برایەتیو ویژدان پاکی، دەکەنە دروشمی ڕۆژانەیان.

**پێنجەم:**

هەر لەو کۆبوونەوە جەماوەریە بەرفراوانە ئاینیەدا، لەکاتی بەیەکگەیشتنو گەڕانەوەیان، چەندین خەسڵەتو دیمەنی تایبەت دەبینن، کە ڕەنگە هەندێکیان قبوڵو هەندێکیان مەرفوز بن، ڕەنگە لەوێ زیاتر ئاستی پابەندی ئاینیو ئەخلاقی گەلو وڵاتان دەرکەوێ، لەو ناوەشدا هەرچی چاکە لە سایەی پاکی ئیسلامەو هەرچیش خراپو ناڕێکە، ئیسلام هۆشیاری چاکبوونی دەدات، کە ئەو کۆبونەوە باشترین دەرفەتە بۆ هەست کردنی خاڵی سەلبیو، دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو.

**شەشەم:**

گرنگترین ئامانج لە پرۆسەی حەجدا، بەستنەوەی دینو دونیاو ڕەنگدانەوەیەتی بەسەر موسڵمانان، بە خێرو بەختەوەریو بەرەکەت، بەختەوەری دونیا بەڕاست کردنەوەی هەڵەکانو زاڵبوون بەسەر خاڵە لاوازو سلبیەکان دەبێتو، بەختەوەری

---

1- الحج: 32.

قیامەتیش بە لێبووردەییو ڕەزامەندی خوای گەورە دەبێت، چونکە نەبەستنەوەی دینو دونیا بەیەکتری لەگەڵ ڕۆحی (لِيَشْهَدُوا مَنَافِعَ لَهُمْ) دا ناگونجێت.

جا لەبەر ئەو هەموو گرنگیو گەورەیی ئەنجامدانی فەریزەی حەج، پێویستە خوشكو برای حاجی ئاگاداری ئادابو شێوەی جوان ئەدا کردنو ئامانجو سوودو نهێنیەکانی حەجکردن بێت، لەبەر ئەوەش ئەو بەشە بۆ باسکردنی ئەو تەوەرانە تەرخان دەکەین، بۆ ئەوەی ئەگەر کەمیش بێت هەندێك لە ئادابو سوودو ئامانجو حیکمەتو نهێنیەکانی حەج باس بکەین، بەو ئومێدەی ببێتە هۆی زیاتر شارەزایی لە گەورەیی ئەو فەریزەیەو قوڵبوونەوەی لە هەنگاوەکانیدا، ئەمەش لە چەند باسێکدا دەخەینە ڕوو:



# باسی یەکەم

# ئادابەکانی حەجکردن

حەج کۆمەڵێك یاساو ڕێسای تایبەتی هەیەو، پێویستیشی بە زۆرێك ئادابو خەسلەتی ڕەوشتی هەیە، بۆ ئەوەی حەجکار بەشێوەیەکی دروستو جوانەوە کارەکانی ئەنجام بدات، تا لەئەنجامدا حەجەکەی قبوڵو هەوڵەکەی بە هەندو ڕنجو خەرجەکەی بە زۆر وەربگیرێ.

بۆیە لێرەوە بە چەند خاڵێك باس لە ئادابو چۆنیەتی هەڵسوکەوت کردنی حاجی دەکەین لە کاتی حەجکردندا:

**یەکەم: نیەت پاکی:** پێویستە ئەو کەسەی نیازی حەجکردنی هەیە، بەشێوەیەکی یەکلایی کەرەوە نیەتی خۆی بۆ خوای مەزن ڕێك بخاتو، مەبەستی تەنها خوا بێت نەك شتی تر، چونکە هەموو کردەوەکانی ئینسانی موسڵمان بەندە بە نیەتەوە، هەروەك پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێ (إنما الْأَعْمَالُ بِالنِّيَّاتِ)[1].

**دووەم: ڕاوێژکردن:** وا باشە ئەو کەسەی حەج دەکا، ڕاوێژ بەو جۆرە خەڵکانەی دەوروبەری بکات، کە دینداڕنو قسەو ئامۆژگاریو هەڵوێستو بۆچوونیان لەباری چۆنیەتی ئەنجامدانی حەجو ئەزموونی ئەو سەفەرە وەربگرێت.

**سێیەم: نیەتی پەشیمانی لە تاوان:** دەبێ ئەو کەسە هەوڵی تەوبەو پەشیمانی تێکڕای گوناهو سەرپێچیەکانی بدات، چونکە بەو هەنگاوەی زیاتر دەتوانێ ڕەزامەندی خواو پاداشتی فەریزەی حەج وەربگرێ.

---

1- صحيح البخاري: ج/1 ص/3.

**چوارەم: گەردەن ئازایی:** وا چاکە بەر لە ڕۆیشتن بۆ حەج سەردانی خزمو دۆستو برادەران بکاتو گەردەنی خۆیان پێ ئازا بکا، چونکە سەفەر ئازارو قەدەرە، مرۆڤ نازانێ دەگەڕێتەوە یان نا، لەهەمان کاتدا ئەگەر هەقو مافی خەڵکی لەسەر بوو بیگێڕێتەوە بۆ خاوەنەکانیان.

**پێنجەم: شارەزایی:** ئەرکە خوشكو برای حاجی بەر لە چوون بۆ حەج لە زانایانو شارەزایان، یان لەڕێی خوێندەوەو ئاگادار بوون ئەركو واجباتی حەج شارەزا ببێ هەر چۆنێك بێت لەو بارەوە زانیاری هەبێت، کە بزانێ چۆن حەجەکەی ئەنجام دەدات.

**شەشەم: دانانی گەورەو شارەزا:** لەبەر ئەوەی حەج وا ڕێك دەکەوێ، کە هەمیشە دەستە دەستەو، کۆمەڵ کۆمەڵ سەفەر بکەن، وا باشە برا گەورەو خەمخۆرێك لەناو خۆیاندا هەڵبژێرن بۆ سەر پەرشتی کردنی کارەکانو دیار کردنی ڕێوشوێنەکان.

**حەوتەم: جوان هەڵسوکەوت کردن:** چ لەڕێگا یان لەگەڵ قافڵەی ئەو سەفەرە، یان لەگەڵ حاجیەکانی ئەوێ، یان لەگەڵ دۆستو برادەران، پێویستە بە جوانترین شێوە هەڵسوکەوت بکاتو، خۆی بە خزمەتکارو خەمخۆری ئەوان بزانیت.

**هەشتەم: نەرمو نیانی:** پێویستە حاجی بە شێوەیەکی نەرمو نیان هەڵسوکەوت بکاتو خۆی لە توڕەییو قسەی ناشیرینو دەمەقاڵەو ڕەفتاری ناشیرین بە دوور بگرێتو، بەگوێرەی شەریعەتو ڕەوشتێکی بەرزو جوانو بەرزەوە مامەڵە بکات.

**نۆیەم: ئارامگرتن:** لەبەر ئەوەی سەفەر ئازارو ماندوو بوونو ئەركو ڕێکخستنی کارەکانی تێدایە، پێویستە هەمیشە لەسەر کەمو کوڕیو وەڕەزیو ماندوو بوونەکان ئارام بگرێو هۆسەو بەزمو گێرە شێوێنی دروست نەکات.

**دەیەم: پێبوونی پارە:** ڕەنگە هەر کەسێك پێویستی بەشتێك یان خواردنێك، یا هەر شتێکی تر هەبێ، بۆ ئەوەش وا چاکە حاجی بەگوێرەی توانا کەمێك پارە بۆ خۆی بباتو، پێداویستییەکانی جێبەجێ بکات.

**یازدەم: کات بە فیڕۆ نەدان:** مەبەست لەو سەفەرە خوا پەرستیو زیکرو ئەنجامدانی عیبادەتە، لەبەر ئەوە وا چاکە حاجی کاتی خۆی بەشتی لاوەکی خەرج نەکاتو، بەردەوام بە زیکرو قورئان خوێندنو نوێژو بیرکردنەوەو خوا پەرستی خۆی سەرقاڵ بکات.

**دوازدەم: زیادە ڕەوی نەکردن:** چ لە سەرف کردنی پارە، یان کڕینی کەلوپەلو پێداویستی، تەنانەت لە گەڕانو سوڕانو سەردان، زیادە ڕەوی نەکاو شتەکان لە چوارچێوەی ئاسایی نەباتە دەرەوە.

**سێزدەم: چاکە کاری:** پێویستە حاجی هەردەم فەرمانی چاکەو، وازهێنانی خراپە بداتو، خۆی لەسەر گیانی هاوکاریو یارمەتیدانو خێرو، دڵخۆشکردنی برا حاجیەکانو بەژداریکردنی خۆشیو ناخۆشیەکانی ئەوان رابهێنێتو لەگەڵیان بێت.

**چواردەم: خۆ پارێزی:** ئەرکە حاجی دەستو زمانو چاوی خۆی لە شتە ناشەرعیو نا دروستەکان بپارێزێو، خۆشی لە هەموو نەخۆشیەك بە دوور بگرێ.

**پازدەم: بە قسە کردن ( گوێ ڕایەڵی ):** هەر حاجیەك وا باشە لە قسەو ڕێنمایی سەر پەرشتیاری خۆی دەر نەچێتو، خۆی نەکاتە ئامرازێکی قسە ڕەقو بڕیاردەرو دەرچوونی بێ ئاگایی لە کاتی واجبو کارەکانی حەجدا.

**شازدەم: پرسیار کردن:** لەوێو بگرە هەر قافڵەیەك شارەزای بواری شەرعی تێدایە (مرشد دینی)، ئەگەر شتێکت نەزانی، یان پرسیارێکت هەبوو، یان ئەرکێکت لێ ڕوون نەبوو، پێویستە پرسیار بکەیتو شارەزایی لەسەر وەربگری.

**حەڤدەم: دڵفراوانی:** زۆر پێویستە وریا بیت لەو خاڵە، چونکە لەوێ خەڵکی ناسراو نەناسراو، زمانو ڕەنگ جیاواز، لەگەڵت تێکەڵ دەبن، بۆیە بەوپەڕی دڵفراوانیو لێبوردەییەوە ڕەفتار بکەو، هەمیشە گیانی لێبوردەییو ڕێز پەیڕەو بکە.

**هەژدەم: تێڕامانو لێ وردبوونەوە:** نابێ خەمی حاجی تەنها بەڕێکردنو تێپەڕاندنی ئەرکەکان بێت، بەڵکو وا چاکە بیر لە گەورەیی خوا بکاتەوە، کە چۆن ئەو هەموو خەڵکو زمانو ڕەنگەی دروست کردووەو، لەشوێنێك کۆیان دەکاتەوە، کە پڕە لە یادگاری پێغەمبەران، بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێ لە ئەنجامی ئەو سەفەرەیدا بڕێك تێشووی فکرو تێگەیشتن کۆ بکاتەوەو لە ژیانی ئاینده سوودیان لێ ببینێ.

## آدَابُ أَدَاءِ مَنَاسِكِ الْحَجِّ

١ - التَّحلِّي بمكَارِمِ الأَخْلاقِ، وَالتَّدَرُّعُ بالصَّبْرِ الجَمِيلِ،
لِمَا يُعَانِيهِ الإِنْسَانُ مِنْ مَشَقَّاتِ السَّفَرِ، وَالزِّحَامِ، وَالاِحْتِكَاكِ بالنَّاسِ.

٢-اسْتِدَامَةُ حُضُورِ القَلْبِ وَالْخُشُوعِ،
وَالإِكْثَارِ مِنَ الذِّكْرِ وَالدُّعَاءِ وَتِلاوَةِ القُرْآنِ،
وَغَيْرِ ذَلِكَ، وَالْمُحَافَظَةُ عَلَى أَذْكَارِ مَنَاسِكِ الْحَجِّ.

٣ - الْحِرْصُ عَلَى أَدَاءِ أَحْكَامِ الْحَجِّ كَامِلَةً،
وَعَدَمِ تَضْيِيعِ شَيْءٍ مِنَ السُّنَنِ، فَضْلاً عَنِ التَّفْرِيطِ بِوَاجِبٍ،
إلاَّ فِي مَوَاضِعِ الْعُذْرِ الشَّرْعِيَّةِ.....

## باسی دووەم
## سوودو ئامانجەکانی حەج

بەشێوەیەکی گشتی ئەنجامدانی فەریزەی حەج بۆ ئەوەیە، کە حەجکار بگاتە ئەو ئامانجو سوودە ڕۆحیو دونیاییو قیامەتیانەی نیەتی لێهێناوەو، ئەرکی بۆ کێشاوە، چونکە خوای کار بەجێ لەگەڵ ئەوەی حەجی وەك واجبێکی گەورەی سەرشانی مرۆڤی موسڵمانی توانادار داناوە، لەپاڵ ئەوەشدا مەبەستیەتی چەندین دیمەنو شوێنی تایبەت، بە بەندەکانی ئاشنا بکاتو، لەسەر پەیڕەو و ڕێبازی ئەو شەریعەتە پاكو ڕێکە ئاڕاستەیان بکات.

بیرکەوتنەوەی حاڵو بەسەرهاتی ژیانو کارو هەنگاوەکانی پێغەمبەرانی پێشوو بە پێغەمبەری ئیسلامیشەوە(سەلامی خوایان لەسەر بێت). یەکێکە لەو مەبەستانەی، کە لە ئەسنای کارو ئەرکەکانی فەریزەی حەج دەرك دەکرێ، تا پێیەوە موسڵمان بگاتە خەتی ڕاستەقینەی دینداریو تێفکرینو ڕامانی ژیرانە، تا وەك پەیژەیەکی پەڕینەوە لە حاڵەتی بەر لە حەجکردن، بۆ ئەنجامدانی کارێکی گەورەی خواپەرستی پڕ سوودو ئامانج گەلێکی تایبەت لە ژیانو ژیندا لێ فەراهەم بێنێت.

خوای گەورە کاتێ دەفەرمووێ: ﴿**لِيَشْهَدُوا مَنَافِعَ لَهُمْ وَيَذْكُرُوا اسْمَ اللَّهِ فِي أَيَّامٍ مَّعْلُومَاتٍ**﴾[1]، دەیەوێ لێرەوە بمانگەیەنێتە بەردەم دەروازەی هەموو ئەو ئامانجو قازانجە دینیو دونیایانەی، مرۆڤ دەبەنە پێشی پێشەوەی سەرکەوتوویی کارو، هەنگاوێکی خواپەرستیانەی وەك حەجی ماڵی خوا.

---

1- الحج: 27.

بۆیەشە ئەو گردبوونەوە گەورەیە، وێنەی نیە لە هیچ شوێنو شارو وڵاتێکدا، چەندان هەزار کەس لەو وەرزەدا دەگەنە پلەی ئیمانێکی تەواوو، خانەی ڕەزامەندی پەروەردگار!! چەندەیش دەکەونە ژێر ڕەحمەتی بەختەوەریو چرای ڕووناکیو ئومێدو ئایندەی گەش هەڵدەکەن!؟ ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی ئاماژە بە سوودو ئامانجەکان بکەین، دەکرێ لە چوار خاڵ کورتیان بکەینەوە، دواتریش درێژە بە باسکردنی سوودو ئامانجە تایبەتیەکان دەدەین:

## یەکەم: سوودو ئامانجە گشتیەکان

### یەکەم: زیکرو یادی خوا کردن:

لەو ڕێوڕەسمە پیرۆزەی ساڵانە دەکرێ، ئامانج لێی یادو بەرزو پیرۆز ڕاگرتنی خوای گەورەیە، کە دروستکەری ئەو هەموو خەڵكو زمانو ڕەنگو شوێنو سروشتەیە، ئەوەش لەو شەوقو سەلیقەی دڵو دەروونەوە هەڵدەقوڵێ، کە حەز بەیادو زیکری خوای گەورە دەکات، لێرەشەوە بیر هاتنەوەی مەشهەدو هەنگاوەکانی قیامەت دێنە بەرچاو، کاتێ مرۆڤەکان بە تێکڕاییو بەرووتو ڕەجاڵی چاوەڕوانی ڕەحمەتی خوا دەکەن، بۆیە دەبینی ئەو هەموو خەڵکە بە جیاوازی دەنگو ڕەنگیان بەوپەڕی شەوقو خۆشەویستیەوە، دەپاڕێنەوەو زیکری خوای میهرەبانو خاوەن بەخشندە دەکەن، وەك پێغەمبەر(د.خ) لە فەرمودەیەکدا دەفەرموێ: (إنما جعل رمي الجمار والطواف والسعي بين الصفا والمروة لإقامة ذكر الله لا لغيره)[1].

1- سنن الترمذي: ج3 ص246.

## دووەم: بەرز کردنەوەی دروشمی یەکتا پەرستی:

کارو ئەرکەکانی حەج بە کردەوەو گوتارەوە، تێکڕا بانگەوازێکی هێمنانەن، بۆ یەکتاپەرستی خوای گەورەو بەردەوام بوون لەسەر ئاینی پیرۆزی ئیسلامو دەقە پیرۆزەکانی، هەروەها ئاراستە کردنی خەڵکە بەرەو ئیخلاسو پەیڕەوی کردن لە فەرمانو ئەمرەکانی شەریعەتو هەقیقەتی قورئان، بۆیەشە ئەرکو شوێنو کارو هەنگاوەکانی حەجکردن، بۆ هەموو کەس وەك یەکەو جیاوازی نیە، لەبەر ئەوە ئامانج لەو مەڕاسیمە گەورەیە، دووپات کردنەوەی پەیمانی یەکتاپەرستیو خواپەرستیە، تا لەوێوە پەیامی ئیسلامو شوعلەی ئیمان لەگەڵ گەڕانەوەی حاجیان بەتەواوی پەرشو بلاّو بێتەوە[1].

## سێیەم: ڕاهاتن لە چاکەو پیشەی بانگەوازی:

وەك چۆن لەوەرزی حەجدا، مرۆڤ ئازارو ماندوو بوونو چاوەڕوانیو شەو نخونی زۆر دەبینیو، هەرچیەکی لە توانای دایە سەرفی دەکات، بۆ گەیشتنە ئامانجو مەبەستی کۆتایی، کە ڕەزامەندی خواو تەواو کردنی فەرمانی خوایە، یاخود لەناو ئەو حەشەماتە سەیر دەکات، هەمووی یان زۆرینەی نیەتی چاکە کاریو خێرو هەستی بەرپرسیارێتی هەیە، هەموو ئەوانە دیمەنی گەورەن لە ڕاهاتن لەسەر ڕەهەندی چاکە کاریو وەرگرتنی پیشەی بانگەوازی بۆ گەیاندنی ئەو پەیامەو هۆشیار کردنەوەی خەڵکی، کە ئەركو پێویستی هەر تاکێکە، وەك چۆن لەوێ گونجانو ئامۆژگاریو پێکەوە هەڵکردن هەیە، بەهەمان شێوە گواستنەوەی ئەو تەرزە دینداریو بانگەوازیە، پێویستە حەکیمانە لەتەواوی ژیاندا ڕەنگدانەوەی هەبێ، چونکە خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿**ادْعُ إِلِى سَبِيلِ**

---

1- إحياء علوم الدين: ج1 ص236.

**رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ وَجَادِلْهُم بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ بِمَن ضَلَّ عَن سَبِيلِهِ وَهُوَ أَعْلَمُ بِالْمُهْتَدِينَ﴾**[1].

واتە: ئەی پێغەمبەر(ﷺ)، بانگەواز بکە بۆ لای بەرنامەو رێبازی پەروەردگارت بەحیکمەتو دانایی (بۆ هەندێك)و ئامۆژگاری جوانو بەجێ، (بۆ هەندێکی تر)و گفتوگۆو موجادەلە بەجوانترین شێوە (لەگەڵ هەندێکی تردا بەتایبەتی خاوەن کتێبەکان)، چونکە بەڕاستی پەروەردگارت هەر خۆی زانایە، کە کێ گومڕایە، هەروەها هەر خۆیشی زانایە بەهیدایەت وەرگران.

## چوارەم: کۆنگرەیەکی گشتی ساڵانەی موسڵمانان:




ئەو بەیەك گەیشتنەی موسڵمانان بەو شێوە بەرفراوانەو لەو شوێنە پیرۆزەدا، ویستێکی خواییە بۆ کۆبوونەوەو، ئاشنا بوونی پەیڕەوانی رێبازی ئیسلام بە جیاوازی دەنگو ڕەنگو کلتورو ولاتەوە، کە پێکەوە دەیانەوێ لەو شوێنە نزای خواپەرستی بکەنو، داوای لێخۆش بوونو ڕەحمەتی خوا بۆ خۆیان بەرز کەنەوە، لە هەمان کاتیش لەناو خۆیاندا فەرمان بە چاکەو نەهی لە خراپەو، زمانی ئاشتیو دیالۆكو پەیامدار بخەنە گەڕو لەوێنەی ئەو دیمەنو هەنگاوانە سوود وەربگرن، بۆیە

1- النحل: 125.

دەبینی حەج وەك ناوەندێکی ئاینی، تێکڕای خەڵکی وڵاتە جیا جیاکانی جیهان کۆ دەکاتەوە، لە یەك کاتو شوێندا، بۆ ئەوەی ئۆمەت ببێتە یەك ریزو یەك دەستەو یەك ئیرادە، بەو هەنگاوە ڕەنگدانەوەی ئیجابی بەسەر تەواوی بەشەکانی دیکەی ئۆمەت دروست بکات، بەشێوەیەك سوودی دونیاو قیامەتو دینو ژینی تێدا بێت.

## دووەم: سوودو ئامانجە تایبەتیەکان:

لەژێر سێبەری ئەو چوار ئامانجە گشتیو گەورانەدا، باس لە هەندێ سوودو ئامانجی تری تایبەتی ئەنجامدانی فەریزەی حەج دەکەین، بۆ ئەوەی زیاتر حاڵی بین لە پیرۆزیو گەورەیی ئەو خواپەرستیە ئاینیەو، زیاتریش وورد بینەوە لە لایەنە شاراوەکانی ئەو فەریزەیە، تا بتوانین وەك هەلو دەرفەتی زێرین سوودیان لێ وەربگرین:

### بڕگەی یەکەم: لەڕووی ئاینیەوە:

أ- گوناهو تاوانی مرۆڤ دەشۆرێنێو پاکی دەکاتەوە بەشێوەیەك، کە تازە لە دایك بوو بێت، چونکە پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێ: (من حجَّ لله، فلم یرفث ولم یفسق رجع کیوم ولدته أُمه)[1].

ب- ئیمانی دەروونی مرۆڤ بەهێز دەکاو، هاوکاری نوێکردنەوەی پەیمانی خوا پەرستی دەکات، لەگەڵ ئاراستە کردنی بۆ تەوبەیەکی دروستو، پاکبوونەوەی دەروون لە شتە ناڕێكو هەزەلیەکان، لەگەڵ ئەوەشدا سۆزو هەستی دینداری بەرەو پلەی بەرزیو نزیك بوونەوە لە خوا دەبات.

---

1- پێشتر تەخریج کراوە.

ج- مرۆڤ هان دەدات بۆ شوکرانە بژێری بەرامبەر سەلامەتی جەستەو سامانی دارایی، چونکە هەندێ خواپەرستی تەنها بە جەستە دەکرێ، هندێکیشیان تەنها بە پارە دەکرێ، بەلاّم حەج بە پارەو جەستە دەکرێو، هەر کەس سەفەری حەج بکا، واتە ئامادەی خەرجی ماددیو، ڕەنجی جەستەیی هەیە، ئەوەش واتای شوکرانەی خوای تێدایە، بەرامبەر ئەو دوو نیعمەتەی مرۆڤ هەیەتی.

د- حەجکردن دەبێتە هۆی ملکەچ بوونی مرۆڤ لە خوا پەرستیو داننان بەگەورەیی خوای پەروەردگارو پەیڕەو کردنی فەرمانەکان، ئەوەش لەحاڵەتی ئیحرام دابەستن زیاتر بەرچاو دەبێ، کاتێ حاجی بەشێوەیەکی تۆزاویو هەژار دەرەکەوێ بەرامبەر بە ڕەحمەتی خواو، سۆزو پەیوەندی ڕۆحی نێوان بەندەو خواوەندی کار بەجێ[1].

و- پابەندی ئاینی دەبێتە بەشێکی بەرنامەو کاری ڕۆژانەی حەجکار، کاتێ لەوێوە فێری ئەو پابەندیو شێوە ڕێکەی ئەدای خواپەرستی دەبێت، هەست بەوە دەکا، کە پێویستە مرۆڤ لە هەموو ژیانیدا لەدینداری دانەبڕێ، ئەمەش هێزو وزەیەکی تازە لە گیانو ژیانی حاجی دروست دەکات.

## بڕگەی دووەم: لەڕووی کەسایەتیەوە:

أ- حەجکردن مرۆڤ فێری ئارامیو لەسەر خۆیی دەکات، بەشێوەیەك ڕای دێنێ بەرگەی ناخۆشیەکانو ئازارو ماندو بوونەکان بگرێ، لەهەمان کاتیشدا فێری ڕێكو پێکی چالاکی ڕۆژانەو پابەندی ئاینی دەکات، کە قبوڵی ئازارو ئێشو ناڕەحەتی سەفەر دەکا، تەنها لەپێناو ڕەزامەندی خوای پەروەردگار.

ب- دەروونی مرۆڤ پاك دەکاتەوەو، بەرەو ئاراستەیەکی سافو پڕ ئیخلاسی دەبات، کە ئەمەشیان تەعبیرە لە نوێبوونەوەی ژیانو ئاسۆیەکی گەشی ئاینده.

1- الخلاصة فی أحكام الحج والعمرة: ص34.

ج- وورەو مەعنەویاتی مرۆڤ بەرز دەکاتەوەو، هیواو ئومێد گەلێکی لەدڵدا بۆ دەچێنێ، کە سەرەنجام دەگاتە پلەی نیەت پاکی بەردەوامی بەرامبەر بە خوای خۆی.

د- حەجکردن وێنەی ڕابردووی ئیسلامو، موسڵمانانو تەنانەت ژیانو بەسەرهاتی پێغەمبەر(ﷺ) یاوەرانی بیر مرۆڤ دەخاتەوە، کە چۆن بە کردەوەی چاکو پاکی ئەوان دونیای ڕەوشن کردەوە.

و- ڕاهێنانی مرۆڤ لەسەر دوور کەوتنەوە لە ماڵو منداڵو هەست کردن بەنیعمەتی ژیانی خێزانداری لەدووری ماڵەوە، وەبیر کەوتنەوەی ئەو ساتەی، کە مرۆڤ بە یەکجاری خواحافیزی لەخێزانی دەکا، یان خێزانو منداڵی لەو دەکەن، کە پێویستە هاندەری زیاتری چاکبوونو خواپەرستی بێت.

ژ- مرۆڤ فێری سەخاوەتو بەخشین دەکا، چەندە ئەو کەسە لەنێو ماڵو منداڵی خۆی ڕەزیل بوو بێ، لەوێ ناکرێ ماڵ نەبەخشێ، چ بۆ خزمەتی خۆی یان پێداویستیەکانی، ئەوەش هەستی پارە لە خزمەت مرۆڤدا نەك مرۆڤ لەخزمەتی پارەو ساماندا دەوروژێنێو لەسەر ئەو کارە ڕایدەهێنێ[1].

ح- پشت بەستن بە خوا، ئەمەش لە ئەنجامی ئەو لێکدانەوەی مرۆڤ دێ، کە هەرچەند پارەو کەرەستەی سەفەری تەواو بێ، بەڵام پێویستی بە پشتیوانی خوای گەورە هەیە، بۆ سەلامەتی گەیشتنەوە نێو ماڵی خۆی.

خ- هەرچەندە لەو سەفەرە ئەزیەتو ناخۆشیو وەڕەزیو شەونخونیو برسیەتی ببینێ، بەڵام بە دەرکەوتنو تەماشا کردنی بەیتی ماڵی خوا، هەرچی ناخۆشی هەیە، وا هەست دەکا نەك لەو سەفەرە بگرە لە ژیاندا نەی دیوە، چونکە سەیر کردنی بەیت لەززەتی خۆی هەیەو، مرۆڤ دەباتە لوتکەی تامو چێژی شیرینی ئیمانی..

1- الفقه الإسلامي وأدلته: ج3 ص2068.

## بڕگەی سێیەم: لەڕووی کۆمەلایەتیەوە:

أ- حەجکردن وەك ئەرکێکی ئاینی، دەبێتە زەمینەی یەکتر ناسینی تاکەکانی ئۆمەت بە جیاوازی ڕەنگو زمانو نیشتمانەوە.

ب- بیرکەوتنەوەی حالّو دۆخی کاروباری موسلّمانان بەشێوەیەکی گشتیو، هەستکردن بە گیانی هاوکاریو برایانە، بۆ پابەندی ڕێبازی دینداری.

ج- وەستانو بەرهەڵستی کردنی نەیارانی دین، بە یەك ئیرادەو هێزو هەستەوە لە هەر کوێی دونیا هەبێ.

د- هەست کردن بە پەیوەندی برایانەی ئیمانی لە سەرانسەری دونیاو بەرجەستە بوونی مانای ئەو ئایەتەی، کە خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿**إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ**﴾[1]، چونکە لەوێ دژایەتیو ڕقو یەکتر قبولّنەکردنو هەر شتێکی دیکەی نادروست ڕێگە پێدراو نین، کە کاریگەری خراپ بکەنە سەر گیانی برایەتی.

و- یەکسانیو نەمانی جیاوازی لە نێوان تاکەکانی گەلاندا، هەست دەکەی لەو جێیە جیاوازی لەو نێوان ڕەشو سپی، کورتو درێژو دەسەلاتدارو هەژار، بێ کەسو خاوەن هێز، عەرەبو عەجەم، زمانو ڕەنگ نیەو، پێوەری پلە بەرزی تەنها خۆپارێزیو لە خوا ترسانە.

ژ- وەرزی حەج دەرفەتێکە بۆ زیاتر بلاّوکردنەوەی هۆشیاری ئاینیو بانگەوازی ئاینداری، وەك چۆن پێغەمبەر(ﷺ)، لەحەجی مالّئاوایی پەیامێکی گەورەی ئاراستەی ئۆمەت کردو، تیایدا چەند یاسای گرنگو بەهاداری بۆ تاکەکانی ئۆمەت بەجێهێشت، کە کاریگەری زۆری هەبووەو هەیە، چونکە خەلّکی شوێنە جیا جیاکانی لە خۆ گرتبوو[2].

1- الحجرات: 10.

2- الخلاصة في أحكام الحج والعمرة: ص35.

ح- ئاڵوگۆڕ کردنی بازرگانیو گەشاندنەوەی ڕەوشی ئابووری، لە ئەنجامی ئەو خەرجو سەرفیاتەی بۆ گرتنەبەری بەرنامەی ئەنجامدانی حەجو پێداویستیەکانی حاجی لەو سەفەرەدا، بەرهەمی زۆرێك لە وڵاتان دەهێنرێتە ئەو شوێنەو بەسەر حاجیانەوە دەفرۆشرێتەوە، بۆیە ساڵانە ئەو شوێنە دەبێتە ناوەندێکی گەورەی بازرگانیو پیشانگایەکی گەورەی بەرهەمی وڵاتان.

www.zanayan.org

# باسی سێیەم

# حیکمەتو نهێنیەکانی حەج

## بڕگەی یەکەم: حیکمەتەکانی حەج

ئەو ڕێساو خواپەرستیانەی، کە خوای پەروەندە بۆ بەندەی داناوە، شتێك نییە خوا بەهۆیەوە بیەوێ خەڵك بخاتە حەرەجو تەنگە بەری ژیانەوە، بەڵکو بۆ ئەوە داینـاوە، کـە چەندین سوودو بەرژەوەندی بەهادارو گرنگی بۆ ژیانی مرۆڤ تێدایە..

گەورەترین حیکمەتو دانایی لە خواپەرستیەکان بریتیە لە تەزکیەی دەروونو ڕاهێنانی لەسەر ئاکارە بەرزەکانو، دوور خستنەوە لە ڕەفتارە ناشیرینو ئارەزوو بازەکان، بە شێوەیەکی وا ئامانجیەتی مرۆڤ بەرەو تەواوێتی مرۆڤبوونی ئاراستە بکات.



خوای گەورە، کە عیبادەتی بۆ موسڵمانان دیاری کردووە، دەیەوێ بەندەکانی تاقی بکاتەوە لە ئەندازەی پابەندیو خوا پەرستیو چۆنیەتی بەندایەتیو سوپاسگوزاریان، بەرامبەر بە خالقیەتی خواو یەکتاپەرستیو ملکەچی فەرمانەکانی، بۆ ئەوەی مرۆڤ لە سایەی سێبەری دەستووری ئیلاهی، دەستەبەری مافو ژیانو بەرژەوەندیەکانی بکات.

فەریزەی حەجیش یەکێکە لەو خواپەرستیانەی چەندین حیکمەتی لە خۆ گرتووە، چونکە خوای گەورە لەو بارەوە کاتێ دەفەرموێ: ﴿**لِيَشْهَدُوا مَنَافِعَ لَهُمْ وَيَذْكُرُوا اسْمَ اللَّهِ**﴾[1]، یان دەفەرموێ: ﴿**جَعَلَ اللَّهُ الْكَعْبَةَ الْبَيْتَ الْحَرَامَ قِيَامًا لِّلنَّاسِ**﴾[2]، ئەو ڕاستیەمان بۆ دەردەکەوێ، کە حیکمەت گەلێکی گرنگ هەنو، لە ئەنجامی ئەدا کردنی ئەو فەریزەیە بە شێوەیەکی تەواو دەرك دەکرێن.

لەبەر ئەوەی حەج لەڕووی پەروەردەی ڕەوشتیو دەرونیو ویژدانیو جەستەیی، مرۆڤ دەباتە پێشەوەو زەمینەی نوێ بوونەوە لە ئیمانو عەقڵدا دەخولقێنێ، تا هەنگاو بە هەنگاو مرۆڤ قەناعەتی یەقینی بۆ دروست ببێ، بۆ هۆشیار بوونەوەیەکی هەمیشەیی لەمەڕ چەمکە خوا پەرستیەکانو، پەیداکردنی هێزێکی نوێ لە پتەوکردنی پەیوەندی نێوان بەندەو خوا (جل جلاله).

بۆیە دەبینین پەروەردگار جۆرێك لە ڕیز بەندی خواپەرستیەکانی بە مەبەستو داناییەکی تەواوەوە بۆ بەندەکانی داناوەو دیاری کردوون، بۆ نمونە:

1- نوێژ خواپەرستیەکی جەستەییەو ڕۆژانە مرۆڤی موسڵمان پێنج جار ئەنجامی دەدات، بەڵام بۆ ئەوەی ئەو فەرزە پێگەی کۆبوونەوەو، بە یەکگەیشتنو لێك ئاگاداربوونو، برایەتیو هاوکاری وەربگرێ.

---

1- الحج: 28.

2- المائدة: 97.

لەسەر ئاستی شەوو ڕۆژ لەناو گەڕەكو ئاوایی نوێژی بە جەماعەتی داناوە، تا لەو دیدارو بەیەكگەیشتنە موسڵمانان پەیامی پێكەوە بوونو، گیانی تەباییو هاوكاری، بكەنە سیمبولی ژیان.

لەسەر ئاستی هەفتانەش نوێژی هەینی داناوە، دیسان بە مەبەستی كۆبوونەوەی موسڵمانانو هەڵسەنگاندنی ڕەوشو حاڵیان لەڕێگەی وتاری هەینییەوەو، دیار كردنی چارەسەری كێشەكان لەسایەی ئیسلامدا، هەمیش بۆ درێژ كردنەوەی گیانی هەماهەنگیو برایەتی لەنێو موسڵماناندا.

لەسەر ئاستی مانگەكانیش خوای گەورە لەساڵێكدا دوو جەژنی داناوە، بۆ دەربڕینی خۆشیو بەختەوەر بوونی تاكەكانو ئەحواڵ پرسینی موسڵمانان بەرامبەر یەكترو سەردانو هاتووچۆی یەك كردن.

لەسەر ئاستی ساڵانەش بۆ بەیەكگەیشتنی موسڵمانانی تێكڕای وڵاتە جیا جیاكان، بە جیاوازی ڕەنگو دەنگو نەریتەوە، بەمەبەستی پێكەوە بەرز ڕاگرتنی دروشمی خواپەرستیو ئاشنابوون بە كلتورو فەرهەنگی گەلانو كێشەو گرفتەكانو، قوڵكردنەوەی گیانی برایەتیو هاوكاری، خوای گەورە حەجو زیارەتی ماڵی خۆی داناوە، لەسەر موسڵمانان، كە وەك كۆنگرەیەكی ساڵانەی موسڵمانان ئەنجام دەدرێت، كە تیایدا پەیامو پەروەردەی ڕۆحیو ئەخلاقیو ئابووریو زانستی بۆ هەموو وڵاتان بەخێر دەگێڕێتەوە[1].

2- زیندوو بوونەوەی گیانی برایەتی: دەبینین لەمەوسمی حەجدا، چەندین ملیۆن كەس ڕوو لەو شوێنە پیرۆزە دەكەن، بەمەبەستی خوا پەرستیو یەكبوونو بەرجەستە كردنی مەبدەئیەت، كە خۆی لە برایەتیەكی هەقیقی دەبینێتەوەو، هەمووشیان بە یەك ئاراستەو ئامانجەوە، بە یەك دوعاو بە یەك خواو بەیەك ڕووگە هەنگاو دەنێن[2]،

1- حكم أحكام القرآن: ص58.
2- الفقه المنهجي على مذهب الإمام الشافعي: ج/1 ص/372.

لەگەڵ ئەوەشدا کەمترین سەرپێچیو کێشەو ئاژاوە هەیە، (ڕەنگە هەر نەشبێ).
ئەوەش یەکێکە لەو حیکمەتانەی، کە خوای گەورە لەئەنجامی تەواو کردنی فەریزەی حەج، برایەتیو گیانی تەبایی موسڵمانانی لەسەر ئاستی ئۆمەت مەبەستە، کە هەموو دونیا سوودی لێ وەردەگرێ.

3- فەراهەم بوونی یەکسانی: هەمیشە خەڵك پێویستی بەیەکسانی هەیەو، دەیەوێ لە نادادیو ستەم دوور بێت، لە وەرزی حەجدا هەموو کەسێك بە جیاوازی وڵاتو زمانو ڕەگەزەوە هەست بەو یەکسانییە دەکات، کە لەنێو موسڵمانان هەیە، جیاوازی ڕەگەزیو تائیفیو نەتەوەیی نامێنێ، ئەوەش لەدەسپێکی کارەکانی حەج خۆی دەبینێتەوە، بەپۆشینی بەرگێکی دیاریکراو (یەك پۆشی- زی موحد) دەردەکەوێ، با چەندە لەولاتی خۆی ئەو بەرگە وجودیشی نەبێ، بەلام پۆشینی لەوێ پەیامێکە لەو یەکسانیو دادپەروەریەی، کە خوای گەورە بۆ موسڵمانانی دەوێ لە تەواوی ژیاندا.

4- گەیشتنە پلەی ڕەزامەندی خوا: هەموو بڕواداریك هەرچیەك دەکا، لە چاکەو خواپەرستی، گرینگترین خاڵ بەلایەوە گەیشتنە بە ڕەزامەندی پەروەردگار لە ژیانیدا، حەجکردن یەکێکە لەو دەروازانەی، کە مرۆڤ پێیەوە دەگاتە ئەو پلەیە، بۆیە کەسێك ئەگەر مافو هەقی خەڵکی لەسەر نەبێو زوڵمی لە کەس نەکرد بێ، یان ئەركو واجباتی ئاینی خۆی فەرامۆش نەکرد بێ، ئەوە پەشیمانیو گەڕانەوە بۆ لای خوا لەو سەفەرە دەبێتە هۆی نزیك بوونەوەی لە ڕەزامەندی خوا، کە گەورەترینو بەهادارترین نیعمەتی دونیاو قیامەتی هەر کەسێك، خوا پێی بدات ڕەزامەندی خۆیەتی.

5- بەستنەوەی ئۆمەت بە ڕابردوو: لەبەر ئەوەی ئاینی پیرۆزی ئیسلام چواردە سەدەیە گەشە دەکاو، نەوە دوای نەوە ئاشنای حاڵو بەسەرهاتو مێژووی گەلانی پێش ئیسلام دەکا، لەهەمان کات پەیامێکی تەواوکاری تێکڕای ئایینە ئاسمانیەکانی هەڵگرتووە، پێویستیەتی هەمیشە یادگاری ئەو ڕابردووە زیندوو بمێننەوە، ئەوەش

لەفەریزەی حەجدا زیاتر دەردەکەوێ، بەوەی موسڵمانان دەبەستێتەوە بە مێژووی بەیتو کارو شوێنی پێغەمبەر ئیبراهیمو ئیسماعیل (سەلامی خوایان لەسەر).

تا دەگاتە پێغەمبەری ئیسلامو تێکڕای یادگاریە بەهادارو سەنگینەکانی سەدەی سەرەتای ئیسلام، بۆیە کاتێ موسڵمانان ڕوو دەکەنە ئەو شوێنە، وێنەی ئەو یادگاریانەیان دێتە بەرچاو، وە هەست بە بوونی هێزێکی ئیمانی ڕۆحی بەرامبەر ئەو ڕابردووە دەکەن، کە سەرەنجام مەشخەڵی پەیوەندی ئێستای ئۆمەت بەڕابردووی خۆی پتەوتر دەکەن.

لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا حیکمت گەلێکی تر هەن لە فەریزەی حەجدا، سوودی تاكو کۆمەڵگەی تێدایە، لە نوێکردنەوەی پەیمانی بەندایەتیو یەکتاپەرستی خواو، بەستنەوەی موسڵمانان بەڕووگەی خواپەرستیو، بەرز کردنەوەی دروشمی ئاینیو، نزیکبوونەوەی لە ڕەحمەتی خوا.

لەبەر ئەوەشە شێخی شەعراوی دەفەرموێ: سوێندم بەخوا ئەگەر حەج واجبیش نەبوایە لەسەر موسڵمانان، شەوقو عەشقو عەودالی دڵو گیانو ویژدان فەرزی دەکرد لەسەر ئیماندار زیارەتی ئەو شوێنە پیرۆزە بکات، کە جێگەی هاتنە خوارەوەی وەحیو، لە دایك بوونی حەزرەتی (محمد)ە (سەلامی خوای لەسەر بێ)، بۆ ئەوەی هێزو گوڕو تینێکی نوێ لە یەقینو ئیمانی خۆی دروست بکات، لە یادگاریەکانی هاجەرە خاتوونو قوربانیەکانی ئیبراهیمو ئیسماعیل (سەلامی خوایان لەسەر بێ)[1].

جا ئەگەر چوونە مزگەوت لە هەر پارچەیەکی زەوی گەورەیی خۆی هەبێ، کە بە ئارەزووی خۆمان ئەو چوونە ئەنجام دەدەین، چەندە گەورەیی ترە لەسەر داوای خوای گەورە ڕوو لە کەعبەی پیرۆز بکەین، کە ڕووگەو یەکەمین ماڵی خواپەرستی سەر زەوییە!.

1- الخلاصة في أحكام الحج والعمرة: ص/76.

## بڕگەی دووەم: نهێنیەکانی حەج

لەبەر ئەوەی فەریزەی حەج لە زۆر لاوە گرنگیو بایەخی زۆری هەیەو، سالآنە دەرگای خێرو بەرەکەت بەڕووی موسڵمانانو جیهان دەکاتەوە، چەندین لایەنو سوودو بەهرەی شاراوەشی لە خۆ گرتووە، کە هەژمار کردنیان ئاسان نیە، بۆیە زۆرێك لە زانایان پێیان وایە[1]، ئەگەر ئەو بەیتە لەسەر زەوی نەبوایەو بەحەجو عومرە کردن ئاوەدان نەکرابایەوە، نزیك بوو دونیا بەرەو ویرانیو نا هەمواری چووبا، چونکە کۆبونەوەیەکی سالآنەیەو موسڵمانان سەرەڕای بە جێهێنانی ئەرکی ئاینیان، بە جۆرەها شێوە تاوتوێی لایەنی دەروونیو کۆمەلآیەتیو حاڵو باڵی خۆیان دەکەن، کە کاریگەری ئەرێنی لەسەر تەواوی ڕەوشەکە دروست دەکات.



1- هەمان سەرچاوەی پێشوو: ل43.

حەج دواییین پایەی ئیسلامە، هەر لەناو عەرەفەش، کە ڕوکنی گەورەی حەجە، دوایین ئایەتی قورئان دابەزی، کە دەفەرمووێ: ﴿**الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الإِسْلاَمَ دِينًا**﴾[1]، لەگەڵ ئەوەشدا گەورەترین پەیامی پێغەمبەر(ﷺ)، خۆی لەوتاری حەجی ماڵئاوایی دەبینێتەوە، کە دەکرێ بکرێتە یاسایەکی گشتی جیهانیو چەندین تەوەری گرنگی ژیانیو ژیاری لێ بەرهەم بێت، چ لەسەر ئاستی ئاینیو، چ لەسەر ئاستی دونیایی، کە مرۆڤ دەگەیەنێتە ئەوپەڕی پایەداریو بەختەوەری لەژیاندا.

مرۆڤیش هەر لە دروست بوونیدا، (وەك مرۆڤ) خوا لە دوو پێکهاتە دروستی کردووە، کە بریتین لە (گیانو جەستە) لەسەر ئەو دوو پێکهاتەش خوای گەورە کۆمەڵێك فەرزو داخوازی داناوە، بۆ ئاراستە کردنی مرۆڤ بەرەو بەختەوەریو چڵە پۆپەی کەرامەتو کەسایەتی.

لەبەر ئەوەشە بە جوانترین شێوە دروستی کردووەو بە جوانترین خواپەرستیش پایەداری کردووەو، لە تەواوی بونەوەرانی تریش جیا کردۆتەوە.

گرنگترین مەهامو فەرزەکانی گیان عەقیدەو ئیمانە، کە خۆی لە بنچینەکانی دین (أصول الدين) دەبینێتەوە.

گرنگترین ئەركو فەرزەکانی جەستەش (عیبادات ) خواپەرستیەکانە، کە خۆی لە پایەکانی دین (فروع الدين) دەبینێتەوە.

عەقیدەو ئیمانیش خواپەرستی گیانینو، نوێژو ڕۆژوش خواپەرستی جەستەیین، زەکاتیش خوا پەرستیەکی ماددیە. بەڵام فەریزەی حەج خواپەرستیەکە، هەم گیانیو هەم جەستەییو هەمیش ماددیە، واتە تێکڕای مەهامو تایبەتمەندیەکانی پایەو فەرزەکانی ئیسلام لەخۆ دەگرێ.

---

1- المائدة: 3.

لەبەر ئەوەیە حەجکردن گەورەیەو، چەندین نهێنی هەڵگرتووە، کە لێرەدا بە خاڵ هەندێ لەو نهێنیانەی حەج دەخەینەڕوو:

1- **تەقواو لەخوا ترسی:** گرنگترین هێزی ئیمانی لە دەروونی مرۆڤدا بۆ دروست بوونی پاڵنەری چاکەکاریو دوورکەوتنەوە لە خراپەکان تەقوایە، کە وەك وزەیەکی شاراوەی نێو کارو ئەرکەکانی حەج بۆ حەجکار دروست دەبێ، چونکە تەقوا مەبەستەو کۆی چاکەکانەو، لە هەمان کاتیش داواو ئامۆژگاری خواو پێغەمبەریشە( د.خ )، کە لەو سەفەرە هەوڵی بۆ بدرێ، ئەوتا خوای گەورە جەخت لەسەر ئەو خاڵە دەکاتەوەو دەفەرموێ: ﴿**وَمَا تَفْعَلُواْ مِنْ خَيْرٍ يَعْلَمْهُ اللّهُ وَتَزَوَّدُواْ فَإِنَّ خَيْرَ الزَّادِ التَّقْوَى وَاتَّقُونِ يَا أُوْلِي الأَلْبَابِ**﴾[1]، واتە: هەر کارێك لە چاکە بکەن خوا دەیزانێ، تێشوێك بۆ خۆتان ئامادەکەن، کە بێگومان چاکترین تێشوش تەقوایە، لە خوا بترسن ئەی خاوەن ژیرەکان.

2- **ڕاهاتن لەسەر دوعا کردن:** سەفەری حەج هەر لە دەسپێکەوە تا کۆتایی چەندین کاتو شوێن لە خۆ دەگرێ، کە حاجی پاڕانەوەی تیا بکات، بەشی هەرە زۆری بەشداربوانی ئەو ڕێوڕەسمە هەوڵی پاڕانەوەی زۆر دەدەنو کاتی خۆیان بە فیڕۆ نادەن، لەئەنجامدا ئەو هەنگاوە وا دەکا، مرۆڤ بە بەردەوام پاڕانەوە بکاو داوای چاکەو سەلامەتی دینو دونیای لە خوای گەورە بخوازێ.

خوای گەورەش دەفەرموێ: ﴿**قُلْ مَا يَعْبَأُ بِكُمْ رَبِّي لَوْلَا دُعَاؤُكُمْ**﴾[2]، واتە: بڵێ پەروەردگاری من بایەخێکتان بۆ دانانێ ئەگەر دوعاتان نەبێ.

3- **خوو گرتن بە زیکر:** زیکر کردن یەکێکە لە بەشە گەورەکانی خواپەرستی، کە بەردەوام گڕوتین بە مرۆڤ دەداتو، لەززەتی ئیمانو خۆشەوستی خواو

---

1- البقرة: 197.

2- الفرقان: 77.

پێغەمبەر(ﷺ) دەکاتەوە بەرگیانی مرۆڤ، حەجیش دەرفەتێکەو هاندەرە، بۆ ئەوانەی ئەنجامی دەدەن، کە بەردەوام زیکر بکەن، ئەمەش وا دەکا مرۆڤ دوای حەج‌و لەکاتی حەجدا غافڵ نەبێ لە زیکرو بەردەوام یادی خوا بکات. پێغەمبەریش(ﷺ) دەفەرموێ: (إنما جعل الطواف بالبيت والسعي بين الصفا والمروة ورمي الحجار لإقامة ذكر الله)[1].

واتە: خوا، کە تەواف‌و هاتووچۆی نێوان سەفاو مەڕواو ڕەجمی شەیتانەکانی داناوە، بۆ بەرز ڕاگرتن‌و زیندوو کردنەوەی یادی خوایە.

4- **وەرگرتنی ڕەوشتی جوان:** حەج زەمینەیەکی فراوانەو حاجی بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دەخاتە چوارچێوەی خۆ ڕاهێنان لەسەر خەسڵەتەکانی وەك: نەرمی‌و، ئارامی‌و، پشوو درێژی‌و، توڕە نەبوون‌و، سینگ فراوانی، لەبەر ئەوەی هەست دەکا حەج چەند ڕۆژێکی دیاری کراوەو، پێوستە لێی ئاگادار بێ، چونکە ڕەنگدانەوەی ئەرێنی‌و هەمیشەیی لەسەر حاجی دروست دەکا، لەڕەفتار کردنی بەرامبەر خەڵکان‌و خۆی لەژیانیدا.

5- **پەیدا بوونی هیواو ئومێد:** لە کاتی ئەنجامدانی کارەکانیدا، حاجی وا هەست دەکا لەناو ئەو حەشاماتە زۆر ئەستەمە بتوانێ کارەکانی ئەنجام بدات، بەڵام دواتر زۆر بە ئاسان‌و بەشێوەیەکی ڕێکەوە ئەرکەکە بەجێ دێنێ‌و، خوا بۆی ئاسان دەکات، ئەمەش لایەنێکی شاراوەی حەجە، کە مرۆڤ لەسەر ئەوە ڕادێنێ، کە هەرچەندە ناخۆشی‌و ناهەمواری هەبێ لە ژیاندا، ئەوە بە ئومێدو ئاسۆیەکی گەشەوە دەڕوانێتە ئایندەو، ئومێدی بە خوای گەورە زۆر دەبێت.

6 - **چاودێری کارو ئەرك:** لە هەموو کارەکانی حەجکردندا، حاجی هەوڵی ئەوە دەدا، کە نەکەوێتە هەڵەو خۆ سزادان بە ڕشتنی خوێن، یان هەوڵ دەدات ئەرکەکان وەك

1- پێشتر تەریج کراوە.

خۆی بێ زیادو کەم ئەنجام بدا، چونکە ترسی ئەوەی هەیە خوا حەجەکەی لێ وەرنەگرێو، پاداشتی کەم کاتەوە، ئەمەش وانەیەکی گەورەیە، کە مرۆڤ لەسەر بنەمای چاودێر بوون پەروەردە دەکاو هۆشیاری دەکاتەوە، لە چاکەو خۆ پارێزی لەتاوانو خراپەو سەرپێچیەکان.

7 - **کات بە فیڕۆ نەدان:** بەردەوام وایە، کە زۆرینەی حاجیان هەستیان لای کاتەو بەمەبەستی خواپەرستی بەرنامە دادەنێن، جاری وا هەیە شەوانە خەو لەچاوی خۆیان قەدەغە دەکەن، تەنها لەبەر ئەوەی بتوانن عیبادەتێك بکەنو، زەخیرەیەك بۆخۆیان مسۆگەرو دەستەبەر بکەن، بۆیە زۆرێك لەوانەش، کە دەگەڕێنەوە بۆ ولآتی خۆیان پابەندیەکی تەواوترو جددی تریان هەیە، سەبارەت بە کاتو بە فیڕۆ نەدانی، ئەمەش موسڵمان ڕادەهێنێ لەسەر ڕێکخستنو بەرنامە ڕێژی ژیانو کاری ڕۆژانە[1].

8- **بیرکردنەوە لە دوا ڕۆژ:** ئەوەش لەئەنجامی ئەو هەموو خەڵکەی ڕوو لەو شوێنە دەکا، هەرکەس بۆ خۆی کارەکانی ئەنجام دەداو لەبەر خوا دەپاڕێتەوە، کە هەموویان لەیەك مەیدانو بە یەك پۆشاكو دوور لەخۆشیەکانی دونیاو تێکەڵ بوون لەگەڵ زیکرو پاڕانەوە، ئەو دیمەنانە یەکسەر وێنەی ڕۆژی حەشر دەخەنە هزری مرۆڤ، کە چۆن خەڵك بە تێکڕا ڕوو لە خوا دەکەنو، داوای ڕەحمەتی لێ دەخوازن، ئەوەش پەیامێك دروست دەکا، لەسەر بیری موسڵمان، کە پێویستە تەنها بیر لە دونیا نەکاتەوە، بەڵکو حیساب بۆ دوا ڕۆژی خۆی بکاو، بە کاری چاکەو خواپەرستی هەنگاوی بۆ بنێ.

9- **بەرەنگاری شەیتان:** حاجی لەسەفەرەکەیدا هەمیشە بە دوعاو نزاکانی خۆی دەپارێزێ لەشەیتانو دڵەراوکێ، چونکە دەزانێ شەیتان دوژمنی خوایەو ئەگەر خۆی

1- الحج آداب وأسراء ودروس: ص/8.

لێ دوور نەگرێ دەیخاتە هەڵەو تاوانەوە، حەجیش دەروازەیەکی گرنگە بۆ خۆ پارێزیو دوور کەوتنەوە لە داوی نەفسو شەیتان، بە تایبەت لەکاتی ڕەجمی شەیتانەکان، هەست دەکا بەو ڕەجمەو هاوێشتنی ئەو بەردانە، پەیامێکە لەسەر ئەوەی، کە بەڵێ من بەیەکجاری شەیتانم ڕەجم کردو، واز لە گوێڕایەڵی شەیتان دێنم، بەمەش لەو سەفەرە مرۆڤ لەسەر ئەو نەهجە ڕادێو، وای لێ دێ بەردەوام خۆ پارێزی لە شەیتان بکات، کە ئەمە دەبێتە هۆی نەکەوتنە هەڵەو تاوانو، نزیك بوونەوە لە خواو خواپەرستیدا.



10- **گیانی برایەتی:** خوای گەورە لە ئایەتێکدا دەفەرموێ: ﴿**إِنَّ هَذِهِ أُمَّتُكُمْ أُمَّةً وَاحِدَةً وَأَنَا رَبُّكُمْ فَاعْبُدُونِ**﴾[1]، ڕێك ئەو یەکبوونەی ئۆمەت لە وێنەی برایەتی ئیمانی دەردەکەوێ، چونکە قیبلە یەکە، خوا یەکە، شوێن یەکە، پۆشاك یەکە، مەناسیك

1- الانبیاء: 92.

یەکە، کات یەکە، کە هەموو ئەوانە لە حەجدا هەنو پاڵنەری ئەوەن، کە مرۆڤ دەرکی برایەتیو گیانی هاوکاری بکات.

بەوەش لایەنێکی نهێنی گەورەی حەجکردن دەکەوێتە هەستو بیری موسڵمانان، بەوەی هەمیشە پێکەوە هەڵبکەنو وەك ئەندامی خێزانێکی ئۆمەتیو، ژێرە مەخلوقی سەروەریو، ژێر سێبەری تیشکی قورئانو سوننەت، برایەتی یەکتر بە هەند وەر بگرنو بیپارێزن.

# باسی چوارەم

# پەندو وانەکانی حەج

ڕامانو وورد بوونەوە لە هەر هەنگاوێ لەهەنگاوە کردەیەکانی حەجدا، چەندین لایەنی ئامۆژگاریو وەرگرتنی ڕاستیو ڕەوشتیو... هتد. لەخۆ دەگرێ، کە مرۆڤ سوودیان لێ دەبینێو، پێیانەوە ڕووی زۆرێك لەو هەنگاوە حەتمیانەی ژیاندا دەردەخاتو، وەك ئاوێنە دەکەوێتە بەرچاوو خۆی تێدا دەبینێتەوە.

زۆریش گرنگە مرۆڤ بتوانێ وانە لەو دیمەنو هەنگاوانە وەربگرێ، بۆ ئەوەی هەر لە یەکەمین خاڵی دەسپێکەوە، تا کاتی گەڕانەوەی، خۆی بگەیەنێتە سەری سەرەوەی ئەو بەهاو قازانجە مەعنەویانەی لەو پێناوەدا وەدەست دێن.

کە لە ئەنجامی سەفەری حەجدا دەستەبەر دەبنو حاجی پێیان ئاشنا دەبێ، تا لە ڕێگەی ئەو وانە گرنگانەوە، وێنەی چەندین ڕاستی لە زاکیرەو بەرنامەی ئایندەی خۆی لەیاد نەکات:

## یەکەم: لەکاتی سەفەرکردندا:

هەموو کەس لەژیانیدا سەفەر دەکات، بەلاّم سەفەر کردن بۆ حەج تایبەتمەندیو سۆزێکی تایبەتی خۆی هەیە، لەبەر ئەوەشە بە هەموو شێوەیەك خوشكو برا حاجیەکان خۆیان ڕێك دەخەنو، زۆر جددیانە بیر لە پێویستیو دابینکردنی زەخیرەیەك دەکەنەوە، تا پێیەوە لە کەمو کوڕی ژیانو تەنگەبەریەکانی ڕزگاریان بێت، ڕێك خوا حافیزیو گەردن ئازایی لەخەڵك دەکەنو لەناو دۆستو خزمانیش سەفەر دەکەنو نیەتیشیان وایە، کە دەگەڕێنەوەو بەماڵو منداڵیان شاد دەبنەوە.

بەلاّم هەرحاجیەك لەو كاتە ئەگەر بیر لەوە بكاتەوە چەندە ئەستەمو ناخۆشە كاتێ مرۆڤ بێ ئیرادەی خۆی سەفەری كۆتایی (لەڕێی مردنەوە) دەكاو ناگەڕێتەوە، یان چەندە زەروورە بیر لەوە بكاتەوە، چۆن زەخیرەیەك بۆ دوا ڕۆژێك پەیدا بكا، كە پێویستی بە ڕەحمی خواو شەفاعەتی پێغەمبەر(ﷺ) زیاتر بە هیچ كەسێكی تر نەبێ[1]!

## دووەم: لە كاتی گەیشتنە جیّو شەو داهاتن:

كاتێ دەگەیتە ئەو ولاّتو شوێنە پیرۆزە، كە تەنها خۆتیو سەرقالّی خۆ ڕێكخستنو هەلّگرتنی كەلو پەلەكانتی، پێویستە بیر لەوە بكەیتەوە كاتێ لەسەر شانی چەند دۆستو خزمێك بەرەو گۆڕ دەبرێیتو هیچ شتێكت پێ هەلّناگیرێ، تەنها كردەوەی چاكو خواپەرستیەكانت نەبێ، یان كاتێ شەو دادێو دوور لە منداڵو خێزانو خزمو كەسەكانتەوە، سۆزی غەریبیت هەلّدەستێ، بیر لەو ساتە بكەوە، كە بەهەمان شێوە تەنهاییو لەناو گۆڕدا كەس دڵنەواو نزیكت نیە، تەنها مەگەر ڕەحمەتی خوا نەبێ بۆ پشتیوانی ئەوانەی بۆ خوا ژیانو بۆ خوا كردیانو بۆ خوا هەوڵیانداو بۆ خواش گەڕانەوە.

## سێیەم: دیمەنی ئەو هەموو خەلّكە:

ئەو كەسەی سەفەر دەكا، پێویستە لەشتەكان بڕوانێو بیریان لێ بكاتەوە، كە كێ ئەمەی خولّقاندوە؟! تا بەو تێفكرینە ترسی خوای گەورە، زیاتر لە دڵو دەروونندا بچەسپێو، نەكەوێتە قالّبی بیر بەستیو گوێ پێنەدان، وەك ئەوەی خوا دەفەرموێ: ﴿وَكَأَيِّن مِّن آيَةٍ فِي السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ يَمُرُّونَ عَلَيْهَا وَهُمْ عَنْهَا مُعْرِضُونَ﴾[2]، واتە:

---

1- إحياء علوم الدين: ج/1 ص/238.

2- يوسف: 105.

نیشانەکانی خوا چەند زۆرن لە ئاسمانەکانو زەویدا، کە ئەوان بەلایاندا دەڕۆنو ڕووی لێ وەردەگێڕن.

کەواتە بینینی ئەو هەموو خەڵکە دەبێ ئەوە بە بیرو هزری مرۆڤدا بێنێ، کە بیر لە گەورەیی خوا بکاتەوەو پەند وەربگرێ، بەوەی زیاتر هەوڵی خواپەرستیو لە خوا ترسان بدات، کە دروست کەرو ڕازیقو ژیێنەری ئەم هەموو خەڵکەیە.

## چوارەم: میقات:

پێویستە خوشکو برا حاجیەکان وانەیەکی گەورە لەکاتی چوونە میقات وەربگرن، وەك چۆن ئەرکە لەو میقاتە حاجی خۆی پاك بکاتەوەو بەرگی پاکی ئیحرام ببەستێو، بە نیەتێکی پاکیشەوە خۆی ئامادە بکات، بۆ ئەنجامدانی ئەو خواپەرستیە گەورەیە، بە هەمان شێوە ئەو پاکیو ڕێکیو خۆ گۆڕینە لە شتە نادروستو نا شەرعیەکان، زۆر پێویستە لە تەواوی ژیاندا، بۆ ئەوەی کاتێ مرۆڤ دەگاتە میقاتی قیامەتو خوا پێشوازی دەکات، ئا بەو جوانیەوە بگەڕێتەوەو ڕوو لە خوای بەخشندە بکات[1].

یان بە لەبەر کردنی ئەو ئیحرامە، بیر لەو پارچە کفنە بکاتەوە کاتێ، کە بە دەستی کەسانێك دایدەپۆشنو بۆ یەکجاری جلەکانی تری لێ دادەکەنن، وەك چۆن یەك پۆشی لەقیامەت دەکرێ بەهەمان شێوە یەك پۆشی لە کاتی مردنیشدا هەیە، بۆ ئەوەی لەناو یەك بەرگی وەك یەك بگەڕێیەوە لای خوا (جل جلالە) لەبەر ئەوە پێویستە خوشکو برای حاجی ئەوە لەیاد نەکەنو بیر لەو ڕۆژەش بکەنەوە، کە بەرگو پۆشاکی کۆتایی وەردەگرن.

1- الخلاصة في أحكام الحج والعمرة: ص36.

## پێنجەم: تەلبیە کردن:

دوای ئیحرام بەستن زیکری (لَبيك اللّهم لَبيك، لبيك لا شَريك لَك لَبيك، إنّ الحَمد وَالنّعمة لك والملك لا شَريك لك) دەست پێ دەکا، کە ئاوازێکی پڕ سۆزی ئارام بەخشەو، ئاسوودەیی دڵو دەروونی تێدایە، ڕەنگە کەم بن ئەوانەی کاریگەریو چێژی ئەو زیکرە چاوەکانیان بە فرمێسک ڕشتن تەڕ نەبێتەوە!، مەبەست لە دووبارە کردنەوەی ئەو زیکرە، شکاندنی هەموو ئەو حەزە شەیتانیانەیە، کە لەناخی مرۆڤدا چەکەرەیان کردووە، بۆ ئەوەی مرۆڤ دوور لە خۆ بەگەورە زانیو لووت بەرزیو ئارەزوو بازی هەنگاو بنێو، وەك بەندەیەکی ملکەچی خواپەرستی ڕاستو دروست دەرکەوێ، بۆیە تەماشای ئەو ڕستەیە دەکەین چەندین چەمكو واتاو مەبەستی لە خۆ گرتووە لەوانە:

أ- وشەی (لبيك) وەڵامە بۆ زاتێك، کە بانگی کردووی، واتە خوا بانگەوازی بەندەکانی کردووە بۆ ئەو شوێنەو، ئەوانیش وەڵامی دەدەنەوە بە(لبيك) واتە: خوایە لەخزمەتت ڕاوەستاوم.

ب- ئەو ڕستەیە مانای خۆشەویستی لە خۆ گرتووە، چونکە مرۆڤ بە زاتێك نالێ: لە خزمەتت ڕاوەستاوم مەگەر بە تەواوی خۆشی نەوێت.

ت- دووبارە کردنەوەی ئەو ڕستەیە، واتە پابەندی خواپەرستیو، ملکەچ بوون بۆ مەنهەجو ڕێبازی خوای کار بەجێیە.

ج- لەکاتی ئیحرامدا ئەو زیکرە دروشمێکە بۆ دەرچوون لە ئەرکێکەوە بۆ ئەرکێکی تر، هەر وەك (الله اكبر)ی ناو نوێژ دروشمی چوونە ڕکوعو سەجدەو هەڵسانەوەیە، کاتێ ئیحرام دادەنرێ زیکری (لبيك اللّهم لبيك) نامێنێ، هەر وەك چۆن سەلام دانەوەی نوێژ، کۆتایی بە تەکبیرەکان دێنێ.

ح- مانای ئیخلاسو نزیك بوونەوە لە خوا دەگەیەنێ، چونكە ئەگەر (لبيك) لە(اللبّ) وە بێ، ئەوە مانای ئیخلاس دەگەیەنێ، ئەگەریش لە (الإلباب)وە بێ، ئەوە بە مانای نزیك بوونەوە دێت[1].

خ- دان پێهێنانی ستایشی خواو سوپاسگوزاری نیعمەتەكانو تێكڕای ئەو بەهرانەیە، كە خوا بە مرۆڤی بەخشیوە..

د- داننانە بەوەی هەرچی هەیە لەموڵكو سامانو نازو نیعمەتی دونیا، كە هەمووی تەنها موڵكی خوایەو كەس خاوەندارێتی هەتایی پێ نابڕێ.

ر- ڕەواندنەوەی هەموو ئەو خورافیاتو فكرو شتە خراپانەیە، كە زیان بە عەقیدەو بیرو باوەڕی مرۆڤ دەگەیەنن.

ز- مانای شەهادەو باشترین زیكری پێغەمبەرانی لەخۆ گرتووە، هەر وەك پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێ: (أفضل ما قلت أنا والنبيون من قبلي: لا إله إلاّ الله وحده لاشريك له، له الملك وله الحمد وهو على كلّ شيءٍ قدير)[2]. جا لەبەر ئەوە حاجی پێویستە ئەو چەمكو واتایانە بە گوتنی زیكری (لبيك) لەبەر چاو بگرێ، لەگەڵ وەرگرتنی ئامۆژگاری پێویست لە ڕاهاتنی زیكری بەردەوامو خوو پێ گرتنی.

## شەشەم: لەكاتی گەیشتنە مەككە:

هەر بە گەیشتنی ئەو شوێنە پێویستە گەورەیی‌و ئارامی‌و پیرۆزی شاری مەككە لەناو دڵدا جێگیر ببێ، تا بەو پەڕی گەورەییەوە خواپەرستیەكان ئەنجام بدرێ، كاتێ لەو

1- هەمان سەرچاوەی پێشتر ل37 بەدواوە.

2- سنن البيهقي الكبرى: ج4 ص284.

شوێنەی دەروونو دڵت ئاسوودەو بەختەوەرە، لەبەر ئەوەی لە هەرەمی ئارام بەخشی خوا دایت، پێویستە بۆ وەدەست هێنانی ئەو ئارامیە لەدوارۆژو کاتی تۆڵە سەندنەوەی مەیدانی مەحشەر، لەدونیا زۆر هەوڵی لە خوا ترسانو نزیکبوونەوەی قورئانی پیرۆزو سوننەتی پێغەمبەر(ﷺ) بدەیت، تا خوای گەورە بەئەندازەی ئەمانی مەککەو، بگرە زیاتریش لە سزاو تۆڵەی ڕۆژی حەشر ئەمینت کاتەوە.

## حەوتەم: لەکاتی تەواف کردندا:

پێویست لەسەر ئەو کەسەی تەواف دەکات، بیر لە گەورەیی ئەو زاتە بکاتەوە، کە تەواف بەدەوری ماڵەکەیدا (کەعبە) دەکەی، چەندە بە ئەدەبو پاکی دەروونیو جەستەییەوە، تەواف ئەنجام دەدەیو هەوڵی نەکەوتنە هەڵە دەدەی، بە هەمان شێوە لەژیاندا بە حەزەرەوە هەنگاو بنێ، با ڕۆیشتنی تەوافو هەروەلە کردنی هاندەرێك بێت لە ڕاکردنی گوناهو تاوانو سەرپێچیو، ڕوو کردن بێ لە تەوبەو پەشیمانی.

## هەشتەم: هاتوچۆی نێوان سەفاو مەروە:

بە دیار کەعبەوە کاتێ ڕوو لە سەفا دەکەیتو، هاتووچۆ لە نێوان سەفاو مەڕوا ئەنجام دەدەی، هەنگاو بەهەنگاوو جار لەدوای جارو وەستان لەو سەرو ئەم سەری هەردوو شوێن بەمەبەستی پاڕانەوەو ڕەزامەندی خوای گەورە، بەشێوەیەکی تەوازوعو شەکەتو هیلاکیەوە خۆت دێتە بەر چاو، پێویستە ئەو سەری ژیان تا مردنو هەنگاوو کارەکانو بەرنامەی ژیانت بەردەوام بۆ خوا بێو، بە پێی ڕەزامەندی خواش هەنگاو بنێیت.

با هاتوچۆی شەوو ڕۆژت هەڵگری هەمان ئەو پەیامە بێت. کە لـە هاتوچـۆی نێـوان سەفاو مەڕوا دا هەیە.

## نۆیەم: وەستانی عەڕەفە:

لەناو ئەو هەموو خەڵکەدا بـەجیاوازی زمـانو ڕەنـگو ڕەگـەزو وڵاتـەوە، لـە یـەك شوێنو بە یەك بـەرگو بـۆ یـەك مەبەسـت وەسـتاون، پێویـستە وەسـتانی ڕۆژی دوایـی بێتەوە بەرچاو، بۆ ئەوەی خۆی هەڵسەنگاندێك دروست بکـات، ئـاخۆ لـە کـوێی پلـەو پایەی بەنـدەکانی خـوا دایـە، چـۆن لـەوێ دڵـسۆزیو دڵپـاکیو دەستو زمـان چـاکیو برایـەتیو، گیـانی دینـداری بەرێژەیـەکی بـەرز هەسـت پـێ دەکـرێ، ئەرکـە لـە هـەموو کاتەکانی ساڵدا بەهەمان شێوەو نەفەسەوە، درێژە بەو هێڵە ڕاستەقینەیە بداتو، خـۆی لەسەر ئەو نەهجە ڕابهێنێ.

## دەیەم: ڕەجمی شەیتانەکان:

بەو هەنگاوە پێویستە مرۆڤ بیر لەوە بکاتەوە، کە چۆن ڕەجم دەکا، بەهـەمان شـێوە لـــە شەیتانیش دوور کەوێتەوە، چونکە ڕەجمکردنی شەیتانەکان هەرچەند بە هاوێشتنی ئەو بەردانە شتێکی ڕەمزیە، بەڵام لەڕاسـتیدا خواپەرسـتیو خـۆ دوور خستنەوەیە، لـە شەیتانو هەموو ئەو ڕێگاو هەنگاوانەی، کە مرۆڤ تووشی بێ فەرمانی خوا دەکەن.

ئـیتر دوای ئـەوە دەبـێ خوشـكو بـرای حـاجی هۆشـیارو ئاگـادار بـن، ئـەو هـەموو خواپەرستیو عیبادەتانەی لەو سەفەرە ئەنجامیان داوە، نەگەڕێنەوە سـەر خراپـەکانیانو تەواو خۆیان بۆ خوا یەکلایی بکەنەوە.

## یازدەم: قوربانی کردن:

مەبەست لەتێکڕای مەناسیكو ئەركو دروشمەكانی خواپەرستی، پەیدا كردنی تەقواو لە خوا ترسانە، چونكە ئەو دروشمو كارانە تەنها ڕەمزیو تەعبیرین لە ڕوو كردنە مـاڵی خواو، پابەند بوون بە فەرمانەكانیەوە.

قوربانی كردنیش یەكێكـە لـەو كارانـەی یادگـاری سـەردەمی پێغەمبـەر ئیـبراهیمو ئیسماعیل (سەلامی خوایان لەسەر بێ) دێنێتەوە یادو، دان پێـداهێنانێكی مەعنەویـە لە ئامادەیی فیداكاری ماددیو ڕۆحـی لـەپێناو خـوای پـەروەردگاردا، لەوەشـدا ئەركـە ئامۆژگاری وەربگیرێ لە وەرگرتنی گیانی بۆ خوا بوونو لە پێنـاو خـوا قوربـانی كـردنو چاكە ئەنجام دان.

## دوازدەم: تاشینو كورتكردنەوەی قژ

## (الحلق او التقصیر):

دەرچــوون لەژێر ئیحرام بە كورتكردنەوە یان تاشینی سەر دەبێت، واتە ئـەو حەلقـە بۆ دەرچــوون لەژێر ئیحرامــدا وەك سەلامدانەوەی نوێژە، بەو مانایە، كە مرۆڤ چڵكو پیسیو تاوانــی لــە ڕووكـەشو نــاوەڕۆكدا لــە خـۆ دارنــیو خـۆی پـاككردەوە، مـادام لەڕووكەشدا ئەو مووانە قرتان، ئاماژەیە بۆ قرتاندنی تاوانەكانی دەروونیو جەستەیی.

لەبەر ئەوە پێویستە لەو كاتەدا خوشكو برای حاجی نیەتی دوور كەوتنەوەی لە شتە پیسەكان هەبێو، جگە لەكاری چاكەو خێر واز لە گوناهو تاوانەكان بێنێ.

## سێزدەم: فیدیەو خوێن:

ئەگەر لە هەر کارێ لەکارەکانی حەجدا، کەم‌و کورِی تێدا روودا، ئەمە فیدیە پێویست دەکات، ئەوەی مایەی ئامۆژگاری وەرگرتنە، ئەوەیە وەك چۆن بۆ تەواو بوونی فەریزەی حەج فیدیە دانراوە، بە هەمان شێوە خواپەرستی پێویستی بە فیدایی گیان‌و تێکەلاّوی خوێنی جەستە‌و خۆشەویستی خوا هەیە، پێویستە مرۆڤ بە خواپەرستی‌و زیکرو چاکە‌و خێرەوە، هەولّی نزیکی لە خوا بدات، چونکە خۆشەویستی‌و نزیکی پێویستی بە خوێن‌و گیان‌و کۆچ‌و دابرِان‌و بەرگری هەیە.

## چواردەم: تەوافی مالّئاوایی:

لەکاتی تەواو بوونی ئەرك‌و واجبەکانی حەجدا، ئەو کەسەی نیەتی گەرِانەوەی هەیە، پێویستە وەك مۆلّەت خواستن‌و مالّئاوایی کردن لەو شوێنە پیرۆزە، تەواف بکات، وەك چۆن میوان لە هەر مالّێ خواحافیزی دەکا، ئەو شوێنەش مالّی خوایە‌و کەسێ بیەوێ لێی دەرچێ، دەبێ بە ئەدەبەوە خوا حافیزی لێ بکات، کە بریتیە لە تەوافی مالّئاوایی.

جا خوشك‌و برای حاجی دەبێ دەرکی ئەوە بکەن هەرچەندە سەفەرەکە درێژ بێ‌و، مانەوە لەو شوێنە تام‌و لەززەتی هەبێ، بەلاّم هەموو شتەکان کۆتاییان دێت‌و، مالّئاواییان لێ دەکرێ، ئیتر ژیانیش هەر وایە‌و مالّئاوایی یەکجارەکیش هەر دێتە رِێ، لێ چەندە گەورەیی‌و سەرفرازیە، بە هەمان چەشنی مالّئاوایی سەفەری حەج، مرۆڤ لەژیانیدا بە کردەوە‌و هەنگاوێکی چاك‌و نزیك کەرەوە لە خوا مالّئاوایی بکات،!! کە بەدلّنیاییەوە دەبێتە هۆی لێبوردەیی‌و لێخۆش بوونی پەروەردگار.

ئەمانە‌و چەندین وانە‌و پەندی تر لەو سەفەرەدا هەن‌و، پێویستە حەجکار لە چوارچێوەی سەفەرەکەیدا دەرسیان لێ وەربگرێ، چونکە حەج وێرِای ئەوەی پایەی

پێنجەمی ئیسلامە، لە هەمان کاتیشدا قوتابخانەیەکی گەورەی پەروەردەی دەروونیو، ڕەوشتیو، ویژدانیو، مرۆییو، هزریە، کە دەکرێ مرۆڤ بەو پەڕی دروستیەوە وانەی لێ وەربگرێ بۆ ئەوەی مۆمی ژیانی هەر بە گەشاوەیی بمێنێتەوەو، سێبەرێکی بەرداری سوود بەخشی خۆیو دەوروبەری خۆشی بێت.

# بەشی سێیەم

# ئەحکامەکانی حەج

# باسی یەکەم

# چەند زانیاریەك دەربارەی حەج

## یەکەم: پێناسەی حەج

**أ- لەڕووی زمانەوانیەوە:** وشەی (الحج) بەمانای (القصد) دێت: واتە: مەبەست[1].

**ب- لەڕووی زاراوەی شەرعەوە:** ڕووکردنە شوێنێکی پیرۆزە (واتە زیارەتی ماڵی خواو عەرەفە)یە، لە کاتێکی دیاریکراودا (واتە لەو مانگانەی حەجیان تیا دەکرێ) بە مەبەستی ئەنجامدانی فەریزەی حەجو ئەرکەکانی[2].

## دووەم: واجب بوونی حەج:

حەج ڕوکنی پێنجەمی ئیسلامە، کە خوای گەورە لەسەر بەندەکانی فەرز کردووە، بەپێی ئەو ئایەتەی کە دەفەرموێ: ﴿**وَلِلَّهِ عَلَى النَّاسِ حِجُّ الْبَيْتِ مَنِ اسْتَطَاعَ إِلَيْهِ سَبِيلاً وَمَن كَفَرَ فَإِنَّ اللهَ غَنِيٌّ عَنِ الْعَالَمِينَ**﴾[3]، واتە: جا خوای گەورەش بڕیاریداوە لەسەر خەڵکی حەج و سەردانی (بيت الحرام) بکەن، بە تەنها ئەوانەی کە توانای (دارایی‌و تەندروستیان) هەیە، جا ئەوەی کە باوەڕی نەهێناوە، ئەوە با بزانێت بەراستی خوا بێ نیازە لە هەموو خەڵکان (پێویستی بە چاکەو پەرستنی کەس نییە).

هەروەها پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرمووێ: (بُنِيَ الْإِسْلَامُ على خَمْسٍ: شَهَادَةِ أَنْ لَا إِلَـهَ إلا الله وَأَنَّ مُحَمَّدًا رسول اللَّهِ، وَإِقَامِ الصَّلَاةِ، وَإِيتَاءِ الزَّكَاةِ، وَصَوْمِ رَمَضَانَ، وَالْحَجِّ)[4] واتە:

1- فەرهەنگی شیرین: پیتەکانی (ح ج).

2- مغنى المحتاج: ج/1 ص/619. - الفقه الإسلامي وأدلته: ج/3 ص/2064.

3- آل عمران: 97.

4- صحيح البخاري: ج/1 ص/29.

ئاینی ئیسلام لەسەر پێنج بنچینە دامەزراوە: شەهادە هێنان، نوێژکردن، زەکاتدان، ڕۆژوی مانگی ڕەمەزان، حەج کردن.

بەپێی ئەو دوو دەقەی سەرەوە حەج فەڕیزەیەکی گەورەی ئیسلامەو، خوای گەورە دایناوە بۆ ئەو خەڵکانەی مەرجەکانی ئەنجامدانی حەجیان تێدایە، چونکە شێوەی بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی حەج جیاوازە لەگەڵ ڕوکنەکانی ترو پێویستی بە توانای جەستەییو ماددی هەیە، لەبەر ئەوەشە یەکجار لە ژیاندا واجبەو، دووبارە کردنەوەی دەبێتە سوننەت، وەك لەو فەرموودەیەی پێغەمبەر(ﷺ) ئەو بابەتە ڕوون کراوەتەوە:

(عن أبي هُرَيْرَةَ(رضي الله عنه) قال خَطَبَنَا رسول اللَّهِ(ﷺ) فقال أَيُّهَا الناس قد فَرَضَ الله عَلَيْكُمْ الْحَجَّ فَحُجُّوا، فقال رَجُلٌ أَكُلَّ عَامٍ يا رَسُولَ اللَّهِ؟ فَسَكَتَ حتى قَالَهَا ثَلَاثًا، فقال: رسول اللَّهِ(ﷺ) لو قلت نعم لَوَجَبَتْ وَلَمَا اسْتَطَعْتُمْ، ثُمَّ قال: ذَرُونِي ما تَرَكْتُكُمْ فَإِنَّمَا هَلَكَ من كان قَبْلَكُمْ بِكَثْرَةِ سُؤَالِهِمْ وَاخْتِلَافِهِمْ على أَنْبِيَائِهِمْ فإذا أَمَرْتُكُمْ بِشَيْءٍ فَأْتُوا منه ما اسْتَطَعْتُمْ وإذا نَهَيْتُكُمْ عن شَيْءٍ فَدَعُوهُ)[1]، واتە: ئەبو هورەیرە دەڵێ: پێغەمبەر(ﷺ) وتارێکی بۆ خوێندینەوە فەرمووی: ئەی خەڵکینە خوای گەورە حەجی لەسەر ئێوە فەرز کردووەو حەج بکەن. پیاوێك گوتی: لە هەموو ساڵێکدا؟ پێغەمبەر(ﷺ) بێ دەنگ بوو، سێ جار دووبارەی کردەوە، ئینجا پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: ئەگەر بمگوتبا بەڵێ واجب دەبوو نەشتان دەتوانی بیکەن، زۆر پرسیاری لێ مەکەن، چونکە ئەوەی گەلانی پێش ئێوەی فەوتاند، زۆری پرسیارو مشتومڕیان بوو لەگەڵ پێغەمبەرانیان، کاتێ فەرمانم پێ کردن بەشتێ بیکەنو، کاتێکیش قەدەغەم کردن لە شتێ وازی لێ بێنن. بەم پێیە خوای گەورە لەساڵی (نۆیەم)[2]ی کۆچی حەجی واجب کرد لەسەر موسڵمانان.

1- صحيح مسلم: ج/2 ص/975.

2- الفقه الاسلامي وأدلته: ص/ 2065 - الفقه المنهجي: ص/370 - فقه السيرة: ص/340.

## سێیەم: مەرجەکانی واجب بوونی حەج:

پێویستە لەسەر ئەو کەسەی، کە حەج ئەنجام دەدات چەند مەرجێکی تێدا بێت، بۆ ئەوەی بتوانێ فەریزەی حەج ئەدا بکات، ئەو مەرجانە هەر کات لە هەر مرۆڤێك هاتنە جێ، ئەوە بەپێی فەرمانی شەریعەتی ئیسلام ڕوکنی پێنجەمی ئیسلامی (کە حەج‌و زیارەتی ماڵی خوایە) لەسەری پێویست دەبێ، هەر کات بۆی ڕەخساو توانای هەبوو، دەبێ بیکات‌و ئەنجامی بدات.

ئەو مەرجانە بریتین لەوەی: (موسڵمان بێ، عاقڵ بێ، باڵغ‌و پێگەیشتوو بێ، ئازاد بێ، توانای هەبێ)، کە کۆی ئەو مەرجانە زانایان لەسەری یەك هەڵوێستن.

هەروەك ئیمام ئیبن قودامە لە موغنیدا دەفەرموێ: (لا نعلم في هذا كلّه إختلافاً)[1]، لەبەر ئەوە بەپێی پێویست لەسەر هەر یەك لەو مەرجانە دەدوێین:

### یەکەم: موسڵمان بێ

واتە مەرجی یەکەمی ئەو کەسەی بیەوێ حەج بکات، دەبێ موسڵمان بێت‌و بڕوای تەواوی بە ئیسلام هەبێ، چونکە کەسێك بڕوای بە ئیسلام نەبێ‌و کافر بێ حەجی لەسەر واجب نییەو دروستیش نابێ.

### دووەم: عاقڵ بێ

بۆ پێویست بوونی حەج لەسەر هەر مرۆڤێك، دەبێ خودی مرۆڤەکە، لە ڕووی عەقڵ‌و ژیریەوە تەواو بێ، چونکە کەسێك عەقڵی تەواو نەبێ‌و شێت بێ، حەجەکەی دروست نابێ‌و لەسەری واجب نیە، لەبەر ئەوەی ئەهلیەتی خواپەرستی تێدا نیە، هەروەك: پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێ: (رُفع القلم عن ثلاثة: عن المجنون حتى يفيق، وعَن النّائم حتى يَستيقظ، وعن الصبيّ حتى يحتَلم)[2]، واتە: قەڵەمی تاوان لەسەر سێ کەس

1- المغنى لابن قدامة: ج3/ ص/218.

2- صحيح البخاري: ج/6 ص/2499.

هەڵگیراوە: شێت تاچاك دەبێتەوەو ژیریەکەی دێتەوە، خەوتوو تا لە خەو هەڵدەستێت، منداڵ تا بلوغی دەبیٌو پیٌ دەگات.

**سێیەم: بالغ و پێگەیشتوو بیٌ**

ئەوەش مەرجێکی تری فەریزەی حەجە، کە پێویستە ئەو کەسەی حەج دەکا دەبیٌ گەیشتبێتە تەمەنی بلۆغو تەکلیفی شەرعی، چونکە لەسەر منداڵو هەموو جۆرە تەمەنێك واجب نیە، کە هێشستا بلۆغی نەبووە.

ئەوە بە بەڵگەی ئەو فەرمودەی لە مەوپێش باسمان کرد، بەلاٌم ئەو منداڵەی حەجی پیٌ دەکریٌ، حەجەکەی دروستەو سوننەتە، وەك لە فەرمودەیەك هاتووە، کە ئیبن عەباس گێڕاویەتەوە: (رفعت إمرأة صَبياً لها فَقالت: يا رسولَ الله أَلِهذا حجٌ؟ قال: نَعم ولكِ أجرٌ)[1]، واتە: ئافرەتێك منداڵێکی خۆی بەرز کردەوەو گوتی: ئەم منداڵە حەجی بۆ دەبیٌ ئەی پێغەمبەری خوا؟ پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: بەڵیٌ، تۆش خێرت دەگاتیٌ، کە حەجی پێدەکەی.

هەروەها ئەو منداڵەی حەجی پیٌ دەکریٌ، کاتیٌ گەورە دەبیٌو بلۆغی دەبیٌ، ئەوە حەجە واجبەکەی دەکەوێتە سەرو پێویستە دووبارەی کاتەوە.

هەروەك پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرمویٌ: (إذا حجّ الصبيّ فهي له حجةٌ حتى يعقل، وإذا عقل فعليه حجة أُخرى)[2]، واتە: هەرکاتیٌ منداڵ حەجی کرد بۆ خۆیەتی،

بەلاٌم کاتیٌ بلۆغی بوو با حەجێکی تر بکات.

**چوارەم: ئازاد بیٌ**

1- صحيح مسلم: ج/2 ص/974.

2- المستدرك على الصحيحين: ج1 ص655.

ناکرێ کەسێك خۆی ئازاد نەبێو کۆیلەو ژێر دەستەی کەسێکی تر بێ حەج بکات، لەبەر ئەوەی پێویستە ئەو کەسەی حەج دەکات ئازاد بێ، چونکە کۆیلە سەربەخۆ نیەو، بگرە توانای دارایی خۆشی لاوازە، جا ئەگەر گەورەکەی حەجێکی کرد، ئەوە وەک هەمان شێوەی مندالّ حەجەکەی دەچێتە خانەی سوننەتو هەرکات ئازاد کرا، پێویستە حەج بکاتەوە.

**پێنجەم: توانای هەبێ**

مەرجی پێنجەمی پێویست بوونی حەج بریتیە، لەهەبوونی توانای ماددیو جەستەیی، چونکە قورئانی پیرۆز فەرمانی فەرز کردنی حەج پەیوەست دەکات، بە بوونی تواناو کەرەستەی ئەنجامدانی ئەو فەرزە، هەروەك خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿**وَلِلّهِ عَلَى النَّاسِ حِجُّ الْبَيْتِ مَنِ اسْتَطَاعَ إِلَيْهِ سَبِيلاً**﴾[1]، واتە: خوای گەورە فەرمانێکی لەسەر خەڵك داناوە، کە حەجی ماڵی خوایە بۆ کەسێ، کە توانای ئەنجامدانی هەبێ.

جا بۆ ئەوەی وورد تر لە بابەتی توانا هەبوونی ماددیو جەستەیی بگەین، دابەشی دەکەین بەسەر دوو خاڵی سەرەکی، کە لە خاڵی یەکەمیان باس لەشێوە گشتیەکەی توانایی هەبوون دەکەینو ژنو پیاو دەگرێتەوە، خاڵی دووەمیش تایبەتە بە ئافرەتان[2].

## خاڵی یەکەم: شێوەکانی تواناداری

1- **توانای ماددی لەدابین کردنی خۆراكو ئالەتی سواری:** پێویستە ئەو کەسەی حەج دەکا، توانای دابینکردنی خواردەمەنی چوونو هاتنی هەبێو، خەرجی ئالەتی سواری تەیارە یان سەیارەی هەبێ، بە شێوەیەك بتوانێ لەماوەی سەفەر کردنیدا پەکی نەکەوێ.

---

1- آل عمران: 97.

2- الخلاصة في أحكام الحج والعمرة: 84.

هەروەها پێویستە ئەو پارەیەی، کە لەو دوو پێویستیە خەرجی دەکات، مولّکی خۆی بێ، نەك قەرزو هی خەڵك بێ، چونکە لەو حاڵەتە، کە مرۆڤ پارەو پێداویستی ژیانی نییە لەو سەفەرە، حەجی لەسەر واجب نییە[1]، [illegible] منداڵو دانەوەی قەرزەکان.

2- **توانای جەستەیی:** سەلامەتی جەستە لە نەخۆشیە زیاندارەکانو هەبوونی توانا بە شێوەیەك، خۆ ڕاگری هەبێ لە کاتی چوونو ئەنجامدانی کارەکانی حەجدا، چونکە ئەگەر کەسێك لە ڕووی جەستەییەوە، لە خۆی ڕانەدەبینی ئەو سەفەرە بکات، ئەوە حەجی لەسەر نییە، کەواتە بەو پێیە نەخۆشی بەردەوامو پەککەوتەو بێ توانا، کە ناتوانن بەو ئەرکە هەڵسن، ئەوە حەج کردن لەو حاڵەتەدا واجب نیە.

بەڵگەش لەسەر ئەوە: (عن إبن عباس (رضي الله عنهما): قالت إمرأة: يا رسولَ الله إنّ فَريضةَ اللهِ على عباده الحج أدركت أبي شيخاً لا يَثبتُ على الراحلة، أفأحجُّ عنه؟ قال: نعم)[2]، واتە: ئافرەتێك گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا باوکم حەجی لەسەر واجب بووەو، زۆریش پیرە، خۆی لەسەر ولاغ ڕاناگرێ، ئایا حەجی لەجیاتی بکەم؟ پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: بەڵێ، واتە حەج لەجیاتی باوکت بکە.

3- **ڕێگا ئەمین بێ:** مەرجی سێیەمی توانایی ئەوەیە، کە مرۆڤ لە خۆیو ماڵو نامووسی خۆی ئەمین بێ لە ڕێگای چوونە حەجدا، ئەگەر کەسێ دەیزانی ڕێگە ئەمین نیەو، لە ماڵو گیانی خۆی دڵنیا نەبوو ئەوە حەجی لەسەر واجب نییە[3].

## خاڵی دووەم: تایبەت بە ئافرەتان

1- مغنى المحتاج: ج/1 ص/623./ الفقه الإسلامي وأدلته: ج/3 ص/2082.

2- صحيح البخاري: ج/2 ص/657.

3- روناکی (رب العالمين) ڕوونکردنەوەی منهاج الطالبين ب2 ل308.

ئەو مەرجانەی، کە پێویستە سەرەڕای هەبوونی تواناو مەرجەکانی توانین، لە ئافرەتان بێتە دی بریتین لە سێ مەرجی سەرەکی:

1- مەحرەمێکی خۆی لەگەڵ بێ وەك: مێرد، باوك، برا. چونکە پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرمووێ: (لا تسافر المرأة ثلاثاً إلاّ مع ذي م[illegible])[1] [illegible] بڕوا مەگەر مەحرەمێکی خۆی لەگەڵدا نەبێ.

2- یان لەگەڵ کاروانێکی بڕوا پێکراو سەفەری حەج بکات، وەك ئەوەی کۆمەڵێ ئافرەت بن، یان کاروانێکی ئەمین بێت، هەروەك چۆن عائیشە (ڕەزای خوای لەسەر بێ ) لەگەڵ ئیمامی عوسمان حەجی کردووە، واتە بەو مەرجە لەگەڵ کاروانێك بڕوا، کە لە ناموسو گیانوماڵی خۆی دڵنیاو ئەمین بێ.

3- نابێ ئافرەت لە حاڵەتی عیددەی تەلاقو وەفات دابێ، چونکە ناتوانێ لەو حاڵەتەدا حەج بکاتو ئەو فەریزەیە ئەنجام بدات[2].

جا هەر کەس لەڕووی توانای جەستەیی و ماددیو ڕێگە ئەمین بوو، لەسەریەتی حەجی ماڵی خوا بکات، بەو مەرجەی هیچ بەربەستێکی تری نەبێ، چونکە لەو حاڵەتەدا مرۆڤ توشی جۆرێك لە تاوانو هەڕەشە دێت، ئەویش لەو فەرموودەیەوە دێت، کە پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرمووێ: (من مَلَكَ زَادًا وَرَاحِلَةً تُبَلِّغُهُ إلى بَيْتِ اللَّهِ ولم يَحُجَّ فلا عليه أَنْ يَمُوتَ يَهُودِيًّا أو نَصْرَانِيًّا وَذَلِكَ أَنَّ اللَّهَ يقول في كِتَابِهِ: وَلِلَّهِ عَلَى النَّاسِ حِجُّ الْبَيْتِ مَنِ اسْتَطَاعَ إِلَيْهِ سَبِيلاً)[3]، واتە: هەر کەسێك توانای ڕۆیشتنی ماڵی خوای هەبوو، بەبێ هۆ حەجی ماڵی خوای نەدەکرد، ئەوە خۆی سەر پشکە بە جولەکەیی

---

1- صحيح البخاري: ج/1 ص/369.

2- الفقه الإسلامي وأدلته: ج/3 ص2092.

3- سنن الترمذي: ج/3 ص/176.

دەمرێت با بمرێت، یان بە گاوری دەمرێ با بمرێت، ئەمەش لەوە وەرگیراوە، کە خوا دەفەرمووێ: لەسەر خەڵکی توانادار واجبە حەجکردنی ماڵی خوا.

ئەوەیشی، کە توانای جەستەیی نییە، دەتوانێ کەسێکی تر لەجیاتی خۆی بنێرێ بۆ حەج، بەو مەرجەی ئەو کەسە پێشتر حەجی کردبێ‌و، جێگەی متمانەش بێ.

www.zanayan.org

www.zanayan.org

# باسی دووەم

# کاتو شوێنەکانی ئیحرام بەستنی حەج

## یەکەم: زەمەنی دیاریکراو بۆ حەج:

بێگومان خوای گەورە کاتێ حەجی فەرز کردووە، لەسەر بەندەکانی خۆی، ماوەو کاتێکی تایبەتیشی دیاری کردووە، بۆ ئەنجامدانی ئەو فەریزەیە، کە بریتیە لەو مانگانەی کارەکانی حەجیان تێدا ئەنجام دەدرێت، هەروەك لە قورئانی پیرۆز ئاماژە بەو کاتانە دەکاتو دەفەرموێ: ﴿**يَسْأَلُونَكَ عَنِ الأهِلَّةِ قُلْ هِيَ مَوَاقِيتُ لِلنَّاسِ وَالْحَجِّ**﴾[1]، یان دەفەرموێ: ﴿**الْحَجُّ أَشْهُرٌ مَّعْلُومَاتٌ**﴾[2]، بەو پێیە حەج لە چەند مانگێکی دیاریکراودا ئەنجام دەدرێ، بە پێچەوانەی عومرەوە، کە لە تەواوی ساڵدا ئەنجام دەدرێتو دادەمەزرێ.

دیاریشە مانگەکانی حەج بریتین لە: ( شوال- ذوالقعدة- ذوالحجة)، جا هەرکەس بیەوێ حەج بکات، پێویستە لەو ماوەدا بە کارەکانی حەجکردن هەڵسێو، لەو ماوەشدا ئیحرام ببەستێ، چونکە کەسێ لە غەیری ئەو ماوە دیاریکراوەدا ئیحرام ببەستێ، ئەوە بۆ حەج ناشێو ئیحرامەکەی بە عومرە دائەمەزرێ.

کەواتە ماوەی زەمەنی ئەدا کردنی حەج تەنها لەو کاتەیە، کە دیاری کراوە، بەهیچ جۆرێ دروست نیە لە دەرەوەی ئەو زەمەنە ئیحرام بە حەج ببەسترێ.

1- البقرة: 189.
2- البقرة: 197.

## دووەم: شوێنەکانی ئیحڕام بەستن

بە هەمان شێوەی میقاتی زەمانی، میقاتی مەکانیش دیاریکراوە، بۆ ئەوەی ئەو کەسەی حەج یان عومرە دەکات، لەو شوێنە ئیحڕام ببەستێو دەست بە کارو ئەرکەکانی خۆی بکات.

میقاتی مەکانی واتە دیاری کردنی شوێنی تایبەتی بۆ بەستنی ئیحڕام، چونکە دروست نییە کەسێك بچێتە ناو حەرەمی مەکەی پیرۆزەوە بەبێ ئیحڕام، دەکرێ بەر لەگەیشتنی بۆ شوێنی ئیحڕام بەستن ئیحڕام ببەستێ، بەلاّم بەپێچەوانەوە ناکرێ لەو شوێنە دەرچێو ئیحڕام نەبەستێ[1].

بۆیەش چەند شوێنێکی جیاجیاو تایبەت دیاری کراوە، بۆ ئەوانەی ڕوو دەکەنە حەرەم، بە مەبەستی ئەنجامدانی حەج یان عومرە، بۆ ئەوەی لەوێوە ئیحڕام ببەستن ئینجا داخلی ناو حەرەم بن:




1- الفقه الإسلامي وأدلته: ج3/ ص/2125.

## یەکەم: مەککە

ئەوانەی نیشتەجێی شاری مەککەنو دەکەونە ناو میقاتەکانەوە، یان بە مانایەکی تر ئەوانەی لەناو حەرەمی مەککەی پیرۆزن، ئەوە شوێنی ئیحرام بەستنی ئەوان خودی شاری مەککەیەو، پێویست بە دەرچوون بۆ هیچ میقاتێك ناکات.

## دووەم: زولحولەیفە

ئەوەش میقاتو شوێنی ئیحرام بەستنی ئەوانەیە، کە لە مەدینەوە بەرەو مەککە دەڕۆن، جا چ خەڵکی مەدینە بێت یان خەڵکی هەر شوێنێکی تر، کە لەو ڕێگەیەوە داخلی حەرەم دەبێت، ئێستاش زیاتر ئەو میقاتە بە (ئەبیار عەلی) ناسراوەو، دوور ترین میقاتی دەرەوەی حەرەمیشە، کە نێوانیان (460) کیلۆ مەترە.

## سێیەم: جوحفە

شوێنی ئیحرام بەستنی هەموو ئەو خەڵکانەیە، کە لە شامو میسرو مەغریبەوە دێن، یاخود خەڵکی هەموو ئەو وڵاتە دوورانەی لەو ڕێیەوە داخلی ناو مەککە دەبن، ئەو میقاتەش (187) کیلۆمەتر لە حەرەمەوە دوورە.

## چوارەم: یەلەملەم

شوێنی ئیحرام بەستنی خەڵکی یەمەنو هندو، هەموو ئەوانەیە لەو دەروازەیەوە داخل دەبن، کە بەرزاییەکەی باکوری مەککەیەو، دوو قۆناغ لە حەرەمی پیرۆزەوە دوورە.

## پێنجەم: قەرنولمەنازیل

شوێنی ئیحرام بەستنی خەڵکی کوەیتو ئیماراتو تائیفو نەجدە، کە ئێستا بە (سیل الکبیر) ناودەبرێو، نزیکترین میقاتە لە حەرەمەوە، کە دووریەکەی تەنها(94) کیلۆ مەترە.

## شەشەم: زاتوعیرق (ذات عِرق)

ئەمەش شوێنی ئیحرام بەستنی خەڵکی ڕۆژهەڵاتو ئێرانو عیراقیانە[1]، کە شوێنێکە (194) کیلۆمەتر لە مەککەوە دوورەو، کەوتۆتە ڕۆژهەڵاتی شاری مەککەی پیرۆزەوە.



| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ذو الحليفة ( آبار علي ) | ٤٣٧ | جدة | ٧٣ | الحديبية | ١٥ |
| الجحفة ( رابغ ) | ٢٠٤ | الطائف | ٨٨ | ثنية جبل المقطع | ١٤ |
| قرن المنازل | ٩٤ | الجعرانة | ١٦ | أضاة لبن | ١٢ |
| يلملم | ٩٤ | التنعيم | ٦ | من جهة عرفات | ٢٤ |
| ذات عرق | ٩٨ | أبعاد المسافات عن مكة المكرمة بالكيلومترات | | | |



نەخشەی مەواقیتەکان

1- الخلاصة: ص/100- روناكى رب العالمين 317/2.

بەڵگەش لەسەر دیارکردنی ئەو شوێنانە بۆ ئەو مەبەستە، یان بۆ ئیحرام بەستنی هەموو ئەو خەڵکانەی لەو دەروازانەوە داخلی حەرەمی پیرۆز دەبن، ئەو فەرموودانەی پێغەمبەرە(ﷺ)، کە دەفەرمووێ:

أ- عن إبن عباس(رضى الله عنهما): وقّت النبـي(ﷺ)، لأهـل المشرق العقيـق)[1]، واتە: پێغەمبەر(ﷺ) بۆ ئیحرام بەستنی ڕۆژهەڵاتیەکان (العقیق)ی داناوە، کە (ذات عرق) لەخۆ دەگرێ.

ب- عن إبن عباس (رضى الله عنهما) أنَّ النبـي(ﷺ)، وَقَّتَ لِأَهْلِ الْمَدِينَـةِ ذَا الْحُلَيْفَـةِ وَلِأَهْلِ نَجْدٍ قَرْنَ الْمَنَازِلِ وَلِأَهْلِ الْيَمَنِ يَلَمْلَمَ هُنَّ لَهُنَّ وَلِكُلِّ آتٍ أتى عَلَيْهِنَّ من غَيْـرِهِمْ مِمَّنْ أَرَادَ الْحَجَّ وَالْعُمْرَةَ فَمَنْ كـان دُونَ ذلـك فَمِـنْ حَيْـثُ أَنْـشَأَ حتـى أَهْـلُ مَكَّـةَ مـن مَكَّةَ)[2]، واتە: پێغەمبەر(ﷺ) ئەو شوێنانەی ڕابردووی دیاری کردوونو فەرمووی: ئەمانە شوێنی ئیحرام بەستنن، بۆ دانیشتوانی ئەو وڵاتانەو، هەم بۆ ئەو کەسانەی، کە بەو ڕێگایانەدا دێنو، دەیانەوێ حەج یان عومرە بکەن، هەر کەسێکیش دانیشتووی شوێنێکی نێوان (میقات)و (مکە) بێ، هەر لە شوێنەکەی خۆی ئیحرام دەبەستێ، تا دانیشتوانی (مکە) هەر لە مەککەوە ئیحرام دەبەستن.

هەر کەسێکیش لەو شوێنانەوە داخلی حەرەم ببێو، ئیحرام نەبەستێ خوێنی دەکەوێتە سەر، هەر بۆ زانیاریش ئەو میقاتانە هەمان میقاتن، بۆ ئەوانەی بە نیەتی عومرە کردن لەو دەروازانەوە داخل مەککەی پیرۆز دەبن.

1- سنن البيهقي الكبرى: ج/5 ص/28.
2- صحيح البخاري: ج/2 ص/655.

# باسی سێیەم

# چۆنیەتی ئیحڕام بەستن

## بڕگەی یەکەم: جۆرەکانی ئیحڕام بەستن

دوای ئەوەی شوێنی ئیحڕام بەستنی هەموو ئەو خەڵکانەمان زانی، کە لەو دەروازە دیاریکراوانەدا ڕوو دەکەنە شاری مەککەی پیرۆز بە نیەتی حەجو عومرە، پێویستە باس لە چۆنیەتی ئەو نیەتەی ئیحڕام بەستنە بکەین، کە لەو میقاتانەوە دەهێنرێت.




لەبەر ئەوەی سێ شێوەی دەسپێكو چوونە ناو کارەکانی حەجکردن هەیە، کە دەبێ حاجیان بزانن بە کام لەو سێ شێوازە نیەتی ئیحڕام بەستن دەهێنن، چونکە هەریەکە لەوانە ڕێساو یاسای تایبەتی خۆی هەیە، کە بریتین: لە (**القران، الإفراد، التمتع**) جا بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی جوانترو وردتر لەو سێ حاڵەتەی

نیەت هێنانی ئیحرام بەستن بگەین، هەر یەکەو شیکردنەوەیەکی سەربەخۆی دەدەینێ، واش باشترە بۆ نیەت هێنان یەکێ لەو سێ شێوە دیاری بکرێ:

## یەکەم: ئەلقیران (القران)

واتە نیەتی پێکەوە ئەنجامدانی حەجو عومرە دێنێتو، پاشان دەچێتە حەرەمی مەککەو لەسەر ئیحرامەکەی بەردەوام دەبێ، تا لە کارەکانی حەج دەبێتەوە، بۆ هەردووکیشیان تەنها یەك جار واجبەکان دەکات، بەلاّم لەبەر ئەوەی نیەتەکەی کۆ کردۆتەوە، لە نێوان حەجو عومرەداو، یەکجاریش کارەکان ئەنجام دەدات، فیدیەی دەکەوێتە سەرو دەبێ لە حەرەمدا ئاژەڵێك سەر ببڕێ.

بەڵگەش لەسەر دروستی ئەو شێوازە نیەت هێنانەی ئیحرام بەستن، ئەو فەرمودەیەی پێغەمبەر(ﷺ)، کە دەفەرموێ: (من جَمَعَ بين الْحَجِّ وَالْعُمْرَةِ كَفَاهُ طَوَافٌ وَاحِدٌ ولم يَحِلَّ حتى يَحِلَّ مِنْهُمَا جميعا)[1]، واتە: هەر کەسێك حەجو عومرە پێکەوە کۆ بکاتەوەو بەو شێوە نیەت ببەستێ، ئەوە لەسەریەتی، کە یەك تەواف بۆ هەردووکیان بکات، ئیحرامەکەشی ناکاتەوە تا حەجەکەشی بە تەواوی ئەنجام دەدات، پاشان ئیحرامی هەردووکیان پێکەوە دەکاتەوە.

زۆربەی زانایانیش لەسەر ئەوەن، کە یەکجار کارەکان بۆ هەردووکیان دەکرێنو، کردارەکانی عومرە لەناو کردارەکانی حەجدا تێك هەڵکێش دەکرێن[2].

## دووەم: ئەلئیفراد (الإفراد)

واتە ئیحرام بەستن بۆ حەج بە تەنهاو، بۆ عومرەش بە تەنها، لەو حاڵەتەدا پێویستە کردارەکانی حەج تەواو بکەیت، ئینجا بچیتە میقاتی دەرەوەی حەرەمو، جارێکی تر

---

1- صحيح مسلم: ج2 ص904.
2- الخلاصة: ص121.

بەنیەتی عومرە ئیحرام ببەستیو کارەکانی عومرەش بەشێوەیەکی سەربەخۆ ئەنجام بدەیت.

بەڵگەش لەسەر جۆرو چۆنیەتی ئەو ئیفرادە، ئەو فەرمودەیەیە، کە عائیشە دەگێڕێتەوە: (خَرَجْنَا مع رسول اللَّهِ(ﷺ) عَامَ حَجَّةِ الْوَدَاعِ فَمِنَّا من أَهَلَّ بِعُمْرَةٍ وَمِنَّا من أَهَلَّ بِحَجَّةٍ وَعُمْرَةٍ وَمِنَّا من أَهَلَّ بِالْحَجِّ وَأَهَلَّ رسول اللَّهِ(ﷺ) بِالْحَجِّ فَأَمَّا من أَهَلَّ بِالْحَجِّ أو جَمَعَ الْحَجَّ وَالْعُمْرَةَ لم يَحِلُّوا حتى كان يَوْمُ النَّحْرِ) واتە: لەگەڵ پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەرچووین لەساڵی حەجی ماڵئاوایی، جا هەمان بوو ئیحرامی بە عومرە بەست، هەشبوو ئیحرامی بە حەجو عومرە بەست، هەندێکیشیان ئیحرامیان بەحەج بەست، پێغەمبەر(ﷺ) ئیحرامی بە حەج بەست، جا ئەوانەی ئیحرامیان بە حەج یان بە حەجو عومرە بەست خۆیان نەکردەوە تا ڕۆژی سەربڕین.

## سێیەم: تەمەتوع (التمتع)

واتە سوود لێ بینینو خۆشی لێ وەرگرتنی ئەو شێوە ئیحرام بەستنە، کە لە شوێنی دیاریکراو نیەتی ئیحرام بە تەمەتوع دێنێ، بە نیەتی عومرە، پاش تەواو کردنی کارەکانی عومرە ئیحرام دادەنێ تا ڕۆژی دەست پێکردنی کارەکانی حەج، لەبەر ئەوەشە ناوی نراوە (التمتع)، چونکە حاجی لە نێوان عومرەو حەجدا، ئیحرام دادەنێو لە شتە قەدەغە کراوەکانی کاتی ئیحرامیش سەربەستەو، ئیسراحەتی خۆی وەردەگرێت.

ئەمەش زۆر ئاسانترە بۆ حاجیان، چونکە جاری وا هەیە، بیست ڕۆژی ماوە بۆ حەج، تۆ لە مەککەیت ئەگەر نیەتی ئیحرام بەستنی تەمەتوع نەبێ، دەبێ ئەو ماوە هەر لە ژێر ئیحرامدا بیت، بەڵام کاتێ تۆ نیەتی ئیحرام بەستنەکەت لە میقات بە تەمەتوع هێناو داخلی مەککە بوویتو، تەوافو هاتوچۆی نێوان سەفاو مەرواو موو کورت کردنەوەت کرد، یەکسەر ئیحرام دەشکێنی تا ڕۆژی (28ی ذوالحجة)، کە (یوم التروية)ی پێ دەڵێن.

بەڵام بەحوکمی ئەوەی لە نێوان حەج‌و عومرەدا ئیحرامت داناوەو پشوێکی خۆشت وەرگرتووەو، بە تەمەتوع ئیحرامت بەستووە، ئەوە فیدیەت لەسەر پێویست دەبێ، بە سەر بڕینی ئاژەڵێك لە حەرەمی مەککەو ڕۆژانی سەر بڕین.

بە بەڵگەی ئەو ئایەتەی خوای گەورە دەفەرمویێ: (فَمَن تَمَتَّعَ بِالْعُمْرَةِ إِلَى الْحَجِّ فَمَا اسْتَيْسَرَ مِنَ الْهَدْيِ)(1)، واتە: هەر کەسێك لەززەت‌و خۆشی دیت بە تەواو بوونی عومرە تا ئیحرام بەستنی حەج، واجبە ئەو خوێنە بدا، کە بۆی ئاسانە.

## بڕگەی دووەم: چۆنیەتی نیەتی ئیحرام بەستن

لەبەر ئەوەی هیچ کردەوەیەك بێ نیەت ئەنجام نادرێت‌و دانامەزرێت، پێویستی بەوە هەیە مرۆڤ نیەتی لێ بێنێت، چونکە پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرمووێ: (إنما اللأعمال بالنيات، وإنما لكل امرىءٍ ما نوى)(2)، واتە: هەر کردەیەکی خواپەرستی بێ، بێ نیەت هێنان دانامەزرێ‌و، هەر مرۆڤێکیش تەنها خێری ئەو کردەوەیەی بۆ دەنووسرێ، کە نیەتی بۆ هێناوە.

فەرزیەی حەجیش یەکێکە لەو خواپەرستیانەی، کە پێویستی بە نیەتێکی پاك‌و چاك‌و پڕ ئیخلاسەوە هەیە، بۆ ئەوەی لەسەر ڕێکی نیەت، خوای گەورە پاداشتی ئەنجامدانی کارەکانی حەج‌و عومرە بداتەوە(3).

زۆریش پێویستە ئەو کەسەی نیەت دەهێنێ بۆ حەج زۆر بە حەزەرەوە گرنگی‌و بایەخ بەو نیەتەی بدات‌و، بە دەرونێکی پاك‌و، تایبەت بۆ خوا نیەتی خۆی بە دڵ‌و زمان بهێنێ.

---

1- البقرە: 196.

2- صحيح البخاري: ج/1 ص/3.

3- شەریعەتی ئیسلام ج/1 ص230.

جا ئەگەر ئیحرام بەستنەکەت بە حەجو عومرە بوو، بەو شێوە دەڵێی: (نويتُ الحجَّ والعمرة وأحرمتُ بهما لله تعالى)، واتە: نیەتمە حەجو عومرە وێکڕا بکەمو ئیحرامم بەست بە حەجو عومرە بۆ خوای گەورە (لبّيك اللّهم لبّيك...).

ئەگەر ئیحرام بەستنەکەت بە عومرە بووە ئەوە دەڵێی: (نويتُ العمرة وأحرمتُ بها لله تعالى)، واتە: نیەتمە عومرە بکەمو ئیحرامم بەست بە عومرە بۆ خوای گەورە (لبّيك اللّهم لبّيك...).

ئەگەر لە جیاتی کەسێکی تر حەج یان عومرە بکەیت، پێویستە لە کاتی ئیحرام بەستن نیەت لەجیاتی ئەو کەسە بهێنی وەك: (نويتُ الحجَّ والعمرة عن فلان وأحرمتُ بهما عنه لله تعالى)، یان (نويتُ العمرة عن فلان وأحرمتُ بها عنه لله تعالى)، واتە: نیەتمە حەجو عومرە لەجیاتی فلان کەس دەکەمو ئیحرامم لەجیاتی ئەو بەست بە حەجو عومرە بۆ خوای گەورە.

بێگومان بەم شێوەو، بە هەر جۆرە تەعبیرێکی تر، دەتوانی نیەت بهێنیو، دەست بە کارەکانی تر بکەیت، وەك لەمەودوا ڕوونی دەکەینەوە.

# بەشی چوارەم

# ڕوکنو ئەرکەکانی حەج

## دەسپێکی باس:

لەو بەشەدا باس لە گرنگترین ئەرك‌و کارەکانی حەج دەکەین، بۆ ئەوەی بەرچاویشمان روون بێت، پۆلێنی مەهامەکانی حەج لەچوارچێوەو، چۆنیەتی ئەدا کردن‌و، بەجێ گەیاندنی پایەو ئەرکەکان دەکەین.

هەرچەندە جیاوازی لەنێوان مەزهەبە فقهیەکاندا هەیە، لەدیار کردنی ڕوکن‌و واجبەکان‌و، هەندێ ووردەکاری تری پەیوەست بەو بابەتەوە، بەلاّم لەبەر ئەوەی ئەم باسە لەژێر کاریگەری بۆچوونی یاسا فقهیەکانی مەزهەبی شافیعی دایەو، زۆرینەی حاجیانیش لەو دەروازەیەوە هۆشیاری کارەکانی حەج وەردەگرن، تەنها لەو ڕووەوە تیشك دەخەینە سەر پایەو( رکن) ئەرك (واجب)کان.

ڕوکنەکانی حەج پێنج ڕوکنن، کە بریتین لە:

یەکەم: ئیحرام بەستن.

دووەم: وەستان لە عەرەفە.

سێیەم: تەواف کردن.

چوارەم: هاتوچۆی نێوان سەفاو مەروە.

پێنجەم: تاشین یان کورت کردنەوەی مووی سەر.

هەروەها واجبەکانی حەجیش بریتین لە:

یەکەم: پۆشینی ئیحرام لە میقات.

دووەم: مانەوە لە عەرەفە تا خۆر ئاوا بوون.

سێیەم: شەو مانەوە لە موزدەلیفە.

چوارەم: شەو مانەوە لە مینا.

پێنجەم: رەجم کردنی شەیتانەکان.

شەشەم: تەوافی خوا حافیزی.

جا هەر کەسێك ڕوکنێك لە روکنەکانی حەج ئەنجام نەدات، حەجەکەی دروست نابێ تا ڕوکنە نەکراوەکە ئەنجام نەداتەوە.

هەرکەسێکیش واجبێك نەکا حەجەکەی دروست دەبێ، بەلاّم خوێنی لە بری تەرگ کردنی ئەو واجبە دەکەوێتە سەر.

هەر کەسێکیش سوننەتێکی حەج تەرك بکات، هیچی لەسەر نیە، تەنها ئەوە نەبێ، کە لە خێری سوننەتەکە بێ بەش دەبێ.

لەبەر ئەوەش لە دوو باسی جیادا، کە باسی یەکەم تایبەتە بە روکنەکانی حەجو، باسی دووەمیش لەسەر ئەركو واجبەکانی حەجە، درێژەی ڕوکنو واجبەکانی حەجکردن دەخەینە ڕوو:



# باسی یەکەم

# پایەکانی حەج (أركان الحج)

## یەکەم: ئیحرام بەستن

### أ– پێناسەی ئیحرام

ئیحرام بەستن: واتە نیەت هێنانی دەسپێکردنی کارەکانی حەجو عومرە، لە کاتو شوێنی خۆی، چونکە ئەو ئیحرامو نیەت هێنانە، هەمان چەشنی تەکبیرەی ئیحرامی نوێژە، لەبەر ئەوەش سەرەتای هەموو کردارو خوا پەرستیەك بە نیەت دەست پێدەکاتو دائەمەزرێ، هەروەك پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێ: (إنما اللأعمال بالنيات)[1]، واتە: هەر خواپەرستیەك، کە بکرێ بەنیەتەوە نەبێ دانامەزرێ.

زەمەنی ئەو نیەتەش لەو کاتەوە دەست پێ دەکا، کە مرۆڤ بە دڵو زمان نیەت دێنێ، نەك تەنها بە پۆشینی ئیحرام، چونکە ئیحرام ڕەمزی ڕێز لێنانو، بە گەورە دانانی حەرەمی مەککەی پیرۆزەو، ناشبێ بشکێندرێ هەتا ئەوەی نیەتی بۆ هێناوە جێبەجێ دەکرێت.

### ب– ئادابو سوننەتەکانی ئیحرام

لەشوێنی بەستنی ئیحرامو میقاتەوە، پێویستە ئاگاداری چەند سوننەتو ئادابێك بیتو، ئەنجامیان بدەیت لەوانە:

1- صحيح البخاري: ج/1 ص/3.

1- خۆ شۆردن بە نیەتی غوسلی ئیحرام هەر وەك لە فەرموودە هاتووە: (عن زيد بن ثابت(رضي الله عنه): رأيت النبي(ﷺ) تجرَّدَ لإهله وغتسل)[1]، واتە: پێغەمبەرم بینی بۆ ئیحرام بەستن خۆی ڕووت کردەوەو غوسلی کرد.

2- خۆ پاککردنەوە لە چڵکیو نینۆك کردنو، موو کردنی ئەو شوێنانەی پێویست بە خاوێن ڕاگرتنیان دەکات، لەگەڵ بەرسمێڵ کردنو شانە کردنی سەر.

3- بۆن لە خۆدان پێش ئیحرام بەستن، هەرچەندە ئەو بۆنە بشمێنێ زیانی نییە، هەروەك عائیشە(ڕەزای خوای لەسەر بێ) دەفەرموێ: (كأني أنظر إلى وَبيض المسك في مفرق رسول الله وهو محرم)[2]، واتە: لەبەرچاومە، کە تەماشای بریقەی میسکم دەکرد لە ناوەندی سەری پێغەمبەر(ﷺ) لەو حاڵەتەی لە ئیحرامدا بوو.

4- پۆشینی دوو بەرگی سپی ئیحرام، یەکەمیان بۆ خوارەوەو، ئەویتریان بۆ سەر شانەکانی، وەك لەو فەرموودەی ئیبن عەباسەوە هاتووە: (انْطَلَقَ النبي(ﷺ) من الْمَدِينَةِ بَعْدَ ما تَرَجَّلَ وَادَّهَنَ وَلَبِسَ إِزَارَهُ وَرِدَاءَهُ هو وَأَصْحَابُهُ)[3]، واتە: پێغەمبەری خوا لە مەدینە دەرچوو، پاش ئەوەی سەری شانە کردو، ڕۆنی لێداو ئیزاری لەبەر کردو دەستماڵێکی بەسەر شانی دادا، خۆیو هاوەڵەکانی.

5- ڕوو کردنە قیبلە لەکاتی ئیحرام بەستندا، هەروەها واش سوننەتە ئەو پۆشینە لە دوای نوێژێکەوە بێت، جا ئەو نوێژە چ واجب بێ، یان سوننەت جیاوازی نیە.

6- تەلبیە کردن، کە زکرێکی گەورەو بەخێرەو، پێویستە چەندە دەتوانی دووبارەی بکەیتەوە (لبيك اللهم لبيك، لبيك لا شريك لك لبيك، إنّ الحمد والنعمة لك والملك لا شريك لك).

1- سنن البيهقي الكبرى: ج/5 ص/32.
2- المسند المستخرج على صحيح مسلم: ج/3 ص/276.
3- صحيح البخاري: ج/2 ص/560.

چونکە پێغەمبەر(ﷺ) فەرمویەتی: (مامن محرمٍ يضحي يومه يلبي حتى تغيب الشمس، إلاّ غابت ذنوبه فعاد كما ولدته أمه)[1]، واتە: هەر کەسێك، کە ئیحرامی بەستووە، ئەو ڕۆژە تا ئێوارە تەلبیە بکات، گوناهی لەسەر نامێنێ‌و، وەك ئەو ڕۆژەی لێ دێتەوە، کە تازە لەدایك بووە.

7- دوعاو پاڕانەوەو زکر کردن لەو حاڵەتەدا، چونکە پێغەمبەر(ﷺ) کاتێ لە تەلبیە ڕادەوەستا، نزای دەکردو، ڕەحمەتی خوای دەخواست[2].




1- كنز العمال: ج/5 ص/6.
2- الحج المبرور: ص/48.

## ج- واجبەکانی ئیحڕام

هەرچەندە لەسەر ئەرکەکانی ئیحڕام بەستن، ڕا جیایی زۆر هەیە لەنێوان زانایاندا، بەلاَم ئەوەی، کە زۆرینە لەسەری کۆکن لێرەدا دەیخەینە ڕوو:

1- دانانی جلوبەرگی درواو: واتە پێویستە پیاو هەموو جلەکانی خۆی داکەنێ، ئینجا ئیحڕام بپۆشی، لەبەر ئەوەی دروست نیە شتی درواو لەکاتی ئیحڕام بەکار بهێنێ وەك: جلوبەرگ، جەمەدانی، دەستەوانە، گۆری، پێلاَو..... هتد.

بەلاَم ئافرەتان هەر بە بەرگی خۆیان ئیحڕام دەبەستنو، جلی درواو ئاساییە بۆ ئەوان.

2- داپۆشینی عەورەت: ئەمەش بۆ پیاوان لانی کەم نێوان ناوكو ئەژنۆ دەبێ دیار نەبێ، ئافرەتیش دەمو چاوو دەستیان بەدەرەوە بێو باقی تر عەورەتە.

3- خودی ئیحڕام بەستنەکە لەمیقاتەوە دەبێت، یان بەر لە گەیشتنی بۆ میقات.

4- واجبە لەکاتی ئیحڕامدا خۆت بپارێزی لەشتە قەدەغە کراوەکان.

## د- قەدەغە کراوەکانی ئیحڕام

پێویستە لەسەر ئەو کەسەی، کە ئیحڕامی پۆشیوە، خۆی لەو قەدەغە کراوانە بپارێزێو، بە هۆشیاریەوە ئیحڕامی خۆی ڕابگرێت:

1- **جیماع کردن:** واتە نزیکبوونەوەی ئافرەت لەو حاڵەتەدا بە هەموو شێوەیەك قەدەغەیە، بگرە هەر لە ماچو دەستبازیو شتی تر..هتد.

چونکە خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿**الْحَجُّ أَشْهُرٌ مَّعْلُومَاتٌ فَمَن فَرَضَ فِيهِنَّ الْحَجَّ فَلاَ رَفَثَ وَلاَ فُسُوقَ وَلاَ جِدَالَ فِي الْحَجِّ**﴾[1]، دیاریشە وشەی (رَفَث) واتە جیماعو دەواعیەکانی دەگرێتەوە، لەبەر ئەوە پێویستە خوشكو برای حاجی زۆر لەو حاڵەتە هۆشیار بن لەکاتی ئیحڕامدا.

1- البقرة: 197.

2- **داپۆشینی سەر:** ئەمە سەبارەت بەپیاوانە، نابێ لەکاتی ئیحرام سەری خۆیان دابپۆشن، بە شتێ لە شتەکانی وەك: کلاّوو، مێزەر، شەپقە، پەڕۆی تەنك زۆر بێ یان کەم، درواو بێ یان نا، بەلاّم سەیوانە بۆ خۆ پارێزی لەگەرماو سەرما هیچی تێدا نییەو ئاساییە.

لەو بارەشەوە هاتووە، کە پێغەمبەر(ﷺ) لەبارەی ئەو کەسەی ئیحرامی بەستبوو لە حوشترەکەی کەوتە خوارەوەو مرد، فەرمووی: (لا تُخَمِّرُوا رَأْسَهُ فإنه يُبْعَثُ يوم الْقِيَامَةِ مُلَبِّيًا)[1]، واتە سەری دامەپۆشن چونکە خوای گەورە لە ڕۆژی دوایی، کە زیندووی دەکاتەوە، ئەو تەلبیە دەکات.

3- **خۆ بۆنخۆش کردن:** دروست نییە بۆنی خۆش بەکار بهێنیو لەخۆتی بدەیت، تەنانەت گشت جۆرە گولاّوێك قەدەغەیە، بەلاّم بەکارهێنانی ڕۆن لەلاشە دروستەو، تەنها بۆ سەرو ڕیش دروست نییە[2].

بەڵگەش لەسەر ڕەوا نەبوونی بۆن لەکاتی ئیحرامدا ئەوەیە، کە پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرمووێ: (ولا تَلْبَسْ ثَوْبًا بِوَرْسٍ ولا زَعْفَرَانٍ)[3]، واتە: هیچ جۆرە جلێك بەکار مەهێنن، کە زەعفەرانو بۆنی لێ درا بێت.

4- **موو کردن:** چ لەڕێی دەرهێنان یان تاشین یان کورت کردنەوە بێت، یاخود لە هەر شوێنێکی لاشە بێت دروست نیە.

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿**وَلاَ تَحْلِقُواْ رُؤُوسَكُمْ حَتَّى يَبْلُغَ الْهَدْيُ مَحِلَّهُ**﴾[4]، واتە: لەحاڵەتی ئیحرامدا سەریشتان مەتاشن، تا قوربانیەکانتان دەگاتە شوێنی خۆی.

---

1- صحيح البخاري: ج/1 ص/425.
2- الفقه الإسلامي وأدلته: ج/3 ص/2296.
3- صحيح البخاري ج/1 ص/467.
4- البقرة: 196.

5- **نینۆك كردن:** ئەمەشیان هەر دروست نیە، چونكە زانایان قیاسیان كردۆتە سەر موو كردن، بە بەڵگەی ئەو ئایەتەی سەرەوە.

6- **ڕاو كردن:** واتە ڕاو كردنو كوشتنی باڵندەو نێچیرو ئاژەڵەكانی حەرەم قەدەغەیە، نابێ دەست درێژی ڕاو كردن هەبێ، خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿**وَحُرِّمَ عَلَيْكُمْ صَيْدُ الْبَرِّ مَا دُمْتُمْ حُرُمًا**﴾[1]، واتە: تا لەژێر ئیحرامدا بن، نێچیری كێویتان لێ حەرام كراوە، ئەو ڕاوكردنەش كوشتنو گرتنو ئازاردانو ڕەواندنەوەی دەگرێتەوە.

7- **مارە بڕین:** واتە چ بۆ خۆت یان بۆ كەسێكی تر، مارە بڕین دروست نیە، جیاوازی نیە ئافرەتەكە یان پیاوەكە یان وەلی، لەژێر ئیحرامدا بێت.

پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرمووێ: (لا يَـنْكِحُ الْمُحْرِمُ وَلا يُـنْكِحْ وَلا يَخْطُب)[2]، واتە: نابێ پیاوی بە ئیحرام بۆ خۆی مارە ببڕێو، نابێ لە خەڵكی تریش مارە ببڕێو، نابێ ژنیش داخواز بكات.

8- **دار بڕین:** لەناو حەرەمی مەككەداو لەكاتی ئیحرامیشدا، بڕینو هەڵكەندنو شكاندنی دار دروست نییە، هەروەك پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرمووێ: (لا يُخبَط شوكها ولا يُعْضَد شَجَرُها)[3]، واتە: نابێ دڕكو گیای بەسەریەكدا بشكێندرێو داری ببڕدرێ.

9- **بەكار هێنانی جلی درواو:** نابێ ئەو كەسەی لە ژێر ئیحرام دایە، بەهیچ شێوەیەك جلی درواو بەكار بهێنێ، چ بۆ خۆ داپۆشین، یان بۆ بەرگری لە سەرماو گەرما بێ.

---

1- المائدة: 96.

2- صحيح ابن حبان: ج/5 ص/484.

3- صحيح البخاري: ج/1 ص/53.

چونکە پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرمووێ: (لاَ يَلْبَسُ (اى المحرم) الْقَمِيصَ ولا الْعِمَامَةَ ولا السَّرَاوِيلَ ولا الْبُرْنُسَ ولا ثَوْبًا ولا الْخُفَّيْنِ)[1]، واتە: نابێ پیاوی بە ئیحرام نە کراسو نە مێزەرو نە بێجامەو نە شەدەو نەگۆری لەبەر بکا.

لەگەڵ ئەوەشا زۆربەی زانایان قۆپچەو قرتێنەو دەمبووسو دەرزیو لەزگە بە باش نازانن بۆ ئیحرام بەستن، چونکە جێی درومان دەگرنەوە[2].

10- **دەمە قاڵە:** وەك موجادەلەو شەڕە جنێوو قسەی ناشیرینو غەیبەتو قسەی ناشەرعیو، هەر جۆرە گوفتارێکی ناڕێك، وەك خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿**وَلاَ فُسُوقَ وَلاَ جِدَالَ فِي الْحَجِّ**﴾[3]، واتە: کردارو ڕەفتاری خراپو بەربەرەکانێو دەمە قاڵە لە حەجدا نیە.

11- **سەبارەت بە ئافرەتەوە گشت ئەو خاڵانەی باسکران قەدەغەن**، تەنها خاڵی دووەمو نۆیەم نەبێ، کە ئافرەتان ناگرێتەوە، واتە سەر داپۆشینو بەکارهێنانی جلو بەرگی درواو بۆ ئافرەتان دروستەو ئاساییە.




1- صحيح البخاري: ج/1 ص/62.
2- چۆنیەتی حەجو عومرە: ل/184.
3- البقرة: 197.

**ح- قەدەغە کراوەکانی هەردوو حەرەم:**

ئەو شتانەی لە حەرەمی مەککەی پیرۆزو حەرەمی مەدینە، لە کاتی ئیحرامو دوای ئیحرامدا حەرامنو، دروست نییە دەستکاری بکرێن، بریتین لەوانەی خوارەوە:

1- راوکردنی ئاژەڵی بەرِیو باڵندەو گرتنو کوشتنیان لە هەردوو حەرەمدا دروست نییە.

2- بڕینو شکاندنو هەڵکەندنی دارو گژوگیای هەردوو حەرەمەکان.

3- هەڵگرتنەوەی شتو کەلو پەلە بزر بووەکان.

4- هەڵگرتنو هێنانەوەی خۆڵو دارو بەردی حەرەم.

5- هەڵگرتنی چەکو، شەڕو ئاشوب نانەوە.

بەڵگەش لەسەر ئەمانە، ئەو دوو فەرمودەیەی پێغەمبەر(ﷺ)، کە لەبارەی حەرەمی هەردوو مەککەو مەدینە هاتوون:

**یەکەمیان:** لەبارەی حەرەمی مەککەوە دەفەرموێ: ( إِنَّ هذا الْبَلَدَ حَرَّمَهُ الله يوم خَلَقَ السماوات وَالْأَرْضَ فَهُوَ حَرَامٌ بِحُرْمَةِ اللَّهِ إلى يَوْمِ الْقِيَامَةِ وَإِنَّهُ لم يَحِلَّ الْقِتَالُ فيه لِأَحَدٍ قَبْلِي ولم يَحِلَّ لي إلا سَاعَةً من نَهَارٍ فَهُوَ حَرَامٌ بِحُرْمَةِ اللَّهِ إلى يَوْمِ الْقِيَامَةِ لَا يُعْضَدُ شَوْكُهُ ولا يُنَفَّرُ صَيْدُهُ ولا يَلْتَقِطُ لُقَطَتَهُ إلا من عَرَّفَهَا ولا يُخْتَلَى خَلَاهُ)[1]، واتە: بەڕاستی خوای گەورە ئەو شارەی حەرام کردووە لەو ڕۆژەوە، کە ئاسمانەکانو زەوی بەدیهێناوە، جا ئەوە حەرام بووە بەو حەرام کردنەی خوای گەورە تا ڕۆژی قیامەت، جەنگیشی تێدا حەلاڵ نەکراوە بۆ هیچ کەسێ لەپێش مندا، بۆ منیش حەلاڵ نەبووە، تەنها ساتێك نەبێت لە ڕۆژێکدا، جا ئەوە حەرام بووە بەو حەرام کردنەی خوای گەورە، تا ڕۆژی قیامەت، دڕکی هەڵناکێشرێتو، نێچیری ڕاوناکرێو، دۆزراوەی هەڵناگیرێتەوە، مەگەر لەلایەن کەسێکەوە بێت، کە پێناسەی لا بێت، گژوگیاشی نابڕدرێت[2].

1- صحيح البخاري: ج/3 ص/1164.

2- الفقه الاسلامي وأدلته: ج/3 ص/2392.

**دووەمیان:** لەبارەی مەدینـەوە دەفـەرمووێ: (لاَ يختلـي خَلَاهَـا ولا يُنَفَّـرُ صَـيْدُهَا ولا تُلْتَقَطُ لُقَطَتُهَا إلا لِمَنْ أَشَادَ بها ولا يَصْلُحُ لِرَجُلٍ أَنْ يَحْمِلَ فيها السِّلَاحَ لِقِتَـالٍ ولا يَـصْلُحُ أَنْ يُقْطَعَ منها شَجَرَةٌ إلا أَنْ يَعْلِفَ رَجُلٌ بَعِـيرَهُ)[1]، واتـە گیـاو ڕووەکـی هەڵناکێـشرێو، نێچیری ڕاو ناکرێو، دۆزراوەی هەڵناگیرێتەوە، مەگەر کەسێك بانگی بکاتو پێناسـەی بکات، وە دروست نیە بۆ هیچ پیاوێك، چەکی تێدا هەڵبگرێت بە نیـازی جـەنگ کـردن، دروست نییە هیچ دارێکی لێ ببڕدرێت، مەگەر کەسێك بۆ حوشترەکەی ببڕێ.

1- سنن أبي داود: ج/2 ص/216.

## دووەم: تەواف کردن

### أ- پێناسەو جۆرەکانی تەواف

1- پێناسەی تەواف لەڕووی زمانەوانییەوە وشەی (تەواف)، واتە: سوڕان بەدەوری شتێك[1].

بەڵام لەزاراوەی شەرع زانانداد: (تەواف)، واتە: سوڕان بەدەوری کەعبەدا[2]، کە ماڵی خوایەو قیبلەی موسڵمانانە.

خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا باسی ئەو ماڵەو سوڕان بەدەوری دەکات، چونکە تەوافکردن یەکێکە لە تایبەت مەندیەکانی کەعبەی پیرۆزو خواپەرستیەکان، لە هەمان کاتیش یەکێکە لە ڕوکنەکانی فەریزەی حەج، هەروەك خوای گەورە دەفەرمووێ: (**وَلْيَطَّوَّفُوا بِالْبَيْتِ الْعَتِيقِ**)[3]، واتە: با بەدەوری -ماڵی دێرین- کەعبەی پیرۆز تەواف بکەنو بسوڕێنەوە.

جا ئەو تەوافە حەوت جار دەکرێو، هەر جارەش پێویستە سوڕانەوەکە، لە ڕاستی بەردە ڕەشەکە دەست پێ بکاو، هەر لەوێش کۆتایی پێ دێ.

### 2- جۆرەکانی تەواف

**یەکەم: تەوافی گەیشتن:** (**طواف القدوم**)، واتە: تەوافی هاتنە ناو مەککە، ئەو تەوافە سوننەتەو هەرکەس، کە تازە داخلی ناو مەککەو مزگەوتی بەیت دەبێ، لەجیاتی دوو رکعەت نوێژی سوننەتی مزگەوت تەواف دەکات، کە خۆی لە خۆیدا ئەو تەوافە پەیامی سەلام کردنو، بە گەورە ڕاگرتنی بەیت دەگەیەنێت.

---

1- مختار الصحاح: ص/400.

2- کەعبە: ئەو ژوورەیە، کە حەزرەتی ئیبراهیم (سەلامی خوای لەسەر بێ) بە فەرمانی خوا دروستی کردووەو، دەکەوێتە ناو (المسجد الحرام) ئەو مزگەوتەش دەوری بەیتی داوەو، دەکەوێتە ناو حەرەمی مەککەی پیرۆز.

3- الحج: 29.

**دووەم: تــەوافی ڕوکــن: ( طــواف الإفاضــة )**، واتــە: تــەوافی ڕوکنــی حــەج، دوای گەڕانەوە لە عەرەفەو مینا، پێویستە ئەنجام بدرێت، چونکە ئەگەر ئەو تەوافە نەکرێ حەجەکە دروست نابێ‌و، لەژێر ئیحرام ناچێتە دەرێ، هەروەها ئەو تەوافە پێی دەگوترێ تەوافی فەرزو تەوافی ڕوکن، لەبەر ئەوەی ڕوکنێکە لە ئەرکەکانی حەج.

**سێیەم: تەوافی ماڵئـاوایی: ( طـواف الـوداع )**، واتـە: تـەوافی ماڵئـاوایی کـردن لـە بەیت، ئەو کەسەی کارەکانی تەواو دەبێ‌و، نیەتی گەڕانەوەی هەیە، پێویستە وەك ڕێزو خوا حافیزی کردن لەو شوێنە پیرۆزە، تەوافی ماڵئاوایی کردن لەو شوێنە بکات، ئەو تەوافە واجبەو، ئەگەر حاجی نەیکات حەجەکەی دروست دەبێ، بەڵام خوێنی دەکەوێتە سەر.

**چوارەم: تەوافی سوننەت: ( طواف التطوع )**، واتە: تەوافی سوننەت، کە ئەمەیان لە هەموو کاتێك دەکرێ‌و عیبادەتەو خێری زۆرو گەورەی هەیە، هەر وەك لەمەودوا ڕوونی دەکەینەوە.





**ب- واجبو مەرجەکانی تەواف**

لەبەر ئەوەی تەواف ڕوکنی حەجە، پێویستە بە شێوەیەکی ڕێكو پێك ئەنجام بدرێتو، هۆشیارانە تەواو بکرێت، بۆ ئەو تەواویە، چەند مەرجێك دانراوە بۆ تەواف، کە لە کاتی تەوافکردن ڕەچاو بکرێن:

1- **پاکی لە بێ دەست نوێژی گەورەو بچووك:** پێویستە لەکاتی تەوافکردندا دەستونوێژ هەبێتو مرۆڤ پاك بێ لە جەنابەت، چونکە عائیشە(ﭬ) بۆمان دەگێڕێتەوە، کە: (أَوَّلُ شَيْءٍ بَدَأَ بِهِ النَبـي(ﷺ) حين قَدِمَ أَنَّهُ تَوَضَّأَ ثُمَّ طَافَ بِالْبَيْتِ)، واتە: یەکەم شت پێغەمبەر(ﷺ) کردی دەستونوێژی گرت، ئینجا تەوافی بەیتی کرد.







هەروەها پێویستە ئافرەت پاك بێ لە حەیزو سوڕی مانگانە، چونکە عائیشە(خوا لێی ڕازی بێ)، دەفەرموێ: (قَدِمْتُ مَكَّةَ وأنا حَائِضٌ ولم أَطُفْ بِالْبَيْتِ ولا بين الصَّفَا وَالْمَرْوَةِ قالت فَشَكَوْتُ ذلك إلى رسول اللَّهِ(ﷺ) قال افْعَلِي كما يَفْعَلُ الْحَاجُّ غير أَنْ لَا تَطُوفِي بِالْبَيْتِ حتى تَطْهُرِي)[1]، واتە: کە هاتمە مەککە لە حەیزدا بووم، پرسیارم لە

1 - صحيح البخاري: ج/2 ص/ 594

پێغەمبەر(ﷺ) کرد، ئەویش فەرمووی: کارەکانی حەج ئەنجام بدە، بەڵام تەوافی بەیت نەکەی تا پاك دەبیتەوەو غوسل دەکەی(1).

2- **داپۆشینی عەورەت:** ئەمەش یەکێکە لەو مەرجانەی تەوافکردنی پیاوو ئافرەت، کە لەکاتی تەوافدا عەورەتیان بەدیار نەکەوێو داپۆشراو بێ، دیاریشە لانی کەم عەورەتی پیاو نێوان ناوكو ئەژنۆیەتیو، هی ئافرەتیش جگە لە دەمو چاوو دەستەکانی باقی تری بە عەورەت دانراوە.

لەو بارەشەوە هاتووە: (عن أبي هريرة(رضي الله عنه) بعثني أبوبكر(رضي الله عنه) في الحجة التي أمّره عليها رسول الله(ﷺ) يؤذن في الناس: ألا لاَ يَحُجَّ بَعْدَ الْعَامِ مُشْرِكٌ ولا يَطُوفَ بِالْبَيْتِ عُرْيَانٌ)، واتە: لەو حەجەی، کە پێغەمبەر(ﷺ) ئیمامی ئەبوبەکری کردبووە ئەمیر، ئەویش منی نارد بانگەواز بکەم، لەم ساڵ بەولاوە نابێ هیچ کافرێك حەج بکاو ناشبێ هیچ کەس بە ڕووتی تەواف بکات.

3- **حەوت جاری تەواو بێ:** واتە حەوت جار تەوافی بەدەوری کەعبەدا بکاتو، هەموو جارەکانیش وەك یەك تەواو بکات، ئەگەریش گومانی لەژمارەی تەوافەکان دروست بوو، ئەوە لای کەم هەڵدەبژێرێو ئەوەی ماوە تەواوی دەکات.

4- **بەیت بخاتە لای چەپی خۆی:** لە کاتی دەسپێکی تەوافدا پێویستە شانی چەپ بکەوێتە لای بەیتو، بەو شێوە تەوافەکە تەواو بکەیت، (عن جَابِرِ بن عبد اللَّهِ (رضي الله عنهما) أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ(ﷺ) لَمَّا قَدِمَ مَكَّةَ أتى الْحَجَرَ فَاسْتَلَمَهُ ثُمَّ مَشَى على يَمِينِهِ فَرَمَلَ ثَلَاثًا وَمَشَى أَرْبَعًا)(2)، واتە: کە پێغەمبەر(ﷺ) هاتە مەککە ڕووی کردە بەردە ڕەشەکەو دەستی لێدا، ئینجا بەلای ڕاستیدا ڕۆیشتو، لە سێ خولەی سەرەتادا بە تاڵۆکە دەڕۆیشتو، لە چوارەکەی تریش بە ئاسایی.

1- صحيح البخاري: ج/1 ص/144.
2- صحيح مسلم: ج2/ ص/893.

5- تەوافەکە لە دەرەوەی بەیت بێ: واتە هەموو خولەکانی سوڕانەوەی لەدەوری بەیت بێ، نەك لەناو بەیتو سەر ڕۆخەکانی (شازەروان)و حجری ئیسماعیل، چونکە عائیشە(ﷺ) دەڵێ: پرسیارم لە پێغەمبەر کرد لەبارەی حیجرەوە، پێغەمبەریش(ﷺ) فەرمووی: (هو من البیت)، واتە: حیجر بەشێکە لە بەیت.

6- تەوافەکە لەناو مزگەوت بێ: واتە لە نێو حەرەمی مزگەوتەوە تەوافەکەی ئەنجام بدات، نەك لە دەرەوەی حەرەم، چونکە دروست نیە تەواف لە دەرەوەی مزگەوتی حەرامەوە بێت.

7- **نیەتی تەواف بێنێت:** لەو کاتەوەی دەستی بە تەواف کرد، پێویستە نیەتی تەوافکردن لە یاد نەکات، وە بۆ هیچ مەبەستێکی تر خۆی لە تەوافەوە دانەبڕێت.

8- **لەڕاستی بەردە ڕەشەکە دەست پێ بکا:** واتە دەسپێکی تەوافەکە لەحەجەرولئەسوەدەوە دەست پێ دەکاو، هەر لەوێش کۆتایی دێت، هەموو خولەکان بەو شێوەیە دەست پێ دەکاو تەواو دەکات.

چونکە خاڵی دەسپێکەو لەوێش بە گڵۆپی سەوز دیاری کراوە، جگە لەو پێوەرە هیچ لایەکی تری بەیت ناشێ بۆ هەژمار کردنو دروست بوونی تەواف.




**تێبینی:**

1- سەبارەت بەو ئافرەتانەی لەکاتی تەوافدا دەکەونە حەیز، پێویستە لەڕۆژانی جەژنو ماوەی تەواف چاوەڕێ بکەن پاك ببنەوە، ئەگەر هەر لەو کاتە پاك نەبوونەوە، بەپێی فەتوای زۆر لە زانایانی کۆنو نوێ، بۆی هەیە لەو کاتانەی خوێنی وەستاوە، بە پەلە خۆی بشواو خۆیشی بە پەڕۆیەك قایم بکاو، بە پەلە تەوافەکەی ئەنجام بدات، بەو

مەرجەی لەماوەی ڕۆژانی جەژندا پاك بوونەوەی دیار نەبیّو، ترسی هەبیّ تەوافەکەی بفەوتیّ[1].

2- بەحوکمی تیّکەلاّوی پیاوو ئافرەت لەکاتی تەوافدا، زۆر جاری وا هەیە، ژنو پیاو دەستیان بەدەستی یەکتر دەکەویّو دەست نویّژیان دەشکیّ، جا بۆیە پیّویستە لەکاتی سەفەر کردندا خۆیان تەقلیدی مەزهەبی ئیمامی حەنەفی بکەن، سەبارەت بە دەستونویّژ نەشکان لەکاتی تەوافدا، چونکە بوونی دەستونویّژ مەرجیّکە لەمەرجەکانی تەوافکردن[2].

**ج- سوننەتەکانی تەواف**

1- **دەست لیّدانی بەردە ڕەشەکە ( حجر الاسود ):** لەگەلّ ماچکردنی، ئەوەش لەگەلّ یەکەم دەسپیّکی تەوافدا، ئەگەر بکریّو ئازاردانی خەلّکی تیدا نەبیّت، ئەگەر نەشگونجا ئەوە تەنها سەلام کردن کیفایەتە.

(عن عمر(رضي الله عنه) أن النبي(صلى الله عليه وسلم) قال: يا عمر إنك رجل قوي لا تزاحم على الحجر فتؤذي الضعيف إذا أردت استلام الحجر فإن خلا لك فاستلمه وكَبِّر)[3]، واتە: ئەی عومەر تۆ پیاویّکی بەهیّزی لەسەر(حجر الاسود) پالّە پەستۆ مەکە، نەوەك خەلّکی بیّ هیّز ئازار بدەی، ئەگەر کەلیّنیّك هەبوو دەستی لیّ بدە، ئەگەر نا ئاماژەی بۆ بکەو (ألله أكبر) بلّیّ، ئەمەش لە گشت تەوافەکاندا سوننەتە.

2- وتنی (بسم لله، الله أكبر، اللّهم إيماناً بك، وتصديقا بكتابك، ووفاءً بعهدك، وإتباعاً لسنة نبيك)، لەسەرەتای هەموو تەوافەکاندا.

1- الفقه الإسلامي وأدلته: ج/3 ص/2220- الخلاصة في أحكام الحج والعمرة: ص/236- تبصير الناسك بأحكام المناسك ص/97.

2- رووناکی (رب العالمين) رونکردنەوەی منهاج الطالبين: ج/2 ص/335.

3- سنن البيهقي الكبرى: ج/5 ص/80.

3- **ڕەمەل کردن:** واتە ڕۆیشتنی بە تالۆکەو گورگە لۆقە لە سێ شەوتی یەکەمی تەوافدا بەو شێوەی، کە هەنگاوەکانی لێك نزیكو بە پەلە بهاوێژێ: (عن إبن عمر(رضي الله عنهما): رمل رسول الله من الحجر إلى الحجر ثلاثاً ومشى أربعاً)[1]، واتە: پێغەمبەر(ﷺ) سێ خول لە بەردە ڕەشەکەوە تا بەردە ڕەشەکە، بە تالۆکە دەڕۆیشتو چوار خولیش بە عادەتی دەڕۆیشت)، ئەمەش تایبەتە بە پیاوانو ئافرەتان ناگرێتەوە.

4- **دەرخستنی شانی ڕاستە:** بەوەی پشتە ماڵەکە بخاتە بن هەنگڵیو، ئەم سەرو ئەو سەریشی بخاتەوە سەر شانی چەپە، ئەمەشیان هەر تایبەتە بە پیاوان، چونکە ئیبن عەباس دەفەرمووێ: (اضطبع النبي(ﷺ) هو وأصحابه ورملوا ثلاثة أشواط ومشوا أربعاً)[2]، واتە: پێغەمبەرو یاوەرانی پشتەماڵەکانیان لە بن هەنگڵ دەناو، لە سێ خولی تەواف بە تالۆکەو لە چوارەکەی تر بەئاسایی دەڕۆیشتن.

5- **دەست لێدانی ڕوکنی یەمانی:** ئەگەر بکرێو خەڵك ئازار نەخوات، بەلاّم ماچی ناوێت، هەروەها ئەوە سوننەت نیە بۆ ئافرەت، بەلاّم ئەگەر دەورەی ئەو شوێنە چۆڵ بێت هیچی تێدانییەو، دەتوانی دەستی لێ بدات.

6- **نزیك بوونەوە لە بەیت:** لەکاتی تەواف کردن چەندە نزیك بیت لە کەعبە خێری زیاترەو سوننەتە.

7- هەر حەوت خولەکان بەیەکەوەو لەدوای یەکترەوە بکات، ئەگەر پچڕ پچڕیش بێ هەر دروستە، بەلاّم سوننەتە ماوە نەخاتە نێوانیان[3].

---

1- صحيح مسلم: ج/2 ص/921.

2- سنن البيهقي الكبرى: ج/5 ص/79.

3- مغنى المحتاج: ج/1 ص/655. - فقه السنة: ج/1 ص/498.

8- **خوێندنی دوعـای:** (رَبَّنَـا آتِنَـا فِـي الـدُّنْيَا حَـسَنَةً وَفِـي الآخِـرَةِ حَـسَنَةً وَقِنَـا عَـذَابَ النَّارِ)[1]، لەنێوان روكنی یەمانیو حەجەرولئەسوەد.

9- **سوننەتی تـەواف:** دوو ڕكعـەت نوێـژی سـوننەت لـەدوای مـەقامی ئیـبراهیمو، پـاش تـەواو بـوونی تـەوافو، خوێنـدنی سـوورەتی (الكـافرون) لەڕكعـەتی یەكـەمو سـوورەتی (الإخلاص)، لەڕكعـەتی دووەم سـوننەتە، چـونكە پێغەمبـەر(ﷺ) ئـەو كـارەی ئـەنجام داوە.

10- **خواردنـەوەی ئـاوی زمـزم بەنیـەتی شـیفاء:** زۆر لێ خواردنـەوەی خێـرە، لەگـەڵ دوعـای (اللهم إني أسألك علماً نافعاً ورزقاً واسعاً وشفاءً من كُلِّ داءٍ).

**11- دوعا كردن لە مولتەزەمو مەقامو حجری ئیسماعیلو تەواوی تەوافەكان.**

هەموو ئەو دوعایانە لەبەشی (دوعاكان) بخوێنەوە، كە بەدرێژی باسیان لێوە كراوە.




**د- ئادابەكانی تەواف**

1- البقرة: 201.

1- لەبەر ئەوەی شوێنی تەواف، شوێنێکی پیرۆزەو تەوافیش خواپەرستیەکی گەورەیە، پێویستە بەوپەڕی خشوعو ملکەچی بۆ خوا ئەنجام بدرێتو، هەیبەتو قەدری تەواف بەمەبەستی نزیك بونەوەو ترس لە خوا وجودی هەبێ.

2- لەکاتی تەواف ئازاری هیچ کەسێك نەدەیتو، بەشێوازێکی شیمانەو لەسەرەخۆ هەڵسوکەوت بکەیت.

3- قسەی ناشیرینو پێکەنینی هەزەلیو دەمەقاڵەو ڕەفتارێکی ناڕێك نەکەیتو خۆت لەمانە بە دوور بگریت.

4- چاوەکانی خۆت بپارێزی لە نەزەرو سەرقاڵی شتێکی وا، کە لە زکرو یادی خوا دوورت دەخاتەوە[1].

5- بەرز نەکردنەوەی دەنگو، خۆ تووڕە نەکردن لەخەڵکانی ترو پاڵەپەستە نەکردن.

6- خۆ سەرقاڵ نەکردن بە شت خواردن لەکاتی تەوافدا.

7- هەوڵدان بۆ خوێندنی قورئانی پیرۆزو دوعاو پاڕانەوەی زۆر.

8- ئاوڕ نەدانەوە بەم لاو ئەولا بەبێ هۆ، کە مرۆڤ لە کەشو هەوای ئیمانیو سۆزو ئیخلاسیەتی ئەو خواپەرستیە دوور دەخاتەوە.

### هـ- حیکمەتی تەوافکردن

یەك لەو پایەو ڕێزانەی، کە خوای گەورە بۆ مرۆڤی داناوە هاوسەنگی مرۆڤە لەنێوان بوونەوەری ئاسمانی (ملائکە)و بوونەوەری زەوی (مخلوقات اخری).

هەر بەسروشتی خۆشی مرۆڤ لەدوو پێکهاتەی سەرەکی (گیانو جەستە) پێکهاتووە، بە جەستە لەنێو جیهانی ماددە دایەو، بەگیانیش پەیوەندی بەجیهانی ڕۆحەوە هەیە، هەرکاتیش لایەنی گیانی زاڵ بوو بەسەر لایەنی جەستەییو ماددی، پەیوەندی ڕۆحی بە

1- الحج المبرور: ص/82.

دروستکەری بوونەوەر بەهێز دەکاو، بەپێچەوانەشەوە ئەو هاوسەنگیە بەهایەکی نامێنێ[1]، پاراستنی ئەو هاوسەنگیە، کە بەختەوەری‌و گەورەیی مرۆڤ لەخۆ دەگرێت، دەکەوێتە ئەستۆی مرۆڤ بەراگرتنی هەردوو لایەنی ڕۆحی‌و جەستەیی، بەو پێیەش دەبێتە ئەو کائینەی، کە خوا وەك ژیرە مەخلوقێکی ناوەنجی نێوان (مەلائیکەو ئاژەڵ) دروستی کردووەو ئەو ناوەنجیەش بە باشترین پێوەر دادەندرێت، چونکە دەکەوێتە ژێر سێبەری: (خير الأُمورِ أوسطها).

یەك لەو بەڵگانەی ڕێزداری مرۆڤیش ئەوەیە، کە خوای گەورە هەندێ خواپەرستی بۆ ئاسودەیی دەروونی داناوە، بە هەمان شێوەی خواپەرستی مەلائیکەی خوای گەورە لە جیهانی ڕۆحیدا، وەکو نوێژو زکرو تەواف.

هەروەك پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرمووێ: (أن البيت المعمور في السماء السابعة يدخله كل يوم سبعون ألفاً من الملائكة لا يعودون إليه حتى تقوم الساعة)[2].

واتە: بەیتولمەعموڕ لەئاسمانی حەوتەمەو ڕۆژانە (70) هەزار مەلائیکە دەچێتە ناوی‌و ناگەڕێنەوە تا ڕۆژی دوایی.

مادام ماڵێك‌و بەیتێك هەیە بۆ مەلائیکە تێیدا نزیك ببنەوە لەخوا، بەهۆی خوا






1
2

پەرستیەوە، ئەوە بەهەمان شێوە بەیتێکی تر هەیە لەسەر زەوی، کە مرۆڤ بەهۆی زیارەتیەوە لەخوا نزیك دەبێتەوە.

حیکمەتەکە لێرە بەدیار دەکەوێ، بەوەی کە تەوافکردنی ئێمە بە دەوری (بیت الحرام) بەڵگەی پایەو ڕێز دانانی خوایە بۆ مرۆڤ بە دانانی ئەو خواپەرستیە ڕۆحانیە، لە هەمان چەشنی خواپەرستی ڕۆحانیەتی مەلائیکە لە ئاسمان بە دەوری (البیت المعمور)دا[1].

کە ئاسودەیی دڵو گیانو جەستە لە ئاوێنەی پاکی خواپەرستیو خۆشەویستی خواو نزیکی ماڵی خوا، ڕەنگ دەداتەوە، هەروەك خوای پەروەردگاو دەفەرمووێ: (وَإِذْ جَعَلْنَا الْبَيْتَ مَثَابَةً لِّلنَّاسِ وَأَمْناً)[2].

1- الحج المبرور: ص/88.

2- البقرة: 125.

## سێیەم: هاتوچۆی نێوان سەفاو مەڕوا.

### أ- پێناسە:

لەڕووی زمانەوانیەوە: (سعی) واتە: کۆشش کردن بۆ شتێك.

(الصفا) کۆی (صفاة) واتە بەردێکی گرژو تێکەڵ بە وورده بەردو ڕمل، (مروة) واتە بەردێکی سپی بریقەداری تەپۆڵکەیی[1].

لەزاراوەی شەرعیشدا: واتە کۆشش کردنو بڕینی دووری نێوان هەردوو گردی سەفاو مەڕوە، حەوت جارو بە دوای یەکدا، بە مەبەستی بەجێ گەیاندنی ڕوکنی حەج.

چونکە بەڵگەی قورئانو سوننەت لەسەر ئەو ڕوکنە هەیەو، خوای گەورەش سەفاو مەڕوە، بە دوو دروشمی خواپەرستی ناو دەبات، هەر وەك دەفەرمووێ: ﴿**إِنَّ الصَّفَا وَالْمَرْوَةَ مِن شَعَآئِرِ اللّهِ فَمَنْ حَجَّ الْبَيْتَ أَوِ اعْتَمَرَ فَلاَ جُنَاحَ عَلَيْهِ أَن يَطَّوَّفَ بِهِمَا وَمَن تَطَوَّعَ خَيْرًا فَإِنَّ اللّهَ شَاكِرٌ عَلِيمٌ**﴾[2]، واتە: بەڕاستی سەفاو مەڕوە دوو دروشمی خوا پەرستین، هەر کەس دەچێتە حەج یان عومرە، ئەگەر تەوافی ئەو دووانە بکات، هیچ گوناهی نییە، هەرکەسیش بە ویستی خۆی ئەو خێرە بکاو، فەرمانی خوا ببابەڕێوە، ئەوە خوا ئاگادارە لەکارەکەیو سوپاسگوزارو پێزانە.

هۆی دابەزینی ئەم ئایەتە ئەوە بوو، کە لەسەردەمی جاهیلیەت بتێك بەناوی (إساف) لەسەر کێوی سەفاو یەکێکیش بەناوی (نائلە) لەسەر کێوی مەڕوە بوون، کاتێ خەڵکی دەچوونە سەریان دەستیان لێ دەدان.

بەڵام کە ئیسلام هاتو بتو سەنەمەکانی شکاند، موسڵمانان گوتیان: سەفاو مەڕوە شوێنی بتەکانەو، هاتووچۆ کردن بە نێوانیاندا دروشمی خواپەرستی ناگەیەنێ[3]، یەکسەر

1- مختار الصحاح: ص/300.
2- البقرة: 158.
3- التفسير المني: ج/1 ص/410.

ئەو ئایەتە نازڵ بوو: (إِنَّ الصَّفَا وَالْمَرْوَةَ مِن شَعَآئِرِ اللّهِ....)، بۆ ڕەواندنەوەی هزری بتپەرستیو، ڕاگەیاندنی پەیامی خوا لە دیار کردنی سەفاو مەڕوە، وەك دروشمی خواپەرستی.

هەرچەند زانایانی تەفسیر، لەبارەی کاتی نازڵ بوونی ئەو ئایەتە جیاوازیان هەیە، بەلاّم رای زۆرینە لەسەر ئەوەیە، کە لەساڵی دەیەمی کۆچیو حەجی ماڵئاوایی دابەزیوە، چونکە لەو ساڵەدا مەککە بە تەواوەتی لە بتەکان پاك کرابویەوە، ئەو دوو دڵەی موسڵمانان بەر لە دابەزینی ئایەتی سەفاو مەڕوە دەگەڕایەوە، بۆ پێشینەی مێژووی ئەم دوو کێوە، کە شوێنی هەردوو بتی ئیسافو نائیلە بوو[1].

هەروەها لەسوننەتیشدا هاتووە، کە پێغەمبەر(ﷺ) فەرموویەتی: (أیها النّاس إسعوا فإنَّ الله کتب علیکم السعی)[2]، واتە: کۆشش بکەن، چونکە بەڕاستی خوای گەورە هاتووچۆی نێوان سەفاو مەڕوەی لەسەر ئێوە نوسیوە.

**ب- مەرجەکانی کۆشش کردن لەنێوان سەفاو مەڕوا:**

دوای تەواو کردنی تەواف پێویستە هاتووچۆی نێوان سەفاو مەڕوە ئەنجام بدەیتو، واش باشە لەدەرگای سەفاوە بچیتە شوێنی دەسپێکی ئەو کۆششکردنەو، ئاگاداری ئەو خالاّنەی خوارەوە بیت، کە مەرجە لەو ڕوکنەدا هەبن:

1- دەبێ هاتووچۆی نێوان سەفاو مەڕوە لە دوای تەوافەوە بێت، واتە پاش لەخۆ بوونەوە لە تەوافی ڕوکن، ئینجا ئەو ڕوکنە ئەنجام دەدرێو، لەپێش تەوافدا بەرناکەوێ، هەروەك هاتووە: (عن عمر(رضي الله عنه) قَدِمَ رسول اللَّهِ (ﷺ) مَكَّةَ فَطَافَ

1- حدود الصفا والمروة: ص/27.

2- سنن البيهقي الكبرى: ج/5 ص/97.

بِالْبَيْتِ سَبْعًا ثُمَّ صلى خَلْفَ الْمَقَامِ رَكْعَتَيْنِ وَطَافَ بين الصَّفَا وَالْمَرْوَةِ)[1]، واتە: پێغەمبەر(ﷺ) هاتە مەککەو تەوافی بەیتی کردو دوو ڕکعت نوێژی کرد، ئینجا سەعی نێوان سەفاو مەڕوەی ئەنجام دا.

2- تەرتیب: واتە یەکەم جار لە سەفاوە دەست پێ دەکاو، بەرەو مەڕوا دەڕواتو لەوێشەوە بەرەو سەفاو، ئا بەم شێوە تا تەواو دەبێ، هەروەك جابر لەبارەی حەجکردنی پێغەمبەرەوە بۆمان دەگێڕێتەوە کاتێ پێغەمبەر(ﷺ) گەیشتە سەفا فەرمووی: (إِنَّ الصَّفَا وَالْمَرْوَةَ مِن شَعَائِرِ اللّهِ، أَبْدَأُ بِمَا بَدَأَ اللَّهُ بِهِ، فَبَدَأَ بِالصَّفَا)[2]، واتە: پێغەمبەر(ﷺ) ئایەتەکەی خوێندەوەو، فەرمووی: لەو شوێنەوە دەست پێ بکەن، کە لە ئایەتەکەدا خوا دەستی پێ کردووە، ئینجا خۆشی لە سەفاوە دەستی پێ کرد.

3- حەوت جار بێ: واجبە حەوت شەوتی هاتووچۆی نێوانیان تەواو بکات، چوون لە سەفاوە بۆ مەڕوە جارێکەو، هاتنەوە لە مەڕوەش بۆ سەفا جارێکی ترە، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەی لە خاڵی یەکەم خستمانە ڕوو، کەمتر لە حەوت جار دروست نابێ.

4- بڕینی دووری نێوانیان: واتە پێویستە ئەو مەسافەی نێوان سەفاو مەڕوە، لەکاتی هاتنو چووندا، بەتەواوەتی ببڕی، نەك لەناوەڕاستی بگەڕێتەوە یان بچێتە دەرەوەی شوێنی دیاریکراو.

**تێبینی:**

أ- ئەگەر پشوویەکی کورت لەنێوان تەوافو سەعی دا هەبێ زیانی نییە.

ب- ئەو کەسەی ناتوانێ بەپێ هاتووچۆ بکات، دروستە بە عارەبانە سەعی بکات.

ج- دوای تەواو بوونی سەعی، وا باشە یەکسەر تاشین (حلق) یان کورتکردنەوە (تقصیر)ی مووی سەری بکات.

1- صحيح البخاري: ج/2 ص/587.

2- صحيح ابن حبان: ج/9 ص/255.

ج- سوننەتەکانی سەعی کردن:

1- سەرکەوتنی هەردوو گردی سەفاو مەڕوە، واتە لەو سەرو ئەمسەر تەواو سەرکەویتە بەرزایی هەردووکیانو، ڕوو لەکەعبە بکاو بڵێ: (لا إله إلاّ الله، وحده لا شريك له، له الملك وله الحمد وهو على كلِّ شيءٍ قدير، لا إله إلاّ الله وحده، صدق وعده، ونصر عبده، وهزم الأحزاب وحده).

2- لەکاتی نزیك بوونەوە لەگردەکان، یاخود لەسەفاو مەڕوە، ئەم ئایەتە بخوێنە: (إِنَّ الصَّفَا وَالْمَرْوَةَ مِن شَعَآئِرِ اللّهِ فَمَنْ حَجَّ الْبَيْتَ أَوِ اعْتَمَرَ فَلاَ جُنَاحَ عَلَيْهِ أَن يَطَّوَّفَ بِهِمَا وَمَن تَطَوَّعَ خَيْرًا فَإِنَّ اللّهَ شَاكِرٌ عَلِيمٌ)[1].



چوون بۆ سەفا



هاتنەوە بۆ مەڕوا

3- ڕاکردنو نەرمە غاردان لەو شوێنەی بە گڵۆپی سەوز دیاریکراوە، کە ئەمە تایبەتە بە پیاوانو ئافرەتان ناگرێتەوە.

1- البقرة: 158.

4- دەست نوێژ: ئەگەرچی بێ دەست نوێژ سەعیەکە دروستە، بەلاّم واش باشترە مرۆڤ لەو کاتەدا پاكو لەسەر دەست نوێژ بێ.

5- راوەستان لەسەر سەفاو مەڕوە (هەرچەند کەمێکیش بێت) بۆ پاڕانەوەو زکر[1].

6- دوعا کردن لەنێوان سەفاو مەڕوەو، دووبارە کردنەوەی ئەو دوعایە: (رب اغفر وارحم وتجاوز عما تعلم، إنَّكَ أنتَ الأعَز الأكرم، اللّهم ربنا آتنا في الدّنيا حسنة وفي الآخرة حسنة وقنا عذاب النّار)، دوعای شەوتەکانیش لە بەشی دوعایەکان بخوێنەوە، کە بە درێژی باسیان لێوە کراوە.

**د– ئادابەکانی سەعی:**

1- ئەگەر لەبەر هۆیەکی شەرعی نەبێ، وا چاکترە بە پێیان ئەو سەعیە ئەنجام بدرێ.

2- چاوەکانی خۆت بپارێزی لە نەزەرو شتی خراپ.




1- مغني المحتاج: ج/1 ص/664. - الفقه الإسلامي وأدلته: ج/3 ص/2230.

3- بە هیچ شێوەیەك ئازاری خەڵکی نەدەیت بەتایبەتی لە قەرەباڵغی زۆر.

4- قسەی ناشیرینو ناڕێك نەکەیت.

5- بەدڵو دەروون هەست بە هەڵوێستەکانی هاجەرە خاتوون بکەیتو، خۆت بە ملکەچ دەربخەی لە هەمبەر ڕەحمەتی خوا (جل جلاله).

6- وا چاکە خۆت بەقسە کردن لەگەڵ دۆستانت سەرقاڵ نەکەیتو، بەردەوام زکرو دوعا بکەی[1].

خ- حیکمەتی سەعی کردن:

هەر کەسێ بەوردی بیر لەو ئایەتە بکاتەوە، کە خوای گەورە دەفەرمووێ: (**إِنَّ الصَّفَا وَالْمَرْوَةَ مِن شَعَآئِرِ اللّهِ**)[2]، زۆر بەڕوونی حیکمەتی ئەو خواپەرستیەی بۆ دەردەکەوێ، بەتایبەت لەڕستەی (**مِن شَعَآئِرِ اللّهِ**)، کە ئاماژەیە بۆ هەردوو کێوی سەفاو مەڕوە، وەك دوو شوێنی دیارکراوی تایبەت بە خواپەرستی، یەکێ لەو تایبەتمەندیانەی سەعی کردنیش، دەرخستنو خۆ نیشاندانی بەندەیە، لەوێنەی هەژاریو پێویستیو ملکەچی بەرامبەر خوایەك، کە هەقیقەتی ئەو پەیامەی لەو کۆششکردنەدا، دیارکردووەو بە شیعاری خۆی ناوی بردوون.

ئەو هاتوچۆی نێوان سەفاو مەڕوە بەنیەتی خواپەرستی، بەڵگەیە لەسەر پیشاندانی ئەو پەڕی ملکەچی مرۆڤ بەرامبەر پەروەردگاری خۆی لەلایەکو، ئامادەیی دەبڕینە لەسەر بەجێگەیاندنی هەر فەرمانێکی هاوشێوەو بگرە زیاترو گرانتریش بێ دوو دڵی لەلایەکی ترەوە[3].

---

1- الحج المبرور: ص/92.
2- البقرة: 158.
3- هەمان سەرچاوەی پێشوو: ل/94.

هەروەها پەیامێکە بۆ مرۆڤ، بەوەی لە هەر کوێی دونیا لە جموجۆڵو کارو هاتووچۆ دابێت، ئەوە پێویستی بە دەسەڵاتو ئاوڕ لێدانەوەو بەزەیی خوای گەورە هەیە.

هەروەك چۆن یەك لەو نهێنیانەی سەعی کردن، سەردەمی پێغەمبەر ئیبراهیمو هاجەرە خاتوونو ئیسماعیلی کوڕی دێنێتەوە یاد، کە چۆن خوای گەورە یارمەتی داونو لە ناهەمواری ڕزگاری کردن، کاتێ هاجەرە خاتوون هاتووچۆی نێوان سەفاو مەڕوەی دەکرد، بە مەبەستی داوا کردنی یارمەتی خواو دەرکەوتنی خۆشیو دڵنەواییەك، لەسەر ئەو ناخۆشیو برسیەتیو بێ کەسیەی تێی کەوتبوو.

چونکە بە ئەمری خوا حەزرەتی ئیبراهیم (سەلامی خوای لەسەر بێ) هاجەرە خاتوونو ئیسماعیلی کۆرپەلەی لە شوێنی بەیت جێهێشت، هاجەرە خاتوون پرسی: (ألله أمرك بهذا؟ قال: نعم، قالت: إذاً فاذهب فإنه لن يضيعنا)، ئا بەو شێوە چاوەڕوانی یارمەتی خوای دەکرد، تا لەئەنجامدا خوای گەورە جوبرائیلی ناردو باڵی پیرۆزی لە زەوی داو، بەفەرمانی خوا ئاوی (زمزم) دەربوو[1]، کە بووە خۆراکی ئەوانو، مژدەی ئاوەدانی ئەو شوێنە پیرۆزە، بە خواپەرستیو، پەیامێکیش بوو بۆ هەموو ئەوانەی بەو دڵسۆزیە چاوەڕێی ئومێدی خوا دەکەنو، بە پاکیو ڕێکیەوە خواپەرستی ئەنجام دەدەنو ئارام لەسەر ناخۆشیەکان دەگرن.



1- من حكم الشريعة وأسرارها: ص/157.

## چوارەم: وەستانی عەرەفە

### أ– لەبارەی عەرەفەوە:

عەرەفە: ناوە بۆ ئەو شوێنە ناسراوو دیارکراوەی، کە واجبە لەکاتی فەریزەی حەجدا، حاجی لێیەوە بوەستێو داخلی ئەو سنورە بێ، هەروەها گەورەترین پایەو ڕوکنی حەجەو، بە لەدەست دانی ئەو ڕوکنە حەج دروست نابێو دەبێ لەساڵێکی تر ئەنجام بدرێتەوە.

کەواتە مانای وەستانی عەرەفە بریتیە لە ئامادەبوونی حاجی لە کاتی دیار یکراو، لەشوێنی دیار کراو، کە پێی دەگوترێ عەرەفە.

بەپێی ڕای زۆرینەی زانایانیش کاتی عەرەفە لە نیوەڕۆی ڕۆژی نۆیەمی (ذوالحجة)، دەست پێ دەکاتو، تا بەرە بەیانی ڕۆژی جەژن هەر دەمێنێ[1].

بەڵگەش لەسەر واجب بوونی وەستانی عەرەفە، کە ڕوکنی هەرە گەورەی حەجە، ئەوەیە کە خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿**ثُمَّ أَفِيضُواْ مِنْ حَيْثُ أَفَاضَ النَّاسُ**﴾[2]، یان ﴿**فَإِذَا أَفَضْتُم مِّنْ عَرَفَاتٍ فَاذْكُرُواْ اللّهَ عِندَ الْمَشْعَرِ الْحَرَامِ**﴾[3]، واتە: هەر کاتێك لە عەرەفات گەڕانەوە لە لای (الْمَشْعَرِ الْحَرَامِ)، زیکری خوا بکەن.

ئەو ئایەتە ئەگەر چی زانایان پێیان وایە، بەڵگەیەکی سەریح نیە لەسەر ڕوکنیەتی عەرەفە، بە هەمان چەشنی ئایەتی: ﴿**إِنَّ الصَّفَا وَالْمَرْوَةَ مِن شَعَآئِرِ اللّهِ**﴾، کە باسی سەفاو مەڕوە دەکاو سەریح نییە لە ڕوکنیەتی سەعی کردن[4].

---

1- الإيضاح في مناسك الحج والعمرة: ص/279.
2- البقرة: 199.
3- البقرة: 198.
4- الحج المبرور: ص/96.

بەلاّم باس لە عەرەفە دەكاتو ئاماژەش بە كاتی هاتنەوە لای عەرەفە دەكا، واتە دەبێ چوون بۆ عەرەفە هەر مسۆگەر بێت.

هەروەها لە سوننەتی پێغەمبەرەوە(ﷺ) هاتووە، كە دەفەرمووێ: (الحج عرفة، من جاء ليلة جمع قبل طلوع الفجر فقد أدرك)[1]، واتە: حەج بریتیە لە عەرەفەو هەر كەسێك پێش نوێژی بەیانی لە شەوی جەژنی قوربانداا بێتە (عرفه) ئەوە حەجی تەواوە.

لە فەرمودەیەكی تردا دەفەرمووێ: (قِفُوا على مَشَاعِرِكُمْ فَإِنَّكُمْ على إِرْثٍ مِن إِرْثِ أَبِيكُمْ إبراهيم)[2]، واتە: لەسەر وەستانی دروشمە ئاینیەكانی خۆتان پابەندو بەردەوام بن، چونكە ئێوە لەسەر میراتێكن لە میراتی حەزرەتی ئیبراهیمەوە.

بەو پێیەش كە سنوری عەرەفە دیاری كراوە، گشتی شوێنی وەستانەو، حاجی لە هەر لایێ لە شوێنەكانی ناو سنوری عەرەفە بوەستێ دروستەو، پێویستە تا كاتی خۆر ئاوابوون لەوێدا بمێنێتەوەو، خۆی بە خواپەرستیو پاڕانەوە خەریك بكات.

### ب- واجبەكانی عەرەفە

لەبەر ئەوەی عەرەفە ڕوكنی حەجەو، بێ ئەو ڕوكنەش حەج دانامەزرێ، كۆمەڵێ مەرجو ئەرك هەن لەو بارەوە، كە پێویستە خوشكو برای حاجی لێی ئاگادار بنو لەو ئەركەیاندا كەمو كوڕی دروست نەبێ:

1- لە كاتی دیاریكراو ئامادە بێت: واتە لەو زەمەنەی دەكەوێتە نێوان نیوەڕۆی ڕۆژی نۆیەمی (ذوالحجة) ی ڕۆژی عالفە، تا بەرە بەیانی ڕۆژی جەژن، پێویستە ئامادەی وەستانەكە بێت، ئەگەر لەو كاتە دیاریكراوە نەوەستا، ئەوە حەجەكەی دروست نابێو، دەبێ لە ساڵێكی تردا ئەنجام بدرێتەوە.

1- المستدرك على الصحيحين: ج/2 ص/305.
2- سنن أبى داود: ج/2 ص/189.

چونکە پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرمووێ: (الحج عرفة، من جاء قبل صلاة الصبح من ليلة جمع فتم حجُّه)[1]، واتە: حەج بریتیە لەوەستانی عەرەفە، هەر کەسێك پێش نوێژی سبەینیێ لە شەوی جەژنی قورباندا بێتە (عرفات) ئەوە حەجی تەواوە.

2- لەشوێنی دیاریکراو ئامادە بێت: واتە پێویستە حاجی بۆ وەستان لە عەرەفە داخلی سنوری عەرەفە ببێت، ئەگەرنا وەستانەکەی دروست نابێ، پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرمویێ: (وَقَفْتُ ها هنا وَعَرَفَةُ كُلُّهَا مَوْقِفٌ)[2]، واتە: من لە (عەرەفە) لێرەدا وەستاوم‌و عەرەفەش گشتی شوێنی وەستانە.

هەرچەندە ئێستا لە هەموو لایەکەوە سنوری عەرەفە دیاری کراوە، بەلاّم زۆر جاریش مشتومڕو جیاوازی لە هەندێ سنوردا دروست دەبێ، بەتایبەتی لەسەر دۆڵی عورنەو دۆڵی نەمیرەو مزگەوتی نەمیرە، کە ئەمانە هیچیان داخلی سنوری عەرەفە نین‌و، وەستانیان بەو نیازەوە لێ دروست نییە، هەرچەندە مزگەوتی نەمیرە لەگەڵ ئەو فراوانکردنانەی بەشێکی کەوتۆتە ناو سنوری عەرەفە، کە ئێستا بە هێماو نوسین دیاریکراوە.

3- لەژێر ئیحرام دا بێت: لەحاڵەتی وەستانی عەرەفە، دەبێ حاجی لەژێر ئیحرام دابێت‌و، ناکرێ ئیحرامی خۆی بشکێنێ، چونکە تاکاتی تەواو بوونی کارەکانی حەج‌و بە تایبەتیش تا حەلق‌و تەقصیر دەکات، دروست نییە ئیحرامی خۆی دابنێت[3].

### ج– سوننەت‌و ئادابەکانی عەرەفە:

لەبەر ئەوەی عەرەفەو وەستان لەعەرەفە، پایەو پێگەی هەرە گرنگی حەجە، وا باشە بە شێوەیەکی جوان‌و ئامادەییەکی ڕێکەوە، ئامادەیی بۆ بکرێ‌و دەرفەتی خواپەرستی‌و

1- پێشتر تەخریج کراوە.
2- صحيح مسلم: ج/2 ص/ 893.
3- چۆنیەتی حەج‌و عومرە: ل/133.

خێرو سوننەکانی لەدەست نەدرێ، بۆیەش وا چاکە لەڕۆژی حەوتەمی (ذوالحجة) سەر پەرشتیارو گەورەی موسڵمانان، کە ئێستا زیاتر ئەرکی (موڕشیدی ئاینی)یە، لە ڕێی وتارەوە هۆشیاری بداتە حاجیان، کە خۆیان ئامادە بکەن، بۆ ئەنجام دانی کارەکانی حەج بەگشتیو چۆنیەتی چوونو وەستانی عەرەفە بەتایبەتی، جا ئەگەر کرا ئەوە ڕۆژی هەشتەمی (ذوالحجة) هەر لە شوێنی خۆی ئیحرام دەپۆشێ بەنیەتی حەجو، بەرەو مینا بەڕێ دەکەوێ، شەو لەوێ (مینا) دەمێنێتەوەو بەیانی ڕۆژی عالفە بەرەو عەرەفە دەڕوات[1].




ئەم ڕۆیشتنە بەرەو عەرەفە بایەخو گرنگی زۆری هەیەو، پێویستە حاجی لە ڕووی دەروونیو هزریو جەستەییو ئیمانیەوە، خۆی بۆ ئامادە بکاتو، ئاگاداری ئەو هەموو

1- الحج المبرور: ص/102.

سوننەتو ئادابانەش بێت، کە لەو هەنگاوەدا هەن بۆ ئەوەی لە فەزڵو گەورەیی‌و خێرو بێری ئەو ئەداکردنەی بێ بەش نەبێ، بۆیە لێرەوە ئاماژە بە سوننەتو ئادابەکانی عەرەفەو چۆنیەتی جوان بەجێ هێنانی ئەو ئەرکە دەکەین، کە بریتین لەو خاڵانەی خوارەوە:

1- خۆ شۆردن لە نەمیرە یان لە هەر شوێنێکی تر، بەنیەتی چوونو وەستانی عەرەفە.

2- ئامادە بوون لەوتاری ڕۆژی عەرەفە لەمزگەوتی نەمیرە، یان لەشوێنی دیاریکراوی خۆت لە عەرەفە.

3- لەکاتی چوون بەرەو عەرەفە ئەو دوعایە زۆر بکە: (اللهم إليك توجَّهتُ، ولوجهك الكريم أردتُ فاجعل ذنبي مغفوراً، وحجّي مبروراً، وارحمني ولا تخيبني، إنك على كل شيءٍ قدير).

4- زۆر گوتنی زیکری (لَبَّيْكَ اللهم لَبَّيْكَ، لَبَّيْكَ لَا شَرِيكَ لك لَبَّيْكَ، إِنَّ الْحَمْدَ وَالنِّعْمَةَ لك وَالْمُلْكَ لَا شَرِيكَ لك).

5- باشتر وایە لەدوای ڕۆژهەڵاتنی ڕۆژی نۆیەمی (ذوالحجة) لە نەمیرەوە بەرەو عەرەفە بڕۆیت.



6- کۆکردنەوەو کورت کردنەوەی هەردوو نوێژی نیوەڕۆو عەسر بە (جمع التقدیم).

7- ئەگەر بکرێو ئازاردانی خەڵکی تیا نەبێ، ئەوە نزیك بوونەوە لە بەردە گەورەکانی کێوی عەرەفە سوننەتە، کە بە (جبل الرحمة) ناسراوە.

8- ڕوو کردنە قیبلە لەکاتی دوعاو پاڕانەوەکاندا.

9- مانەوە لەسنوری عەرەفە تا کاتی خۆرئاوا بوون.

10- وا باشە لەکاتی وەستانی عەرەفە دەستونوێژ هەبێو، بەپاکیو بێ دەرکەوتنی عەورەت خۆی ڕابگرێ.

11- بە ڕۆژوو بوونی ڕۆژی عەرەفە سوننەتە، بەڵام بۆ حاجیان نا، لەبەر ئەوە وا چاکە لەڕۆژی عەرەفە بە ڕۆژوو نەبیت.

12- مانەوە لەبەر ڕۆژو نەچوونە بەر سێبەر، مەگەر لەبەر هۆیەکی پێویست نەبێ وەك نەخۆشیو سوتانەوەو ئازار دیتن.

13- وا باشە سەرقاڵ نەبیت لە کاتی دوعا کردندا، بەڵکو وا چاکە بیرو هەستو دەرونت لەگەڵ ئیخلاسو جەوێکی ئیمانی تێکەڵ ببێت.

14- هێواشیو لەسەرخۆ بوونو بە هەیبەتەوە هەڵسوکەوت کردن، هەروەك پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرمووێ: (أيها الناس عَلَيْكُمْ بِالسَّكِينَةِ فإن الْبِرَّ ليس بِالْإِيضَاعِ)[1]، واتە: ئەی خەڵکینە بە ئارامیو نەرمیەوە هەڵسوکەوت بکەن، چونکە چاکەو خێر بە پەلە ناکرێت.

15- خۆ پاراستن لە ڕفتاری ناشیرینو قسەی ناڕێكو جنێودانو خۆ تورە کردن لە کەسانی تر.

1- صحيح البخاري: ج/2 ص/601.

16- زۆر دووبارە کردنەوەی زیکری: (لا إله إلاّ الله، وحده لا شريك له، له الملك وله الحمد وهو على كلِّ شيءٍ قدير).

17- زۆر دوعا کردنو پاڕانەوە لەبەر خوا، بەشێوەیەك لە دوعا کردن ئەوپەڕی ملکەچیو دڵسۆزیو ئیخلاسی تێدا هەبێ، لە هەمان کاتیش ڕەزیلی بە دوعا نەکەیتو، خزمو دۆستو گەلو وڵاتو موسڵمانان بێ بەش نەکەیت.

هەر بۆ ئاگاداریت کۆمەڵێك دوعای باشو پیرۆز لەبەشی دوعاکاندا، بە تایبەتیش دوعای ڕۆژی عەرەفە خراونەتە ڕوو لەوێدا بیانخوێنەوە.

## سەرنج:

ئەگەر حاجی لەکاتی وەستانی عەرەفەدا خەوت یان ئیحتیلامی بوو، یان دەست نوێژی شکا، یان عەورەتی بەدیار کەوت، یان جەستەی پیس بوو، یان ئافرەت لە حەیز دابوو یان کەوتە حەیز، ئەوە وەستانەکەی هەر دروستەو، زیان بە ڕوکنەکە ناگات، تەنها لە فەزڵو خێرەکەی کەم دەبێ[1].

## د- حیکمەت لە وەستانی عەرەفە:

بێگومان لەو کاتەوەی، کە پێغەمبەر ئیبراهیم (سەلامی خوای لەسەر بێ) بانگی خەڵکی کرد، بۆ ئەدا کردنی زیارەتی ماڵی خوا، تائێستاش کاریگەری ئەو نیدا ئیمانیە بەسەر موسڵمانانەوە زۆرەو، خوای گەورەش ویستی لەسەر ئەوە بووە، کە پیرۆزترین ماڵو شوێنی خواپەرستیو ڕووگەی موسڵمانان بکاتە وەرزێکی تایبەتی ڕۆحیو

---

1- الفقه الإسلامي وأدلته: ج/3 ص/2240. - الإيضاح: ص/283. - إعانة الطالبين: ج/2 ص/287.

پاکبوونەوە بۆ ئەوانەی تامەزرۆی ئەو شوێنەنو، دەیانەوێ بەو ئەدا کردنە بگەنە لوتکەی سەرفرازیو تەواوێتی ئیمانو دەست کەوتنی ڕەزامەندی خوای پەروەردگار.

سالآنەو لەگەڵ مەوسمی حەجدا، کاتێ لە هەموو جیهانەوە بەندەکانی خوا ڕوو دەکەنە عەرەفەو، بە یەك بەرگو بۆ یەك مەبەست، لە یەك شوێنو بە یەك قیبلە، بە یەك نیداو بە یەك زیکر (لَبَّيْكَ اللهم لَبَّيْكَ، لَبَّيْكَ لَا شَرِيكَ لك لَبَّيْكَ، إِنَّ الْحَمْدَ وَالنِّعْمَةَ لك وَالْمُلْكَ لَا شَرِيكَ لك)، سەرەڕای بوونی جیاوازی لەهەندێ لایەنەوە وەکو ڕەگەزو ڕەنگو دەنگو نەتەوەو نیشتیمانو فەرهەنگ، ڕەشو سپی، گەورەو بچووك، هەژارو دەوڵەمەند، بە دەسەلآتو بێ دەسەلآت، سەرۆكو تاکێکی ئاسایيو خاوەن عەشیرەتو بێ کەس، کورتو درێژ، لاوازو بەهێز، ئاسیاییو ئەفریقیایی خۆرهەلآتیو ڕۆژ ئاوایی... هتد.

بەمەبەستی ئەدا کردنی فەرمانی بانگەوازی ئیلاهیو، ئامادەبوون لەو شوێنە دیار کراوەو، لەو کاتە دانراوەی، کە پێی دەگوترێ ڕۆژی عەرەفە.



خوای بەخشندە کاتێ کاروانی حاجیان بە وەفدی خۆی وەسف دەکا، ئا ئەو مەشهەدەی بۆ ڕێك خستوون، تا بەگوێرەی دڵسۆزیو ئیخلاسی بەندەکانی لەو ڕۆژەدا، بەخششی خۆی بکاتە دیاریو لێبوردەییو میهرەبانی خۆی پێشکەش بە ئەهلی عەرەفە بکات.

ئەم وەستانە گەورەترین دیمەنو ئاپۆڕای جەماوەری موسڵمانە، کە نوێنەرایەتی دینداری تەواوی دونیا دەکاو، وەك کۆنگرەیەکی ساڵانەش، کە هەرچی بنەمای دادپەروەریو یەکسانیو ئەخلاقیو مافو کەرامەت هەیە لەخۆ دەگرێ، ئەگەر لە لایەکەوە هێمای فەزڵو ڕەحمەتو لێبوردەیی خوایە، ئەوە لە لایەکی ترەوە وێنا کردنی وەستانی مەیدانی حەشرە لە ڕۆژی دوایی، کاتێ بەندەکان بەرامبەر خوای گەورە فەسڵو قەزا دەکەنو بە پاداشتو سزا، چاکەو خراپە لێك جیا دەکرێنەوە (يَوْمَ يَأْتِ لاَ تَكَلَّمُ نَفْسٌ إِلاَّ بِإِذْنِهِ فَمِنْهُمْ شَقِيٌّ وَسَعِيدٌ)[1].

بۆیە کاتێ حاجیان لەوێدا کۆ دەبنەوە، بە ئومێدی ڕەحمەتی خواییو ڕزگار بوون لە سزای دۆزەخو، گەیشتنە پلەی ڕەزامەندی پەروەردگار، لە نێوان وەرگیرانو وەرنەگیراندا، خۆزگەی میهرەبانی خوا دەخوازن.

بۆیەش بەرهەمی ئەو جەمعە لەوەدا دەردەکەوێ، کە لە سەفەری حەجداو، بۆ پاکبوونەوە پێویست بە ڕەحمەتی خوای گەورە دەکا، بە هەمان شێوەش بەختەوەری دونیاو سەرفرازی لە قیامەت، پێویستی بە لێبوردەیی خوا هەیە، لەگەڵ کۆششو شەونخونیو خواپەرستی زۆری ئێمە، لە هەمان چەشنی خواپەرستی ڕۆژی عەرەفە بۆ گەیشتن بەڕەزامەندی ئیلاهی.

عەرەفە ئەو ڕۆژەیە، کە بە پاکبوونەوە تەکریمی حاجیان دەکرێت، لەسەر ئەو هەوڵو کۆششو ئەرکە ڕۆحیو جەستەییو ماددیەی، کە خەرجیان کردووە، لەپێناو بەجێهێنانی فەرمانی خوادا.

---

1- هود: 105.

چونکە کاتێ حەزرەتی جوبرائیل بە فەرمانی خوا لەو شوێنەدا مەناسکی حەجی فێری پێغەمبەر ئیبراهیم کرد (سەلامی خوای لەسەر بێ)، پێی فەرموو: (عرفتَ)، ئەویش فەرمووی (عرفتُ)، بۆیە ئەو شوێنە ناونراوە (عەرەفات)[1]، یان لەبەر ئەوە کە شوێنی ئیعتراف کردنە بە گوناهو تاوانەکان.

ئەو بەجێگەیاندنەی فەرمانی خوا لە هەمان کات دەبێتە پەیڕەوی لە ڕێبازی پێغەمبەرانیشەوە (سەلامی خوایان لەسەر بێ).

ئەمانە حیکمەت گەلێکی عەرەفەنو، گرنگترین پەیامیش لەوەدا ئەوەیە، کە ئەگەر عەرەفە سوودی دەروونیو دینداری، یان دونیاییو قیامەتی تێدایە بۆ بەندەکان، ئەوە



1- (عرفات) کۆی (عرفە)یە، چونکە هەر شوێنێ لەداخلی سنووری عەرەفە پێی دەگوترێ (عرفە) ئەوە بەکۆی سنورەکە دەگوترێ: (عرفات) هەرچەندە جیاوازیش هەیە لەسەر ئەوەی لەبەرچی پێی دەگوترێ (عرفە) بەڵام ئەوەی لە زۆر سەرچاوە باس کراوە، ئەوەیە کە باسم کرد. بۆ زیاتر زیانیاریش بڕوانە: الحج المبرور: ص/111. - حكم أحكام الشرعية: ص/163.- علی صعيد عرفات: بابەتێكی (د.علی عمر بادحدح)ە كە لە ماڵپەرەكەیدا بڵاوكراوەتەوە.

لەهەمان کاتیشدا وێستگەو ناوەندێکی گەورەو هێزداری وانە وەرگرتنو شت لێ فێربوونە، کە لەکاتێکی دیاریکراوی چڕوپڕی خواپەرستی، وەك چۆن نووری ئیمان خەڵکی تێکڕای دونیا لەو شوێنە کۆ دەکاتەوە، لەهەمان کاتدا ئامانجیەتی لە ڕێی ئەو وێستگەوە، مەشخەڵی ئیمانو هێزی خواناسیو گیانی پێکەوە ژیانو تەبایی، بە هەموو دونیادا بلاّوبێتەوە، بۆ ئەوەی ئەو یەکبوونو برایەتیو دینداریە، تەواوی خاكو خەڵك بگرێتەوەو لە سایەی سێبەری ڕەحمەتی خوادا، مۆمی ژینو ژیان گەشاوەو سەرفراز بێت.

# پێنجەم: تاشین یان کورتکردنەوەی سەر

## أ- پێناسەو بەڵگە

وەکو دیارە (الحلق) سەرتاشین (التقصیر) کورتکردنەوەیە، واتە تاشین یان کورتکردنەوەی مووی سەر لە کاتی دیاریکراودا، بە مەبەستی ئەنجامدانی ئەرکی خواپەرستیو دەرچوون لە ژێر ئیحرامدا.

بەڵگەش لەسەر ئەمە ئەو ئایەتەیە، کە خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿**لَقَدْ صَدَقَ اللَّهُ رَسُولَهُ الرُّؤْيَا بِالْحَقِّ لَتَدْخُلُنَّ الْمَسْجِدَ الْحَرَامَ إِن شَاءَ اللَّهُ آمِنِينَ مُحَلِّقِينَ رُؤُوسَكُمْ وَمُقَصِّرِينَ لَا تَخَافُونَ**﴾[1]، واتە: بە هەقیقەت خوای گەورە خەون دیتنی پێغەمبەری خۆی بە ڕاست گێڕا، کە وتبووی: هەمووتان بەویستی خوا دەچنە مەسجدولحەڕام، بە هێمنیو بە سەرتاشینو قرتاندنی مووی سەرو ناشترسن.

لێرەدا مەبەست لەڕستەی (مُحَلِّقِينَ رُؤُوسَكُمْ وَمُقَصِّرِينَ)ە، کە زانایان وەك بەڵگەی قورئان لەسەر تاشینو کورتکردنەوەی مووی سەر پشتی پێ دەبەستن.

یاخود ئەو ئایەتەی دەفەرمووێ: ﴿**ثُمَّ لْيَقْضُوا تَفَثَهُمْ**﴾[2]، کە ئیبن عومەر لەماناکەیدا وشەی (التفث) بەسەرتاشین یان کورتکردنەوە لێك دەداتەوە.

هەروەها پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرمووێ: (رَحِمَ اللهُ الْمُحَلِّقِينَ، قالوا: وَالْمُقَصِّرِينَ يا رَسُولَ اللَّهِ؟ قال: رَحِمَ اللهُ الْمُحَلِّقِينَ، قالوا: وَالْمُقَصِّرِينَ يا رَسُولَ اللَّهِ؟ قال: رَحِمَ اللهُ الْمُحَلِّقِينَ، قالوا: وَالْمُقَصِّرِينَ يا رَسُولَ اللَّهِ؟ قال: وَالْمُقَصِّرِينَ)[3]، بەوپێیە، کە

1- الفتح: 27.
2- الحج: 29.
3- صحيح مسلم: ج/2 ص/946.

پێغەمبەر(ﷺ) سێ جار دوعای بۆ ئەوانە کردووە، کە سەریا تاشیوەو، لە دواجاردا دوعای بۆ ئەوانەش کردووە، کە مووی سەریان کورت دەکەنەوە.

هەرچەندە زۆربەی زانایان هۆکاری ئەو دووبارە کردنەوەی لەو حەدیسە هاتووە، بۆ ئەوە دەگێڕنەوە، کە پێغەمبەر(ﷺ) مەبەستی بووە، تەئکید لە سەر تاشین بکاتەوە، کە باشترەو خێری زیاترە، چونکە تاشین نیەتی خواپەرستی زیاترەو، ملکەچی زیاتریشی تێدایە، لەوەی مرۆڤ تەنها بە کورتکردنەوە ئەنجامی دەدات، ئەم تاشینە بۆ پیاوانەو، ئافرەتان تەنها کورتکردنەوەی لەسەر پێویستە[1]، هەروەك پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێ: (لیس على النِّسَاءِ حَلْقٌ إنما على النِّسَاءِ التَّقْصِيرُ)[2]، واتە: ئافرەتان تەنها مووی سەریان کورت دەکەنەوەو تاشینیان لەسەر نیە.

هەروەها زۆربەی زانایان لەسەر ئەوەن، کە سەرتاشین یان کورتکردنەوە، واجبێکە لە واجبەکانی حەج، بەلاّم ئیمامی شافعی بە ڕوکنی دادەنێ، لەبەر ئەوەی مرۆڤ ناتوانێ تەواو لەژێر ئیحرامدا دەربچێ، تا ئەو کارە ئەنجام نەدات[3].

**ب- ئەندازەی واجب**

رای تێکڕای زانایان لەسەر ئەوەیە، کە باشتر وایە تاشینی هەموو سەر بێت، چونکە دەڵێن خوا فەرموویەتی: (مُحَلِّقِينَ رُؤُوسَكُمْ وَمُقَصِّرِينَ)، وشەی (الرأس )یش واتە سەر، کە تەواوی مووەکان دەگرێتەوە.

هەروەها ئەو دووبارە دوعا کردنەی پێغەمبەر(ﷺ) بۆ ئەوانەی سەریان دەتاشن، بە بەڵگە دادەنێن لەسەر ئەوەی، کە باشتر وایە تاشین بێ نەك کورت کردنەوە.

1- فقه السنة: ج/1 ص/535.

2- سنن البيهقي الكبرى: ج/5 ص/104.

3- مغنى المحتاج ج/1 ص/689. - الإيضاح: ص/342. - الفقه الإسلامي وأدلته: ج/3 ص/2267.

ئەگەرچی هەردووکیان هەر دروستن، چونکە لە ئایەتو فەرموودە، هەردوو ووشەی (الحلق- التقصیر)، هاتوونو جمهوری زانایانیش لەسەر ئەوەن، کە کامیان بکرێ هەر دروستە.

بەلاَم جیاوازی لە ئەندازە هەیە، کە چەند بیَو چۆن بێ، لەوەشدا لای مەزهەبی حەنەفی دەبێ چارێگی مووی سەر بێتو بەو ئەندازە ئیکتیفا دەکرێ.

مالیکیو حەنبەلی دەلێن: پێویستە کورتکردنەوەکە، بەئەندازەی سەرە پەنجەیەك بێت.

بەلاَم ئەندازەی پێویست لای مەزهەبی شافعی سێ تالَە مووەو بەو کەمە واجبەکە پێك دیَو، لەژێر ئیحرام دەچێتە دەرەوە.

ئەوان دەلێن: خوا فەرمویەتی: (مُحَلِّقِينَ رُؤُوسَكُمْ وَمُقَصِّرِينَ- أي شعر رؤوسكم)، چونکە سەر نابڕدرێ بەڵکو مووی سەر دەتاشرێ، وشەی (شعر) کۆیەو کەمترین ڕێژەی کۆش سێ تالَە مووە، کەواتە بە تاشین یان کورتکردنەوەی سێ تالَە موو ئەم واجبە پێك دێت.

بەکورتی واجبە تاشین یان کورتکردنەوە هەر بکاتو، بە کردنی یەك لەو دووانە واجبەکە لادەچێ، بەلاَم لەبارەی سوننەتەوە باشتر وایە تاشین بێ، چونکە خێری زیاترە لە کورتکردنەوە.

ئەوەشی هیچ مووی بەسەرەوە نەماوە ڕای زۆرینەی زانایان لەسەر ئەوەیە، کە مووس بە ڕووتایی سەری دابێنێت، هەروەك ئیبن عومەر دەفەرمووێ: (مَن جاء يوم النعر، ولم يكن على رأسه شعر، أبرى الموسي على راسه)[1]، واتە: ئەوەی گەیشتە ڕۆژی جەژنو مووی بەسەرەوە نەبوو، با مووس بەسەر سەریەوە دابێنێت.

---

1- الفقه الإسلامي وأدلته: ج/3 ص/2268.- دليل الحاج: 262

لەبارەی کاتو شوێنی تاشین یان کورتکردنەوەشدا، زانایان پێیان وایە لەدوای نیوە شەوی جەژنی قوربان دەست پێدەکا، بەلاّم باشتر وایە لە دوای ڕەجمی (شەیتانی گەورە)، بێتو، لە ڕۆژانی جەژنیش تێپەڕ نەکاتو، لە حەرەمیش دەرنەچێ.

ج– سوننەتو ئادابەکانی تاشینو کورتکردنەوە

1- لەکاتی تەواوکردنی سەفاو مەڕوە یان رەجم کردنی شەیتانی گەورە، کە تەواو بوو وا چاکە بە خۆی نەیتاشێت یان کورتی نەکاتەوە، بەڵکو کەسێکی تر ئەو کارەی بۆ بکات.

2- لە لای ڕاستەوە دەست پێ بکرێت پاشان لای چەپ، چونکە هاتووە: (أَنَّ رَسُولَ اللَّـهِ (ﷺ) أتى مِنىً فَأَتَى الْجَمْرَةَ فَرَمَاهَا، ثُمَّ أتى مَنْزِلَهُ بِمِنىً وَنَحَرَ ثُمَّ قال: لِلْحَلَّاقِ خُذْ وَأَشَارَ إلى جَانِبِهِ الْأَيْمَنِ ثُمَّ الْأَيْسَرِ ثُمَّ جَعَلَ يُعْطِيهِ الناس)[1]، واتە: پێغەمبەر(ﷺ) هاتە میناو چوو ڕجمی شەیتانی کردو، گەڕایەوە شوێنی حەوانەوەی خۆی لە میناو قوربانی کرد، پاشان بە سەرتاشەکەی فەرموو: ها ئەمە بگرە، ئاماژەی بە مووی سەر



سەرتاشین

1- صحيح مسلم: ج/2 ص/947.

کرد لای ڕاستە، ئینجا لای چەپەو، دواتریش مووەکانی بەخشیەوە بەسەر خەڵکدا.

3- وا باشە ڕووی لە قیبلە بێت لەکاتی تاشیندا.

4- هەتا تەواو دەبێ (ألله اكبر) بکاتو، ئەم دوعایەش بخوێنێ: (الحمد لله على ما هدانا والحمد لله على ما أنعم به علينا، اللّهم هذه ناصيتي فتقبل مني واغفر ذنوبي، اللّهم اغفر للمحلقين والمقصرين يا واسع المغفرة، اللّهم أثبت لي بكل شعرة حسنة، وامح عني بها سيئة وارفع لي بها عندك درجة).

5- لەدوای تەواو بوونی تاشین یان کورتکردنەوەش ئەم دوعایە بخوێنێ: (الحمد لله الذي قضى عني مناسكي، اللّهم زدني إيماناً ويقيناً وتوفيقاً وعوناً واغفر لي ولوالديّ ولسائر المسلمين والمسلمات)[1].

6- دوو ڕکعات نوێژ کردن دوای تەواو بوونی ئەو کارە.

7- کورت کردنەوەی سمێڵو ڕیش، لەگەڵ تاشین یان کورتکردنەوەی سەردا.

### د- حیکمەتی سەر تاشین یان کورتکردنەوە

لەبەر ئەوەی تاشین یان کورتکردنەوە خواپەرستیەو، مرۆڤ خێری زۆری لە ئەنجامدا پێ دەگات، وەك پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرمووێ: (إِذَا حَلَقَ رَأْسَهُ فَلَهُ بِكُلِّ شَعْرَةٍ سَقَطَتْ مِنْ رَأْسِهِ نُورٌ يَوْمَ الْقِيَامَةِ)، واتە: ئەوانەی سەریان دەتاشن بە هەر مووێك، كە لێیان دەكەوێت خوارەوە خوای گەورە نورێکیان پێ دەبەخشێ لە ڕۆژی قیامەتدا.

ئەوە حیکمەتی گەورەش لەخۆ دەگرێ، کە بریتیە لە داماڵینی هەموو چڵكو پیسیەك لەسەر جەستەی مرۆڤو، قوڵکردنەوەی ئەو داماڵینەش بۆ دەروونو ئەندامەکانی جەستە لە گوناهو تاوانو، خۆ ئامادەکردن بۆ زیارەتی ماڵی خواو تەوافی ئیفازە.

1- الإيضاح: ص/347.

کاتێ مرۆڤ وەك پابەندی فـەرمانی خـوا، جـوانترین‌و بـەرزترین ئەنـدامی خـۆی، کـە (سەریەتی) شۆڕ دەکاو، لە مووەکان پاکی دەکاتەوە، مانای ئەوە دەگەیەنێ: ئەی خوایە ئەوە سەرم بەو تاشینە یان کورتکردنە کەچ کرد بۆ فەرمانت‌و، پەیوەندیم لەگەڵ گوناهو تاوانەکانیش بڕی‌و، ئامادەم لە فەرمانی تۆ دەرنەچم.

یـاخود بڕینـی ئـەو مووانـە بەڵگـەی خۆشـحالّی دەربڕینـە، لەسـەر ئـەو فـەزڵ‌و گەورەییەی، کە خوای گەورە بەو کەسەی بەخشیوە لـە وەسـتانی عەرەفـەو ئـەدای ئـەو ئەرکە پیرۆزەدا، بە لابردنی تاوان‌و پاکبوونەوە لە گوناهەکان.

کاتێ مرۆڤ جوانی خۆی بەو تاشینە نـاهێڵێ، ئەمـە خـۆی لـە خۆیـدا پەیامێکـە بـۆ نەهێـشتنی هەرچـی ئاکـارو ڕەفتـاری ناڕێـك‌و ناشەرعیـشە، لەهـەمان کاتـدا دوور کەوتنەوەیە لەهەمموو ئەو شتانەی، لەگەڵ کەسایەتی موسڵمان نەگونجێ.

کەواتە ئامادە بوونی هەر کەسێ بە ملکەچی فەرمانی خواو، وەلانانی زینەو جوانی ڕوخسار لـەپێناو پاداشـت‌و لـەززەتی ئیمـان، بـە تاشین‌و کورتکردنـەوەی مـووی سـەر، بەڵگەیە لەسەر پابەندی خودی کەسەکە بەرامبەر هێڵـە گشتی‌و بنەڕەتیـەکانی ئیمـان‌و ڕێبازی پێغەمبەرەوە(ﷺ)، هەروەك (علی سالم) لە شیعرێکی خۆیدا باس لەو مەسـەلە دەکات‌و دەڵێ[1]:

| | |
|---|---|
| والحلق والتقصير إقصاء الذنوب جميعها | بَعد التزام العَهـد والأوراد |
| وكذلك إستِئْصالُ كلِّ رذيلـــةٍ | وإزالة الأهـواء بالإخـلاد |
| والحلق تركُ رياسةٍ وزعـامـــة | إن جُزت حيّاً أو أَقَمْتَ بنادي |

1- من حكم الشريعة وأسرارها: 179.

# باسی دووەم

## ئەرکەکانی حەج (واجبات الحج)

وەك لەپێشدا ئاماژەمان پێ دا، فەریزەی حەج کۆمەڵێ مەرجو واجبی هەیە، کە پێویستە خوشكو برای حاجی لێیان ئاگادار بێت، بۆ ئەوەی لە حاڵەتی ئەدا کردنیان کەمتەرخەم نەبێو، بە جوانی ئەنجامیان بدات.

لەو باسەدا تیشك دەخەینە سەر ئەرکەکانی حەج، واتە باس لە (واجباتەکانی حەج) دەکەین، کە ماناکەی دیارە، واتە پێویست بوونی ئەو هەنگاوانەی حەجیان پێ تەواو دەکرێ، هەروەك لە زاراوەی فیقهیشدا (واجب) واتە: بە ئەنجامدانی مرۆڤ پاداشت وەردەگرێو، بە پێچەوانەوە سزای بۆ دادەنرێ.




لێرەدا یەك یەك باسی ئەرکەکانی حەج دەکەین، کە بریتین لە شەش ئەرك (شەش واجب)، کە هەر یەکەو بە شێوەی پێویست لەسەریان دەدوێین، کە مانای روونی خۆیان ببەخشن:

## یەکەم: ئیحرام بەستن لە شوێنی دیاریکراودا

واتە لەو شوێنانەی، کە پێیان دەگوترێ: (مواقیت)، کە پێشتر باسمان لێوە کردووە، واجبە ئیحرامی خۆی بپۆشی، لەگەڵ ئەو کارانەی تری پێویست، کە لەکاتی ئیحرام پۆشیندا ئەنجام دەدرێن، ئیحرام بۆ خۆی ڕوکنی حەجە، بەلاّم پۆشینی لە شوێنی دیاریکراو واجبی حەجەو، ئەرکە هەرکەس لەو شوێنەدا ئیحرام بپۆشێو ئینجا داخیلی حەرەم بێت[1].

لەوبارەوە پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرمووێ: (هُنَّ لَهُنَّ وَلِمَنْ أتى عَلَيْهِنَّ من غَيْرِهِنَّ مِمَّنْ أَرَادَ الْحَجَّ وَالْعُمْرَةَ، وَمَنْ كان دُونَ ذلك فَمِنْ حَيْثُ أَنْشَأَ حتى أَهْلُ مَكَّةَ من مَكَّةَ)[2]، واتە: دوای ئەوەی پێغەمبەر(ﷺ) شوێنەکانی ئیحرام پۆشینی دیار کرد، فەرمووی:




1- مناسك الحج والعمرة في الغسلام: 34.
2- صحيح البخاري: ج/2 ص/554.

ئەوانە شوێنی ئیحرام بەستنن بۆ دانیشتوانی ئەو وڵاتانەو، هەم بۆ ئەو کەسانەی، کە بەو ڕێگایانەدا دێنو، دەیانەوێ حەج یان عومرە ئەنجام بدەن.

هەر کەسێکیش لەنێوان میقاتو مەککە، یان هەر دانیشتووی مەککە بوو، ئەوە ئیحرام لە شوێنی خۆی دەبەستێو، هیچ کێشەی نییە.

## دووەم: وەستان لە عەرەفە تا خۆرئاوا بوون

واتە لەڕۆژی عەرەفە، کە ڕوکنی حەجە، بەلاّم وەستان لەو شوێنەو مانەوە تا کاتی خۆرئاوا بوون واجبە، چونکە پێغەمبەر(ﷺ) مۆڵەتی کەسی نەداوە، لەو کاتەدا لە سنوری عەرەفە دەربچێ، بەڵکو خۆیشی تا کاتی خۆرئاوا بوون لەوێ وەستاوە، وەك لەو فەرمودەشدا هاتووە: (عن جابر(رضي الله عنه) فأجاز رسول الله(ﷺ) حتى أتى عرفة، فنزل بنمرة حتى إذا زاغت الشمس فأتى بطن الوادي فخطب الناس...ثم أَذَّنَ ثم أقام فصلى



الظهر ثم أقام فصلى العصر، ثم رَكِبَ حتى أتى الموقف واستقبل القبلة فلم يزل واقفاً حتى غربت الشمس)[1]، واتە: پێغەمبەر(ﷺ) ڕابرد تا هات لە نزیك (عەرەفە) لە نەمیرە دابەزی، ئینجا هاتە شیوی عورەنە وتاری خوێندەوە، ئینجا بانگدەر بانگی نیوەڕۆی داو قامەتی نوێژی کرد، پێغەمبەر(ﷺ) نوێژی نیوەڕۆو عەسری بە (جمع التقديم) کردن، ئینجا هاتە شوێنی وەستانی (عەرەفە)و ڕووی لە قیبلە کردو، تا ڕۆژ ئاوا بوو، هەر لە وەستانی عەرەفە بەردەوام بوو.

هەر کاتیش خۆر ئاوا بوو چاوەڕێی بانگو نوێژ ناکەن، بەڵکو بەرەو موزدەلیفە دەکەونە ڕێ.

## سێیەم: شەو مانەوە لە موزدەلیفە

لە دوای گەڕانەوە لە عەرەفە بەرەو موزدەلیفە[2]، واجبە لەوێدا بمێننەوە، بەڵگەش لەسەر ئەمە، خوای گەورە دەفەرمووێ: (فَإِذَا أَفَضْتُم مِّنْ عَرَفَاتٍ فَاذْكُرُواْ اللّهَ عِندَ الْمَشْعَرِ الْحَرَامِ وَاذْكُرُوهُ كَمَا هَدَاكُمْ)[3]، واتە: هەرکاتێك لە عەرەفات گەڕانەوە، لە لای (مشعر الحرام)، کە موزدەلیفەیە زیکری خوا بکەن.

هەرچەندە لە ئەندازەی مانەوەدا جیاوازی زۆر هەیە لەنێوان زانایاندا، بەڵام ئەوەی پێویست دەکات لە مانەوەدا ئەوەیە، کە لەدوای نیوە شەو ماوەیەك بمێنیتەوە، جا ئەگەر تا بەیانیش نەبێ دروستە، مانەوەش تا بەیانی خێری زیاترەو باشتریشە، چونکە پێغەمبەر(ﷺ)، کە مۆڵەتی پیرو بێ هێزو پەککەوتەی دا فەرمووی: بەر لە نوێژی

1- صحيح مسلم: ج/2 ص/889.

2- مزدلفە: ئەو شوێنەیە، کە کەوتۆتە نێوان عەرەفەو مینا، تەنها (وادی محسر) نەبێ کە دۆڵێکە لەنێوان موزدەلیفەو میناداا، کاتی خۆی ئادەمو حەوا لەو شوێنە بە یەکتر شاد بوونەوەو لێك نزیك بوونەوە، چونکە موزدەلیفە لە (إزدلف)وە هاتووە، کە بە مانای نزیکی دێت بۆیە پێی دەگوترێ (مزدلیفە).

3- البقرة: 189.

بەیانی بڕۆن، بەڵگەیە لەسەر دروستی ڕۆیشتن بەر لەبەیانی بەشێوەیەکی گشتی، ئەگەرنا ڕێگەی بەوانیش نەدەدا[1].

هەرچەندە زانایانی سەردەم وایان فەتوا داوە، کە ئەگەر کەسێك ماوەی سەعاتێك یان دوو سەعات لە دوای نیوەشەو لە موزدەلیفە مایەوە، دروستە بڕواو واجب نیە تا نوێژی بەیانی لەوێدا بمێنێتەوە، لەبەر قەرەباڵغی گەیشتن بۆ مینا ئەنجامدانی ڕەجمی جەمرەی عەقەبە[2].

## سوننەتەکانی موزدەلیفە:

1- کردنی نوێژی مەغریبو عیشا بە(جمع التأخير) لە کاتی گەیشتن بە موزدەلیفە، وەك هاتووە: ( دَفَعَ رسول اللَّهِ(ﷺ) من عَرَفَةَ فلما جاء الْمُزْدَلِفَةَ نَزَلَ فَتَوَضَّأَ فَأَسْبَغَ الْوُضُوءَ ثُمَّ أُقِيمَتْ الصَّلَاةُ فَصَلَّى الْمَغْرِبَ ثُمَّ أُقِيمَتْ الْعِشَاءُ فَصَلَّى ولم يُصَلِّ بَيْنَهُمَا)[3]، واتە: پێغەمبەر(ﷺ) لەعەرەفە گەڕاوە، ئینجا هات لەموزدەلیفە دابەزیو دەستونوێژی گرتو نوێژی مەغریبی کرد، ئینجا نوێژی عیشای کرد.



2- خۆشوردن لەو شەوەدا بەمەبەستی وەستانی (مشعر الحرام).

1- الإيضاح: ص/299.
2- تبصير الناسك بأحكام المناسك: ص/36.
3- صحيح مسلم: ج/2 ص/934.

3- هەڵگرتنەوەی بەردەکانی ڕەجمی شەیتانەکان، کە پێویستە ئەندازەیان لە دەنکی نۆك گچکەترو، لەپاقلەش گەورەتر نەبێ، باشتر وایە بەردی گەورە نەشکێنی، بەڵکو وا باشە هەر بەردی ورد هەڵبگریتەوە.

4- زیندوو کردنەوەی ئەو شەوە، بە زیکرو پاڕانەوەو تەلبیە کردن.

5- سەرکەوتنو وەستان بۆ شوێنی (مشعر الحرام )، کە بەرزاییەکە لە ناو موزدەلیفە دایەو، دوعا کردن لەو شوێنەو ڕوو کردنە قیبلە.

6- مانەوە تا کاتی بەیانیو نوێژ کردن لەوێدا، وەك لەو فەرموودەدا هاتووە:

( اضْطَجَعَ رسول اللَّهِ(ﷺ) حتى طَلَعَ الْفَجْرُ وَصَلَّى الْفَجْرَ حين تَبَيَّنَ له الصُّبْحُ بِأَذَانٍ وَإِقَامَةٍ ثُمَّ رَكِبَ الْقَصْوَاءَ حتى أتى الْمَشْعَرَ الْحَرَامَ فَاسْتَقْبَلَ الْقِبْلَةَ فَدَعَاهُ وَكَبَّرَهُ وَهَلَّلَهُ وَوَحَّدَهُ فلم يَزَلْ وَاقِفًا حتى أَسْفَرَ جِدًّا)،




واتە: پێغەمبەر(ﷺ) لە موزدەلیفە پاڵی دایەوە تا بەیان دەرکەوت، نوێژی بەیانی لەکاتی دەرکەوتنی بەیانیدا کرد، ئینجا هاتە (مشعرالحرام)و ڕووی لە قیبلە کردو، دوعاو زیکری خوای کرد، تا بەتەواوی دونیا ڕووناك بوو.

## چوارەم: شەو مانەوە لە مینا:

دوای ئەوەی کاروانی حاجیان لە موزدەلیفە بەرەو مینا ڕۆیشت، ئەوە واجبە دوو شەوەکانی ڕۆژانی جەژن، کە پێیان دەگوترێ: (أيام التشريق) یان (الأيام المعدودات) لەو شوێنە بمێنێتەوە، کە پێی دەگوترێ: خاکی (مینا)، کە دەکاتە شەوی (11-12) ذوالحجة.

بەلاّم مانەوەی شەوی سێیەم لەمینادا سوننەتەو، حاجی سەر پشکە لە نێوان مانەوەو گەڕانەوەیدا، چونکە خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرمووێ: (وَاذْكُرُواْ اللّهَ فِي أَيَّامٍ مَّعْدُودَاتٍ فَمَن تَعَجَّلَ فِي يَوْمَيْنِ فَلاَ إِثْمَ عَلَيْهِ وَمَن تَأَخَّرَ فَلا إِثْمَ عَلَيْهِ لِمَنِ اتَّقَى)[1]، واتە: هەرکەسێك لە دوو ڕۆژەکانی دوای جەژندا ڕەجم بکاو، پەلە بکاو لە مینا بڕواتە دەرەوە هیچ گوناهێکی لەسەر نیە، هەر کەسێکیش ڕۆیشتنەکەی بۆ ڕۆژی سێیەم دوا بخات، دیسان هیچ گوناهێکی لەسەر نیە.

ئەو مانەوەش بەوە مسۆگەر دەبێت، کە حاجی دوو شەوەکەی ڕۆژانی تەشریق لەوێدا بکاتەوە، لەبەر ئەوەی پێغەمبەر(ﷺ) لەوێدا ماوەتەوەو، شەوی سێیەمیشی تەواو کردووە[2].

جا ئەگەر دوای ڕەجم کردنی (جەمرەی عەقەبە) ویستی تەواف بکات، ئەوە پێویست دەکات، کە گەڕاوە بۆ مەککە بە مەبەستی ئەنجامدانی تەواف، دەبێ بەر لە خۆرئاوابوون بگەڕێتەوە مینا، بۆ ئەوەی تەواوی شەوەکان لەوێ بێت.

مەگەر کەسێك عوزرێکی زۆر پێویستی شەرعی نەبێت، بۆی نیە شەو لە مینا دەربچێ، یان لە دەرەوەی مینا بخەوێ، چونکە پێغەمبەر(ﷺ) تەنها لەحاڵەتی

1- البقرة: 203.
2- الإيضاح: 308.

هەبوونی عوزرێکی شەرعی رێگەی داوە، وەك لەو فەرموودەدا هاتووە: (أَنَّ الْعَبَّاسَ (رضي الله عنه) اسْتَأْذَنَ النبي(ﷺ) لِيَبِيتَ بِمَكَّةَ لَيَالِيَ مِنًى مِن أَجْلِ سِقَايَتِهِ) واتە: پێغەمبەر(ﷺ) ئیزنی (عباس)ی دا، شەوەکانی (منی) لە مەککە بمێنێتەوە، تاکو ئاوی خواردنەوە بۆ حاجیان ئامادە بکات.

وەك مەعلومە لەڕۆژی یەکەمی جەژنی قوربان حاجیان بەرەو مینا دەڕۆن‌و، کارەکانی ئەو رۆژە ئەنجام دەدەن، کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

1- رەجم کردنی شەیتانی گەورە.

2- سەر بڕینی هەدی‌و قوربانی.

3- سەر تاشین یان کورتکردنەوە.

4- تەوافی ڕوکنی حەج، کە پێی دەگوترێ: (طواف الإفاضة).

بەلاّم دەکرێ تەواف دوابخرێ تا لە مینا کارەکان تەواو دەبن، ئینجا بە یەکجاری بگەڕێتەوە مەککەو، ئەو کات تەوافی ڕوکن ئەنجام بدات.

بەلاّم واباش‌و پێویستە ئەو ماوەی لە مینا دەمێنێتەوە، کاتەکانی خۆی بە زیکرو قورئان خوێندن‌و تەوبەو دوعاو پاڕانەوە بباتە سەرو، خەڵك ئەزیەت نەداو، قسەو هەڵسوکەوتی ناشیرین نەکات، چونکە ئەو کاتانە ناگەڕێنەوەو، ئەرکە خوشك‌و برای حاجی لێی ئاگادار بن‌و، بەردەوام لە خواپەرستی‌و زیکر دابن‌و خۆیان بە شتی لاوەکی سەرقاڵ نەکەن.

## حیکمەتی مانەوەی مینا

ئەو حیکمەتە لەوەدا دەردەکەوێ، کە پێش ئیسلام عەرەب هەندێ نەریتیان هەبووە، یەکێ لەو نەریتانەش، کۆبوونەوەیان بوو لە میناو، بەمەبەستی بازاڕ گەرم کردن بە خۆهەڵکێشان بە نەسەب‌و ڕەگەزو تیرەو دەسەلاّت‌و پارەوپول.

ئیسلام هات ئەو كۆبوونەوەی لە بەرگێكی تردا قبوڵ كرد، كە لـە وێنـەی مانـەوەی ئێستادا دەردەكەوێ، بەڵاّم لەجیاتی خۆهەڵكێشان بەسەر یەكدا، ڕۆحیەتی ئاینو زیكرو ستایشو برایەتیو خۆشەویستی كـردە، پێناسـەی ئـەو كۆبوونـەوەو، مانـەوەی شـەوو ڕۆژانی مینا[1].

ئەمەش شكۆی ئیمانداران دەر دەخات، كە بەوپەڕی ڕێكیەوە، لە جوانترین وێنـەوە، بەجیاوازی دەنگو ڕەنگو ڕەگەزەوە، بەملكەچیو هەقیقەتی عیرفانیەوە، وەك پابەندی بە فەرمانی خوا ئەو ماوەیە بەسەر دەبەن، كـە وەك كۆنگرەیـەكی گـەورەی پـڕ سـوودو قازانجی دینو دونیا دەردەكەوێو، تەعبیر لە هەموو ئەو هێڵو پەیوەندیانە دەكات، كـە كۆمەڵگە موسڵمانەكان لە هەر كوێیەكی دونیا هەن، پێكەوە دەبەستێتەوە.




1- من حكم الشريعة وأسرارها: ص/168.

## پێنجەم: ڕەجم کردنی شەیتانەکان

ئەمەش یەکێکی ترە لەو ئەرکانەی پێویستە لە (أيام التشريق) ئەنجام بدرێ، کە بریتیە لە ڕەجم کردنی هەرسێ شەیتانەکان، کە بەپێی فەرموودەی پێغەمبەر(ﷺ) دیاری کراوە، هەروەك جابر دەڵێ: (عن جَابِرَ بن عبد اللَّهِ(رضي الله عنه) يقول: رأيت رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَرْمِي على رَاحِلَتِهِ يوم النَّحْرِ يقول لِتَأْخُذُوا مَنَاسِكَكُمْ فَإِنِّي لَا أَدْرِي لَعَلِّي لَا أَحُجُّ بَعْدَ حَجَّتِي هذه)[1].

واتە: پێغەمبەرم بینی هەر بەسواری حوشترەکەیەوە ڕەجمی دەکرد فەرمووی: تا ئێوە ئەرك‌و کارەکانی حەج لە منەوە وەربگرن، چونکە نازانم ساڵێکی تر حەج دەکەمەوە یان نا.

هەروەها کۆ دەنگی زانایان لەسەر ئەوەیە، کە ڕەجم کردن واجبەو پێویستە بکرێ[2]، جا بۆ ئەوەی وردتر بچینە ناو باسەکە، لە چەند خاڵێك ڕوونی دەکەینەوە:



1- سنن أبي داود: ج/2 ص/201.
2- الخلاصة: ص/179.

### أ- کاتی ڕەجم کردن

بەپێی بۆچوونی زانایانی پێشوو کاتی ڕەجم کردنی شەیتانەکان، کە لەڕۆژەکانی جەژن دەکرێ، پێویستە شەیتانی گەورە لەڕۆژی جەژنو، دوای خۆر هەڵاتن ڕەجم بکرێ، کە ئەو ڕۆژە بە تەنها ئەو شەیتانەی، کە پێی دەگوترێ: (جمرة العقبة) ڕەجم دەکرێت.

بەلاّم ڕۆژانی تر رەجم کردنەکە لەدوای زەوالو، بە ڕیزبەندی لە شەیتانی گچکەوە بۆ ناوەندەکەو، ئینجا شەیتانی گەورە، یەك لە دوای یەك ڕەجم دەکرێن.

بە بەڵگەی ئەو فەرمودەیە، کە هاتووە: (عن جَابِرٍ قال: رَمَى رسول اللَّهِ(ﷺ) الْجَمْرَةَ يوم النَّحْرِ ضُحًى، وَأَمَّا بَعْدُ فإذا زَالَتْ الشَّمْسُ)[1]، واتە: پێغەمبەر(ﷺ) لەڕۆژی جەژندا لەکاتی چێشتەنگاودا شەیتانی گەورەی ڕەجم کرد، بەلاّم لە ڕۆژەکانی تر هەر کاتێك ڕۆژ لای دەدا هەرسێك شەیتانەکانی ڕەجم دەکردن، واتە لە دوای زەوالدا.

کاتی ڕەجمی هەر ڕۆژێکیش بە ئاوابوونی خۆر تەواو دەبێو، قەزاش ناکرێتەوە، بەڵکو لەبری ئەوە خوێن واجب دەبێ.

هەرچەندە ئیمامی حەرەمەینو ئیمامی ڕافعیو ئیمامی ئەسنەوی بە دروستیان داناوە، پێش زەوالیش سێ شەیتانەکان ڕەجم بکرێن[2].

### ب- مەرجەکانی ڕەجم کردن

بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ڕێكو پێك ئەو واجبە تەواو بکرێ، چەند مەرجێك هەیە پێویستە لەو ڕەجم کردنەدا هەبن، کە بریتین لەمانەی خوارەوە[3]:

1- دەبێ بەرد هاوێشتنەکە بە دەست بێ: واتە دروست نیە بە هیچ ئالەتو شتێك بەردەکان بهاوێژرێن، بەڵکو پێویستە بە دەست یەکە یەکەی بەردەکان فڕێ بداو، لەگەڵ هەر بەردێکیش سوننەتە بڵێ: (الله اكبر).

1- صحيح مسلم: ج/2 ص/945.

2- چۆنیەتی حەجو عومرە: ص/154.

3- الفقه الإسلامي وأدلته: ج/3 ص/2257- الإيضاح: ص/312- الخلاصة: ص/189.

2- هاوێشتراوەکە بەرد بێت: نابێ جگە لە بەرد هیچ شتێکی تر بەکار بهێنێ بۆ ڕەجم کردن، چونکە لە فەرموودە ناوی بەرد هاتووە، لەبەر ئەوە دروست نیە بە دارو خۆڵو ئاسنو شتی لەو جۆرە ڕەجمەکە بکرێت.

3- هاوێشتنی بەردەکان یەك یەك: چونکە پێغەمبەر(ﷺ) وای ئەنجام داوە، جا ئەگەر کەسێك دوو بەرد پێکەوە یان هەموویان بە یەکجار فڕێ بدات، ئەوە هەر بە جارەك حیسابەو، دەبێ حەوت جارەکە تەواو بکات.

4- ریزبەندی شەیتانەکان: واتە یەکەمجار شەیتانی گچکە ئینجا شەیتانی ناوەند پاشان شەیتانی گەورە، تا ڕەجمی شەیتانێك بەتەواوی نەکات، دروست نییە ئەوەیتر رەجم بکات، لەبەر ئەوەی ڕیزبەندیەکە تێك دەچێ.

5- کردارەکە هاوێشتن بێت: واتە مەرجە بەردەکان بهاوژێو، بکەونە ناو حەوزی شەیتانەکان، کەوابێ دروست نابێ بەردەکان ببا لەوێ دابنێ.

بەڵکو دەبێ بە هاوێشتنو بەردەکانیش بکەونە ناو حەوزەکە، ئەگەریش کەوتنە دەرەوەی حەوزەکە، ئەوە ڕەوا نیەو، دەبێ دووبارەی بکاتەوە.

6- حەوت بەرد بۆ هەر شەیتانێك: کەمتر لەو ژمارەیە دروست نیە، ئا بەو ئەندازەش



ژمارەی بەردەکان بۆ ئەو کەسەی هەرسێ ڕۆژ، لەدوای جەژن تەواو دەکات (70) بەردە، بەڵام بۆ ئەوەی تەعەجول دەکا (49) بەردە.

ڕۆژی جەژن حەوت بەردو ڕۆژانی تریش هەر ڕۆژەو(21) بەرد پێویست دەکات.

**ج– سوننەتەکانی ڕەمی:**

1- وتنی (الله اكبر) لەگەڵ هەر بەرد هاویشتنێکدا، چونکە تەلبیە لەگەڵ ڕەجم نامێنێو تەواو دەبێ.




2- بەدەستی ڕاستە ڕەجم بکات.

3- بەردەکە پاك بێتو، بەئەندازەی دەنکی پاقلە بێ.

4- هەڵگرتنەوەی بەردەکان یەك یەکە، نەك شکاندنی بەردێكو کردنی بە حەوت کەرتە بەرد.

5- بەرز کردنەوەی دەست لەکاتی بەرد هاوێشتندا.

6- دوعا کردن لەدوای ڕەجم کردنی شەیتانی گچکەو ناوەنددا، بۆ وەرگرتنی ئەو دوعایەش کە زانایان بە باشی دەزانن لەو شوێنە بخوێندرێت، لەبەشی دوعاکان دوعای دوای ڕەجم سەیر بکە.

**د– ڕەجم کردن لەجیاتی کەسێکی تر:**

ئەگەر کەسێك لەبەر پیری یان نەخۆشی نەیتوانی ڕەجم بکات، واجبە کەسێکی تر ڕاسپێرێ، بۆ ئەوەی کارەکەی بۆ ئەنجام بدات، بەڵام پێویستە ئەو دوو مەرجە لەو حاڵەتەدا ڕەچاوو بکرێن:

**یەكەم:** بزانـدریٚ ئـەو كەسـە هـۆی نـەتوانینی ڕەجمـی تـا كۆتـایی ڕۆژانـی تەشریق بەردەوام دەبێت.

**دووەم:** لەكاتی ڕەجم جێگرەكەی دابنیٚ، هەروەها پێویستیشە جێگرەكـە لـە پێـشدا بۆ خۆی ڕەجم بكات، ئینجا بۆ ئەو كەسە، كە كردویەتی بە وەكیل.

هەروەها تەنها لە ڕەجم دروسـتە كەسـێك بكـریٚ بـە وەكیـل، لـە بـاقی كردارەكـانی دیكەی حەج، نیابەت دروست نییە[1].

ر- حیكمەتی ڕەجم كردن:

ڕەجـم كردنـی شـەیتانەكان ئەگـەر چـی كردارێكـی ڕەمزیـەو ئـەنجام دەدریٚ، بـەلاٚم لەڕاستیدا پەیامێكە بۆ بەرەنگاری شەیتانو، دوور كەوتنەوە لیٚی، لـە تـەواوی ژیانـدا، وەك بلێی پەیامەكە وایە: خودایە بەو حەوت بەردە شەیتانەكانم ڕەجم كـرد، ئـیتر بڕیـار بیٚ لە تەواوی ژیانم لە خۆمی دوور خەمەوە.

هەروەها بەجیٚ گەیاندنی بەڵێنی خوایەو، پابەندیە بە سوننەتی پێغەمبـەر ئیـبراهیم (سەلامی خوای لەسەر بیٚ)، جا ئەگەر چی لە وێنەدا ڕەجم كردنی ئـەو كێلانەیـە، بـەلاٚم لە جەوهەردا ڕەجم كردنی شەیتانە، كـە دەیـەویٚ بەنـدەكان لـە زەل ببـا، وە بـەو ڕەجمـە ڕووی هەقیقەتی بەندایەتی بۆ خوا دەرەكەویٚ، بەشێوەیەك كە وانەیـەكی گـەورە دەداتـە مـرۆڤ، لـە واز هێنـان لـە هـەواو نـەفسو تـاوانو، ڕوو كـردن لـە گوێڕایـەڵی خـوای پەروەردگار[2].

1- مغنى المحتاج: ج/1 ص/683.

2- من حكم الشريعة وأسرارها: ص/169- إحياء علوم الدين: ج/1 ص/233.

ز- ئیحرام شکاندن

بێگومان کاتێک حاجی ئیحرام دەپۆشی، کۆمەڵێک ئەرکی دەکەوێتە سەر، کە ناتوانێ خۆی لە ژێر ئەو ئیحرامە دەر بچوێنێ، تا کارەکانی حەج تەواو نەکات، ئەوەش پێی دەگوترێ: ئیحرام شکاندن، یان حەڵاڵ بوونی شکاندنی ئیحرامی حەجو عومرە. ئەو ئیحرام شکاندنەش دوو حاڵەتی هەیە:

## یەکەم: حەڵاڵ بوونی یەکەم (التحلل الأول)

واتە هەر کاتێ حاجی دوو کاری لەو سێ کردارە ئەنجام دا، کە بریتین لە: (ڕەجمو، سەرتاشینو، تەوافی روکن)، ئەوە بۆی هەیە ئیحرامی خۆی بشکێنێ، بەوەش گشت قەدەغەکراوەکانی بۆ حەڵاڵ دەبنەوە، تەنها ئافرەت نەبێ، هەروەك لەو فەرموود هاتووە: (إذا رَمَيْتُمْ الْجَمْرَةَ فَقَدْ حَلَّ لَكُمْ كُلُّ شَيْءٍ إلا النِّسَاءَ)[1]، واتە: هەر کاتێك شەیتانی گەورەتان رەجم کرد، گشت قەدەغە کراوەکانتان بۆ حەڵاڵ دەبن، تەنها ئافرەتان نەبێت.

## دووەم: حەڵاڵ بوونی دووەم (التحلل الثانی)

ئەوەش لەو کاتەوە دروست دەبێ، کە حاجی هەرسێ کرداری (رەجمو، حەلقو، تەواف)ی ئەنجام دا، لەو حاڵەتە بۆی هەیە ئیحرامی خۆی دابنێو، هەموو شتە قەدەغە کراوەکانیشی بۆ حەڵاڵ دەبنەوە بە ئافرەتیشەوە.

1- سنن ابن ماجة: ج/2 ص/1011.

## شەشەم: تەوافی ماڵئاوایی (طواف الوداع)

دوایەمین ئەرکی خوشكو برای حاجی لە حەجدا، بریتیە لەو تەوافەی پێی دەگوترێ: (طواف الوداع)، ئەمەش دوای ئەوە دێت، کە حاجی هەموو کارەکانی خۆی تەواو کردبێو، بە نیازی گەڕانەوە بێت، پێویستە لەسەری تەوافی خواحافیزی ئەنجام بدات، چونکە پێغەمبەر(ﷺ) فەرمانی لەسەر ئەو تەوافە داوەو، وەك ئاخیر کاریش دیاری کردوە، هەروەك ئیبن عەباس دەگێڕێتەوە: (أُمِرَ الناس أَنْ يَكُونَ آخِرُ عَهْدِهِمْ بِالْبَيْتِ إلا أَنَّهُ خُفِّفَ عن الْحَائِضِ)[1]، واتە: لەلایەن پێغەمبەر(ﷺ) فەرمان بە خەڵك کراوە، کە ئاخیر کردەوەیان تەوافی (بەیت) بێ، بەلاّم بۆ بار سووکی ڕێگە دراوەتە ئافرەتی حەیزدار، کە تەواف نەکاو، بگەڕێتەوە ولاّتی خۆی.

بەپێی ئەو فەرمووده تەوافی ماڵئاوایی لە بەیت واجبە لەسەر حاجیو، دەبێ ئەنجامی بدات، هەروەك زۆربەی زانایان لەسەر ئەو ڕایەن.

هەروەها لە فەرموودەیەکی تردا دەفەرمووێ: (لاَ يَنْفِرَنَّ أَحَدٌ حتى يَكُونَ آخِرُ عَهْدِهِ بِالْبَيْتِ)[2]، واتە: با کەستان دەرنەچێو نەگەڕێتەوە، تا ئاخیر کاری لە حەرەم تەوافی بەیت دەبێت.

ئەم تەوافەش وەك تەوافەکانی تر دەکرێت، دوای تەواو بوونیش پێویستە حاجی خۆی سەرقاڵ نەکات بەشتی لاوەکی، وەك: بازاڕو سەردانو زۆر مانەوەو خۆ دواخستن، چونکە زانایان بۆچوونیان وایە، ئەگەر زەمەنێکی زۆر دوای تەواف لەوێ مایەوە، دەبێ دووبارەی بکاتەوە، ئەگەر کەسێکیش بە عەمدی نەیکرد، ئەوە خوێنی دەکەوێتە سەر،

1- صحيح البخاري: ج/2 ص/624.

2- صحيح مسلم: ج/2 ص/963.

تەنها ئەو تەوافە لەسەر ئافرەتی حەیزدارو زەیستانی هەڵگیراوەو خوێنیشی لەسەر نییە[1].

هەروەها لەسەر ئەو خەڵکانەش نییە، کە دانیشتووی مەککەی پیرۆزن.

هەر بۆ زانیاریش ئەم تەوافە گورگە لۆقەی تیا نییەو، سوننەتیشە دوای تەواوبوون لە تەواف دوو ڕکعەت بکاتو، ئینجا زۆر دوعاو نزا بکات، بەتایبەت ئەو دوعایەی، کە ئیبن عەباس گێڕاویەتیەوە، کە لە بەشی دوعاکان نوسراوەتەوە.




1- مناسك الحج والعمرة: ص/195- تبصير الناسك بأحكام المناسك: ص/17.

# بەشی پێنجەم

# خوێنو فیدیەکانی حەجو عومرە

## دەسپێك:

لە بەر ئەوەی مەسەلەی فیدیە لەمەوسمی حەجدا، زۆر پرسیارو قسە هەڵدەگرێ، تەنانەت مشتومڕی زۆریش لەو پێناوە دروست دەبێ، زۆرجاریش حاجیان لەو مەسەلەدا تووشی جۆرێك لە هەڵەو نارێكی دێن، بۆیە ئەگەر بە كورتیش بێ، لەو بەشەدا باس لە چۆنیەتی فیدیەو، جۆرەكانی دەكەین، بۆ ئەوەی بەرچاو ڕوونیەك دروست ببێ لەو بارەوە.

دواتریش باس لە چۆنیەتی ئەنجام دانی قوربانی دەكەین، چونكە نزیكە لەو بەشەو، هەم بۆ ئەوەش بزانین فیدیەو قوربانی لێك جیاوازنو، كۆمەڵێك ڕێساو یاسایان هەیە. لەبەر ئەوە لێرەدا بە چەند باسێك دەچینە سەر ئەو تەوەرەو بە پشتیوانی خوای گەورە روونی دەكەینەوە:



# باسی یەکەم

## پێناسەو بەڵگە

**فیدیە :** واتە سەر بڕینی ئاژەڵێك، كە لەئەنجامی نەكردنی واجبێك، یان بەهۆی كردنی قەدەغەكراوێك لەسەر مرۆڤ واجب دەبێ، یانیش بەهۆی بەستنی ئیحرام بەنیەتی تەمەتوع، یان بەقیران، كە ئەمەش دەچێتە خانەی شوكرانە، نەك بە زۆر داندرا بێ، چونكە وەك سوپاس دەبڕینە لەسەر ئەو خۆشیەی لەئەنجامی ئەو نیەتەوە دروست دەبێ.

هەروەها فیدیە بەو دانەوێڵەو پارەو ڕۆژووەش دەگوترێ، كە لە جیاتی سەر بڕینی ئاژەڵ واجب دەبێ.

پێغەمبەر(ﷺ) لەو بارەوە دەفەرمووێ: (مَنْ نَسِيَ مِنْ نُسكِهِ شَيئاً، أَو تَرَكَهُ فَلْيُهرِق دَماً)[1]، واتە: هەر كەسێك واجبێكی حەج لەبیر بكا، یان بە قەسدی نەیكات، با خوێن بڕێژێ، واتە: دەبێ ئاژەڵێك سەر ببڕێ.

مەرجیش بۆ ئەو ئاژەڵە ئەوەیە، لەگشت ئەو عەیبو كەمو كوڕیانە سەلامەت بێ، كە كاریگەری لە گۆشتەكەی دەكەن، بەمانایەكی تر ئەو ئاژەڵەی دەكرێتە فیدیە، دەبێ مەرجەكانی قوربانی تێدا بێتە جێو، بۆ قوربانیش بشێ.

جا ئەگەر ئاژەڵەكە مەڕ بێ، مەرجە ساڵێكی تەواو كردبێ، ئەگەر بزن یان مانگا بێ، دەبێ دوو ساڵی تەواو كردبێ، ئەگەریش ووشتر بوو، مەرجە پێنج ساڵی تەواو كرد بێ.

لەو مەسەلەشدا جیاوازی نیە لەنێوان ئافرەتو پیاودا، هەروەك خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿**وَالْبُدْنَ جَعَلْنَاهَا لَكُم مِّن شَعَائِرِ اللَّهِ**﴾[2]، واتە: ئێمە سەربڕینی قوربانییە دابەستەكانمان بڕیار داوە كە هەندێك بن لەدروشمەكانی خوا (كە لەكاتی حەجو جەژنی قورباندا ئەنجام دەدرێت)، پەیامەكە تایبەت نەكراوە بەڕەگەزێك بەڵكو هەردوولا دەگرێتەوە.

1- سنن البيهقي الكبرى: ج/5 ص/30.
2- الحج: 36.

# باسی دووەم
# جۆرەکانی فیدیە

هەروەك ئاماژەمان پێدا، فیدیە لەئەنجامی نەکردنی واجبێك یان کردنی قەدەغەکراوێك واجب دەبێ، لە نەکردنی هەر واجبێکی حەجیشدا، جیاوازی نیە لە نێوان ئەو کەسەی بە نەزانی، یان بە سەهوو، یان بە قەسدی، یان لە بیری چوو بێ واجبەکە بکات.

لەگشت ئەو حاڵەتانە خوێن واجب دەبێت، بەڵام کردنی قەدەغەکراوەکان دوو جۆرن:

**یەکەمیان:** ئەگەر قەدەغەکراوەکە لەناوبردن بێ، وەکو کوشتنی نێچیر، بڕینی گیاو درەخت، دەرهێنانی موو، نینۆك کردن..هتد.

ئەوە دیسان جیاوازی نیە لە نێوان ئەو کەسەی بە قەسدی یان لەبیری چوو بێ، یان بە نەزانی یان بە سەهوو قەدەغەکراوەکەی ئەنجام دابێ، واتە لە هەموو حاڵەتەکان تۆڵەو خوێنی دەکەوێتە سەر.

**دووەمیان:** ئەگەر قەدەغەکراوەکە خۆشی پێ دیتن بێ، وەکو جیماع کردن، دەستبازی، جلی درواوو پێڵاو، خۆ بۆنخۆش کردن، داپۆشینی سەر، داپۆشینی ڕووی ئافرەت.. هتد.

ئەوە تەنها ئەو کەسە دەگرێتەوە، کە بە قەسدی قەدەغەکراوەکە ئەنجام دەداو، زانیاریشی پێ هەیە، بەو پێیەش هەر کەسێك ئەگەر نەیزانی، یان سەهوو بوو، یان زۆریان لێکرد، تۆڵەی لەسەر واجب نابێ[1].

1- الإيضاح: ص/471. -كفاية المحتاج: ص/103. - الفقه الأسلامي وأدلته: /3 ص/2325. - چۆنیەتی حەجو عومرە: ل/207.

لێرەدا چۆنیەتیو جۆرەکانی ئەو فیدیەیەی، کە لەسەر مرۆڤ واجب دەبێ لە چەند خاڵێك دەخەینەڕوو، کە خۆی لەچوار جۆر خوێن دەبینێتەوە، چونکە یان بە شێوەی ڕیزبەندی فیدیەکە دیاریکراوە، کە ناتوانرێ ڕیز بەندیەکەی تێك بدرێ، یانیش بە شێوەی سەرپشکی لەنێوان ئاژەڵو، بەڕۆژوو بوونو، دانەوێڵەو، خواردن بەشینەوە بەسەر هەژاراندا دیاری کراوە، جا ئەگەر فیدیەکە بەپێی ڕیزبەندی واجب بوو، ئەوە دروست نیە لە ئاژەڵەوە بگۆڕدرێ بۆ ڕۆژوو، یان لە ڕۆژووەوە بۆ زاد دابەش کردن.

ئەگەریش جۆری فیدیەکە سەرپشکی تێدا بوو، ئەوە خوێندەر سەر پشکە لە نێوان سەر بڕینی ئاژەڵو، دە ڕۆژ بەڕۆژوو بوونو، بەشینەوەی خواردن بەسەر هەژارانی حەرەمدا:

## یەکەم: ڕیزبەندو دیاریکراو ( الترتيب والتقدير )

ئەو جۆرەی فیدیە واجب دەبێ بەهۆی ئەنجامدانی یەك لەو کارانەی خوارەوە:

**1- ئیحرام بەستن بە تەمەتوع (التمتع):**

واتە ئەو کەسەی، کە ئیحرام بەو نیەتەوە دەبەستێو، دەیەوێ خۆشی لە نێوان قەدەغە کراوەکانی نێوان عومرەو حەج ببینێ، خوێنی لەسەر واجب دەبێ، بە بەڵگەی ئەو ئایەتەی خوای گەورە: ﴿**فَمَن تَمَتَّعَ بِالْعُمْرَةِ إِلَى الْحَجِّ فَمَا اسْتَيْسَرَ مِنَ الْهَدْيِ فَمَن لَّمْ يَجِدْ فَصِيَامُ ثَلاثَةِ أَيَّامٍ فِي الْحَجِّ وَسَبْعَةٍ إِذَا رَجَعْتُمْ تِلْكَ عَشَرَةٌ كَامِلَةٌ**﴾[1]، واتە: هەر کەسێك لەززەتی دیت بە تەواو بوونی عومرە، تا ئیحرام بەستنی حەج، واجبە ئەو ئاژەڵەی ئاسانە لە (فدیە) دا بیدا.

جا هەرکەسێك ئاژەڵەکەی دەست نەکەوت واجبە سێ ڕۆژان لەحەجداو، حەوت ڕۆژانیش هەرکاتێك گەڕانەوە، بەڕۆژوو بێ ئەوە دەکا دە ڕۆژو فیدیەکەی لەسەر نامێنێ.

---

1- البقرة: 196.

**2- ئیحرام بەستن بە قیڕان**

لە پێشتر باسی قیڕانمان کرد، کە بریتیە لەبەستنی ئیحرام بە نیەتی ئەنجامدانی حەج و عومرە پێکەوە، مادام هەردوو واجبەکە بە یەك ئیحرام ئەنجام دەدات، ئەوە خوێنی لەسەر واجب دەبێ.

**3- دەرچوون لە میقات بێ ئیحرام**

واتە هەر کەسێك لەمیقاتەکانەوە داخلی ناو حەرەم ببێ و، ئیحرامی خۆی نەبەستبێ، ئەوە فیدیەی لەسەرە، چونکە ئیحرام بەستن لەشوێنی دیاریکراو، یەکێکە لەواجبەکانی حەج، هەروەك ڕوونمان کردۆتەوە.

**4- نەمانەوە لەموزدەلیفە:**

ئەو کەسەی لەدوای عەرەفەوە، کە دەگەڕێتەوە موزدەلیفە، ئەگەر لەبەشێکی نیوەی دووەمی شەودا، لەوێ نەمایەوە فیدیەی دەکەوێتە سەر، لەبەر ئەوەی مانەوە لە موزدەلیفە واجبی حەجەو، پێویستە حاجی ئەنجامی بدات.

**5- شەو نەمانەوە لە مینا:**

واتە ئەو دوو شەوەی ڕۆژانی تەشریق، کە واجبە حاجی لە مینادا بمێنێتەوە، ئەگەر بەبێ عوزر لەوێ نەمایەوە خوێنی لەسەر واجب دەبێ.

**6- ڕەجم نەکردنی شەیتانەکان:**

واتە ئەگەر کەسێك یەك لەشەیتانەکانی ڕەجم نەکرد، یان سێ بەردی لەیەکێ لەڕەجمەکان نەقس بوو، ئەوە فیدیەی دەکەوێتە سەر[1].

**7- نەکردنی تەوافیماڵئاوایی (طواف الوداع):**

ئەمە جگە لەو ئافرەتانەی لەحاڵەتی بێ نوێژی و زەیستانی دان، ئەگەر کەسێك دوای تەواو بوونی کارەکانی لەحەرەم خواحافیزی نەکرد، خوێنی دەکەوێتە سەر.

1- هەمان سەرچاوەکانی پێشوو.

### 8- لەدەست چوونی وەستانی عەرەفە:

هەر کەسێك ئیحرامی بەستو بە هەر هۆیەك لەهۆیەکان وەستانی عەرەفەی لەدەست چوو، دیسان فیدیەی لەسەر واجب دەبێ.

### دووەم: فیدیەی ڕیزبەندو قرساندن ( الترتیب والتعدیل )

ئەو جۆرەشیان واجب دەبێ بەو دوو شتانەی خوارەوە:

### یەکەم: جیماع کردن:

واتە ئەو جیماعەی کە حەج تێك دەدا، چونکە جیماع کردن لەحاڵەتی ئیحرامدا حەجو عومرەی ژنو پیاو بەتاڵ دەکاتەوەو، خوێنیش واجب دەکا، ئەگەر بە قەسدیو بۆ خۆشیو بەویستی هەردوولا ئەنجام درا، هەروەك هاتووە:

(عن إبن عمر وبن شعیب عن أبیە: أَنَّ رَجلاً سألَ العبادلة: إبن عمر وإبن عمر وإبن عباس (رضی اللە عنهم) عن محرم وقع بإمرأتە؟ فقالوا: بطل حَجُكَ واخرج مع الناس واصنع مایصنعون فاذا قابل فَحَجَّ وأهد)[1]، واتە: هەر سێ (عبداللە)یەکان پرسیاریان لێ کرا: دەربارەی پیاوێك، کە جیماعی لەگەڵ ژنی خۆی کردبێ، لەحاڵەتی ئیحرامدا؟ فەرموویان: حەجەکەی بەتاڵەو، واجبە تەواوی بکاو، لەساڵی داهاتووشدا قەزای بکاتەوەو، وشترێکیش بکاتە فیدیە.

هەرچەندە ئەو خاڵە ووردەکاری زۆری تێدایە، بەلاّم ناچینە سەریو بە ئەوەندە ئیکتیفا دەکەین.

### دووەم: ڕێ لێگرتن و تەواو نەکردنی حەج (الإحصار):

ئەگەر کەسێك ئیحرامی بەستو، لە هەموو لایەکەوە قەدەغەکراو ڕێگەی حەجکردنی پێنەدرا، یاخود حەجی تەواو نەکرد، ئەوە ئیحرام دەشکێنێو، فیدیە

---

1- سنن البیهقي: ج/5 ص/167.

دەدات، هەروەك لە قورئاندا هاتووەو خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿**فَإِنْ أُحْصِرْتُمْ فَمَا اسْتَيْسَرَ مِنَ الْهَدْيِ وَلاَ تَحْلِقُواْ رُؤُوسَكُمْ حَتَّى يَبْلُغَ الْهَدْيُ مَحِلَّهُ**﴾[1]، واتە: ئەگەر لە گشت ڕێگەیەکەوە قەدەغە کران، حەج یان عومرە بکەن، ئەو ئاژەڵەی بۆتان ئاسانە سەری ببڕن، بەلاّم سەرتان مەتاشن تا ئاژەڵەکە دەگاتە شوێنی خۆیی‌و دەکوژرێتەوە.

جا لەو دوو حاڵەتەدا فیدیەکە بەپێی ڕیزبەندی دەدات، واتە ووشترێك، ئەگەر نەبوو مانگا، ئەگەر ئەویش نەبوو، ئەوە مەڕ یان بزن، ئەگەر ئەوانە هیچیان دەست نەکەوتن، ئەوە بەقرساندن فیدیەکە دەدات، واتە ووشترەکە دەقرسێنێ‌و، بەو پارەیە دانەوێڵە دەکڕێ، بۆ هەژارەکانی حەرەم، جا ئەگەر توانای کڕینی نەبوو ئەوە لە جیاتی هەر مستێکی دانەوێڵەکە ڕۆژێك بە ڕۆژوو دەبێ.




1- البقرة: 196.

### سێیەم: فیدیەی سەرپشك و دیاریكراو (التخيير والتقدير)

ئەم جۆرە خوێندانەش واجب دەبێ، كاتێ یەك لەو كردارانەی خوارەوە ئەنجام دەدرێن، بەلاَم لەحاڵەتی ئیحڕامدا، نەك لە كاتەكانی تر، ئەوانەش بریتین:

**1- هەڵكەندن و لابردنی موو**

لەوەشدا جیاوازی نییە، مووی سەرو ڕیش بێ، یان هی شوێنەكانی تری لاشە، هەروەها جیاوازیش نیە لە نێوان تاشین و، دەرهێنان و، سوتاندن و، دەرمان لێدان، یان بەخۆی لایان ببا، یان كەسێكی تر، چونكە خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿**وَلاَ تَحْلِقُواْ رُؤُوسَكُمْ**﴾[1]، واتە: لە حاڵەتی ئیحڕامدا سەرتان مەتاشن.

جا زانایان دەفەرموون: هەر كاتێ سێ تاڵە موو، یان زیاتر لابران خوێن واجب دەبێ، بەلاَم ئەگەر بێ دەستی خۆی بوو، یان زۆری لێ كرا، یان لە خەودا بوو سەریان تاشی، ئەوە فیدیەی لەسەر واجب نابێ، بەلاَم ئەگەر نەخۆش بوو یان عوزرێكی شەرعی هەبوو، دروستە سەر بتاشێ، بەلاَم فیدیەی لەسەر واجب دەبێ، هەروەك خوای گەورەش دەفەرمووێ: ﴿**فَمَن كَانَ مِنكُم مَّرِيضاً أَوْ بِهِ أَذًى مِّن رَّأْسِهِ فَفِدْيَةٌ**﴾[2]، واتە: هەركەسێك لە ئێوە نەخۆش بوو، یان ئازارێك بەسەریەوە بوو سەری تاشی، واجبە فیدیە بدات.

**2- نینۆك كردن**

جا نینۆكی دەست بێ یان پێ، لەوەشدا بە قرتاندن و، كردنی سێ نینۆك خوێن واجب دەبێ، چونكە زانایان قیاسیان كردۆتە سەر موو، بەلاَم ئەگەر بەهۆی كەوتنە خوارەوە، یان هەر هۆیەكی تر، نینۆكی شكاو ئەو لێی كردەوە، فیدیەی ناكەوێتە سەر.

**3- خۆ چەور كردن**

هەر كات لە حاڵەتی ئیحڕامدا، مووی سەرو ڕیش و سمێڵ بە هەر جۆرە ڕۆنێك چەور كران، ئەوە فیدیە واجب دەبێت.

1- البقرة: 196.

2- البقرة: 196.

## 4- خۆ بۆنخۆش کردن

بە بەکارهێنانی بۆنی خۆش، لەجەستەو جلو بەرگدا، بە هەر شێوەیێ لە شێوەکان، تەنها ئەگەر بۆ زەرورەت، وەك دەرمانكردن یان خواردنی بۆنداری وەك: شیوو دارچینو بەهارات، ئەگەر نا خوێن واجب دەكات.

پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرمووێ: (لَـا يَلْـبَسُ الْمُحْـرِمُ ثَوْبًـا مَـسَّهُ زَعْفَـرَانٌ ولا وَرْسٌ)[1]، واتە: هیچ جلێكی وەها لەبەر مەكەن، كە بۆنی زەعفەران، یان بۆنی ورسی لێ بێت.

## 5- لەبەرکردنی جلی درواو

كە تایبەتە بە پیاوان، وەك كراسو بێجامەو هەر شتێكی تری درواو، چونكە پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرمووێ: (لَا يَلْبَسُ الْمُحْرِمُ الْقَمِيصَ ولا الْعِمَامَـةَ ولا الـسَّرَاوِيلَ ولا الْبُرْنُسَ ولا الْخُفَّيْنِ)[2]، واتە: نابێ پیاوی بە ئیحرام: كراسو مێزەرو بێجامەو چەفیەو گۆرەوی لەبەر بكات، یان بەكاریان بهێنێ.

هەروەها داپۆشینی سەریش دروست نییە، جا بەجلی درواو بێ یان نا، لەبەر ئەوەی پێغەمبەر(ﷺ) لەبارەی ئەو پیاوەی لەوشترەكەی كەوتە خوارەوەو مرد، فەرمووی: (وَأَلْبِسُوهُ ثَوْبَيْهِ ولا تُخَمِّرُوا رَأْسَهُ)[3]، واتە: هەردوو بەرگەكەی لەبەر كەنو سەریشی دامەپۆشن، بۆیە بەكارهێنانی جلی درواوو داپۆشینی سەر فیدیە واجب دەكات.

بێگومان حاڵەتی زەروریش جیایەو، ئەگەر پیاو هیچی دەست نەكەوت دروستە جلی درواو لەبەر بكاتو، مەبەستی داپۆشینی عەورەت بێ، فیدیەی لەسەر واجب نابێ، چونكە پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرمووێ: (من لم يَجِدْ النَّعْلَيْنِ فَلْيَلْبَسْ الْخُفَّيْنِ وَمَنْ لم يَجِدْ إِزَارًا فَلْيَلْبَسْ سَرَاوِيلَ)[4]، واتە: هەركەسێك نەعلی دەست نەكەوت با خوف لەبەر

1- صحيح البخاري: ج/5 ص/2187.
2- صحيح البخاري: ج/5 ص/2199.
3- سنن النسائي: ج/5 ص/197.
4- صحيح البخاري: ج/2 ص/654.

بکاتو، هەر کەسیش پەشتەمالی دەست نەکەوت عەورەتی پێ داپۆشێ، با بێجامە لەبەر بکا.

سەبارەت بە ئافرەتانیش هەرکاتێ دەمو چاویان داپۆشی فیدیەیان لەسەر پێویست دەبێ.

**6- جیماعی دووەمو پێشەکیەکانی جیماع کردن**

واتە لەدوای جیماعکردنی یەکەم، کە حەج تێك دەدات، هەرکات جیماعەکەی دووبارە کردەوە، فیدیەی مەڕێك یان بزنێکی لەسەر واجب دەبێ، بەو مەرجەی لەحاڵەتی ئیحرامدا بێت[1].

هەروەها هەرکاتێ ماچو دەستبازی لەگەڵ ئافرەتی خۆیدا کردو شەهوەتی جوولا، دیسان فیدیە پێویست دەکات، بەلاَم هەندێ لە زانایان دەفەرموون: لەو حاڵەتە فیدیەی بچووکی لەسەر پێویست دەبێت.

## چوارەم: فیدیەی سەرپشكو قرساندن

واتە ئەو خوێنەی، کە خوێندەر سەرپشکە لەنێوان ئاژەڵو قرساندنی بە پارە، یان پارەو دانەوێڵە بەشینەوە، یانیش بەڕۆژوو بوون، کە ئەو جۆرە فیدیەیە لە ئەنجامی کردنی یەك لەو دوو کردارانەی خوارەوە پێویست دەبێ:

**1- ڕاوکردنی نێچیر**

ڕاوکردنی هەر جۆرە ئاژەڵێك فیدیە واجب دەکات، بەلاَم لە خوێنەکە سەر پشکە لەوەی وێنەی نێچیرەکە سەر ببڕێ، یان مەڕێك سەر ببڕێ، یان بە پارە بیقرسێنێ، یان بەپارەکە، دانەوێڵە بکڕێو دابەشی بکات، یان لەجیاتی هەر مستێ دانەوێڵە ڕۆژێك بەڕۆژوو ببێ.

1- كفاية المحتاج: ص/375.

هەروەك خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿**هَدْيًا بَالِغَ الْكَعْبَةِ أَوْ كَفَّارَةٌ طَعَامُ مَسَاكِينَ أَو عَدْلُ ذَلِكَ صِيَامًا**﴾[1]، واتە: تۆڵەی نێچیرەکە ئاژەڵێك بێ بگاتە حەرەمو، لەوێ سەر ببڕێ، یان بە نرخی ئاژەڵەکە دانەوێڵە بدرێتە هەژاران، یان بەقەد دانەوێڵەکە بە ڕۆژوو ببێ، ئەمە لەکاتێکدا، کە نێچیرەکە وێنەی نەبێ، بەڵام ئەگەر وێنەی هەبوو پێویست دەکات وێنەی نێچیرەکە بکرێتە فیدیە، چونکە خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿**لاَ تَقْتُلُواْ الصَّيْدَ وَأَنتُمْ حُرُمٌ وَمَن قَتَلَهُ مِنكُم مُّتَعَمِّدًا فَجَزَاء مِّثْلُ مَا قَتَلَ مِنَ النَّعَمِ**﴾[2]، واتە: لەحاڵەتی ئیحرامدا نێچیر مەکوژن، هەر کەسێك لە ئێوە بەقەستی نێچیر بکوژێ، سزای دەکەوێتە سەر، ئاژەڵێکی خۆماڵی وەکو کوژراوەکە لە تۆڵەدا بدات.

### 2- بڕینی درەختو گیای حەرەم

هەر کەسێك درەخت یان گیای خۆڕسکی حەرەم ببڕێ یان هەڵیکەنێ فیدیەی لەسەر واجب دەبێ، تەنانەت ئەو دارو درەختانەی بەدەستیش چێنراون، هەمان حوکمیان هەیە، چونکە پێغەمبەر(ﷺ) قەدەغەی کردووە، درەختی حەرەم لەناو ببرێت، هەروەك دەفەرمووێ: (ان إبراهيم حَرَّمَ مَكَّةَ وَإِنِّي حَرَّمْتُ الْمَدِينَةَ ما بين لَابَتَيْهَا لَا يُقْطَعُ عِضَاهُهَا ولا يُصَادُ صَيْدُهَا)[3]، واتە: حەزرەتی ئیبراهیم (سەلامی خوای لەسەر بێ) مەککەی حەرام کرد منیش مەدینەم حەرام کرد، نێوان هەردوو زەمینەکەی بەردە ڕەشەکانو نێوان هەردوو کێوەکەی (عیرو سەور)، نابێ داری ببڕدرێو، نابێ نێچیری ڕاو بکرێ، بەڵام هەڵکەندنو بڕینەوەی ئەو گیایانەی بە دەست چێنراون، واتە ئەگەر لەدەستی شکان، یان هەڵیکەند، ئەوە هیچی لەسەر نییەو، فیدیەشی تێدا نییە.

1- المائدة: 95.
2- المائدة: 95.
3- صحيح مسلم: ج/2 ص/992.

# باسی سێیەم

# کاتو شوێنی سەربڕین

لەڕووی زەمەنەوە هیچ کاتێك دیاری نەکراوە، بۆ ئەوەی ئاژەڵی فیدیەی تێدا سەر ببڕدرێ، کە بەهۆی نەکردنی واجبێکی حەج یان بەهۆی کردنی قەدەغەکراوێکی حەج لەسەر مرۆڤ پێویست دەبێت، تەنها ئەوە نەبێ، کە سوننەت وایە ئاژەڵی فیدیە لەکاتی سەربڕینی قوربانی بکوژرێتەوە، کە دەکاتە ڕۆژانی جەژن.

بەلاّم لەڕووی شوێنەوە ئاژەڵی فیدیە واجبە لەخاکی حەرەمدا سەر ببڕدرێ.

ئەگەر لە دەرەوەی حەرەم ئەنجام درا دروست نابێ، چونکە خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿**هَدْيًا بَالِغَ الْكَعْبَةِ**﴾[1]، واتە: ئاژەڵی خوێنەکە بگاتە حەرەم لەوێ سەر ببڕێ.

گەورەترین شوێنی حەرەمیش بۆ سەر بڕینی ئاژەڵی فیدیە مینایە، چونکە لەوێ کارەکانی حەج تەواو دەبن،و، پێغەمبەریش(ﷺ) فەرموویەتی: (**نَحَرْتُ هَا هُنَا وَمِنًى كُلُّهَا مَنْحَرٌ**)[2]، واتە: من لێرەدا ئاژەڵم سەر بڕیو، مینا گشتی شوێنی سەر بڕینە.

هەروەها دروست نیە خوێندەر بەخۆی لە فیدیەی خۆی بخوات، بەڵکو پێویستە بەسەر هەژارانی دابەش بکات.

بەلاّم قوربانی بە پێچەوانەوە کاتی دیاری کراوە، کە ڕۆژانی جەژنە، بەس شوێنی دیاری نەکراوەو، دروستە لە هەر شوێنێکی دونیا بێت[3].

1- المائدة: 95.
2- سنن أبي داود: ج/2 ص/187.
3- الإيضاح: ص/324.

# باسی چوارەم

# چۆنیەتی قوربانی کردن

## 1- پێناسەو بەڵگە:

**قوربانی:** بەو ئاژەڵە دەگوترێ، کە لە جەژنی قورباندا بەنیەتی خێرو، خواپەرستی سەر دەبڕدرێ.

لەڕووی حوکمیشەوە قوربانی کردن سوننەتێکی گەورەیە (مؤكدة)و، هەموو کەسێك دەتوانێ ئەنجامی بدات، حاجی بێ یان نا، بەلاّم قوربانی بۆ مردوو ناکرێ، تەنها ئەگەر وەسیەتی کرد بوو، ئەوە بۆی دروستە.

خوای گەورەش لەقوڕئانی پیرۆزدا، لەبارەی قوربانیەوە بە پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرمووێ: ﴿**فَصَلِّ لِرَبِّكَ وَانْحَرْ**﴾[1]، واتە: نوێژی جەژن بۆ خوای خۆت بکەو، قوربانی سەر ببڕە.

هەروەها پێغەمبەر(ﷺ) قوربانی کردووە، هەروەك لەو فەرموودە هاتووە: (ضَحَّى النبي(ﷺ) **بِكَبْشَيْنِ** أَمْلَحَيْنِ فَرَأَيْتُهُ وَاضِعًا قَدَمَهُ على صِفَاحِهِمَا يُسَمِّي وَيُكَبِّرُ فَذَبَحَهُمَا بيده)[2]، واتە: پێغەمبەر(ﷺ) قوربانی کرد بە دوو بەرانی سپیپاتی شاخدار، بەدەستی خۆی سەری بڕین‌و گوتی: (بِسْمِ الله والله أَكبَر) پێی خۆی دانایە سەر تەنیشتی ڕاستەی ئەستۆی بەرانەکان.

کۆدەنگی زانایانیش لەسەر ئەوەن، کە قوربانی کردن سوننەتی کیفایەیە، واتە ئەگەر ئەندامێك لەناو خێزاندا بیکات، ئەوە سوننەتی قوربانیەکە بۆ گشتیان دێتە جێ‌و، خێرەکەش بۆ ئەو کەسەیە، کە ئەنجامی داوە.

ئەو ئاژەلاّنەی بۆ قوربانی دەشێن بریتین لە (ووشتر، مانگا، مەڕ، بزن)، مەرجی ووشتریش ئەوەیە پێنج ساڵی تەواو کردبێ، بەلاّم مانگاو گاو بزن، پێویستە لانی کەم

1- الكوثر: 2.

2- صحيح البخاري: ج/5 ص/2113.

دوو ساڵیان تەواو کردبێ‌و، چووبنە ساڵی سێیەمەوە، هەروەها مەڕیش دەبێ ساڵێکی تەواو کردبێ، ووشترو گاو مانگا، دەکرێ حەوت کەس تێدا بەژدار بن، هەروەك هاتووە: (عن جابر(ﭬ): نَحَرْنَا مع رسول اللَّهِ(ﷺ) عَامَ الْحُدَيْبِيَةِ الْبَدَنَةَ عن سَبْعَةٍ وَالْبَقَرَةَ عن سَبْعَةٍ)[1]، واتە: لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) وشترێکمان لەجیاتی حەوت کەسان سەر بڕی‌و، مانگایەکیشمان لەجیاتی حەوت کەسان سەر بڕی. بەلاّم مەڕو بزن لەبری یەك کەس بەقوربانی دەچن.

## 2- مەرجەکانی قوربانی

ئەو ئاژەڵەی، کە دەکرێتە قوربانی، پێویستە ڕەچاوی چەند مەرجێکی تێدا بکرێت، بۆ ئەوەی بە باشترین‌و جوانترین کردەوە، لەلای خوای گەورە وەربگیرێ، ئەمەش بۆ ئەوەیە کاری خێرو چاکە، بەوپەڕی چاکی‌و ڕێکیەوە ئەنجام بدرێ، بۆیە لێرەدا ئەو مەرجانە دەخەینەڕوو، کە پێویستە لە قوربانیدا هەبن:

1- ئاژەڵێك بێ لەو ئاژەلاّنەی، کە پێشتر ناومان هێنان، چونکە جگە لەو چوار ئاژەڵە هیچ ئاژەڵ‌و گیانلەبەرێکی تر، بەقوربانی ناچێت.

2- خودی قوربانیەکە سەلامەت بێ، لەو عەیب‌و کەم‌و کوڕیانەی کاریگەری لە گۆشتەکەی دەکەن لەوانەش:

أ- نابێ کۆرە بێت.

ب- نابێ نەخۆشیەکی دیاری هەبێ.

ج- نابێ قاچێکی لەدەست دابێ یان بشەلێ.

د- نابێ بەهەر هۆیەك لەهۆیەکان مێشکی نەمابێ.

بەڵگەش لەسەر ئەمانە، ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەرە(ﷺ)، کە دەفەرمووێ: (أَرْبَعٌ لا يَجُزْنَ الْعَوْرَاءُ الْبَيِّنُ عَوَرُهَا وَالْمَرِيضَةُ الْبَيِّنُ مَرَضُهَا وَالْعَرْجَاءُ الْبَيِّنُ ظَلَعُهَا وَالْكَسِيرَةُ

1 - صحيح مسلم: ج/2 ص/955

الَّتِي لا تُنْقِي)[1]، واتە: چوار ئاژەڵ بۆ قوربانیکردن ناشێن: ئەوەی چاوی نەمابێ، یان نەخۆشە، یان دەشەلێ، یان مێشکی نەماوە، سەرەڕای ئەوانەش نابێ بەشێکی جەستەی لێ کرابێتەوەو، گۆشتەکەی کەم کرد بێتەوە.




قوربانی

3- پێویستە ئاژەڵی قوربانی تەمەنی پێویستی تەواو کرد بێ، بەو ئەندازەی لە پێشەوە باسمان کرد.

**4**- دەبێ لەکاتی دیاریکراودا قوربانیەکە بکرێ، کە لە دوای نوێژی جەژنەوە دەست پێدەکاو، لەگەڵ خۆر ئاوابوونی ڕۆژی سێیەمی (أيام التشريق) کۆتایی پێ دێت، چونکە پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرمووێ: (إِنَّ أَوَّلَ ما نَبْدَأُ فِي يَوْمِنَا هذا أَنْ نُصَلِّيَ ثُمَّ نَرْجِعَ، فَنَنْحَرَ

1- مسند احمد بن حنبل: ج/4 ص/284.

فَمَنْ فَعَلَ ذلك فَقَدْ أَصَابَ سُنَّتَنَا، وَمَنْ نَحَرَ قبل الصَّلَاةِ فَإِنَّمَا هو لَحْمٌ قَدَّمَهُ لِأَهْلِهِ ليس من النُّسْكِ في شَيْءٍ)[1]، واتە: یەکەم شت لە ڕۆژی جەژن نوێژ دەکەین، ئینجا قوربانی دەکەین، هەر کەس وا بکا، ئەوە سوننەتی ئێمەی کردووە، هەر کەسێکیش پێش ئەو کاتە قوربانی بکا، ئەوە گۆشتێکە داویەتیە خێزانو منداڵەکانیو بە قوربانی ناچێ.

**5-** دەبێ ئاژەڵەکە موڵکی خۆی بێتو، لانی کەم بەشێکی قوربانیەکە بەسەر هەژاران دابەش بکات.

## 3- حیکمەتو گەورەیی قوربانی کردن:

قوربانی کردن یەکێکە لە دروشمە خواپەرستیەکانی مرۆڤی موسڵمانو، هەر کات ئەو کردەوەیەش ئەنجام بدرێ، ئەوە مانای خواپەرستیو، دینداریو، نزیك بوونەوە، لە خوا دەدات، هەر وەك خوای پەروەردگار لەقورئانی پیرۆزدا دەفەرموێ: ﴿**ذَلِكَ وَمَن يُعَظِّمْ شَعَائِرَ اللَّهِ فَإِنَّهَا مِن تَقْوَى الْقُلُوبِ**﴾[2]، واتە: ئا بەو شێوە هەر کەسێك دروشمە خواپەرستییەکان بەرز رابگرێ، ئەوە نیشانەو زادەی هەبوونی تەقوایە لەدڵەکاندا.

پێغەمبەریش(ﷺ) لەبارەی قوربانیەوە دەفەرمووێ: (ما عَمِلَ آدَمِيٌّ من عَمَلٍ يوم النَّحْرِ أَحَبَّ إلى اللَّهِ من إِهْرَاقِ الدَّمِ إِنَّهَا لَتَأْتِي يوم الْقِيَامَةِ بِقُرُونِهَا وَأَشْعَارِهَا وَأَظْلَافِهَا وَأَنَّ الدَّمَ لَيَقَعُ من اللَّهِ بِمَكَانٍ قبل أَنْ يَقَعَ من الأرض)[3]، واتە: لە جەژنی قورباندا هیچ کردەوەیەکی ئادەمیزاد، خۆشەویستتر نیە لە لای خوای گەورە، لە سەربڕینی قوربانی، چونکە لەرۆژی قیامەتدا قوربانیەکە دێتە تەرازووی چاکە بە قۆچەکانیەوە، بە مووەکانیەوە، بە سمەکانیەوە، وە خوێنی قوربانی پێش ئەوەی بڕژێتە سەر زەوی لەلای خوا شوێنی خۆی دەگرێت.

1- صحيح البخاري: ج/1 ص/328.
2- الحج: 32.
3- سنن الترمذي: ج/4 ص/83.

لەوەدا بۆمـان ڕوون بوویـەوە، کـە قوربـانی خێرێکـی ئێجگـار گەورەیـەو، پاداشـتی زۆریشی بۆ داندراوە، هەر ئـەو قوربـانی کردنەشـە وا لـە مـرۆڤ دەکـات، لـە خـوا نزیـك بێتەوەو، هێمنیو ئاسوودەیی دەروونی پێ دەستەبەر دەکات.

حیکمەتیش لەئەنجامدانی قوربانی گەلێك زۆرە، بەڵام بە شێوەیەکی کورت لەو چەند خاڵە ئاماژەیان پێ دەدەین:

1- خواپەرستیو زیکری خوایە، چونکە قوربانی سوننەتێکی پڕ خێرە، بەوەش مرۆڤ لە خوا نزیك دەبێتەوە.

2- دەربڕینی سوپاسگوزاریە بۆ خوا، لەسەر ئەو نیعمەتانەی خوای گەورە بە مرۆڤی بەخشیوە، سەرەڕای تەسخیرکردنی شتەکان بۆ بەر دەستی مرۆڤ بۆ ئەوەی ستایشی خوای لەسەر بکرێت، ﴿**كَذَٰلِكَ سَخَّرْنَاهَا لَكُمْ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ**﴾[1].

3- بەشینەوەی خێرو بێر بەسـەر هـەژارانو، خۆشـکردنی دڵـی خـەڵکانی پێویـست، ﴿**فَكُلُوا مِنْهَا وَأَطْعِمُوا الْبَائِسَ الْفَقِيرَ**﴾[2].

4- بەزیندوو هێشتنەوەی سوننەتی باپیرەی گەورە حـەزرەتی ئیبراهیمـە، (سـەلامی خوای لەسەر بێت)، کە ئەو پەڕی ئامادەیی خۆی بۆ خوا دەربڕی، تا دواجار خوای گەورە بەرانێکی لەجیاتی سـەربڕینی ئیـسماعیلی کـوڕی بـۆ نـارد، کە لەو کاتیەوە تائێستاو دوا ڕۆژیـش، ئـەو سـوننەتە گەورەییو پیرۆزی خـۆی هـەر ماوەو هەر دەمێنێ.




1- الحج: 26.
2- الحج: 27.

# بەشی شەشەم

# زیـــارەت و دوعـــاکان

# باسی یەکەم

# زیـارەتەکان

لەو بەشەدا تیشك دەخەینە سەر هەندێ لەو شوێنانەی، کە سوننەتە زیارەت بکرێن‌و، دەکەونە هەردوو حەرەمی پیرۆزی شاری مەککەو مەدینـەی مونـەوەرەوە، بۆ ئـەوەی ئـەو کەسەی نیەتی زیارەتەکانی هەیە، بزانێ زیارەتی کوێ دەکرێ‌و ئادابی زیارەت‌و ڕوو کردنـە ئەو شوێنانەش چۆن‌و چین، تا خوشك‌و برای حاجی لەگەڵ سەردان کردنی بۆ ئەو شوێنانەی، کـە بـۆی دەکـرێ سـەردانیان بکـات، هۆشـیاری هـەبێ لەسـەریان‌و، بزانـێ مەبەسـت لـەو زیارەتەی چیە، گەورەترین زیارەتیش لەو سەفەرەدا، زیـارەتی مەدینـەی پیرۆزو گـۆڕی پـڕ بەرەکەتی حەزرەتی پێغەمبەر ( درودو سەلامی خوای لەسەر بێت).

ئەگەرچی لە سـەفەری حەجدا هـیچ واجبێکـی حـاجی، ناکەوێتـە شـاری مەدینـەو، هەمووی هەر لـە شـاری مەککـەی پـیرۆزە، بـەڵام بـەپێی چـەندین فـەرموودە، زیـارەتی مزگـەوتی مەدینـەو، گـۆڕی پێغەمبـەر(ﷺ) بـە یـەکێ لەسـوننەت‌و، خێـرە هـەرە گەورەکانی ئەو سەفەرە دادەندرێت.

شاری مەدینە حەرەمی پیرۆزی پیغەمبـەرەو، گـەورەیی‌و تایبەتمەنـدی خـۆی هەیـە، بۆیە کە حاجی کارەکانی تەواو بوو لـە مەککـە، سـوننەت وایـە بـەرەو شـاری مەدینـە هەنگاو بنێ، بە نیەتی زیارەت‌و، شادبوون بە پیرۆزترین شوێنی سـەر زەوی، کـە گـۆڕی پیغەمبەرو، ڕەوزەی شەریفە لەناو مزگەوتی گەورەی مەدینەدا.

شاری مەدینە، کە ئارامگەی پێغەمبەرەو، بە شـوێنی هاتنـە خـوارەوەی (وەحی)و پایتـەختی دەوڵـەتی ئیـسلامی لەچـاخی زێـڕین‌و، شـوێنی بەیەکگەیـشتنی موهـاجیرو ئەنسارەکان ناسراوە، خوای گـەورە ڕێـزدارو بەرەکەتـداری کـردووەو، بەحـەڕەمێکی پـڕ لەئارامی‌و خۆشی‌و ئاسوودەیش ناوزەدی کردووە.

## بڕگەی یەکەم: زیارەتی مەدینە

### أ- گەورەیی مەدینە

شاری مەینە یەکێکە لەو شوێنە پیرۆزانەی، کە تایبەتمەندی خۆی هەیە، لەهەموو ئەو تایبەتمەنیانەش گەورەتر ئەوەیە، کە ئارامگای پێغەمبەرە(ﷺ)، وێڕای ئەوەی بە هەزارەها شەهیدی ئیسلامو سەحابەی ڕێزداریشی لەخۆ گرتووە، لەبەر ئەوەشە لە چەندین فەرموودەدا پێغەمبەر(ﷺ) باسی لە گەورەییو، پیرۆزی ئەو حەرەمەی کردووە، هەرەك دەفەرمووێ: (أَنَّ إبراهيم حَرَّمَ مَكَّةَ وَدَعَا لها وَحَرَّمْتُ الْمَدِينَةَ كما حَرَّمَ إِبْرَاهِيمُ مَكَّةَ وَدَعَوْتُ لها في مُدِّهَا وَصَاعِهَا مِثْلَ ما دَعَا إِبْرَاهِيمُ عليه السَّلَام لِمَكَّةَ)[1]، واتە: بەڕاستی ئیبراهیم شەڕو ئاشووبی لە مەککە حەڕام کردو، دوعای خێری بۆ خەڵکەکەی کردووە، منیش بەهەمان شێوەی ئەو شەڕو ئاشووب لە مەدینە حەرام دەکەمو، دەپاڕێمەوە لە خوا، کە بەرەکەت بخاتە قووتو، مشتیانو، خەڵکەکەش بپارێزێ.




1- صحيح البخاري: ج/2 ص/749.

لە فەرموودەیەکی تردا دەفەرمووێ: (لا تُشَدُّ الرِّحَالُ إلا إلى ثَلَاثَةِ مَسَاجِدَ: مَسْجِدِ الْحَرَامِ وَمَسْجِدِ الْأَقْصَى وَمَسْجِدِي هذا)[1]، واتە: بنەو بارگە ناپێچرێتەوە تەنها بۆ سێ مزگەوت نەبێ: مزگەوتی حەرامو، مزگەوتی ئەقساو، مزگەوتی من.

یان دەفەرمووێ: (إنَّ الْإِيمَانَ لَيَأْرِزُ إلى الْمَدِينَةِ كما تَأْرِزُ الْحَيَّةُ إلى **جُحْرِهَا**)[2]، واتە: ئیمان لە مەدینە کۆ دەبێتەوە، هەر وەکو مار لە کونی خۆیدا خۆی کۆ دەکاتەوە.

هەروەها دەفەرمووێ: (صَلَاةٌ في مَسْجِدِي أَفْضَلُ من أَلْفِ صَلَاةٍ فِيمَا سِوَاهُ إلا الْمَسْجِدَ الْحَرَامَ، وَصَلَاةٌ في الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ أَفْضَلُ من مِائَةِ أَلْفِ صَلَاةٍ فِيمَا سِوَاهُ)[3]، واتە: نوێژێك لە مزگەوتەکەی من خێری لە هەزار نوێژی مزگەوتەکانی تر زیاترە، جگە لە مزگەوتی حەڕام، چونکە نوێژێك لەوێدا خێری زیاترە، لە سەد هەزار نوێژی مزگەوتەکانی تر.

یاخود دەفەرمووێ: (مَنِ اسْتَطَاعَ مِنْكُمْ أَنْ يَمُوتَ بِالْمَدِينَةِ فَلْيَمُتْ بِالْمَدِينَةِ فَإِنِّي أَشْفَعُ لِمَنْ مَاتَ بِهَا)[4]، واتە: هەرکەس دەتوانێ بمرێ لە مەدینە ئەوە با بێت لە مەدینەدا بمرێت، چونکە هیچ کەسێکی تێدا نامرێت ئیللا من دەبمە شەفاعەتکاری لە ڕۆژی دواییدا.

بۆیەش ئیمامی عومەر(رضي الله عنه) لەدوعایەکانیدا دەیفەرموو: (اللّٰهُمَ ارزقني شَهادة في سَبِيلك وَجْعَل مَوتي في بَلَد رَسولك)، واتە: ئەی خوایە پلەی شەهیدیم پێ ببەخشە لە پێناو ڕێبازەکەتو، مردنیشم پێ ببەخشە لەحەڕەمی پێغەمبەرەکەت، کە شاری مەدینەیە.

1- صحيح البخاري: ج/2 ص/703.
2- صحيح مسلم: ج/1 ص/131.
3- سنن ابن ماجة: ج/1 ص/541.
4- صحيح ابن حبان: ج/9 ص/57.

هەموو ئەو فەرموودانە بەڵگەن لەسەر پیرۆزیو، گەورەیی شاری مەدینەو، مزگەوتی پێغەمبەر(ﷺ)، بۆیەش ئەو کەسەی زیارەتی ئەو شوێنە دەکات، ڕێز لێگیراوەو، خێرو پاداشتی زۆریشی هەیە، بەڵام پێویستە ئاداب‌و تایبەتمەندی ئەو زیارەتە ڕەچاو بکرێو، نیەتیش وابێ، کە بەو زیارەتە مرۆڤ لە خوا نزیک بێتەوەو، خێری دەست دەکەوێ.



**مزگەوتی پێغەمبەر(ﷺ) لە مەدینە**

لەپاش خستنە ڕووی ئەو دەقانەی تەعبیر لە گەورەیی ئەو حەرەمە دەکەن، بە پێویستی دەزانم لە چەند خاڵێکدا باس لە ئاداب‌و چۆنیەتی زیارەت کردنی ئەو شوێنانە بکەم، کە پێویستە خوشك‌و برای حاجی لێی ئاگادار بن، بەتایبەت چەندی بە ئەدەب‌و بە ویقارو بە ڕێزەوە روو لە مزگەوتی پێغەمبەر بکرێ هەر کەمە، چونکە ئەو شوێنەو مزگەوتی مەدینە تایبەتمەندی خۆی هەیەو حەرەم‌و ئارامگەی پێشەوای مرۆڤایەتی حەزرەتی (محمد)ە، درودو سەلامی خوای لەسەر بێت، حەرەمێکی ڕێز لێگیراوە لە شەریعەتی ئیسلامدا.

**ب- ئادابی چوونە مەدینە:**

گەیشتن بە شاری مەدینە یەکێکە لەو نیعمەتە گەورانەی خوای گەورە بە مرۆڤی دەبەخشێت، کە پێویستە شوکرو سوپاسی لەسەر بکرێت، خۆشەویستیو شەوقو تامەزرۆ بوونیش بۆ شادبوون بە دیمەنەکانی ئەو شارە پیرۆزە، بەڵگەی هێزو دامەزراوەیی ئیمانو، خۆش ویستنی پێغەمبەر(ﷺ)، کە مرۆڤ هەست بە بەرەکەتی دەکات.

لەبەر ئەوەش پیویستە لەسەر ئەو کەسەی زیارەتی مەدینە دەکات ڕەچاوی ئەو چەند ئادابە بکات، کە لێرەدا بەکورتی دەیان خەینەڕوو:

1- مەبەستو نیەتی لە زیارەتی مەدینە نزیك بوونەوە بێت لە خوا، وە خۆشەویستی هەبێ بۆ ئەو شارە لەبەرئەوەی خۆشەویستی ئۆممەتی تێدا نێژراوە.

2- لەگەڵ نزیك بوونەوە لەو شارە، سەڵەوات لەدیداری پێغەمبەر بداو، وا دابنێ ئەو سەفەرە هەمان جۆری ئەو هیجرەتەیە، کە لەسەردەمی پێغەمبەر هەبووە.

3- پابەندی نواندنی تەواو لەڕووی ئەخلاقیو هەڵسوکەوتو ئەدەبو چۆنیەتی گەیشتن بە مزگەوتی مەدینەوە.

4- هەوڵدان بۆ کاری چاکەو خێرو زیکرو قورئان خوێندنو سەڵەوات لێدانو نوێژکردن لەو شارە، چونکە چاکە لەوێ فەزڵو گەورەیی خۆی هەیە[1].

5- نەرمی نواندن لە هەڵسوکەوتدا، چونکە ئارامگەی پێغەمبەرە(ﷺ) پێویستە بەوپەڕی جوانیەوە لە هەموو کارەکان ئەدەب بنوێنی.

6- ئەنجام نەدانی تاوانو کارو قسەی ناشایستە، چونکە نەگونجاوە لەگەڵ هەرەمی مەدینەو سزای هەیە، هەروەك پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرمووێ: (الْمَدِينَةُ حَرَمٌ من كَذَا إلى

1- فضل المدينة وآداب سكناها وزيارتها: ص/28.

كَذَا لَا يُقْطَعُ شَجَرُهَا ولا يُحْدَثُ فيها حَدَثٌ من أَحْدَثَ فيها حَدَثًا فَعَلَيْهِ لَعْنَةُ اللَّهِ وَالْمَلَائِكَةِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ)[1].

7- ئاگادار بوون لە سروشتی مەدینەو، نەبڕینی دارو دەوەنو، ڕاو نەکردنی نێچیری ئەو شارە.

8- ئارام گرتن لەسەر مەشەقەتەکانی سەفەرو، ئازار نەدانی خەڵكو، دروست نەکردنی پەشێویو نائارامی لە مەدینەی مونەوەرەدا.

## بڕگەی دووەم: زیارەتی گۆڕی پێغەمبەر(د.خ)

### أ- سۆزو هەست لەو شوێنەدا

لە کاتی گەیشتن بە مەدینە، شتێ شك نابەی خۆشتر بێت لە زیارەتو شادبوون بە مزگەوتو ڕەوزەی شەریفو گۆڕستانی حەزرەتی پێغەمبەرەوە(ﷺ)، ئەوەی شەیداو عاشقی ڕێبازو سوننەتو، خۆشەویستی ئەو زاتە بێ، ئا ئەو ساتە هەست بە لەززەتی ئەو لایەنە ڕۆحیەی خۆی دەکات، کە بەخزمەت گۆڕە نورانیەکەی سەروەری مرۆڤایەتی شاد دەبێت، سەیری هەر دەمو چاوێ دەکەی مووچڕکەی جەستەو، فرمێسکی چاوو لە هەیبەتی ئەو شوێنو گۆڕە پڕ نورەوە دەتهەژێنێ، ئەو کات دەزانی عەشقی ڕسول واتای چی دەگەیەنێت...!!

هەست دەکەی هێندەی هەموو دونیا گەورەو بەڕێزی، چونکە شوێنکەوتەی زاتێکی وای، کە سەرداری ئۆمەتو پێشەوای مرۆڤایەتی پێ بەخشراوە.

چەندە هەنگاوەکانت نزیك دەبنەوە، هێندە زیاتر دەرونت دەکەوێتە حاڵەتی سۆزدارىو خۆشەویستی حەزرەتو، حەز دەکەی تێر تێر چاوانت لە حوزور ڕۆحانیەتی ئەو نازدارە هەڵڕێژیو نازانی بەکام پەیڤ بڵێی (سەلامی خوات لێ بێ نازدارەکەم... سەلامی خوات لێ بێ سەروەرەکەم... هۆ ڕۆحی پاك حەبیبەکەم.... ئەی نووری چاوو

1- صحيح البخاري: ج/2 ص/661.

عەزیزەکەم.... وەی فیدات بێ دڵو گیانم ڕەسولەکەم).

ئای ئەو ساتانەی لە ڕەوزەی شەریف لە خزمـەت گـۆڕە پـڕ نوورەکـەی خۆشەویـستی چەندە هەست بە شادیو بەختەوەری دەکـەی..! ئـەو لەحزانـەی بەوشـەیەکی پـڕ سـۆزو ئـیخلاسو حەماسـەتەوە دەڵێـی (الـسلام علیـك یـا رسـول الله.. الـسلام ...)، چـەندە گـەورەییت بـۆ دەردەکـەوێ کـاتێ لـەو شـوێنە تـەنها گوێـت لـە هەنـسكو ئەنینـە عەوداڵەکانە، بـە دیـار ڕەوزەی پـاکی حەزرەتـەوە کـوڵی خۆیـان دەڕێـژنو، لـە شـەڕابی کاسـەی ئیمانـەوە دڵـەکانیان بـە ئـاوی کەوسـەرو ڕوویـان بـە فرمێـسکی چـاوەوە تـەڕ دەکەنـەوەو، هـەوێنی خۆشەویـستی (محمـد) بـۆ هـەتا هەتایـە ئاوێتـەی ڕوحو گیانیـان دەکەنەوە.

لەبەر ئەوەش مەدینەی موننەوەر شەڕەفی ئەو بەرەکەتو، کراوەییو، ئاسـودەییو، بەختەوەری بەرکەوتووە، چـونکە ئارامگـای حەزرەتـەو، هێـشتاش بـۆنی یادگاریـەکانی ئەوی لێ دێو، تیشکی نورینی لێ دەدرەوشێتەوە، هەر ئەوەشە وا دەکـات بـە حـوببی دڵ مرۆڤ حەز دەکا، بۆ هەتا هەتایە لەو شـوێنە پـیرۆزە نەچـێتە دەرەوەو تـەنهاو تـەنها بڵێ:

**(وەی فیدات بێ جسمو گیانم ..... حەبیبی من فەخری عالەم)**[1].

### ب- بەڵگەی ڕەوایەتی زیارەتی گۆڕی پێغەمبەر(ﷺ)

بێ گومان زیارەتی گۆڕی پێغەمبەر(ﷺ) سوننەتێکی پڕ خێرو گەورەیەو، یەکێـکە لەو هەنگاوانەی، کە مرۆڤ لەخوا نزیـك دەکاتـەوە، کـۆ دەنگـی زانایـانیش لەسـەر ئـەو بۆچوونەیەو، تەنانەت هەندێ لە زانایانیش ئەو سوننەتە نزیك دەکەنەوە لە واجب[2].

---

1- شعری بەڕێز (عەبدولوەهاب شوانیە) کە لە خۆشەویستی پێغەمبەر(ﷺ) دایناوە.

2- الخلاصة في أحكام الحج والعمرة: ص/323.

بەڵگەش لەسەر ئەو زیارەتەی گۆڕی پێغەمبەر(ﷺ) ئەوەیە، کە خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرمووێ: ﴿**وَلَوْ أَنَّهُمْ إِذ ظَّلَمُواْ أَنفُسَهُمْ جَآؤُوكَ فَاسْتَغْفَرُواْ اللّهَ وَاسْتَغْفَرَ لَهُمُ الرَّسُولُ لَوَجَدُواْ اللّهَ تَوَّابًا رَّحِيمًا**﴾[1]، واتە: ئەی پێغەمبەر(ﷺ) ئەگەر موسڵمانان تاوانێکیان کردو، ستەمیان لە خۆ کرد، ئینجا بێنە لای تۆو داوای لێبوردن لە خوا بکەنو، تۆش بۆیان بپاڕێیەوە، ئەوە بێگومان دەبینن خوای گەورە زۆر لێبوردەو میهرەبانە.

هەروەها چەندین فەرموودەی پێغەمبەر(ﷺ) لەوبارەوە هەن، کە جەخت لەسەر گەورەیی‌و، پاییەی ئەو زیارەتەی گۆڕی موبارەکی دەکەن لەوانە:

دەفەرمووێ: (مَن زارَ قَبري وَجبت له شَفاعَتي)[2]، واتە: هەر کەس زیارەتی گۆڕەکەم




**مزگەوتی مەدینە**

1- النساء: 64.

2- رواه البيهقي: ج/3 ص/490.

بکا، شەفاعەتی منی بۆ پێویست دەبێ.

یاخود دەفەرمووێ: (مَن زارَني بَعدَ مَوتي فَكَأَنَّما زارَني في حَياتي)[1]، واتە: هەر کەس لەدوای مردنم زیارەتی گۆڕەکەم بکات، وەکو ئەوە وایە، کە لە ژیاندا بوومەو سەردانی کردووم.

یان دەفەرمووێ: (ما مِن أَحَدٍ يُسَلِّمُ علي إلا رَدَّ الله على رُوحِي حتى أَرُدَّ عليه السَّلَامَ)[2]، واتە: هەر کەسێك سەلامم لێ بکات خوای گەورە گیانم دێنێتەوە بەر تا وەلاّمی ئەو سەلام کردنە بدەمەوە.



1- سنن النسائي: ج/2 ص/68.

2- سنن أبي داود: ج/2 ص/218.

هەموو ئەمانە بەڵگەی ڕاشکاون لەسەر گەورەیی زیارەتی گۆڕی پێغەمبەر(ﷺ)، بۆیەش لەگەڵ مەوسمی حەجدا، سالآنە دەبینین موسڵمانانی هەموو دونیا بە مەبەستی زیارەت کردنو، ئەنجامدانی ئەو سوننەتە، ڕوو دەکەنە شاری مەدینەو بە خزمەت دیداری گۆڕە نورانیەکەی حەزرەتی پێغەمبەر(ﷺ) شادو ساکینو ئاشنا دەبن، کە ئارامی هێزو شەوقێکی یەکجار زۆر، دەخاتە ناودڵی هەمووانەوەو بە ئومێدی شەفاعەتی ئەو زاتەوە، تکا دەکەن خوای گەورە لە گوناحو تاوان پاکیان بکاتەوە.

## ج- ئادابەکانی زیارەتی گۆڕی پێغەمبەر(ﷺ)

هەروەك باسمان کرد، ئەو زیارەتە پێگەو تایبەتمەندی خۆی هەیە، پێویستە ڕەچاوی هەندێ لەو ئادابو شێوازە جوانانەی زیارەتیش بکرێ، بۆ ئەوەی زیارەتکار بە تەواوێتی خێرو بێری، ئەو ئەرکەی بەرکەوێ، بۆیە لێرەدا هەندێ لەو ئادابانە دەخەینەڕوو، کە پێویستە خوشكو برای حاجی، لەکاتی ئەو سەردانکردنەدا ڕەچاوی بکەن وەك:

1- نیەت پاکی: پێویستە ئەو کەسەی زیارەتی گۆڕی پێغەمبەر(ﷺ) دەکات، بە نیەتێکی پاكو مەبەستی دووپاتکردنەوەی بەڵێن بێ، بۆ سوننەتو ڕێبازی پیرۆزیو، گەیشتن بەڕەزامەندی خوای گەورەو بەرەکەتو شەفاعەتی ئەو زاتە ڕوو بکاتە ئەوێ.

2- خۆ شۆردنو هەبوونی دەستونوێژو، نینۆك کردنو، لەبەرکردنی جلی ڕێكو خاوێن، بۆ ئەوەی بەڕوخسارو لاشەیەکی پاکەوە، ئەو زیارەتە ئەنجام بدرێ.

3- بە هەیبەتو ئەدەبو ڕێزو ویقارەوە ڕوو لەو شوێنە بکرێ.

4- زۆر سەلآوات دان لە دیداری پێغەمبەر(ﷺ)، چونکە پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێ: (من صلى عَلَيَّ وَاحِدَةً صلى الله عليه عَشْرًا)[1].

---

1- صحيح مسلم: ج/1 ص/306.

5- لـەکاتی چـوونە ژوور لـە (بـاب الـسلام) پێـی ڕاسـتە بخرێتـە ژوورو ئـەم دوعایـەش بگوترێ: (بِسمِ الله وَالـصَلاة وَالـسَّلامُ علـى رسـولِ الله، أَعـوذُ بـالله العَظـيم وَ بِوَجهـهِ الكَريم وَسُلطانه القَدِيم مِنَ الشَّيطانِ الرَّجيم، اللَّهُمَّ افتَح لي أَبوابَ رَحمَتِكَ).

6- بەرز نەکردنەوەی دەنگ لـە خزمـەت گـۆڕی موبـارەکیو، بـە هێواشـیو لەسـەرخۆ خوێنـدنی دوعـاو، سـەلامکردن، هـەروەك خـوای گـەورە دەفـەرمووێ: ﴿لَـا تَرْفَعُـوا أَصْوَاتَكُمْ فَوْقَ صَوْتِ النَّبِيِّ﴾[1]، کە ئەمە حوکمەکەی هەر ماوەو بەسەر شێوازی ئـەو زیارەتەش دەسەپێ.

7- خـۆ بۆنخۆشـکردنو هەڵـسوکەوتی جـوان لـەکاتی قـەرەباڵغیو وەسـتانو گـەرماو سەرمادا.

8- کردنـی دوو ڕکعـەت سـوننەت، لـە مزگـەوتی مەدینـە، ئـەوجا زیـارەتی گـۆڕە پـڕ نوورەکەی پێغەمبەر بکرێ.

9- لەگەڵ نزیك بوونەوە زۆر دوعا کردنو، لە خوا پاڕانەوە، کە لە شەفاعەتی ئەو زاتـە بێ بەشمان نەکات.

10- ئەگەر نزیك بوویەوە سەلام لـە پێغەمبـەر بکـەو، دەسـتی ڕاسـتت بـەرز بکـەوەو ئەوجا بڵێ: (السَّلامُ عَلَيكَ يا رَسول الله، السَّلامُ عَلَيكَ يا حَبِيبَ الله، السَّلامُ عَلَيكَ يا سَّيد المُرسَلِين وَخاتَم النَبِيين، السَّلامُ عَلَيكَ يا خيرَ الخَلائقِ أجمَعِين، السَّلامُ عَلَيكَ وَعلى آلِكَ وَأَهلِ بَيتِـكَ وَأَزواجِـكَ وَأَصـحابِكَ أَجمَعِـين، الـسَّلامُ عَلَيـكَ وَعَلـى سـائِر الأَنبيـاءِ وَالمُرسَلِين، جَزاكَ الله -يارَسولَ الله- عَنّا خَيرَ الجَزاء، وَصَلّى عَلَيكَ أَفـضَلَ وَأَكمَـل مـا صَلّى أَحَد مِن خَلقه اَجمَعـين، أَشـهَدُ أَن لا إلـه إلاّ الله، وحده لا شـريك لـه، أَشـهَدُ أَن مُحَمَداً رَسول الله وَعَبده، وَأَشهَدُ أَنَّكَ قَدْ بَلَّغتَ الرِسالة وَأَدَّيتَ الأَمانة وَنَصَحتَ الأُمـةَ

1- الحجرات: 2.

وَجاهَدتَ في اللهِ حَقَّ جِهادهِ، اللَّهُمَّ آتهِ الوَسيلة وَالفَضيلة وَابعَثه مَقامـاً مَحمـوداً الَّـذي وعدته).

11- ئینجا ئەگەر کەسێك ڕای سپاردبووی سەلامی پێ بگەیەنی، ئەوە بەناوی ئەوەوە سەلامی لێ دەکەیتو، ئینجا بە هێواشی کەمێك تێدەپەڕی.

12- هەر لە تەنیشت گۆڕی پێغەمبەر گۆڕی ئیمامی ئەبوبەکر لەوێیـەو، سـەلامی لـێ بکەو ئینجا بڵێ: (السَّلامُ عَلَيكَ يا أَبا بَكر، السَّلامُ عَلَيـكَ يـا خَليفـة رسـول الله، يـا صاحبَ رسول الله في الغارِ، يا صَفَّىَ اللهِ جَزاكَ الله عَن أمة نبيه(ﷺ) خَيراً).

13- هـەروەها لـە تەنیـشت گـۆڕی ئیمـامی ئەبوبـەکر(ﷺ) تۆزێـك دەڕۆی، گـۆڕی ئیمامی عومەرە(ﷺ)، کە پێویستە سەلام لەویش بکەیو، بڵێی: (السَّلامُ عَلَيكَ يـا عُمَر بن الخَطاب، السَّلامُ عَلَيكَ يا فاروق، السَّلامُ عَلَيكَ يا أَميرَ المؤمِنين، أَعَزَّ الله بِـكَ الإسلام، جَزاكَ الله عَن أمة محمد(ﷺ) خَيراً).

14- هیچ دوعاو نزایەکی تایبەت دانەنراوە بۆ ئـەو شـوێنە، بـەڵکو هـەر کـەس خۆی ئازادە بـەچ زمـانو شـێوازێ، یـان چ دوعایـەك بـۆ خـۆی دەکـات، بـەڵام لـە ڕەوزەی



شەریف، کە پێغەمبەر(ﷺ) لەبارەیەوە دەفەرمووێ: (ما بـين بَيْتِـي وَمِنْبَـرِي رَوْضَـةٌ مِن رِيَاضِ الْجَنَّةِ)[1]، واتـە: نێـوان ماڵەکـەمو مینبەرەکـەم مێرگێکـی بەهەشـتە، وا باشە کاتت بەفیڕۆ نەدەیتو دوعا زۆر بکەیت، لەگـەڵ ئەوەشـدا سـوننەت کـردن لـەو شوێنە زۆر خێرەو بەردەوامیش هەوڵ بدە قورئان بخوێنی.

15- تا دەکرێ لەو شوێنەو لەناو حەرەمی مزگەوت، وەك ئەدەب نوانـدنێك لـە گـشت حاڵەتەکان لە قسەی ناشیرینو نا بەجێ خۆت بپارێزە.

www.zanayan.org

1- صحيح البخاري: ج/2 ص/667.

## بڕگەی سێیەم: زیارەتی ئەو شوێنانەی سوننەتن

### یەکەم: گۆڕستانی بەقیع

گۆڕستانی بەقیع یەکێکە لەو شوێنانەی، کە سوننەتە زیارەت بکرێ، چونکە پێغەمبەر(ﷺ) بەردەوام سەردانی ئەو گۆڕستانەی کردووە.

ئەو گۆڕستانە کەوتۆتە لای ڕۆژهەڵاتی مزگەوتی پێغەمبەر(ﷺ) لەمەدینەی پیرۆز، لەبەر ئەوەش ناو نراوە (بقیع الغرقد) چونکە کاتی خۆی داری غەرقەدی زۆر لێ بووە.

ئەو گۆڕستانە ئارامگای یاوەرانی پێغەمبەرەوە، زیاتر لە 10 هەزار سەحابەی بەڕێزی لێ نێژراوە، شوێنو مەئوای شەهیدانی ئیسلامەو، چەندین خزمو خۆشەویستی حەزرەتی (محمد)یشی لێ نێژراوە.

لەوانەش (عوسمانی کوڕی عەفانو، عائیشەی دایکی ئیماندارانو، فاتیمەی کچی پێغەمبەرو، عەباسی مامی پێغەمبەرو، حەسەنی کوڕی ئیمامی عەلیو، حەلیمەی کچی سەعدیەو، ئیبراهیمی کوڕی پێغەمبەرو، سەفیەی پلکی حەزرەتو، زۆرێك لە شەهیدانی ئوحدو، غەزای بەدری لێیە).

یەکەم کەس، کە لەو گۆڕستانە شاراوەتەوە (عوسمانی کوڕی مەزعون) بووە، هەروەها ئیمامی عوسمان بەشێکی خاکی ئەو گۆڕستانەی لە پیاوێکی ئەنصاری کڕیو، وەگەر بەقیعی خستو فەرمووی: پیاوێکی باش ئالێرە دەنێژرێ، کە یەکەم کەس خۆی بووە ئەو پیاوەی لەو خاکە نێژرا، کە دیاری کرد بوو.

جا لەبەر ئەوەی ئەو گۆڕستانە یەکێکە لەو شوێنە پیرۆزو، بەناوبانگانەی، کە لە حەرەمی مەدینە بووەتە ئارامگای هەزاران سەحابەی پێغەمبەر(ﷺ) سوننەتە زیارەت بکرێ، بەتایبەتی لەدوای نوێژی بەیانیو بەتایبەتی تر لە ڕۆژانی جومعەدا.

لەکاتی سەردان کردنی ئەو گۆڕستانە پێویستە ڕەچاوی چەند ئادابێك بکرێ لەوانە:

1- سوننەتە لەکاتی داخل بوونی گۆڕستانەکە بەم شێوەیە سەلام لە مردووانی ئەو شوێنە بکرێ: (السَّلَامُ عَلَيْكُمْ دَارَ قَوْمٍ مُؤْمِنِينَ وَأَتَاكُمْ ما تُوعَدُونَ غَدًا مُؤَجَّلُونَ وَإِنَّا إن شَاءَ اللّه بِكُمْ لَاحِقُونَ اللهم اغْفِرْ لِأَهْلِ بَقِيعِ الْغَرْقَدِ)[1] .

واتە: سەلامتان لێ بێ ئەی شاری ئیمانداران، ئەو بەڵێنەی پێتان درا بوو هاتە جێ، ئەگەر خوا حەز بکا، ئێمەش بە ئێوە دەگەینەوە ئینشائەڵڵا، خوایە لە پاداشتی ئەوانمان بێ بەش نەکەی، خوایە لە ئەهلی بەقیع خۆش ببە.

2- پێویستە بەوپەڕی ڕێزو ئەدەبەوە لەناو گۆڕستانەکە هەڵسوکەوت بکەیتو، وابزانی ئەوە بەدیداری ئەو بەڕێزانە شاد بووی، کە پلەو ڕێزی سەحابەی پێغەمبەریان هەیە.

3- لەگەڵ سەیرکردنی گۆڕەکان بیر لەحاڵی خۆت بکەیتەوەو، بیری مردنی خۆشت بکەیت، بۆئەوەی وانەیەك وەربگری، بەوەی چۆن ئەو بەڕێزانە ئێستا لەناو گۆڕنو مردوون، هەمان ڕێگا لەبەردەم تۆشە، دەسا پەیمانی چاکەو، پابەندبوون بە ڕێبازی ئەوان، بکە بەڕێبازی خۆتو، هەمیشە لای خوات لە بیر بێت.



1- صحيح مسلم: ج/2 ص/669،

4- دوعای خێر کردن بۆ ئەهلی بەقیعو، مردووانی موسڵمانان بەگشتیو، بۆ خۆتو خزمو کەسو کارت بەتایبەتی، کە خوای گەورە لەسەر نەهجو ڕێبازی ئەوان ژیانت ڕەوشن بکاتو، دوایین چرکەکانی تەمەنیشت بە خێر بکاتە قسمەتو، بە پاکیەوە بتگەڕێنێتەوە لای خۆی.

5- لەناو گۆڕستان ئاگاداری گۆڕەکان بەو بەسەریان مەکەوە، چونکە چەندە بە هێواشیو ڕێکیەوە، ماوەی ناو گۆڕستان بەڕێ بکەی، هەر باشەو ئەدەب نواندنە، لە خزمەت ئەو پیاوە چاکانەی لەوێ نێژراون.

6- هەڵنەگرتنەوەی بەردو خۆڵی ئەو گۆڕستانە، چونکە ئەمە مەبەست نیە لەو سەردانە، بەڵکو ئامانجی سەرەکی لەو زیارەت کردنە، عیبرەت وەرگرتنەو، دوعا کردنە لەو شوێنە بۆ خۆتو بۆ ئەوان.

### دووەم: مزگەوتی قوبا

یەکەمین مزگەوتو ماڵی خوا، کە داندرابێو دروست کرابێ، لە مێژووی ئیسلامدا مزگەوتی قوبایە، ئەو مزگەوتەی لەکاتی کۆچکردنی پێغەمبەر(ﷺ) لەشاری مەککەوە بۆ شاری مەدینە دروست کرا، چونکە پێغەمبەر(ﷺ)، کە گەیشتە ئەو شوێنە (قباء) لەناو تیرەی عەمرِی کوڕی عەوف دابەزی، یەکەم کاری دروستکردنی ئەو مزگەوتە بوو، کە خۆی بەردی بناغەی داناو کاریشی تێدا کرد.

ئەو مزگەوتە دەکەوێتە خۆرئاوای شاری مەدینەو (3,5) سێ کیلۆمەترو نیو لە مزگەوتی پێغەمبەرەوە دوورە، کە چەندین شوێنی ئەسەری تێدایەو، تەنانەت ئەو شوێنەی پێغەمبەر(ﷺ) نوێژی لێ کردووە پارێزراوەو، بیری ئەبو ئەیوبی ئەنساریش هەر لە حەرەمی ئەو مزگەوتە دایە.

لەبەر ئەوەشە لە سەردەمە یەك لەدوای یەکەکان لەلایەن موسڵمانانەوە، ئەو مزگەوتە پارێزراوەو، چەندین جاریش نۆژەن کراوەتەوە، کە لەدوای دروست کردنیەوە تا سەردەمی ئیمامی عوسمان، هەر وەك خۆی بوو، بەڵام ئەو نۆژەنی کردەوەو، دوای ئەویش عومەری کوڕی عەبدولعەزیزو، پاشانیش لە سەردەمی عوسمانیەکانو، تا دەگاتە عەهدی سعودیەکان، چەندین جار نۆژەنکراوەتەوەو دەستکاری کراوە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەدا شوێنە ئەسەریەکانی وەك خۆی ماونەتەوەو چاودێری کراوە.

مزگـــەوتی قوبا یەکەمین ماڵی خوایە، کە بناغەی لەسەر تەقوا دانراوەو قورئانی پیرۆزیش ڕاشکاوانە باس لەو مزگەوتە دەکات، هەروەك خوای گەورە دەفەرمووێ:



﴿لَّمَسْجِدٌ أُسِّسَ عَلَى التَّقْوَى مِنْ أَوَّلِ يَوْمٍ أَحَقُّ أَن تَقُومَ فِيهِ فِيهِ رِجَالٌ يُحِبُّونَ أَن يَتَطَهَّرُواْ وَاللّهُ يُحِبُّ الْمُطَّهِّرِينَ﴾[1]، واتە: بەراستی مزگەوتێك شایستەیە، کە تۆ تیایدا بوەستیت بۆ نوێژ کردن تیایدا، کە هەر لە یەکەم رۆژەوە لەسەر بنچینەی تەقواو خواناسی دروست کراوە، (چونکە) لەو مزگەوتەدا چەند کەسانێکی مەردی تیادایە کە زۆر حەز دەکەن خۆیان خاوێن رابگرن (لە دەروونو رواڵەتدا)، خوایش بەردەوام ئەوانەی خۆش دەوێت، کە خۆیان پاك رادەگرن.

ئەو ئایەتە بەڵگەیە لەسەر پیرۆزیو گەورەیی ئەو مزگەوتەو، بەرەکەتی ئەو شوێنەی مزگەوتی لێ دروست کراوە، کە لەهەمان کاتدا پەیامێکە، بەوەی مزگەوت شوێنی خواپەرستیو وەرگرتنی تەقوایە، کە لە ئەنجامدا پیاوی چاكو باش پەروەردە دەکات.

هەروەها پێغەمبەر(ﷺ) زۆر سەردانی ئەو مزگەوتەی کردووە بە پیادەو بە سواری، وە نوێژی تێدا کردووە، بۆیەش لەبارەی گەورەیی ئەنجامدانی دوو ڕکعت سوننەت لەو مزگەوتەدا دەفەرمووێ: (مَن تَطَهَّرَ فِي بَيتِهِ ثُمَّ أَتَى مَسجِد قُباء فَصَلى فيه كانَت لَه أَجرَ عَمرة)[2]، واتە: هەرکەس دەستونوێژ بگرێو بێتە مزگەوتی قوباو، دوو ڕکعەت نوێژی تێدا بکات، ئەوە پاداشتی عومرەیەکی هەیە.

لەبەر ئەوە سوننەتە زیارەتی ئەو مزگەوتە بکرێو، دوو ڕکعەت نوێژی سوننەتیشی تێدا ئەنجام بدرێ.

### سێیەم: شەهیدانی ئوحد

یەکێکی تر لەو شوێنانەی، کە سوننەتە زیارەت بکرێ، گۆڕستانی شەهیدانی شەڕی ئوحدو کێوی ئوحدە.

---

1- التوبه: 108.

2- سنن الترمذي: ج/2 ص/146.

ئەو کێوە بەسەر سنوری شاری مەدینە درێژ دەبێتەوە، لەسەردەمی پێغەمبەر(ﷺ) و لەساڵی سێیەمی کۆچی دووەم گەورەترین غەزای موسڵمانانی لێ رووددا، کە لەگەڵ قورەیشیەکانی مەککە بوو، لە ئەنجامدا موسڵمانان 70 کەسیان لێ شەهید بوو، کە ژمارەیەکیان خزمو نزیکی پێغەمبەر بوون، لەوانە هەمزەی مامی پێغەمبەر(ﷺ).

هەروەها کێوی ئوحد یەکێکە لەو شوێنانەی، کە پێغەمبەر(ﷺ) خۆشی ویستووە، هەروەك لەو فەرموودەیەی دەردەکەوێت، کە دەفەرموێت: (هذا جبلٌ يحبنا ونحبه)[1]، واتە: ئەو کێوە (کێوی ئوحد) کێوێکە ئیمەی خۆشدەوێتو، ئیمەش خۆشمان دەوێت.



**گۆرستانی شەهیدانی ئوحد**

1- صحيح البخاري: ج/2 ص/539.

لە فەرموودەیەکی تردا هاتووە، کە لەو کاتەی پێغەمبەرو هەرسێ یاوەری بەڕێزی (ئیمامی ئەبوبەکرو ئیمامی عومەرو ئیمامی عوسمان )ی لەگەڵ بووەو، چونەتە سەر کێوی ئوحد، لەبەر گەورەیی‌و پیرۆزی ئەو بەڕێزانە کێوی ئوحد لەرزیوە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (اثْبُتْ أُحُد فَإِنَّمَا عَلَيْكَ نَبِيٌّ وَصِدِّيقٌ وَشَهِيدَانِ)[1]، واتە: جێگیر بە، ئەی کێوی ئوحد، چونکە پێغەمبەرێك‌و دۆست‌و ڕاستگۆیەك‌و هەردوو شەهیدی ئیسلام لەسەر تۆ وەستاون.

ئەم فەرمووده ئاماژەی گەورە هەڵدەگرێ‌و، ئێرە جێگەی باسکردنی نییە، بەڵام ئەوەی مەبەستە خۆشەویستی‌و ڕێزی ئەو کێوەیە لای پێغەمبەر(ﷺ) لەگەڵ پیرۆزی گۆڕستانی ئەو شەهیدانەی، کە گیانی خۆیان لەپێناو ئیسلام‌و خوادا بەخت کردو، بوون بە ڕەمزی فیداکاری‌و سەربەستی ئیسلام‌و موسڵمانان.

بۆیە زیارەتی ئەو کێوەو گۆڕستانی ئەو شەهیدانەی لەوێ نێژراون سوننەتەو، پێویستە ئەو کەسەی زیارەتیشیان دەکات دوعای خێریان بۆ بکات‌و، بیریش لە حاڵ‌و باڵی ئەو دڵسۆزانەی ئیسلام بکاتەوە، کە چۆن مەرگیان پێش ژیان خست، تەنها لەبەر خۆشەویستی بۆ خواو پێغەمبەرو، ئەو ئاینەی لەسەری پەروەردە بوون.

لەکاتی گەیشتن بەو گۆڕستانەش، سوننەت وایە سەلام لە شەهیدان بکەیت‌و، بە ئەدەبەوە چەند دوعایەك بۆ خۆت‌و ئەوانیش بکەی، لە خوای گەورە بپاڕێوە، کە موسڵمانان سەرکەوتوو بکات‌و، لە بەرەکەتی فیداکاری ئەو شەهیدانەش ئاڵای ئیسلام‌و موسڵمانان هەر بەرزو شکۆدار رابگرێت.

## بڕگەی چوارەم: زیارەتی هەندێ شوێنی تر

لەڕاستیدا زۆرن ئەو شوێنانەی لە هەردوو حەڕەمی مەککەو مەدینەدا هەن، بەڵام ڕەنگە نەکرێ لە تەنها سەفەرێکی حەجدا هەموویان بکرێن، چونکە کات‌و شارەزایی‌و

1- صحيح البخاري: ج/3 ص/1344.

توانای ماددیو جەستەیی پێویستە، هەرچەندە زۆرێك لەو شوێنانە خێرو سوننەتە زیارەت بكرێن، بەشێكیشیان سوننەت نین، لەوەشدا جیاوازی هەیە لە نێوان زانایانداو پێویستیان بە شیكارو بەڵگە هەیە[1]، كە لێرەدا مەبەستی باسەكەمان ئەوە نیە.

بەڵكو ئامانج لە دیاركردنی هەندێ شوێن، كە لەو بڕگە دەیخەینە ڕوو، ئەوەیە كە چەندەی بكرێو بگونجێ خوشكو برای حاجی زیارەتی ئەو شوێنانە بكەن، كە پێغەمبەر(ﷺ) لێیان ژیاوەو نوێژی لێ كردووەو خواپەرستی تێدا ئەنجام داون، ئەوە كارێكی ڕەواو باشە.

ئێمەش زیاتر مەبەستمان لە خستنە ڕووی ئەو شوێنانە ئەوەیە، كە زیارەتكار بەنیەتی تەبەڕوك سەردانی ئەو شوێنانە بكاتو، لە هەریەك لەو شوێنانەش پەیمانی ڕێزو خۆشەویستیو پابەندی بۆ زاتی پێغەمبەرو ڕێبازە پیرۆزەكەی دووپات بكاتەوە. بۆیە لێرەدا هەندێ شوێن دەخەینە ڕوو، كە واباشە لە سەفەری حەجدا زیارەت بكرێن لەوانە:

## یەكەم: مزگەوتەكان:

### أ- مزگەوتی دوو قیبلە



ئەو مزگەوتەیە، كە موسڵمانان لە سەرەتای ئیسلامو واجب بوونی نوێژ، لەو مزگەوتە قیبلەیان گۆڕا، واتە بەر لە گۆڕانی قیبلە موسڵمانان ڕوویان دەكردە بەیتولمەقدیس بەڵام بە فەرمانی خوا دوای (16-17) مانگ لە كۆچی پێغەمبەر(ﷺ) لەنوێژی نیوەڕۆدا، وەحی هاتە خوارەوە، كە خوا ئەمری كرد موسڵمانان لەجیاتی

1- الفقه الاسلامي وأدلته: ج/3 ص/2403. -تأريخ مكة المكرمة: باب المعالم الأثرية: ص/121.

ڕووکردن (بيت المقدس) ڕوو بکەنە قیبلەو ماڵی خوا (الكعبة)، هەروەك خودای گەورە ئەو ڕووداوەی لە قورئانی پیرۆزدا تۆمار کردووەو دەفەرمووێ: ﴿**قَدْ نَرَى تَقَلُّبَ وَجْهِكَ فِي السَّمَاءِ فَلَنُوَلِّيَنَّكَ قِبْلَةً تَرْضَاهَا فَوَلِّ وَجْهَكَ شَطْرَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ وَحَيْثُ مَا كُنتُمْ فَوَلُّواْ وُجُوِهَكُمْ شَطْرَهُ**....﴾(1)، واتە: ئەی پێغەمبەر(ﷺ) بەڕاستی چاوگێڕانو، هەڵسوورانی ڕووخسارت ڕوو بەئاسمان دەبینین (کە بەهیوای ڕووگەیەکی تایبەتیت، ئێمەش ئاگاداری نیازی دڵت بووین) سوێند بەخوا ئێمەیش ڕووت وەردەچەرخێنین بۆ ڕووگەیەك پێی ڕازی و خۆشنوود بیت، دە ڕووت وەربچەرخێنە بەرەو لای کەعبە (المسجد الحرام)و ئێوەش ئەی موسڵمانان لە هەر کوێ بوون، بەرەو لای ئەوێ ڕووتان وەربچەرخێنن.

هەر لەبەر ئەوەشە ناونراوە (مسجد القبلتين) بۆیە دوای ئەو فەرمانە خواییە، پێغەمبەر(ﷺ) هەندێ دەستکاری ئەو مزگەوتەی کردووەو دەرگەو مینبەری گۆڕیو کاری تری پێویستی تیا ئەنجامدا.

ئەو مزگەوتە کەوتۆتە لای باکووری خۆرئاوای مەدینەو، تا ئێستا سێ جار نۆژەن کراوەتەوە، کە جاری یەکەمیان لەسەر دەستی عومەری کوڕی عەبدولعەزیز بووە، دواتریش هەریەك لە شاهین جەمالیو سولتان سلێمان قانونی عوسمانی گەورە کراوە، دوا جاریش لەلایەن خادمی حەرەمەین مەلیك فەهدی کوڕی عەبدولعەزیز لە ساڵی 1408ھ نوێ کراوەتەوە.

بۆیە سەردان کردنی ئەو مزگەوتەو ئەنجامدانی دوو ڕکعەت نوێژی سوننەت لە ناویدا، خێرو چاکەیەکی گەورەیەو شادبوونە بەو شوێنەی، کە پێغەمبەر(ﷺ) نوێژی لێ کردووەو، قیبلەی موسڵمانانی لێ گۆڕاوە.

1 - البقرة: 144

## ب- مزگەوتی فەتح



ئەو مزگەوتەش دەکەوێتە لای باکووری خۆرئاوای مەدینەو، نزیك چیای (سلع)و ئەو شوێنەیە، کە شەڕی خەندەقی لێ ڕوودا.

پێغەمبەر(ﷺ) سەردانی ئەو مزگەوتەی کردووەو، نوێژیشی تێدا ئەنجام داوە، یەکەم نوێژی هەینی، کە پێغەمبەر(ﷺ) لەمەدینە کردی لەو مزگەوتەدا بووە، ماوە ماوەش سەردانی کردووەو، لەناو ئەو مزگەوتە پاڕاوەتەوەو دوعای تێدا کردووە، بۆیە سەردان کردنی ئەو مزگەوتەو، کردنی دوو ڕکعەت نوێژ تێیدا خێرێکی گەورەو باشە.




## ج- مزگەوتی غەمامە

سەردان کردنی ئەو مزگەوتەش چاکەو خێرە، چونکە پێغەمبەر(ﷺ) نوێژی جەژنەکانی لەو مزگەوتە کردووەو، زۆریش لە خوا پاڕاوەتەوە.

## د- مزگەوتی ئەلفەزیخ

لەو مزگەوتەدا بوو پێغەمبەر(ﷺ) بارگەی خۆی خست، لەو کاتەی جولەکەکانی (بنی نضیر) ئابلۆقەیان دا، چەند ڕۆژێك لەوێ مایەوەو خوای گەورەش هەر لەو مزگەوتە ئایەتی حەرامکردنی عارەقی بۆ ناردە خوارەوە.

## ح- مزگەوتی هەمزەی کوڕی عەبدولموتەلیب



مزگەوتی هەمزەی مامی پێغەمبەر(ﷺ) لە ئوحدەوە نزیکەو سەردان کردنو نوێژ تێدا کردنی خێرە، لەگەڵ پاڕانەوەو دوعا کردن بۆ خۆتو موسڵمانان.

## ز- مزگەوتی ئەحزاب

لەسەردەمی پێغەمبەر(ﷺ) ئەو مزگەوتە دروست کراوە، پێغەمبەر(ﷺ) سەردانی کردووەو جاری یەکەم تەنها پاڕاوەتەوەو دوعای سەرکەوتنی شەڕی ئەحزابی تێدا کردووە، جاری دووەمیش پێغەمبەر(ﷺ) نوێژی تێدا ئەنجام داوە، بۆیە ئەگەر بکرێ سەردانی ئەو مزگەوتە بکرێ ئەوە شتێکی پڕ خێرو باشە..

## دووەم: ئەشکەوتەکان:

### أ- ئەشکەوتی حیڕاء (غار حراء)

ئەم ئەشکەوتە دەکەوێتە باکوری رۆژهەڵاتی مزگەوتی حەڕەمەوە، کە لەسەر چیای نوورەو، شوێنێکی بەرتەسكو بڵندەو، ناو ئەشکەوتەکەش بەرینیەکەی (1,30)سم، بەرزیەکەشی (2)مەترە، کە تەنها جێگەی دوو نەفەری تێدا دەبێتەوە.

پێغەمبەر(ﷺ) بەر لەوەی ببێتە پێغەمبەر، دەچووە ئەو ئەشکەوتە، بیری لە دروستکراوەکانی خوای پەروەردگار دەرکردەوە، زۆر یادی خوای دەکردو، تەنها کارێك، کە پێغەمبەر لەو شوێنە ئەنجامی دابێت بەر لە پێغەمبەرایەتی، بیرکردنەوە بووە لە گەورەیی بەدیهێنەری ئەو ئاسمانو زەویو دروستکراوانە، کە خوای باڵا دەستە.

دوای ئەوەی تەمەنی پێغەمبەر(ﷺ) گەیشتە (40)ساڵی، خوای گەورە ئا لەو ئەشکەوتە موشەڕەفی کرد، بە وەحیو حەزرەتی جوبرائیلی نارده لا، بۆ ئەوەی پەیامی ئاسمان بگەیەنێتە دڵی ئەو زاتەو، تا لە رێی ئەویشەوە پەیامی خوا بە مرۆڤایەتی بگاتو، سەرفرازیو بەختەوەری لە سایەی دەستووری قوڕئاندا بەڕووی جیهاندا بڵاوبێتەوە.

یەکەمین ئایەتی قوڕئانی پیرۆز لەو ئەشکەوتە دابەزی، کە بریتی بوو لەئایەتی: **﴿اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ، خَلَقَ الْإِنسَانَ مِنْ عَلَقٍ، اقْرَأْ وَرَبُّكَ الْأَكْرَمُ، الَّذِي عَلَّمَ بِالْقَلَمِ، عَلَّمَ الْإِنسَانَ مَا لَمْ يَعْلَمْ﴾**[1]، ئەو بیرکردنەوەی پێغەمبەر(ﷺ) لەئەشکەوتی حیڕا ، بەر لە پێغەمبەرایەتی بەشێك بووە لە دانایی خوای گەورە، بۆ ئەو زاتەو چاوەڕوانی ئەمرو کارێکی گەورەی، وەك هاتنە خوارەوەی وەحی..!

1- العلق: (1-5).

ئەشكەوتی حیرِاء ئەو شوێنەیە، كە بە شوێنی یەكەم دابەزینی ئایەتی قورِئانی پیرۆز ناسراوەو، دەكەوێتە سەر كێوی نوور.

ئەم كێوەش لەبەر ئەوە پێی دەگوترێ (نوور) چونكە نووری هیدایـەت لـەوێوە سـەری هەڵداو، بە رِووی جیهاندا بڵاوبوویەوە.

لەبەر ئەوەش ئەم كێوە چەند تایبەتمەندیەكی بەبەراورد لەگەڵ چیایەكانی تـر هەیـە، كە گرنگترینیان ئەمانەن:

1- كەرەستەو بەردو بناغەی (بەیت- كەعبە) یەكـەم جار، لـەم چیایەوە هـاتووە، كـە ئەمە بۆ خۆی شەرِەفو رێزێك دەبەخشێتە ئەو چیایە.

2- پێغەمبەر(ﷺ) بەر لە بوونی بە پێغەمبەر، ماوەیەكی زۆر لەسەر ئەو كێوەو لەناو ئەشكەوتی حیرِاء ژیانی بەسەر بردووەو ماوەتەوە.

3- شوێنی هاتنە خوارەوەی وەحیو دابەزینی یەكەمین ئایەتی قورِئان بووە، كە ئەمە بۆ خۆی پیرۆزیو بەرەكەتێكی خواییە، بەسەر ئەو شوێنە داباریوە.



چیای نوور




ئەشكەوتی حیرِا

4- شوێنی گۆڕینی ڕێڕەوی مێژوو بووە، کە بەهۆی دابەزینی وەحی، وەرچەرخانێکی گرنگو گەورە، لەمێژوودا روویداو جیهان بە نووری قورئانو تیشکی ئیسلام رۆشن بووەوە.

لەبەر ئەوە سەردان کردنی ئەو شوێنەوارە ئاینیە، کە شوێنی بیرکردنەوەی پێغەمبەرە (د.خ) کارێکی باشەو بەنیەتی تەبەڕوك ئومێدێکی زۆر لە دڵی ئیماندااران دەڕوێنیو دروست دەکات.

## ب- ئەشکەوتی سەور ( غار ثور )

ئەو ئەشکەوتە دەکەوێتە باشووری مزگەوتی حەڕەمو، نزیکەی چوار کیلۆ مەتر لەبەیتەوە دوورە، لەڕووی مەساحەوە ئەشکەوتێکی ناوەمار بچووك بووە، بەڵام لەسەرەتاکانی سەدەی نۆیەم، کەمێك دەستکاریو گەورە کراوە، تا خەڵك بتوانێ بچێتە ناویەوە.

ئەم ئەشکەوتە شوێنێك بووە، کە لەکاتی کۆچی موسڵمانان، پێغەمبەرو ئیمامی ئەبوبەکر ڕوویان تێ کردووەو، ماوەی سێ شەوو لەوێ مانەوە، کە بەر لە چوونە ژوورەوەی پیغەمبەر(ﷺ)، وەك دڵسۆزی نواندنێك ئیمامی ئەبوبەکر لەپێشدا چووە ژوورەوە، بۆ ئەوەی کەشفی بکاتو دڵنیا بێت، لەوەی کە هیچ مەترسی لێ نییە، دواتر پێکەوە چوونە ژوورەوەو خۆیان تێدا حەشار دا.




ئەشکەوتی سەور

ئەو ئەشکەوتە ڕۆڵێکی گەورەی لە ڕووداوی کۆچی پێغەمبەرو یارانی بینیوە، لەگەڵ ئەوەی ئەشکەوتێکی هێندە قووڵو شاراوەش نەبوووە، چونکە کاتی کافرەکان لێی نزیک بوونەوە، ئیمامی ئەبوبەکر بە پێغەمبەری فەرموو: (یا رسول الله لو أَنَّ أَحَدَهُمْ نَظَرَ تَحْتَ قَدَمَيْهِ لَأَبْصَرَنَا. فقال: ما ظَنُّكَ يا أَبَا بَكْرٍ بِاثْنَيْنِ الله ثَالِثُهُمَا)[1].

بەڵام خوای گەورە ئەوانی لەو ئەشکەوتە پاراستو دوژمنان نەیان دۆزینەوە، لەبەر ئەوەشە خوای گەورە حاڵی پێغەمبەرو ئیمامی ئەبوبەکری لە قورئان باسکردووەو، ئەو سەرکەوتنەشی بۆ تۆمار کردوون، کە لە لایەن خۆیەوە پێیان بەخشرا، هەروەک دەفەرموێ: **﴿إِلاَّ تَنصُرُوهُ فَقَدْ نَصَرَهُ اللّهُ إِذْ أَخْرَجَهُ الَّذِينَ كَفَرُواْ ثَانِيَ اثْنَيْنِ إِذْ هُمَا فِي الْغَارِ إِذْ يَقُولُ لِصَاحِبِهِ لاَ تَحْزَنْ إِنَّ اللّهَ مَعَنَا فَأَنزَلَ اللّهُ سَكِينَتَهُ عَلَيْهِ وَأَيَّدَهُ بِجُنُودٍ لَّمْ تَرَوْهَا وَجَعَلَ كَلِمَةَ الَّذِينَ كَفَرُواْ السُّفْلَى وَكَلِمَةُ اللّهِ هِيَ الْعُلْيَا وَاللّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ﴾**[2].

واتە: ئەگەر ئێوە پشتگیری پێغەمبەر(ﷺ) نەکەنو یارمەتی نەدەن، ئەوە بەراستی خوا پشتگیری کردو سەری خست، کاتێك ئەوانەی بێ باوەڕ بوون دەریان کرد لەشاری



1- صحيح البخاري: ج/3 ص/1337.
2 - التوبە 40

مەککەو یەکێك بوو لەو دوو کەسە کاتێك هەردووکیان لەناو ئەشکەوتەکەدا بوون (کاتێك بێ باوەڕەکان گەشتبوونە دەوروبەری ئەشکەوتەکە ئەبوبەکری هاوەڵی خەمی لێهات) پێغەمبەریش(ﷺ) دڵی دایەوەو پێی وت: خەفەت مەخۆ، دڵنیابە خوامان لەگەڵە، ئەوسا ئیتر خوا ئاسوودەیو ئارامی خۆی دابەزاندە سەریو پشتگیریو بەهێزی کرد بەسەربازانێك کە ئێوە نەتاندەبینینو بەرنامەو ئاینی بێ باوەڕانی دانەواندو ریسواتری کرد، بەرنامەو ئاینی خوایش هەمیشە بەرزو بڵندترە، خوایش هەمیشە بالادەستو دانایە.

بۆیە سەردان کردنی ئەو شوێنە، بەمەبەستی ئاشنا بوون بەو ئەشکەوتەو وەبیر هاتنەوەی یادگاریەکانی سەرەتای ئیسلامو حاڵو باڵی پێغەمبەرو یارانی لەکاتی کۆچدا، هەنگاوێکی بەخێرەو، لە زۆر لاوە مرۆڤی موسڵمان دەتوانێ وانەو سوودی لێ وەربگرێت.

## سێیەم: بیرە ئاوەکان:

پێغەمبەر (د.خ) لە زۆرێك لە بیرە ئاوەکانی حەرەمدا، دەستونوێژی هەڵگرتووەو، ئاوی لێ خواردۆتەوە، کە ئەگەر بکرێو بگونجێ سەردانی ئەو بیرە ئاوانە بکرێ، بە نیەتی تەبەڕوك دەستونوێژیان لێ بشورێ، یان لێیان بخۆرێتەوە، شتێکی باشو چاکە، لەوانە:

### 1- بیری ئەریس

ئەو بیرە دەکەوێتە نزیك مزگەوتی قوبا لە مەدینە، پێغەمبەر(ﷺ) چۆتە سەریو دەستونوێژی لێ هەڵگرتووە، کاتی خۆی ئەنگوستیلەی پێغەمبەریش کەوتە ناو ئەو بیرە، کە لەسەری نووسراوە (محمد رسول الله)و نەشدۆزرایەوە.

## 2- بیری زی توا (ذي طوى)



لەو بیرەشدا پێغەمبەر (ﷺ) خـۆی شـۆردووەو، لەسەریـشی ماوەتـەوە، دەستونوێژیـشی لێ هەڵگرتووە، کـە ئێـستا کراوەتـە پـڕۆژەو، سەرچاوەکەشـی وەك خۆی پارێزراوە.

## 3 - بیری ئیهاب



ئـەم بـیرەش نـاوێکی ناسـراوەو بـەئاوی زمـزمیش ناسـراوە، چـونکە لەخواردنـەوە بـەو دەچـێ، کـە پێغەمبەر(ﷺ) چووەتە سـەریو لێـی خواردۆتەوە.

## 4- بیری بەیروحاء



ئەمەشیان دەکەوێتـە خۆرهـەڵاتی مەدینەو کاتی خـۆی، لـەدەورەی ئـەو بـیرە بـاخێکی خـۆش هـەبووە، کـە پێغەمبەر(ﷺ) زۆر جار چووەتە نـاو ئەو باخە پشووی داوەو، لە ئاوی ئەو بیرەشی خواردۆتەوە.

## 5 - بیری ڕومام



بئر الخاتم والماء يستخرج منه بالسانية فيما مضى

ئێستا پێی دەگوترێ بیری عوسمان کاتی خۆی، کە موسڵمانان کۆچیان کرد لە مەککەوە بەرەو مەدینە، لەڕێگادا هیچ ئاویان دەست نەکەوت دواتر ئیمامی عوسمان ئەو بیرەی لە پیاوێك کڕی بەناوی (ڕۆمە) بوو، بە بڕی (35000) درهەم، دواتر کردی بە وەقفو خێر بۆ موسڵمانان.

# باسی دووەم

## دوعاکان

لەبەر ئەوەی لەسەفەری حەجدا دوعا زۆر پێویستەو لەگەڵ گەیشتن بەهەر شوێنێکی پیرۆز، مرۆڤی موسڵمان حەز دەکات تێر تێر دوعا بکاتو، لەخوای گەورە بپاڕێتەوە، لەبەر ئەوە بە پێویستم زانی باسێك بۆ ئەو مەبەستە تەرخان بکەم.




هەرچەندە دوعای دیارو تایبەت وەك ئەوەی دەقی لەسەر بێت (جگە لەهەندێك شوێن نەبێ)، هیچ دیار نەکراوەو، خوشكو برای حاجی ئازادو سەرپشکە بە چ شێوازو زمانو جۆرە دوعایەك لەخوا دەپاڕێتەوەو دوعا دەکات، بەڵام زۆر جاریش مرۆڤ قەسدی ئەوە دەکات دوعایەکان بە نوسراوی، یان زۆر دوعا بکاتو لێشیان دڵنیا بێت کە دوعای پیرۆزن.

لەبەر ئەوە لێرەدا زۆرێك لەو دوعایانەم هێناوە، کە زانایانی ئیسلام بە باشو پیرۆزیان دەزانن‌و، بەرەکەتو گەورەیی خۆیان هەیە، هەروەها زۆرێك لە دوعایەکانی

قورئانو سونەتم هێناوە، بۆ ئەوەی چەندە دەکرێ ئینسان بەو دوعا پیرۆزانە بپاڕێتەوە، کە پێغەمبەرانو صالّحان پێی پاڕاونەتەوە.

زۆرێکیش لەو دوعایانە سوونەتنو بۆ شوێنی خۆشیان دیاری کراون، ئەمەش وا دەکات خوشکو برای حاجی بێ دوعا نەبێو، لە گشت شوێنەکان ئاشنا بێت بەو دوعایانەی، کە پێویست دەکات لەکاتو شوێنی خۆی بیانزانێ، هەروەها کۆمەڵێك دوعای بەخێرو گەورەو پیرۆزم بۆ وەستانی عەرەفە کۆکردۆتەوە، کە بەدڵنیاییەوە مرۆڤ پێیان دەگاتە قەناعەتێکی تێرو تەسەل لە ئەسنای پاڕانەوەی ئەو کاتە گەورانەی، خوای گەورە دوعای تێدا قەبوڵ دەکات.

## دوعای سەفەر:

بِسْمِ الله، الحَمدُ لله، سُبحانَ الّذي سَخَّر لَنا هَذا وَما كُنّا لَه مُقرنين وَإنّا إلى ربِّنا لمنقَلبون، الحَمدُ لِلّه، الحَمدُ لله، الحَمدُ لله، الله أكبر، الله أكبر، الله أكبر.

سُبحانَك اللَّهم إني ظَلَمْتُ نَفسي فاغْفر لي، فإنَّه لا يَغفر الذنوبَ إلاّ أنتَ، اللّهم إنا نَسألُكَ في سَفرِنا هَذا البِرَّ وَالتّقوى، ومِنَ العَملِ ما تَرضى، اللّهم هوِّن عَلينا سَفرنا هَذا واطوِ عنّا بُعدَه، اللّهم أنت الصّاحِب في السَّفر، والخليفة في الأهل، اللّهم إني أعوذ بِك مِن وَعْثاءِ السَّفر، وكآبة المنظَر وسوء المنقلَب في المالِ والأهلِ، اللّهم اطوِ لَنا الأرضَ، وهوِّن علينا السَّفر .. اللَّهُمَّ إِنِّى أَعُوذُ بِكَ أَنْ أَضِلَّ أَوْ أُضَلَّ أَوْ أَزِلَّ أَوْ أُزَلَّ أَوْ أَظْلِمَ أَوْ أُظْلَمَ أَوْ أَجْهَلَ أَوْ يُجْهَلَ عَلَىَّ.

**دوعای دەرکەوتنی مەککە:**

اللهمّ اجعل لي بها قراراً، وارزقني فيها رزقاً حلالاً .

**دوعای چوونە ناو شاری مەککە:**

اللّهم هَذا حَرمُك وأمنُك فحرِّمْنى عَلى النّار وآمِنِّى مِن عَذابِك يَوم تُبْعَث عبادك،

واجْعلنى من أوليائك وأهل طاعتك، اللّهم اجعل لي بها قراراً، وارزقني منها حلالاً، اللّهم إن الحرمَ حرمُك والبلدَ بلدُك والأمنَ آمنُك والعبدَ عبدُك، جئتُكَ بذنوب كثيرة وأعمالٍ سيئة، أَسألُك مَسألةَ المُضطرين اليك، المشفقين من عذابك أن تستقبِلَني بمحض عَفوك وأن تَدخلني فسيحَ جنتك، جنةَ النعيم، اللّهم إن هذا الحرم حرمُك وحرمَ رسولِك فحَرِم لحمي ودمي وعَظمي على النّار.

## دوعای چوونە ژوور لە (باب السلام):

اللّهم أَنتَ السّلامُ ومنكَ السّلامُ فحيِّنا ربَّنا بالسَّلام وأَدْخِلنا الجنّة دَارَ السَّلام تَبارَكتَ وتَعاليْتَ يا ذَا الجَلالِ والإِكرامِ، اللّهم افتَح لي أَبْوابَ رَحمتِكَ، ومَغفرتِك، وأَدخِلني فيها، بِسمِ اللهِ والحَمْدُ لِلّهِ والصّلاةُ والسَّلامُ على رسولِ اللّهِ صلّى الله عليه وسلّم.

## دوعای دیتنی بەیت:

لا إله إلاّ الله، لا إله إلاّ الله، لا إله إلاّ الله، الله أكبر، الله أكبر، الله أكبر، لا إله إلاّ الله وحده لاشريك له، له المُلْكُ وَلَهُ الحَمدُ وَهُوَ على كلِّ شَيءٍ قَدير، أَعوذُ بِربِّ البَيتِ مِنَ الكُفرِ والفَقرِ، وَمِنْ عَذابِ القَبرِ، وَضَيقِ الصدرِ، اللّهُمَّ زِدْ هَذَا الْبَيْتَ تَشْرِيفًا وَتَكْرِيمًا وَتَعْظِيمًا وَمَهَابَةً ورِفعةً وبِراً، وَزِدْ مَنْ شَرَّفَهُ وَكَرَّمَهُ وعَظّمه مِمَّنْ حَجَّهُ وَاعْتَمَرَهُ تَشْرِيفًا وتكرياً وَتَعْظِيمًا وَبِرًّا، اللّهُمَّ أَنْتَ السَّلاَمُ، وَمِنْكَ السَّلاَمُ، فَحَيِّنَا رَبَّنَا بِالسَّلاَمِ.

## دوعاکانی تەواف:

لەسەرەتای هەر تەوافێكو لەگەڵ سەلام كردن لە حەجەرولئەسوەد ئەم دوعایە بخوێنە:

بِسْمِ اللَّهِ وَاللَّهُ أَكْبَرُ، اللّهُمَّ إِيمَانًا بِكَ، وَتَصْدِيقًا بِكِتَابِكَ، وَوَفَاءً بِعَهْدِكَ وَاتِّبَاعًا لِسُنَّةِ نَبِيِّكَ.

**دوعای شەوتی یەکەم:**

سُبحانَ اللهِ والحَمدُ للهِ ولا إله إلاَّ الله، والله أكبَر، ولا حَولَ وَلا قُوَّةَ إلاَّ بِااللهِ العَليّ العَظِيم، والصَّلاةُ والسَّلامُ عَلَى رَسُولِ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّمَ، اللَّهم إيماناً بِكَ وَتَصديقاً بِكتابِكَ وَوَفاءً بِعَهدِكَ وَاتّباعاً لِسُنَّةِ نَبِيّكَ وَحَبيبِكَ مُحَمَدٍ صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّمَ، اللَّهم إنّي أَسأَلُكَ العَفْوَ وَالعافِيَةَ وَالمَعافاةَ الدَّائِمَةَ في الدّينِ والدُّنيا وَالآخِرَةِ والفوزَ بالجَنَّةِ وَالنَّجاةَ مِنَ النَّارِ.

**دوعای شەوتی دووەم:**

اللَّهم إنَّ هَذَا البَيت بَيتُكَ، وَالحَرَمَ حَرمُكَ، وَالأَمنَ أَمنُكَ وَالعَبدَ عَبدُكَ، وَأَنا عَبدُكَ وابنُ عَبدِكَ، وَهَذا مَقامُ العائذِ بِكَ مِنَ النَّارِ فَحَرِّم لُحُومَنَا وَبَشرَتَنا عَلى النَّارِ، اللَّهمَ حَبِّب إلَينا الإيمانَ وَزَيِّنْهُ في قُلُوبِنا، وَكَرِّه إلَينَا الكُفرَ وَالفُسُوقَ وَالعِصيانَ وَاجْعَلْنا مِنَ الرَّاشِدِينَ، اللَّهُمَ قِنِي عَذابَكَ يَومَ تَبْعَثُ عِبادَكَ، اللَّهمَ ارْزُقنِي الجَنَّةَ بِغَيرِ حِسابٍ.

**دوعای شەوتی سێیەم:**

اللَّهُمَ إنّي أَعُوذُ بِكَ مِنَ الشَّكِ وَالشِرْكِ وَالشِّقَاقِ وَالنِّفَاقِ وَسُوءِ الأَخْلاقِ، وَسُوءِ المَنْظَرِ وَالمُنْقَلِبِ في المالِ وَالأَهلِ وَالوَلَدِ، اللَّهُمَ إنّي أَسأَلُكَ رِضاكَ وَالجَنَّةَ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنْ سَخَطِكَ وَالنَّارِ، اللَّهُمَ إنّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ فِتْنَةِ القَبرِ، اللَّهُمَ إنّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ فِتْنَةِ المَحْيا وَالمَماتِ.

**دوعای شەوتی چوارەم:**

اللَّهُمَ اجْعَلْهُ حجّاً مَبْروراً وَسَعْياً مَشْكُوراً، وَذَنْباً مَغْفُوراً، وَعَمَلاً صالِحاً مَقْبُولاً، وَتِجارَةً لَنْ تَبُورَ، ياعالِمَ ما في الصُّدُورِ أَخْرِجْني يااللهُ مِنَ الظُّلُماتِ إلى النُّورِ، اللَّهُمَّ إنّي أَسأَلُكَ مُوجباتِ رَحْمَتِكَ وَالسَّلامَةَ مِنْ كُلِّ بِرٍّ، وَالفَوزَ بِالجَنَّةِ وَالنَّجاةَ مِنَ النَّارِ، رَبِّ قَنِّعْني بِما رَزَقْتَني، وَبارِكْ لي فيما أَعْطَيْتَني وَأَخْلِفْ عَلى كُلِّ غائِبَةٍ لي مِنكَ بِخَيْرٍ.

### دوعای شەوتی پێنجەم:

اللَّهُمَ أَظِلَّني تَحتَ ظِلِّ عَرشِكَ يَومَ لاظِلَّ إلاَّ ظِلُّكَ، وَلا باقِيَ إلاَّ وَجْهُكَ، وَاسقِني مِنْ حَوضِ نَبِيِّكَ سَيِّدِنا مُحَمَدٍ (صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّمَ)، شَربَةً هَنيئَةً مَريئَةً لا نَظمَأُ بَعدَها أَبَداً، اللَّهُمَ إنّي أَسأَلُكَ مِنْ خَيرِ ما سَأَلَكَ مِنهُ نَبِيُّكَ سَيِّدِنا مُحَمَدٍ (صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّمَ).

وَأَعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِّ مااستَعَاذَكَ مِنهُ نَبِيُّكَ سَيِّدِنا مُحَمَدٍ (صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّمَ)، اللَّهُمَ إنّي أَسأَلُكَ الجَنَّةَ وَنَعيمَها وَما يُقَرِبُني إلَيْها مِنْ قَولٍ أَو فِعلٍ أَو عَمَلٍ وَأَعُوذُ بِكَ مِنَ النَّارِ وَما يُقَرِبُني إلَيْها مِنْ قَولٍ أَو فِعلٍ أَو عَمَلٍ.

### دوعای شەوتی شەشەم:

اللَّهُمَ إنَّ لَكَ عَلَيَّ حُقُوقاً كَثيرَةً فِيما بَيْني وَبَينَ خَلقِكَ، اللَّهُمَ ماكانَ لَكَ مِنها فَاغفِرْهُ لي وَما كانَ لِخَلقِكَ فَتَحَمَّلْهُ عَنِّي، واغْنِني بِحَلالِكَ عَن حَرامِكَ وَبِطاعَتِكَ عَنْ مَعْصِيَتِكَ، يا واسِعَ المَغْفِرةِ.

اللَّهُمَ إنّ بَيتكَ عَظِيمٌ، وَوَجْهكَ كَرِيمٌ، وَأَنتَ يااللهُ حَلِيمٌ كَرِيمٌ عَظِيمٌ تُحِبُّ العَفوَ فَاعْفُ عَنِّي.

### دوعای شەوتی حەوتەم:

اللَّهُمَ إنّي أَسأَلُكَ إيمانا كامِلاً، وَيَقيناً صادِقاً، وَرِزقاً واسِعاً، وَقَلباً خاشِعاً، وَلِساناً ذاكِراً، وَحَلالاً طَيِّباً وَتَوبَةً نَصوُحاً، وَتَوبةً قَبْلَ المَوتِ وَراحَةً عِندَ المَوتِ وَمَغْفِرَةً وَرَحمَةً بَعْدَ المَوتِ، وَالعَفْوَ عِندَ الحِسابِ، وَالفَوزَ بِالجَنَّةِ، وَالنَّجاةَ مِنَ النَّارِ بِرَحمَتِكَ يا عَزِيزُ يا غَفَّارُ رَبِّ زِدْني عِلماً وَأَلْحِقْني بالصَّالِحينَ.

## چەند دوعایەکی بەخێر لەئەسنای تەوافدا:

اللّهم إني أسألكَ باسمِكَ الذي يَمشى به على طَلَل الماءِ، كما يَمشى به على جَدد الأرض، وأسأُلك بأسمِك الذي يَهتزُّ له عرشُك، وأسألك باسمك الذي تهتز له أقدامُ ملائكتك، وأسأُلك باسمِك الذي دَعاك به موسى من جانب الطور فاستَجبْتَ له، وألقيتَ عليه محبةً منك، وأسأُلك باسمك الذي غفرتَ به لمحمد (صلى الله عليه وسلّم) ما تقدَّم من ذنبه وما تأخَّر، وأتْمَمتَ عليه نعمتَك.

اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِي ذُنُوبِي وَخَطَايَايَ، وَعَمْدِي، وَإِسْرَافِي فِي أَمْرِي، إِنَّكَ إِنْ لاَ تَغْفِرْ لِي تُهْلِكْنِي. اللَّهُمَّ الْبَيْتُ بَيْتُكَ، وَنَحْنُ عَبِيدُكَ، وَنَوَاصِينَا بِيَدِكَ، وَتَقَلُّبُنَا فِي قَبْضَتِكَ، فَإِنْ تُعَذِّبْنَا فَبِذُنُوبِنَا، وَإِنْ تَغْفِرْ لَنَا فَبِرَحْمَتِكَ، فَرَضْتَ حَجَّكَ لِمَنِ اسْتَطَاعَ إِلَيْهِ سَبِيلاً، فَلَكَ الْحَمْدُ عَلَى مَا جَعَلْتَ لَنَا مِنَ السَّبِيل، اللَّهُمَّ ارْزُقْنَا ثَوَابَ الشَّاكِرِينَ.

## دوعای نێوان هەردوو ڕوکنی یەمانیو حەجەڕولئەسوەد:

رَبَّنَا آتِنَا فِي الدُّنْيَا حَسَنَةً وَفِي الآخِرَةِ حَسَنَةً وَقِنَا عَذَابَ النَّارِ، وَأَدخِلنا الجَنَّةَ مَعَ الْأَبْرارِ يا عَزِيزُ يا غَفَّارُ يارَبَّ العالَمِينَ.

## دوعای مولتەزەم:

اللَّهم يارَبَّ البَيتِ العَتِيقِ أَعْتِقْ رِقابَنَا وَرِقابَ آبائِنَا وَأُمَّهَاتِنا وَإخوانِنَا وَأَولادِنَا مِنَ النَّارِ، ياذا الجُودِ وَالكَرَمِ وَالإحسانِ، اللَّهم أَحسِنْ عاقِبَتَنا في الأُمورِ كُلِّهَا وَأَجِرنا مِنْ خزيِ الدُّنيَا وَعَذابِ الأَخِرَةِ، اللَّهم إِنِّي عَبدُكَ وَابنُ عَبدِكَ واقِفٌ تحتَ بابِكَ، مُلْتَزِمٌ بِأَعْتابِكَ مُتَذَلِّلٌ بَيْنَ يَديكَ، أَرجُو رَحْمَتَكَ وَأَخْشى عَذابَكَ، ياقَدِيمُ الإِحْسانِ، اللَّهم إِنِّي أَسأَلُكَ أَنْ تَرْفَعَ ذِكري وَتَضَعَ وِزْري، وَتُصلِحَ أَمْري، وَتُطَهِّرَ قَلْبِي وَتُنَوِّرَ لي في قَبْرِي، وَتَغفِرَ لي ذَنْبِي، وَأَسأَلُكَ الدَّرَجاتُ العُلى مِنَ الجَنَّةِ آمِينَ.

**دوعای مەقامی ئیبراهیم:**

اللّهم إنَّكَ تَعلَمُ سرِّي وَعَلاَنيَّتي فاقْبَلْ مَعْذرَتي، وَتَعْلَمُ حاجَتي فاعْطِني سُؤْلي، وَتَعْلَمُ مافي نَفْسي فاغْفرْ لي ذُنُوبي، اللّهم إني أسألكَ إيماناً يُباشِرُ قَلْبي وَيَقِينا صادِقاً حَتَّى أعْلَمَ أنَّهُ لا يُصيبُني إلاَّ ماكَتَبْتَ لي رِضاً مِنْكَ بِما قَسَمتَ لي، أَنْتَ وَلِيِّي في الدُّنيا وَالأخرةَ، تَوَفَني مُسلماً وأَلحِقْني بالصالِحينْ، اللّهم لا تَدَعْ في مَقامِنا هَذا ذَنْباً إلاَّ غَفَّرْتَهُ، وَلا هَمَّاً إلاَّ فَرَّجْتَهُ، وَلا حاجةً إلاَّ قَضَيتَها وَيَسَّرْتَها، فَيَسِّرْ أُمُورَنا، وَاشْرَحْ صُدُورَنا، وَنَوِّرْ قُلُوبَنَا، وَاخْتِمْ بالصَّالِحاتِ أعْمالَنَا، اللّهم تَوَفَّنَا مُسْلِمِينَ وَأَحْيِنا مُسْلِمين، وَأَلْحِقْنَا بالصالِحِين، غَيرَ خَزايَا وَلاَ مَفْتُونِينَ.

**دوعای حیجری ئیسماعیل:**

اللّهم أنتَ رَبي لا إلهَ إلاَّ أَنْتَ، خَلَقْتَني وَأَنا عَبْدُكَ، وَأنا عَلى عَهْدِكَ وَوَعْدِكَ ماستَطَعْتُ أَعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِ ما صَنَعْتُ، أَبُوءُ لَكَ بِنِعْمَتِكَ عَلَيَّ، وَأَبُوءُ بِذَنْبي، فاغْفِرْ لي فَإنَّهُ لا يَغْفِرُ الذُنُوبَ إلاَّ أَنْتَ، اللّهم إنّي أَسْأَلُكَ مِنْ خَيرِ ماسألَكَ بِهِ عِبادُكَ الصَّالِحُونَ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِّ ماسْتَعَاذَكَ مِنْهُ عِبادُكَ الصَّالِحُونَ، اللّهم بِأَسمائِكَ الحُسْنى، وَصِفاتِكَ العُلْيَا، طَهِّرْ قُلُوبَنا مِنْ كُلِّ وَصْفٍ يُباعِدُنا عَن مُشاهَدَتِكَ وَمُحَبَّتِكَ، وَأَمِتْنا عَلى السُّنَّةِ وَالجَماعَةِ وَالشَوْقِ إلى لِقائِكَ ياذا الجَلالِ وَالإكرامِ، اللّهم نَوِّرْ بالعِلمِ قَلْبي، وَاسْتَعْمِلْ بِطاعَتِكَ بَدَني، وَخَلِّصْ مِنْ الفِتَنِ سرِّي، وَاشْغِلْ بالاعْتِبارِ فِكْرِي، وَقِني شَرَّ وَساوِسِ الشَيطانِ وَأَجِرْني مِنْهُ يارَحْمنُ حَتَّى لا يَكُونَ لَهُ عَلَيَّ سُلْطانٌ، رَبَّنا إنَّنا آمَنَّا فاغْفِرْ لَنَا ذُنُوبَنا، وَقِنا عَذابَ النَّارِ.

**دوعای پاش نوێژی سوننەتی تەواف:**

اللّهمَ هذا بَلَدُكَ والمَسجِدُ الحَرامُ بَيتُكَ الحَرامُ، وأنا عبدُكَ ابنُ عبدِك وابن أمتِكَ، أتيتُكَ

بذنوبٍ كثيرةٍ وأعمالٍ سيئةٍ، وهذا مقامُ العائذِ بكَ مِنَ النّار، فاغفِر لي إنّكَ أنت الغفور الرّحيم، اللّهُمَ إنّك دَعوتَ عِبادكَ إلى بَيتِكَ الحَرامِ، وقَد جِئتُ طالباً رَحمتَكَ مُبتَغياً مَرضاتِكَ وأنتَ مَنَنتَ عليَّ بذلكَ فاغفِر لي وارحَمني إنّكَ على كلِّ شيءٍ قدير.

**دوعای خواردنەوەی ئاوی زەمزم:**

اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ عِلْماً نَافِعاً، وَرِزْقاً وَاسِعًا، وَعَمَلاً مُتَقَبَّلاً، وَشِفَاءً مِنْ كُل دَاءٍ.



## دوعاکانی سەفا و مەڕوا:

### دوعای سەر کێوی سەفا:

إِنَّ الصَّفَا وَالْمَرْوَةَ مِن شَعَآئِرِ اللّهِ فَمَنْ حَجَّ الْبَيْتَ أَوِ اعْتَمَرَ فَلاَ جُنَاحَ عَلَيْهِ أَن يَطَّوَّفَ بِهِمَا وَمَن تَطَوَّعَ خَيْرًا فَإِنَّ اللّهَ شَاكِرٌ عَلِيمٌ، الله أكبر الله أكبر الله أكبر، ولِلّهِ الحمد، الله أكبر على ما هدانا، والحمد لله على ما أَوْلانا، لا إله إلا الله وحده لا شريك له، له الملك وله الحمد يحيى ويميت بيده الخير، وهو على كل شيء قدير، لا إله إلاّ الله وحده، أنجز وعده، ونصر عبده، وهزم الأحزاب وحده.

### دوعای شەوتی یەکەم:

الحَمد للهِ الذي بلَّغنيها سالِماً معافىً، اللَّهُمَّ هَذِهِ مِنَى فَامْنُنْ عَلَيَّ بِمَا مَنَنْتَ بِهِ عَلَى أُولِيَائِكَ وَأَهْلِ طَاعَتِكَ، سُبْحَانَ الَّذي في السَّمَاءِ عَرْشُهُ، سُبْحَانَ الَّذي في الأَرضِ سَطْوَتُهُ، سُبْحَانَ الَّذي في البَحْرِ سَبِيلُهُ، سُبْحَانَ الَّذي في النَّارِ سُلْطَانُهُ، سُبْحَانَ الَّذي في الجَنَّةِ رَحْمَتُهُ، سُبْحَانَ الَّذي رَفَعَ السَّمَاءَ، وَوَضَعَ الأَرْضَ بِقُدْرَتِهِ، سُبْحَانَ الَّذي لامَنْجا وَلاَ مَلْجأَ مِنْهُ إلاَّ إِلَيْهِ.

## دوعای ( جەمرەی عەقەبە ) :

اللَّهم تَصديقاً بِكِتابِكَ وَاتِّباعاً لِسُنَّةِ نَبِيِّكَ، سَيِّدِنا مُحَمَدٍ (صَلَّى الله عَلَيهِ وَسَلَّمَ)، الله أَكبر كَبِيراً وَالحَمدُ للهِ كَثِيرا، وَسُبْحَانَ اللهِ بُكْرَةً وَأَصِيلاً، لا إله إلا الله وَحدَهُ لاشَرِيكَ لَهُ، اللَّهمَ اجعَلهُ حَجّاً مَبْرُوراً، وَسَعياً مَشكُوراً.

## دوعای جەمەرات :

الحَمدُ للهِ كَثِيرا، طَيِّباً مُبارَكاً فِيهِ اللَّهم لاَ أُحصِي ثَنَاءً عَلَيْكَ، أَنْتَ كَمَا أَثْنَيْتَ عَلَى نَفْسِكَ، اللَّهم إِلَيْكَ أَفَضْتُ، وَمِنْ عَذَابِكَ أَشْفَقْتُ، وَإِلَيْكَ رَغِبْتُ، وَمِنْكَ رَهِبْتُ، فَاقْبَلْ نُسُكِي، وَأَعْظِمْ أَجْرِي.

وارحَمْ تَضرَّعي وَاقْبَلْ توْبَتي، وَأَقِلْ عَثْرَتي، وَاسْتَجِبْ دَعْوَتي، وَأَعْطِني سُؤْلي، اللّهم رَبَّنا تَقَبَّلْ مِنَّا وَلاَ تَجْعَلنَا مِنَ المُجْرِمينَ وَأَدْخِلْنَا فِي عِبَادِكَ الصَّالِحِينَ يا أَرحَمَ الرَّاحِمينَ.

## دوعایەك بۆ گشت شوێنە پیرۆزەكان:

اللَّهُمَّ رَبَّنَا تَقَبَّلْ مِنَّا، وَعَافِنَا واعْفُ عَنَّا، اللَّهُمَّ تَوَفَّنَا مُسْلِمِين، وَأَحْيِنَا مُسْلِمِين، وَأَلْحِقْنَا بِالصَّالِحِينَ، اللّهُمَّ إنِّي أَوْدَعْتُ هَذَا المَحَلَّ الشَّرِيفَ مِنْ يَوْمِنَا هَذَا إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ. خالِصاً مُخْلِصاً، أَشْهَدُ أَنْ لا إله إلا الله، وَأَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ (الفاتِحَة).

## دوعای تەوافی ماڵئاوایی:

إنَّ الَّذي فَرَضَ عَلَيْكَ القُرآنَ لَرَادّكَ إِلَى مَعَادٍ، يا مُعِيداً أَعِدْنِي وَيَا سَمِيعُ اسْمَعنِي، يَا جَبَّاراً اجْبُرْنِي يَا سَتَّارُ اسْتُرْنِي، يَارَحْمَنُ ارْحَمْنِي، يَا رَدَّادُ ارْدُدْنِي إِلَى بَيْتِكَ هَذَا، وَارْزُقْنِي العَوْدَ.

ثُمَّ العَوْدَ كَرَّاتٍ بَعْدَ مَرَّاتٍ، تَائِبِينَ، عَابِدِينَ، سَائِحِينَ، لِرَبِّنَا حَامِدِينَ، صَدَقَ اللهُ وَعْدَهُ، وَنَصرَ عَبْدَهُ وَهَزَمَ الْأَحْزَابَ وَحْدَهُ، اللَّهُمَّ اكْتُبِ السَّلاَمَةَ وَالْعَافِيَةَ وَالغَنِيمَةَ لَنَا وَلِعَبِيدِكَ. الْحُجَّاجِ وَالزُّوَّارِ وَالْغُزَاةِ وَالْمُسَافِرِينَ وَالْمُقِيمِينَ، فِي بَرِّكَ وَبَحْرِكَ مِنْ أُمَّةِ مُحَمَّدٍ أَجْمَعِينَ، اللَّهُمَّ احْفَظْنِي عَنْ يَمِينِي وَعَنْ يَسَارِي، وَمِنْ قُدَّامِي وَمِنْ وَرَاءِ ظَهْرِي وَمِنْ فَوْقِي وَمِن تَحْتِي حَتَّى تُوصِّلَنِي إِلَى أَهْلِي وَبَلَدِي.

فَإِذَا أَوْصَلْتَنِي إِلَى أَهْلِي وَبَلَدِي أَسْأَلُكَ أَنْ لاَ تُخْلِينِي مِنْ رَحْمَتِكَ طَرْفَةَ عَيْن، وَلاَ أَقَلَّ مِنْ ذَلِكَ، اللَّهُمَّ كُنْ لَنَا صَاحِباً فِي سَفَرِنَا، وَخَلِيفَةً فِي أَهْلِنَا، وَاطْمِسْ عَلَى وُجُوهِ أَعْدَائِنَا، وَامْسَخْهُمْ عَلَى مَكَانَتِهِمْ فَلاَ يَسْتَطِيعُونَ المضيَّ وَلاَ المَجِيءَ إِلَيْنَا.

اللَّهُمَّ ارْحَمْنِي بِتَرْكِ المَعَاصِي وَمَا لاَ يُغْنِينِي مَا أَبْقَيْتَنِي، وَارْحَمْنِي أَنْ أَتَكَلَّفَ مَا لاَيَعْنِينِي وَارْزُقْنِي حُسْنَ النَّظَرَ فِيما يُرْضِيكَ عَنِّي، اللَّهُمَّ مَتِّعْنِي بِبَصَرِي وَاجْعَلْهُ الْوَارِثَ مِنِّي. وَأَرِنِي مِنَ العَدُوِّ ثَأْرِي وَانْصُرْنِي عَلَى مَنْ ظَلَمَنِي.

اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنَ الهَمِّ وَالحُزْنِ وَأَعُوذُ بِكَ مِنَ الْجُبْنِ وَالْبُخْلِ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنْ غَلَبَةِ الدَّينِ وَقَهْرِ الرِّجَالِ، اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ فِي سَفَرِنَا هَذَا الْبِرِّ وَالتَّقْوَى. وَمِنَ العَمَلِ مَا تَرْضَى، اللَّهُمَّ هَوِّنْ عَلَينَا سَفَرَنَا هَذَا وَطوِّعْنَا بَعْدَهُ، اللَّهم أَنتَ الصَّاحِبُ فِي السَّفَرِ، وَالخَلِيفَةُ فِي الأَهلِ اللَّهمَ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ وَعْثَاءِ السَّفَرِ وَكَآبَةِ المَنْظَرِ وَسُوءِ المُنقَلَب فِي الأَهلِ وَالمالِ وَالوَلَد، اللَّهمَ اطْوِ لَنَا الأَرْضَ وَهَوِّنْ عَلَينَا السَّفَرَ.

اللَّهُمَّ بَلاَغاً يَبْلُغُ خَيْراً، وَسِتْراً مِنْكَ، وَرِضْوَاناً بِيَدِكَ الخَيْرُ، إِنَّكَ عَلَى كُلِّ شَيءٍ قَدِيرٌ، اللَّهُمَّ هَوِّنْ عَلَينَا السَّفَرَ، وَاطْوِ لَنَا الأَرْضَ، اللَّهُمَّ اصْحَبْنَا فِي سَفَرِنَا، وَاخْلُفْنَا فِي أَهلِنَا.

اللَّهُمَّ احْفَظْنِي مِنْ بَينِ يَدَيَّ، وَمِنْ خَلْفِي وَعَنْ يَمِينِي، وَعَنْ شِمَالِي، وَمِنْ فَوْقِي، أَعُوذُ بِعَظَمَتِكَ أَنْ أُغْتَالَ مِنْ تَحْتِي، يا أَرحَمَ الرَّاحِمينَ يارَبَّ العَالَمِينَ.

## دوعای دوای تەوافی ماڵئاوایی:

اللَّهم هَذَا بَيتُكَ، وَأَنا عَبدُكَ وإبنُ عَبدِكَ، وابنُ أَمتِكَ، حَمَلْتَنِي عَلَى مَا سَخَّرْتَ لِي مِنْ خَلْقِكَ، وَسَتَرتَنِي فِي بِلاَدِكَ حَتَّى بَلَّغْتَنِي بِنِعْمَتِكَ إِلَى بَيتِكَ، وَأَعَنْتَنِي عَلَى أَدَاءِ نُسُكِي، فَإِنْ كُنْتَ رَضِيتَ عَنِّي فَازْدَدْ عَنِّي رِضَا.

وَإِلاَّ فَمُنَّ الآنَ قَبْلَ أَنْ تَنْأَى عَنْ بَيتِكَ دَارِي، وَهَذَا أَوَانُ انْصِرَافِي إِنْ أَذِنْتَ لِي غَيرَ مُسْتَبْدِلٍ بِكَ وَلاَ بِبَيتِكَ، اللَّهُمَّ فَاصبَحنِي الْعَافِيَةَ فِي بَدَنِي، وَالصِّحَّةَ فِي جِسْمِي، وَالعِصْمَةَ فِي دِينِي، وَأَحْسِنْ مُنْقَلَبِي، وَاجْمَعْ لِي بَينَ خَيرِ الدُّنْيَا وَالأَخِرَةِ. إِنَّكَ على كل شيء قديرٌ، وَصَلَّى اللهُ عَلَى مُحَمَّدٍ وَعَلى آلِهِ وَصَحْبِهِ أَجْمَعِينَ.




**دوعـــــــای خواحـــافیزی لـــە مەککە :**

لا إلـــــه إلاّ الله وحَده لا شَريكَ لَه، لَـه الْمُلـكُ وَلَـه الْحَمـد، وَهـوَ عَلـى كـلِّ شَـيءٍ قَـدير، آيبـونَ عابِـدون سـاجِدونَ لِرَبِّنـا حامِدونَ، صَدقَ اللهُ وَعْدَه ونَصرَ عَبْدَه وَهَزَمَ الأحْزاب وَحْدَه.

## دوعاكانی زیارەتی مەدینەی پیرۆز:

### سەلام كردن لە پێغەمبەر(ﷺ)

السَّلاَمُ عَلَيكَ أَيُها النَّبِيُّ وَرَحْمَةُ اللهِ وَبَرَكَاتُهُ، الصَّلاَةُ وَالسَّلاَمُ عَلَيكَ يَا سَيِّدِنَا يَا رَسُولَ اللهِ، الصَّلاَةُ وَالسَّلاَمُ عَلَيكَ يَا نَبِيَّ اللهِ، الصَّلاَةُ وَالسَّلاَمُ عَلَيكَ يَا خَيرَ خَلْقِ اللهِ، الصَّلاَةُ وَالسَّلاَمُ عَلَيكَ يَا مَنْ أَرْسَلَهُ اللهُ رَحْمَةً لِلعَالَمينَ، الصَّلاَةُ وَالسَّلاَمُ عَلَيكَ يَا سَيِّدَ المُرسَلينَ وَخَاتَمَ النَّبِيِّينَ، وَإِمَامَ المُتَّقِينَ، وَقَائِدَ الغُرِّ المُحَجَّلينَ، وَالسَّلاَمُ عَلَيكَ يَا مَنْ وَصَفَهُ اللهُ بِقَولِهِ (وَإِنَّكَ لَعَلَى خُلُقٍ عَظِيمٍ)، (بِالمُؤْمِنينَ رَؤُفٌ رَحِيمُ)، وَالسَّلاَمُ عَلَيكَ وَعَلَى سَائِرِ الأَنْبِيَاءِ وَالمُرْسَلِينَ وَعَلَى أَهْلِ بَيتِكَ الطَّيِّبِينَ الطَّاهِرِينَ، وَالسَّلاَمُ عَلَيكَ وَعَلَى أَزْوَاجِكَ الطَّاهِرَاتِ، أُمَّهَاتِ المُؤْمِنِينَ، وَالسَّلاَمُ عَلَيكَ وَعَلَى أَصْحَابِكَ أَجْمَعِينَ.

وَعِبَادِ اللهِ الصَّالِحِينَ، أَشْهَدُ أَنْ لا إِلهَ إِلَّا اللهُ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ، وَأَشْهَدُ أَنَّكَ يارَسُولَ اللهِ قَدْ بَلَّغْتَ الأَمَانَةَ، وَ نَصَحْتَ الأُمَّةَ، وَدَعَوتَ إِلَى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ وَعَبَدْتَ رَبّكَ حَتَّى أَتَاكَ اليَقِينُ.

فَصَلَّى اللهُ عَلَيكَ كَثِيراً أَفْضَلَ وَأَكْمَلَ وَأَطْيَبَ مَا صَلَّى عَلَى أَحَدٍ مِنَ الخَلقِ أَجْمَعِينَ، اللَّهُمَّ اجْزِ عَنَّا نَبِيَّنَا أَفْضَلَ مَا جَزَيْتَ أَحَداً مِنَ النَّبِيِّينَ وَالمُرْسَلِينَ، اللَّهُمَّ آتِهِ الوَسِلَةَ وَالفَضِيلَةَ وَبْعَثْهُ مَقَاماً مَحْمُوداً الَّذي وَعَدْتَهُ اللَّهُمَّ صلِّ عَلَى مُحَمَّدٍ وَعَلى آلِ مُحَمَّد كَمَا صَلَّيتَ عَلَى إِبراهِيمَ وَعَلى آلِ براهِيمَ، إِنكَ حَميدٌ مَجِيدٌ، رَبَّنَا أَمَنَّا بِمَا أَنْزَلتَ وَاتَّبَعْنَا الرَّسُولَ، فَاكْتُبْنَا مَعَ الشَاهِدِينَ، وَالحَمْدُ للهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ.

### سەلام كردن لە ئیمامی ئەبوبەكر(رضي الله عنه) :

السَّلاَمُ عَلَيكَ يَا خَلِيفَةَ رَسُولِ اللهِ أَبَابَكرٍ الصِّدِّيقَ، السَّلاَمُ عَلَيكَ يَا مَنْ قَالَ فِي حَقِّكَ رَسُولُ اللهِ(ﷺ)، يَا أَبَابَكرٍ أَنْتَ عَتِيقُ اللهِ مِنَ النَّارِ، السَّلاَمُ عَلَيكَ يَا صَاحِبَ رَسُولُ اللهِ.

وَثَانِي اثْنَيْنِ إِذْ هُمَا فِي الغَارِ، السَّلاَمُ عَلَيكَ يَا مَنْ أَنْفَقَ مَالَهُ كُلَّهُ في حُبِّ اللهِ وَحُبِّ رَسُولِهِ حَتَّى تَخَلَّلَ بِالعَبَاءِ جَزَاكَ اللهُ عَنْ أُمَّةِ رَسُولُ اللهِ خَيْرَ الجَزَاءِ، اللَّهُمَّ ارضَ عَنْهُ، وَارفَعْ دَرَجَتَهُ، وَأَكْرِمْ مَقَامَهُ، وَأَجْزِلَ ثَوَابَهُ بِفَضْلِكَ وكَرَمِكَ آمِين.

## سەلام کردن لە ئیمامی عومەر (رضي الله عنه):

السَّلاَمُ عَلَيكَ يَا أَميرَ المُؤمِنِينَ عُمَرَ بنِ الخَطَّابِ، السَّلاَمُ عَلَيكَ يَا مَنْ قَالَ فِي حَقِّكَ رَسُولُ اللهِ(ﷺ) عُمَرَ بنِ الخَطَّابِ سِراجُ أَهْلِ الجَنَّةِ، وَقَالَ أَيضاً: وَمَا طَلَعَتِ الشَّمْسُ عَلَى رَجُلٍ خَيرٌ مِن عُمَرَ...

السَّلاَمُ عَلَيكَ يَا أَبَا الفُقَرَاءِ وَالضُعَفَاءِ وَالأَرَامِلَ وَالأَيتَام جَزَاكَ اللهُ عَنْ أُمَّةِ رَسُولُ اللهِ خَيْرَ الجَزَاءِ، اللَّهُمَّ ارضَ عَنْهُ، وَارفَعْ دَرَجَتَهُ، وَأَكْرِمْ مَقَامَهُ، وَأَجْزِلَ ثَوَابَهُ بِفَضْلِكَ وكَرَمِكَ آمِين.

## دوعاکانی ڕەوزەی پیرۆز:

اللَّهُمَّ إِنَّكَ قُلْتَ وَقَوْلُكَ الحَقُّ: (وَلَوْ أَنَّهُمْ إِذ ظَّلَمُواْ أَنفُسَهُمْ جَآؤُوكَ فَاسْتَغْفَرُواْ اللّهَ وَاسْتَغْفَرَ لَهُمُ الرَّسُولُ لَوَجَدُواْ اللّهَ تَوَّابًا رَّحِيمًا )، اللَّهمَ إنِّي أَسأَلُكَ أَنْ تُشَفِّعَ فِيَّ نَبِيّكَ وَرَسُولِكَ مُحَمَّداً(ﷺ)، يومَ لاَيَنفَعُ مَالٌ وَلاَ بَنُونَ إِلاَّ مَنْ أَتَى اللهَ بِقَلبٍ سَلِمٍ، وَأَنْ تُوجِبَ لِيَ المَغْفِرَةَ كَمَا أَوجَبْتَهَا لِمَنْ جَاءَهُ فِي حَيَاتِهِ، اللَّهُمَّ اجْعَلْهُ أَوَّلَ الشَّافِعِينَ، وَأَنْجَحَ السَّائِلِينَ. وَأَكْرَمَ الأَوَّلِينَ وَالأَخِرِينَ بِمَنِّكَ وَكَرَمِكَ يَا أَكْرَمَ الأَكْرَمِينَ، اللَّهمَ إنِّي أَسأَلُكَ إِيمَاناً كَامِلاً، وَيَقِيناً صادِقاً حَتَّىَ أَعلَمَ أَنَّهُ لاَيُصِيبُنِي إِلاَّ ما كَتَبتَ لِي، وَعِلْماً نَافِعاً، وَقَلْباً خَاشِعَاً، وَلِسَاناً ذَاكِراً، وَرِزقاً وَاسِعاً وَحَلاَلاً طَيِّباً، وَعَمَلاً صَالِحاً مَقْبُولاً، وَتِجارَةً لَنْ تَبُورَ..

اللَّهمَ اشْرَحْ لَنَا صُدُورَنَا وَاسْتُرْ عُيُوبَنَا، وَاغْفِر ذُنُوبَنَا، وَآمِنْ خَوْفَنَا، وَاخْتِمْ بِالصَّالِحَاتِ أَعْمَالَنَا، وَتَقَبَّلْ زِيَارَتَنَا، وَرُدَّنَا مِنْ غُرْبَتِنَا إِلَى أَهْلِنَا وَأَولاَدِنَا سَالِمِينَ غَانِمِينَ، وَاجعَلْنَا مِنْ عِبَادِكَ الصَّالِحِينَ، مِنَ الَّذِينَ لاَخَوْفٌ عَلَيْهِيمْ وَلاَ هُمْ يَحْزَنُونَ.

رَبَّنَا لاَ تُزِغْ قُلُوبَنَا بَعدَ إِذْ هَدَيْتَنَا وَهَبْ لَنَا مِنْ لَدُنْكَ رَحْمَةً إِنَّكَ أَنتَ الوَهَّابُ، رَبِّ اغْفِر لِي وَلِوَالِدَيَّ وَلِلْمُؤمِنِينَ يَوْمَ يَقُومُ الحِسَابُ سُبْحَانَ رَبِّكَ رَبِّ العِزَّةِ عَمَّا يَصِفُونَ وَسَلاَمٌ عَلَى المُرسَلِينَ وَالحَمْدُ لله رَبِّ العَالَمِينَ.

## دوعای گۆڕستانی بەقیع:

السَّلاَمُ عَلَيكُمْ دارَ قَوْمِ المُؤمِنِينَ، وَإِنَّا إِنْ شَاءَ اللهُ بِكُمْ لاَحِقُونَ، أَنْتُمْ سَلَفُنَا، وَنَحْنُ بِالأَثَرِ، يَغْفِرُ اللهُ لَنَا وَلَكُمْ وَيَرْحَمُ اللهُ المُسْتَقْدِمِينَ مِنْكُمْ وَالمُسْتَأْخِرِينَ، اللَّهُمَّ لاَتَحْرِمْنَا أَجْرَهُمْ، وَلاَ تَفْتِنَا بَعْدَهُمْ، وَاغْفِرْ لَنَا وَلَهُمْ، اللَّهُمَّ اغْفِرْ لأَهلِ بَقِيعِ الغَرْقَدِ.

## سەلام کردن لە ئیمامی عوسمان کوڕی عەففان(رضي الله عنه):

السَّلاَمُ عَلَيكَ يَاذا النُورَيْنِ عثمان بْنِ عَفَّانَ، السَّلاَمُ عَلَيكَ يَا ثَالِثَ الخُلَفَاءِ الراشِدِينَ، السَّلاَمُ عَلَيكَ يَا مُجهِّزَ جَيشَ العُسْرَةِ بِالنَّقْدِ وَالعَيْنِ، وَجَمَعَ القُرْآنَ بَيْنَ الدَّفَتَينِ، جَزَاكَ اللهُ عَنْ أُمَّةِ رَسُولُ اللهِ(صلى الله عليه وسلم) خَيْرَ الجَزَاءِ، اللَّهُمَّ ارضَ عَنْهُ، وَارفَعْ دَرَجَتَهُ، وَأَكْرِمْ مَقَامَهُ، وَأَجْزِلَ ثَوَابَهُ بِفَضْلِكَ وَكَرَمِكَ آمِين.

## دوعای خواحافیزی لە مەدینە:

اللَّهُمَ لا تَجْعل هَذا آخِرَ الْعَهدِ بِحَرَمِ رَسولِكَ، وَيَسِّرْ لِي العَوْدَ إلى الحَرَمينِ سَبيلاً سَهلَةً، وَارزُقْنِي العَفوَ والعافِيَةَ في الدُّنيا وَالآخرةِ، وَرُدَّنا سَالمِينَ غانمين.

# بەشی حەوتەم

# کۆمەڵێك
# وتاری پەیوەست بە حەج

# فەزڵ و پیرۆزی حەج

ئەنجامدانی حەج، وێڕای ئەوەی بەجێگەیاندنی ڕوکنی ئیسلامە، لەهەمان کاتیشدا گەورەترین کۆبونەوەو بەیەکگەیشتنی موسڵمانانە، کە ساڵانە لە تەواوی دونیا دێنو، لەو شوێنە پیرۆزەی حەرەم یەك دەگرنەوە.

بەو هۆیەوە پەیوەندیە ڕۆحیو کۆمەڵایەتیو ئیمانیەکان، لە بەرزترین ئاستی باشیو ڕێکیەوە خۆیان دەبیننەوە، چونکە لەیەك کاتدا ئەو فەرزە، موسڵمانانی تەواوی دونیا بەیەکتر شاد دەکاتو، هەمووانیش پەیوەست دەکات بە خۆشەویستی خواو حەرەمی پیرۆزو بەیتی شەریفەوە.

بۆیەش هەم لە قورئانی پیرۆز هەمیش لەسوننەتی پێغەمبەر(ﷺ) چەندین دەق هەن، تەرکیز لەسەر گەورەیی ئەو فەرزە دەکەنەوەو هانی مرۆڤ دەدەن بۆ ئەنجامدانی.

ئەگەر بەووردی لەکارو ئەرکەکانی حەج بڕوانین، بۆمان دەرکەوێ کە خوای گەورە بۆ هەر هەنگاوێك چەندین پاداشتو چاکە پێدانەوەی داناوە، کە سەرەنجام مرۆڤ دەگەیەننە ئەو ئاستەی پاکبوونەوە، کە پێغەمبەر(ﷺ) وەسفی کردووەو دەفەرمووێ: ﴿**من حَجَّ لِلَّه فلم يَرْفُثْ ولم يَفْسُقْ رَجَعَ كَيَوْمِ وَلَدَتْهُ أُمُّهُ**﴾[1]، واتە: هەر کەسێك حەج بۆ خوا بکاتو لەڕۆژانی حەجیش لە خێزانی نزیك نەبێتەوەو تاوانو گوناهیش ئەنجام نەدات، کە دەگەڕێتەوە وەکو ئەو ڕۆژەی لێ دێت، کە تازە لەدایك بووە.

لێرەدا ناتوانین تەواوی ئەو دەقانە بخەینە ڕوو، کە لەبارەی فەزڵو گەورەیی هەنگاوەکانی حەج هاتوون، بەڵام هەندێکیان باس دەکەین، بۆ ئەوەی بزانین فەریزەی حەج یەکێکە لە گەورەترینی ئەو پەرستشانەی مرۆڤ لە خوا نزیك دەکاتەوەو، دەیگەیەنێتە چڵەپۆپەی ئیمانو پاکبوونەوەی دەروونی.

1- صحيح البخاري: ج/2 ص/552.

ئەوەتا لەبارەی ئەو زیکرەی لە کاتی ئیحرام بەستندا دەست پێ دەکات، کە زیکری (لبيك اللّهم لبيك) ە، پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرمووێ: (ما من مُلَبّ يُلَبِّي إلا لَبَّى ما عن يَمِينِهِ وَشِمَالِهِ من حَجَرٍ أو شَجَرٍ أو مَدَرٍ)[1]، واتە: هەر موسڵمانێك کە زیکر (لبيك اللّهم لبيك) دەکات، ئیللا لەلای ڕاستەو چەپەی دارو بەردو تەواوی شتەکان لەگەڵی ئەو زیکرە دەکەن.

لەبارەی تەوافی بەیتەوە دەفەرمووێ: (من طَافَ بِالْبَيْتِ وَصَلَّى رَكْعَتَيْنِ كان كَعِتْقِ رَقَبَةٍ)[2]، واتە: هەر کەسێك تەوافی بەیت بکاتو دوو ڕکعەت نوێژ بکا، وەکو ئەوە وایە کۆیلەیەکی ڕزگار کرد بێت.

لە فەرموودەیەکی تردا دەفەرمووێ: (إِنَّ **اللَّهَ** تَعَالَى **يُنْزِلُ** في كل يَوْمٍ وَلَيْلَةٍ عِشْرِينَ وَمِائَةَ رَحْمَةٍ **يَنْزِلُ على هذا الْبَيْتِ** سِتُّونَ لِلطَّائِفِينَ وَأَرْبَعُونَ لِلْمُصَلِّينَ وَعِشْرُونَ لِلنَّاظِرِينَ)[3]، واتە: خوای گەورە هەموو ڕۆژێك (120) ڕەحمەتی خۆی نازڵی سەر بەیت دەکات، (60) لەو ڕەحمەتانە بۆ ئەوانەیە، کە تەوافی بەیت دەکەن، (40)یش بۆ ئەوانەیە نوێژێك لەوێ دەکەنو (20) یش بۆ ئەوانەیە کە تەنها تەماشای بەیت دەکەن.

هەروەها دەربارەی سەلام کردنو دەست لێدانی حەجەرولئەسوەد، دەفەرمووێ: (إِنَّ لِهَذَا الْحَجَرِ لِسَانًا وَشَفَتَيْنِ يَشْهَدُ لِمَنِ اسْتَلَمَهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ بِحَقّ)[4]، واتە: لەڕۆژی دوایی ئەو حەجەرولئەسوەدە خوای گەورە زوبانو دوو لێوی بۆ دروست دەکات، شاهێدی بۆ ئەو کەسانە دەدات، کە بەهەق دەستیان لێ داوە.

1- سنن ابن ماجة: ج/2 ص/974.
2- سنن ابن ماجة: ج/2 ص/985.
3- المعجم الكبير: ج/11 ص/195.
4- صحيح ابن حبان: ج/9 ص/25.

لەلایەکی ترەوە پێغەمبەر(ﷺ) دوعای ڕەحمەتی خوای بۆ ئەوانە کردووە، کە سەریان دەتاشن یان کورتی دەکەنەوە (رَحِمَ اللہ الْمُحَلِّقِينَ، قالوا: وَالْمُقَصِّرِينَ يا رَسُولَ اللَّهِ؟ قال: رَحِمَ اللہ الْمُحَلِّقِينَ، قالوا: وَالْمُقَصِّرِينَ يا رَسُولَ اللَّهِ؟ قال: رَحِمَ اللہ الْمُحَلِّقِينَ، قالوا: وَالْمُقَصِّرِينَ يا رَسُولَ اللَّهِ؟ قال: وَالْمُقَصِّرِينَ )[1].

لەکاتی ڕەمی کردنیشدا هاتووە، کە پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرمووێ: (إذا رميت الجمار كان لك نورا يوم القيامة)[2]، واتە: کاتێ ڕەمی شەیتانەکان ئەنجامدرا، ئەوە دەبێتە هۆی نورێك لەڕۆژی دوایدا.

ئەمانەو چەندین فەرموودەی تر، کە لە پێشتریش باسمان کردوون، لەبارەی گەورەیی حەجەوە هاتوون، سەرەڕای ئەوەی کە چاکەو خێرو خواپەرستی لە حەرەمدا یەك بە سەد هەزارە، چونکە لەبارەی نوێژی ئەوێ دەفەرمووێ: (صَلَاةٌ فِي الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ أَفْضَلُ مِن مِائَةِ أَلْفِ صَلَاةٍ فِيمَا سِوَاهُ)[3]، واتە: یەك نوێژ لەبەیت بەقەد خێری سەد هەزار نوێژی شوێنانی ترە.

لە هەمووشی گەورەترو پیرۆزتر، کە ئاواتی گەورەی هەموو موسڵمانێکی ڕاستەقینەیە، ئەو پاداشتە بەنرخەیە، کە خوای گەورە بۆ ئەوانەی داناوە، بەتەواوی و نیەتێکی پاکەوە ئەو فەریزەیە ئەنجام دەدەن، ئەویش ئەوەیە، کە پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرمووێ: (الْحَجُّ الْمَبْرُورُ ليس له جَزَاءٌ إلا الْجَنَّةُ)[4]، واتە: حەجێك، کە خوای گەورە قبوڵی کرد بێ، پاداشتی لای خوا تەنها بەهەشتە.

1- صحيح مسلم: ج/2 ص/946.
2- مجمع الزوائد: ج/3 ص/260.
3- سنن ابن ماجة: ج/1 ص/451.
4- صحيح البخاري: ج/2 ص/629.

# حەج و گەورەیی دە رۆژی (ذي الحجة)

لەقورئانی پیرۆزدا، هەر کات خوای گەورە سوێندی بە شتێك خواردبێ، ئەوە تەعبیرە لە گەورەیی ئەو شتەو هۆشیار کردنەوەی بەندەکانیشە لەسەر پیرۆزی هەمان شت.

خوای گەورە زەمەنی دیاریکردووە، خۆشەویسترین زەمەنو کاتیش ئەو مانگانەن، کە پێیان دەگوترێ (أشهر الحرم) لەناویشیاندا مانگی زولحیجە پیرۆزترینیانە، گەورەترین کاتیش لەو مانگەدا، دە ڕۆژی یەکەمی زولحیجەن، کە پێیان دەگوترێ (عشر ذي الحجة).

ئەو ڕۆژانە وێڕای ئەوەی کارەکانی حەجیان تێ ئەنجام دەدرێ، بەڵام لە هەمان کاتدا زەمەنێکی گرینگن لە تەمەنی ئۆمەتی ئیسلامیو، ڕۆژانی دابارینو دابەزینی فەیزو بەرەکەتی خوای گەورەن، کە بەهۆیەوە بەهەزاران موسڵمان لەتەواوی دونیا سوودی لێ دەبینێو وەردەگرێ.

ئەو ڕۆژانە وەکو ڕۆژانی سەرەتایی هەر مانگێکی تر نین، بەڵکو ڕۆژانێکن چەندین فەزڵو تایبەتمەندی خۆیان هەیە، کە لیرەدا بە خاڵێك باسی لێوە دەکەین:

1- خوای گەورە سوێندی بەو ڕۆژانە خواردووە، هەر وەك لە قورئانی پیرۆزدا هاتووەو دەفەرمووێ: ﴿**وَالْفَجْرِ، وَلَيَالٍ عَشْرٍ**﴾[1]، واتە: سوێند بە بەرەبەیان، سوێندم بەو شەوانەی کە دە شەون (هەندێك دەڵێن دە شەوی کۆتایی ڕەمەزانە، هەندێکیش دەڵێن دە شەوی سەرەتای مانگی (ذي الحجة)یە کە کاتی ئەنجامدانی حەجە، هەردوو بۆنەکەش پیرۆزن.

1- الفجر: 1-2.

2- هەر لەقورئاندا خوای گەورە باسی ئەو ڕۆژانە دەکاتو، بەڕۆژانی دیارو زانراو ناویان دەبات، هەروەك دەفەرمووێ: ﴿**وَيَذْكُرُوا اسْمَ اللَّهِ فِي أَيَّامٍ مَعْلُومَاتٍ**﴾[1]، واتە: یادی خوا بکەنو ناوی پیرۆزی بەردەوام لەسەر زاریان بێت لەڕۆژانێکی دیاریکراودا (کە ڕۆژانی عەرەفەو جەژنی قوربانە).

3- پێغەمبەری ئازیز ئەو ڕۆژانەی بە گەورەترین ڕۆژانی دونیا ناو بردووە، هەروەك لەو فەرموودەدا دەفەرمووێ: (مَا مِنْ أَيَّامٍ أَفْضَلُ عِنْدَ اللَّهِ مِنْ أَيَّامِ عَشْرِ ذِي الْحِجَّةِ)[2]، واتە: هیچ ڕۆژێك بەقەد ڕۆژانی زیلحیجە لای خوای گەورە باشترو بەخێرتر نین.

لەفەرموودەیەکی تردا دەفەرمووێ: (**مَا مِنْ أَيَّامٍ الْعَمَلُ الصَّالِحُ فِيهَا أَحَبُّ إِلَى اللَّهِ مِنْ هَذِهِ الأَيَّامِ الْعَشْرِ قَالُوا: يَا رَسُولَ اللَّهِ وَلا الْجِهَادُ فِي سَبِيلِ اللَّهِ؟ قَالَ: وَلا الْجِهَادُ فِي سَبِيلِ اللَّهِ إِلا رَجُلٌ خَرَجَ بِنَفْسِهِ وَمَالِهِ ثُمَّ لَمْ يَرْجِعْ مِنْ ذَلِكَ بِشَيْءٍ**)، واتە: هیچ ڕۆژانێك گەورەترو خۆشەویستتر نین لای خوای گەورە، کە کردەوەیان تێدا پیرۆز بێت وەکو دە ڕۆژانی زولحیجە، پرسیان ئەی پێغەمبەری خوا جیهادیش لەپێناو خوا؟ فەرمووی: بەڵێ جیهایش لە پێناو خوا، مەگەر کەسێك بە نەفسو سامانەوە رووی کردبێتەوە جیهادو نەگەڕابێتەوە.

4- ئەو دە ڕۆژانە گەورەترین ڕۆژی دونیایان لە خۆ گرتووە، کە ڕۆژی عەرەفەیە، عەرەفەش گەورەترین روکنی حەجەو بێ ئەنجامدانی ئەو ڕوکنە، تەنانەت حەجیش قەبوول نابێ.

5- خێرو چاکە لەو ڕۆژانەدا چەند قات دەبنەوە، بۆیە ئەنەسی کوڕی مالك دەفەرمووێ، لەبارەی ئەو ڕۆژانەوە گوتراوە، هەر ڕۆژێك بەهەزار ڕۆژ هەیە، بەڵام عەرەفە بە دە هەزار ڕۆژ هەیە لە خێرو چاکەو گەورەیی[3].

1- الحج: 28.
2- صحيح ابن حبان: ج/9 ص/164.
3- مشاريع العشر: ص/6.

هەروەها حەسەنی بەسری دەفەرموێ: بەرۆژوو بوونی هەر رۆژێك لەو دە رۆژە بە قەد دوو مانگ خێری گەورەیە.

6- پێغەمبەر(ﷺ) فەرمانی داوە، بە زۆر زیکر کردن لەو رۆژانە، هەروەك لەپێشتر ئەو باسەمان خستە ڕوو.

7- گەورەیی ئەو دە رۆژە لەو زیاتر دەر دەکەوێت، کە مەوسمی حەجەو فەرزی حەجی تێدا ئەنجام دەدریت، کە ئەنجامدانی ئەو فەرزەش خێرو گەورەییو پاداشتی زۆری هەیەو، بەهۆیەوە مرۆڤ لەگشت تاوانو گوناهەکان پاك دەبێتەوە.

8- رۆژی جەژنی قوربانیش دەکەوێتە ناو ئەو دە رۆژانەی مانگی (ذی الحجة)، کە ئەمەش جەژنی ئۆمەتی ئیسلامیەو، رۆژێکیشە لە رۆژە گەورەکانی دونیا، هەروەك پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێ: (إِنَّ أَعْظَمَ الْأَيَّامِ عِنْدَ اللَّهِ تَبَارَكَ وَتَعَالَى يَوْمُ النَّحْرِ ثُمَّ يَوْمُ الْقَرِّ)[1]، واتە: گەورەترین رۆژ لای خوای گەورە رۆژی جەژنی قوربانە، دوای ئەویش (یوم القر) واتە ئەو رۆژەی دوای جەژن دێت.

9- بەرۆژوو بوون لەو دە رۆژانە، بەتایبەتی رۆژی عەرەفە، گوناهی ساڵێکی رابردوو و داهاتوو ڕەش دەکاتەوە، هەروەك پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێ: (صِيَامُ عَرَفَةَ إني أَحْتَسِبُ على اللَّهِ أَنْ يُكَفِّرَ السَّنَةَ التي قَبْلَهُ وَالسَّنَةَ التي بَعْدَهُ)[2]، واتە: بەرۆژوو بوونی رۆژی عەرەفە وای دەبینم خوای گەورە بەهۆیەوە تاوانی ساڵی داهاتوو و رابردوو لەسەر مرۆڤ ڕەش دەکاتەوە، بەڵام ئەمە حاجیان ناگرێتەوە، هەروەك پێشتر روون کراوەتەوە.

1- سنن أبي داود: ج/2 ص/148.

2- سنن أبي داود: ج/2 ص/321.

# حەج و خۆشەویستی پێغەمبەر (ﷺ)

کەم وایە کاروانی حاجیان نەچێتە مەدینەو زیارەتی گۆڕی پێغەمبەر(ﷺ) نەکات! بەڵام گەلێك زۆرن ئەوانەی لەو سەفەرە موشتاقی ئەو زیارەتەو، ئاشنابوون بە ڕەوزەی شەریفو مزگەوتی مەدینەی منەوەرەن، ئەو حەزە ئیمانیە زادەی هەستێکی پاكو شەیدا بە خۆشەویستی پێغەمبەرە(ﷺ)، کە وا دەکات مرۆڤ بە دیداری گۆڕی پڕ نووری حەزرەت شاد ببێ.

خۆشەویستی پێغەمبەر(ﷺ) بەشێکی گرنگە لە بیرو باوەڕی موسڵمانان، چونکە دەقی قورئانو سوننەت زۆر هەن، کە تەرکیزی لەسەر دەکەنەوەو، هانی مرۆڤەکان دەدەن ئەو خۆشەویستیە پەرە پێ بدەن، تەنانەت خوای گەورە خۆشەویستی خۆی دەبەستێتەوە بە شێوازو ئەندازەی پەیڕەوی ڕێبازی پێغەمبەرەوە، هەروەك دەفەرمووێ: (قُلْ إِن كُنتُمْ تُحِبُّونَ اللّهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَاللّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ)[1]، واتە: ئەی پێغەمبەر(ﷺ) بە ئیمانداران بڵێ: ئەگەر ئێوە خواتان خۆش دەوێت، دە شوێنی من بکەونو لەفەرمانی من دەرمەچن، ئەوکاتە خوایش ئێوەی خۆش دەوێتو لەگوناهو هەڵەکانیشتان خۆش دەبێت، ئەو خوایە لێخۆشبوو و میهرەبانە.

لەبەر ئەوە پێویستە مرۆڤی موسڵمان زۆر ئاگاداری ئەو خۆشەویستیە بێتو، چەندەش دەکرێ پەرەی پێ بدات، لەبەر ئەوەی پێش خستنی هەر خۆشەویستیەك لەسەر خۆشەویستی پێغەمبەر(ﷺ)ی نازدار دەچێتە خانای لاوازی ئیمانیو تاوانەوە، لەو بارەوە قورئانی پیرۆز ڕاشکاوانە باسی لەبەرز ڕاگرتنی ئەو خۆشەویستی هەبوونە دەکاو دەفەرمووێ: (قُلْ إِن كَانَ آبَاؤُكُمْ وَأَبْنَآؤُكُمْ وَإِخْوَانُكُمْ وَأَزْوَاجُكُمْ وَعَشِيرَتُكُمْ وَأَمْوَالٌ اقْتَرَفْتُمُوهَا وَتِجَارَةٌ تَخْشَوْنَ كَسَادَهَا وَمَسَاكِنُ تَرْضَوْنَهَا أَحَبَّ إِلَيْكُم مِّنَ اللّهِ وَرَسُولِهِ

1- آل عمران: 31.

وَجِهَادٍ فِي سَبِيلِهِ فَتَرَبَّصُواْ حَتَّى يَأْتِيَ اللّهُ بِأَمْرِهِ وَاللّهُ لاَ يَهْدِي الْقَوْمَ الْفَاسِقِينَ)[1]، واتە: ئەی محمد(ﷺ) پێیان بڵێ: ئەگەر باوو باپیرتانو رۆڵەو نەوەکانتانو براکانتانو هاوسەرانتانو عەشرەتو هۆزتانو ماڵو سامانێك، کە بەدەستان هێناوە، یاخود بازرگانیەك دەترسن کە شکانو بێ بازاڕی رووی تێبکاتو خانووبەرەو کۆشكو تەلارێك، کە حەز دەکەن لێتان تێك نەچێت و دڵخۆشن پێی، لاتان خۆشەویستترو نازدارتر بێت لە خواو پێغەمبەرەکەیو جیهادو تێکۆشان لەپێناو ڕێبازی ئەو زاتەدا، دە ئەوە چاوەڕوان بن، هەتا خوای گەورە دێت بە فەرمانەکانیەوەو (تۆڵەتان لێ دەسێنێت)، خوای پەروەردگاریش هیدایەت و ڕێنموویی قەومی یاخیو لەسنوور دەرچوو نادات.

بۆیە دروست نیە هیچ شتێك لە خۆشەویستیدا پێش خۆشەویستی پێغەمبەر(ﷺ) بکەوێت، چونکە مەسەلەیەکی ئیمانیەو چاودێری کردنی پێویستە، لەفەرمودەیەکدا پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرمووێ: (لَا يُؤْمِنُ أحدكم حتى أَكُونَ أَحَبَّ إليه من وَالِدِهِ وَوَلَدِهِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ)[2]، واتە: ئیمانی هیچێکتان تەواو نابێ تا منتان لەدایكو باوكو منداڵو تێکڕای خەڵك خۆشتر نەوێت.

یەك لەنیعمەتە گەورەکانی ئەو سەفەرە زیارەتی مەدینەیە، بەڵام پێویستە ئەو زیارەتکردنە، گوڕوتینو هێزی خۆشەویستی لە دڵو دەروونەوە دروست بکاتو، ببێتە مایەی پابەندی بە حەزرەتەوە.

چونکە کاتێ مرۆڤ نزیك دەبێتەوە، وا هەست ناکات زیارەتی گۆڕێکی سادە دەکات، بەڵکو هەیبەتو گەورەیی ئەو شوێنە مرۆڤ دەباتە حاڵەتێکی ئیمانی بەرزەوە، کە ئینسان هەست دەکات نەك زیارەتی گۆڕ، بەڵکو زیارەتی پێغەمبەر(ﷺ) دەکاتو، لەڕێی سەلام کردنەوە گفتوگۆی لەگەڵ ئەنجام دەدات.

مانای ئەو سەلامکردنە زۆر گەورەیە، بەڵام لەوە گەورەتر، کاریگەری ئەو

1- التوبة: 24.

2- صحيح البخاري: ج/1 ص/14.

سەلامەیە، کەوابکات مرۆڤ بە دووپاتکردنەوەی خۆشەویستی پێغەمبەر(ﷺ)، بەڵێنی بەجێ گەیاندنی ڕێبازە پیرۆزەکەی بدات، لە هەموو ڕوویێکەوە، پێویستە لەگەڵ ئەو زیارەتە بەخۆداچوونەوە هەبیّ‌و، مرۆڤ واز لەشتە خراپو ناشەرعیەکان بێنێتو، زیاتر ئاکارە بەرزو ڕەوشتە جوانەکانی ئەو پێغەمبەرە پەیڕەو بکات.

ئەگەر سەردانی مەدینە تەنها بۆ ئەوە بێت، کە مرۆڤ پێی بگوترێ زیارەتکاری مەدینە، ڕەنگە هیچ سوودێکی وای نەبێت، بەڵام ئەگەر موسڵمانان لە گەورەییو حیکمەتی ئەو سەفەرو زیارەتکردنە وورد ببنەوە، ئەوە کاریگەری زۆری دەبێت لەسەر ئایندەو ژیانی داهاتوودا.

یەك لەماناکانی ئەو زیارەتکردنە ئەوەیە: (بەڵێ من چەندین ساڵە تامەزرۆو شەیدای خۆشەویستی پێغەمبەرم، ئێستا هاتووم بۆ ئەوەی لەخزمەت گۆڕە پڕ نورەکەیدا پەیمانی پەشیمانی لەتاوانو سەرپێچیەکان بدەمو پابەندی لەڕێبازی ئەو زاتە بکەم، هەروەها پەیمانی دووپاتکردنەوەی خۆشەویستیو بەرز ڕاگرتنو پارێزگاری سونەتی دەبەستم).

بۆیە گەورەیی ئەو زیارەتە لەوە دایە، کە چەندە لەوێ مرۆڤ موتەئەسیر دەکات، هێندەو زیاتریش کاریگەری لەسەر دەروونو ڕەفتارو هەڵسوکەوتەوە هەبێت، ئەوەش بەوە دەکرێ، قەدری ئەو زاتە بگیرێو لەبەر خاتری خواو پێغەمبەر(ﷺ) خۆی لە گوناهو تاوان بپارێزێ، سا بەو هیوایەی خوای گەورە لەتاوەنەکانی ببورێو بەگەورەیی خۆییو بەرەکەتی پێغەمبەر سەرفرازمان بکات، هەروەك بەڵێنی داوەو دەفەرمووێ: ﴿**وَلَوْ أَنَّهُمْ إِذ ظَّلَمُواْ أَنفُسَهُمْ جَآؤُوكَ فَاسْتَغْفَرُواْ اللّهَ وَاسْتَغْفَرَ لَهُمُ الرَّسُولُ لَوَجَدُواْ اللّهَ تَوَّابًا رَّحِيمًا**﴾[1]، واتە: خۆ ئەگەر ئەو خەڵکە بەڕاستی کاتێك ستەمیان لەخۆیان کرد (بە لادان لەشەریعەت) بهاتنایە بۆ لای تۆ داوای لێخۆشبوونیان لەخوای گەورە بکردایە، پێغەمبەریش داوای لێخۆشبوونی بۆ بکردنایە، ئەوە بێگومان ئەو کاتە دەیانزانی کە خوا تەوبەو پەشیمانی وەرگرەو، میهرەبان و دلۆڤانە (ئەگەر بەڕاستیان بوایە).

---

1- النساء: 64.

# حەج و پەروەردەی ڕۆحی

خوای گەورە مرۆڤی لەدوو پێکهاتەی سەرەکی گرنگ دروست کردووە، کە بریتین لەجەستەو گیان، بۆ بەهێز کردنو گەشەکردنی ئەو دووانەش چەند هۆکارێکی داناوە، بۆ ئەوەی بەردەوامو تاکاتی مردن جەستەو ڕۆح لەگەشە دابن، وەك چۆن جەستە پێویستی بە خۆراك هەیە تا پێیەوە هێزی ژیانو زیاد بوون وەربگرێ، بەهەمان شێوەش ڕۆحیش پێویستی بە خۆراکێکی مەعنەوی هەیە، تا ئاسوودەو بەختەوەر بێت.

جا کاتێ لایەنی جەستەیی زاڵ بوو بەسەر لایەنی ڕۆحی، ئەوە مرۆڤ دەکەوێتە داوی ئارەزوو خواردنو خواردنەوە، بەشێوەیەك لەئاستی ئاکارە بەرزەکانی مرۆڤبوون دایدەبڕێو دووری دەخاتەوە.

بەڵام ئەگەر لایەنی ڕۆحی بەهێز بوو، وە زاڵ بوو بەسەر لایەنی جەستەیی، ئەوە ئەو مرۆڤە بە ئاراستەی خێر دەڕوات لەدونیاو دواڕۆژدا.

ئاینی پیرۆزی ئیسلام گرینگی زۆری بە ڕۆح داوە، چونکە خاڵی یەکەمە لەمرۆڤدا، کە بتوانێ کاریگەری ئیجابی دروست بکات، هەروەها مەحەلی پەیوەندی نێوان خواو بەندەیە لەگشت کردارو ڕەفتارو هەستو نەستێکدا.

بەهەمان شێوە خواپەرستی هۆکارێکی کاریگەری هەیە بۆ پەروەردەی ڕۆحی، چونکە ئێمە دەتوانین لەسەر ئاستی پەیوەندیەکی ئیمانی بەهێز بین، ئەگەر لایەنی ڕۆحیمان گەشە پێدا.

هەموو پەرستشەکانیش ڕێگە خۆشکەرن بۆ بەهێز کردنی پەیوەندی مرۆڤ لە ڕێگەی ڕۆحیەوە لەگەڵ خوای گەورە، بۆیەش خوای میهرەبان خواپەرستیەکانی لەسەر ئاستی زەمەن دابەش کردووە، بۆ نمونە لەسەر ئاستی ڕۆژانە نوێژی داناوە، لەسەر ئاستی

مانگانە ڕەمەزانی فەرز کردووەو، لەسەر ئاستی ساڵانەش حەجی داناوە، تەنها بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێ لایەنی ڕۆحی خۆی بەهێز بکاتو، پەیوەندیە ڕۆحیەکانیشی لەگەڵ خوای گەورە پەرە پێ بدات.

حەج کردن یەکێکە لەو پەرستشە گەورانەی کاریگەری ئیجابی زۆری هەیە، لەسەر پەروەردەی ڕۆحیو جۆری پەیوەندی ئەخلاقیو خواپەرستیو ئیمانی.

هەر لە نەشیدی (لبيك اللّهم لبيك)وە بگرە، کە هێزێکی مەعنەوی گەورە دەبەخشێتە دەرونەوە، وەك ئەوەیە بڵێی: ها خوایە دونیام تەرگ کردو هانام هێنا تا لێم ڕازی بیت، من بەندەی تۆمو لە تۆ زیاتر گرینگی بە کەس نادەم، بەرگی ئیحرامم پۆشیوەو بەپیر داوای تۆوە هاتووم.

لەبەر ئەوەش عائیشەی دایکی ئیمانداران پرسیاری لە پێغەمبەر(ﷺ) کرد گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا جیهاد باشترین کردەوەی مرۆڤە؟ فەرمووی: نا بەڵکو باشترین جیهاد حەجێکی مەقبولە، (عن عَائِشَةَ أُمِّ الْمُؤْمِنِينَ (رضي الله عنها) أنها قالت: يا رَسُولَ اللَّهِ نَرَى الْجِهَادَ أَفْضَلَ الْعَمَلِ أَفَلَا نُجَاهِدُ؟ قال: لَا لَكِنَّ أَفْضَلَ الْجِهَادِ حَجٌّ مَبْرُورٌ)[1].

کاتێ حەجکار خۆی لەخۆشییەکانی دونیا دادەبڕێو، زۆر شت لەخۆی قەدەغە دەکات، بۆ ئەوەیە کە مرۆڤ دەرکی ئەوە بکات، خۆشیو مەلەزاتی دونیا وای لێ نەکەن لایەنی ڕۆحی ژێر لایەنی جەستەیی بکەوێت، بۆ ئەوەی هەمیشە لەسایەی ڕۆحەوە هەست بە ئاسوودەییو بەختەوەری بکات.

هەروەها لەکاتی ئەنجامدانی کارەکانی حەجدا، لایەنی ڕۆحی مرۆڤ دەچێتە قۆناغی پێشەوەی ئیمانیو نزیك بوونەوە لە خوای گەورە.

1- صحيح البخاري: ج/2 ص/553.

بۆ نمونە لە کاتی تەوافی بەیتو هاتووچۆی نێوان سەفاو مەڕواو وەستانی عەرەفەو ڕۆژی جەژنو مانەوەی میناو... هتد، لە گشت ئەو حاڵەتانە مرۆڤ سەرقاڵی زیکرو یادی خواو پاڕانەوەو پەشیمانیو هەستی بەرزی ئیمانە لەگەڵ خوای خۆی، کە ئەمە وادەکات دەروونو گیانی مرۆڤەکان بچێتە ئەوپەڕی مەعنەویات بەرزیەوە، کە سەرەنجام دەبێتە هۆی گەیشتن بە پلەی کەسێتی موسڵمانی تەواو، دواجار ڕەزامەندی خوای گەورە دروست دەبێ.

بۆیە حەج کردن ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لەو پەروەردە ڕۆحیە، کە وادەکات مرۆڤ بەهۆیەوە واز لە ئاکارە خراپو نا بەجێیەکان بێنیۆ، بەرەو ڕەوشتە بەرزەکانی ئیسلام خۆی ئاراستە بکات.

www.zanayan.org

# حەج و ئیخلاس

ئیخلاس نهێنیەکە لەنێوان خواو بەندە دروست دەبێ، کەوا دەکات ئەو کردەوەو خواپەرستیانەی مرۆڤ ئەنجامی دەدات، لای خوای گەورە وەرگیراو بن‌و لەڕووبینی بە دوور بن، بەو هۆیەشەوە مرۆڤ دەگاتە هەقیقەتی ئەو پاداشتەی بۆ خواپەرستیەکان دانراوە.

خوای گەورە زۆر ڕاشکاوانە داوا لە بەندەکانی خۆی دەکات، لەکاتی ئەنجامدانی هەر کردەوەیەکی چاك، نیەتی پاك‌و ئیخلاسیان هەبێ، چونکە خوای گەورە چاکەو خێرو خواپەرستیەك قبوڵ ناکات، ئەگەر ڕیای تێدا بێت، یان بۆ مەبەستێکی دونیایی ئەنجام بدرێت.

بۆیە پێویستە مرۆڤی موسڵمان ئاگاداری پەرستشەکانی بێت‌و، نەهێڵێ شەیتان‌و، نەفس ختوکەی لەدڵی دروست بکا، مادام خۆی ماندوو دەکات‌و، دەیەوێ بەهۆی ئەو ئەرك کێشانەی بگاتە ڕەزامەندی خوا، دەبێ زۆر ئاگادار بێت لەوەی ڕیا نەکەوێتە نێو نیەت‌و کارەکانیەوە.

ئەوەتا خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژە بەوەدەکات، کە مەبەست لە فەرمان‌و داخوازیە خواپەرستیەکان ئیخلاسە، هەروەك دەفەرمووێ: ﴿**وَمَا أُمِرُوا إِلَّا لِيَعْبُدُوا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ**﴾[1]، واتە: فەرمانیان پێنەدرا بوو، جگە لەوەی کە خواپەرستی بکەن‌و بەپاکی‌و دڵسۆزی‌و ملکەچی فەرمانبەرداری ئاین‌و بەرنامەکە بن‌ولابدەن لە هەموو ئایینێك‌و تەنها پابەندی ئایینی ئیسلام بن.

لەگەڵ ئەوەشدا خوای گەورە ئەو خرپەو ختوکانەی لەناو دەرونیشمان دروست دەبن، پێی ئاگادارەو دەزانێ ئامانج‌و نیەت‌و دەروونی ئێمە، بۆ چ مەبەستێك بەکار دێت،

---

1- البيّنة: 5.

هەروەك دەفەرمووێ: ﴿**قُلْ إِن تُخْفُواْ مَا فِي صُدُورِكُمْ أَوْ تُبْدُوهُ يَعْلَمْهُ اللّهُ وَيَعْلَمُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الأَرْضِ وَاللّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ**﴾[1]، واتە: پێیان بڵێ: ئەگەر ئەوەی لە سینەتاندا جێگیرە بیشارنەوە، یاخود ئاشکرای بکەن، ئەوە خوا پێی دەزانێت، هەرچیش لەئاسمانەکانو زەویدا هەیە، هەر پێی دەزانێتو خوا دەستەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە.

سەرەڕای ئەوەش خوا سەیری مرۆڤ ناکات وەکو شێوەو قەبارەو ئاستی هەژاریو نەداری یان پلەی دەسەلاتداریێتیو بێ دەسەلاتی، بەڵکو سەیری کردەوەو دەروونی مرۆڤەکان دەکات، ئەوەتا پێغەمبەری ئازیز(ﷺ) لەفەرموودەیەکدا دەفەرمووێ: (إِنَّ اللَّهَ عزوجل لا يَنْظُرُ إلى أَجْسَامِكُمْ وَلا إلى أَحْسَابِكُمْ وَلا إلى أَمْوَالِكُمْ وَلَكِنْ يَنْظُرُ إلى قُلُوبِكُمْ)[2]، واتە: خوای گەورە سەیری لاشەو نەژادو شێوەی ئادەمیزاد ناکات، بەڵکو تەماشای دەروونو کردەوەکانی دەکات.

ئەنجامدانی فەریزەی حەج، کە یەکێکە لە پەرستشە گەورەکان، پێویستە ئیخلاسی تیا هەبێتو، هەوڵیش بدرێ لێیەوە فێری ئیخلاس بین، چونکە زۆر جار خەڵکی وا هەیە تەنها بۆ ئەوە حەز دەکات بچێتە حەج، تا پێی بگوترێ حاجی، کە بەداخەوە ئەمە هێندی دەچێتە خانەی ئەنجامدانی شتێکی ڕوو بینیو دونیایی، هێندە لەپەرێزی ئیخلاسو، تەواو بۆ خوا بوون خۆی نابینێتەوە.

یەکەم خاڵ بۆ ئەو کەسەی حەج دەکات، ئەوەیە لەڕووی نیەتو دەروونەوە، بەوپەڕی ئیخلاسەوە بەرەو پیری ئەو سەفەرە بڕوات، وەك چۆن لەوێ خوشكو برا حاجیەکان هەوڵی ئەوە دەدەن، کە بە جوانترین شێوە کارەکانی حەج ئەنجام بدەن، بە هەمان شێوە

1- آل عمران: 29.

2- المعجم الكبير: ج/3 ص/297.

ئەرکە لە نیەتیشدا هەوڵی ئیخلاسو بۆخوابوونی کارو هەنگاوەکانیان لە هزرو دەرون دابێت.

بێگومان ئەوەی بە دڵسۆزی ئەو فەرزە جێ بەجێ دەکات، لەڕووی ئیمانیەوە زیاتر چێژو تامی ڕۆحی وەردەگرێت، بە بەراورد لەگەڵ ئەوانەی بۆ مەبەستێکی دونیایی ئەنجامی دەدەن، چونکە ئەوەی خاوەنی ئیخلاسە، بەهەمان شێوە خۆشەویستی خوای گەورەشە، هەرەك لەو حەدیسە قودسیە هاتووە: (الإخلاس سرٌ من أسراري استودعته قلب من أحببت من عبادي)[1]، واتە: ئیخلاس نهێنیەکە لەنهێنیەکانی خۆم، دەیخەمە دڵی ئەوانەی خۆشم دەوێنو بەندەی نزیکی خۆمن.

لەبەر ئەوەش دەبێ باش بزانین بەر لەهەر هەنگاوێك، پێویستیمان بە ئیخلاسو نیەت پاکی تەواو هەیە، بۆ ئەوەی خوای گەورە ئەو ئەرکە گەورەمان لێ قبووڵ بکاتو، بەر گەورەیی ڕەحمەتی خۆیشمان بخات.

---

1- فتح الباري: ج/4 ص/109.

# حەج و پشت بەستن بەخوا

بەڕاستی فەریزەی حەج کاروانێکی پیرۆزو سەفەرێکی گەورەیە، کە بۆ پیرۆزترین شوێنی دونیا ئەنجام دەدرێت، بەمەبەستی بەپیرەوە چوونی فەرمانی خواو، گەیشتن بەپاداشتو ڕەزامەندی پەروەردگارەوە.

جا ئەوەی خوا ڕێزداری دەکات بەو سەفەرەو، چۆنیەتی ئەنجامدانی ئەو فەرزە، پێویستی بەوە هەیە لە کاتی سەفەردا، پشت بەخوا ببەستیٚو ئیعتیمادیش لەسەر خوا بکاتو، کاروبارەکانی خۆی بەو بسپێریٚ، لەگەڵ ئەوەشدا داوای عەونو یارمەتی لیٚ بکات، بەوەی خوای گەورە لەو سەفەرە سەرکەوتووی بکا، ئەوەی ئەو سەفەرە ئەنجام دەدا، باش بۆی دەردەکەویٚ، کە هەموو شتەکان بە ویستی خوای گەورەنو، ئەوەی حەز بکا دەبیٚو، ئەوەیشی حەز نەکات ڕوو نادات.

بەلاٚم لەگەڵ ئەو پشت بەستنە بەخوا، پێویستە ئینسانی موسڵمان لە هەندێك لایەوە خۆی ئامادە بکاتو، لەکارەکانی کەمتەرخەمی نەکاتو، هەموو کارەکانی ڕێك بخات، ئینجا پشت بەخوا ببەستیٚ.

سەردەمی خۆی خەڵکانێك هەبوون ئەو سەفەرەیان ئەنجام دەدا، بەلاٚم هیچ ئامادەییو کاری پێویستی ئەو سەفەرەیان نەدەکرد، تەنانەت هیچ خواردنێکیشیان نەدەبرد بۆ خۆیانو، لەوێش دەبوونە بارگرانی بەسەر خەڵکانی ترەوە، واشیان دەزانی ئەوە تەوەکولو هەقیقەتی پشت بەستنە بە خوا (جل جلاله).

خوای گەورە ئایەتی نازڵ کردو فەرمووی: ﴿**وَتَزَوَّدُواْ فَإِنَّ خَيْرَ الزَّادِ التَّقْوَى**﴾[1]، واتە: ئێوە زادو ڕۆزیەك ئامادە بکەن بۆ خۆتانو باشترین زەخیرەش تەقواو خۆپارێزیو لەخوا ترسانە.

1- البقرة: 197.

لەڕاستیدا پشت بەستن بە خوا (التوكل) كارێكی دەروونیەو بەدڵ دەكرێ، لەگەڵ گرتنەبەری هۆكار، واتە پێویستە ئینسان ئەو كارانەی ئەركەو زەرورە بكرێن ئەنجامیان بداتو خۆی تەواو ئامادە بكات، ئینجا تەوەكول بە خوا بكات، چونكە خەڵكی وا هەیە هیچ هەنگاوێ لەكارەكان ناكاو، بەتەمای تەوەكول لە شتەكان دەگەڕێ، هی واش هەیە هەموو ئامادەییەك دەكا، بەلاّم پشت بەخوا نابەستێ، كە ئەمە هەردووكیان باش نین.

بەڵكو وا پێویست دەكات مرۆڤ هۆكارەكان بگرێتە بەر، ئینجا پشت بە خوا ببەستێ، هەروەك خوا خۆی دەفەرمووێ: ﴿**فَاعْبُدْهُ وَتَوَكَّلْ عَلَيْهِ**﴾[1]، واتە: خوا بپەرستە ئینجا پشت بە خوا ببەستە، یان لەئایەتێكی تردا دەفەرمووێ: ﴿**فَإِذَا عَزَمْتَ فَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُتَوَكِّلِينَ**﴾[2]، واتە: ئەگەر بڕیارتدا (كارێك ئەنجام بدەیت، ئەنجامی بدەو) پشت بەخوا ببەستە، چونكە بەڕاستی خوا ئەوانەی خۆشدەوێت كە پشتی پێدەبەستن.

كەواتە عەزمو خۆ ئامادەكردنو گرتنەبەری ڕێو شوێنی پێویست ئەركە هەبێ، ئینجا پشت بە خوا ببەسترێ، بۆ ئەوەی خوای گەورە كارەكانی ئاسانتر بكات.

لە فەرموودەش هاتووە، كاتێ پیاوێك لەبارەی وشترەكەی بە پێغەمبەر(ﷺ)ی گوت: (يا رَسُولَ اللَّهِ اعقلها وَأَتَوَكَّلُ أو أُطْلِقُهَا وَأَتَوَكَّلُ؟ قال: اعْقِلْهَا وَتَوَكَّلْ)[3]، واتە: پیاوێك گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا وشترەكەم ببەستمەوە ئینجا پشت بە خوا ببەستم؟ یان بەرەڵلای كەم ئینجا پشت بەخوا ببەستم؟ پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (نا وشترەكە ببەستەوە ئینجا پشت بە خوا ببەستە).

---

1- هود: 133.

2- آل عمران: 159.

3- سنن الترمذي: ج/4 ص/668.

ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی، کە پێویستە هەردوو لایەنی پشت بەستن بەخوا ڕەچاو بکات، کە بریتین لە ئەنجامدانی هۆکارو پشت بەستن بە خوا (فعل السبب والإعتماد على الله).

لەبەر ئەوەش سەفەری حەج پێویستی بە خۆ ئامادەکردنو، دابین کردنی هەندێ پێویستیە، یاخود ئەرکە خوشکو برا حاجیەکان، تەواو لە ڕووی ماددیو مەعنەویەوە خۆیان ئامادە بکەن.

لەوەش پێویست تر پشت بەستن بە خوای پەروەردگار، بۆ ئەوەی مرۆڤ ڕابێ لەسەر ئەو سوننەتەو، لە تەواوی ژیانیشی پشت بەخوا ببەستێ، چونکە ئەگەر یارمەتیو هیمەتی خوای گەورە نەبێت، ئەوە ناتوانین زۆرێك لە کارەکانمان ئەنجام بدەین، نەخاسمە لە سەفەری حەجدا، کە مرۆڤ تووشی مشەقەتو ئازارو ماندوو بوون دەبێو کارەکان ئاسان نین، بۆیە پێویستە هەمووومان بەتایبەتی خوشكو برا حاجیەکان پشت بە خوا ببەستینو، لە ئومێدی ئەو خۆمان بەدەر نەکەین، بۆ ئەوەی سەرفرازی هەردوو دونیا بین.

www.zanayan.org

# حەج و لێبوردەیی و هێمنی

سەفەری حەج وەنەبێ تەنها لەڕووی ئەدا کردنی ڕوکنێکی ئاینی سوودی هەبێ، بەڵکو قوتابخانەیەکی گەورەیە بۆ پەروەردە کردنی دەروونو ڕاهێنانی لەسەر ئاکارە بەرزو جوانەکان.

لەبەر ئەوەشە خوای گەورە کاتێ باسی حەج دەکات، پەیوەستی دەکاتەوە بەسوود گەلێکی دونیاو قیامەتی، کە موسڵمانان لێی بەهرەمەند دەبن، هەروەك دەفەرمووێ: **﴿وَأَذِّنْ فِي النَّاسِ بِالْحَجِّ يَأْتُوكَ رِجَالًا وَعَلَى كُلِّ ضَامِرٍ يَأْتِينَ مِنْ كُلِّ فَجٍّ عَمِيقٍ، لِيَشْهَدُوا مَنَافِعَ لَهُمْ وَيَذْكُرُوا اسْمَ اللَّهِ فِي أَيَّامٍ مَعْلُومَاتٍ عَلَى مَا رَزَقَهُمْ مِنْ بَهِيمَةِ الْأَنْعَامِ فَكُلُوا مِنْهَا وَأَطْعِمُوا الْبَائِسَ الْفَقِيرَ﴾**[1]، واتە: جا بانگی خەڵکی بکەو جاڕ بدە لەناویاندا با بێن بۆ حەج، ئەوانیش بەپیادە دێن بەدەم بانگەوازەکەتەوە، یان بەسواری (ئەو وشترانەی کە دووری ماوەکە) لاوازی کردوونو لە هەموو ڕێگەیەکی دوورەوە هەر دێن، بۆ ئەوەی سوودو کەڵکی ماددیو مەعنەوی بەدەست بهێننو ببینن و یادی خواش بکەنو ناوی پیرۆزی بەردەوام لەسەر زاریان بێت لەڕۆژانێکی دیاریکراودا (کە رۆژانی عەرەفەو جەژنی قوربانە، سروودی (لبيك أللّهم لبيك ،لبيك لا شريك لك لبيك، إن الحمد والنعمة لك والملك، لاشريك لك)، لە حەجدا (الله أكبر، الله أكبر، الله أكبر، لا إله إلاالله وألله اكبر، ألله أكبر ولله الحمد) لەرۆژانی جەژندا، فەرامۆش نەکەن، هەروەها ناوی خوا (بسم الله) بکەن لەکاتی سەربڕینی ئەو ماڵاتانەدا، کە پێمان بەخشیوون، ئەوسا لەگۆشتەکەی بخۆنو بەشی هەژارو نەدارانیشی لێ بدەن.

وشەی (منافع) کۆی (منفعە)یە، کە ئاماژەیە بۆ سوود گەلێکی تایبەتیو گشتی، سەرەڕای ئەوەش حەج مرۆڤ دەباتە قۆناغێکی تازە لە هەڵسوکەوتەکانیدا.

---

1- الحج: 27-28.

ئەوەی پێویستە لەو سەفەرەدا خوشكو برای حاجی ڕەچاوی بكەن، بابەتی لێبوردەییو سینگفراوانیو هێمنیە، چونكە بەهۆی ئەو قەرەباڵغیو بەیەككەیشتنە زۆرەی خەڵكی، زۆر جاری واهەیە چاوەڕوانیو، سەرەو، بەپێ ڕۆیشتنو، گەرماو، سەیارە نەبوونو، دووری شوێنی مانەوەو، ڕێگە گیرانو، ڕێگە دوورەكانو، بەرتەسكی شوێنو، مانەوەی ناو سەیارەو هاتووچۆ كردن لەناو ئەو حەشاماتە، وادەكات مرۆڤ بە دڵی خۆی كارەكانی بۆ ئەنجام نەدرێ، بەڵام ئەوە نابێ ببێتە هۆی توڕەییو قسەی ناشیرینو یەكتر بریندار كردنو ئارام نەگرتن، چونكە سەفەر خۆی بەشێكە لە ئازارو مشەقەت.

لەبەر ئەوە پێویستە لەگەڵ هەموو هەنگاوەكاندا حاجیان گیانی لێبوردەیی پەیڕەو بكەنو، بە ئارامیو هێمنیەوە هەڵسوكەوت بكەن، چونكە حەج پاداشتی گەورەی بۆ دانراوە، لەبەر ئەوەیە ماندوو بوونو ئەركی زۆری تێدایە، كە لەمەوسمی حەجدا هەست پێ دەكرێ.

پەیڕەو كردنی گیانی هاوكاریو لێبوردەییو ئارام گرتن لەسەر ئەو شتانەی مرۆڤ تووشی ماندوو بوون دەكەن، یەكێكە لەو خێرە گەورانەی، كە بەهۆیەوە مرۆڤی موسڵمان زۆرترین پاداشتی پێ وەردەگرێ.

ئەمە سەرەڕای ئەوەی ، كە لیبوردەییو ئارامی دوو چەمكو ڕەوشتی بەرزی ئاینی پیرۆزی ئیسلامن، كە هەمیشە هانی مرۆڤ دەدات، بەوەی خۆی لەسەریان ڕابهێنێ.

ئەوەتا پێغەمبەر(ﷺ) بەیەك لەیاوەرانی بەناوی ئەشجی كوڕی قەیسی فەرموو: (إِنَّ فِيكَ خَصْلَتَيْنِ يُحِبُّهُمَا اللهُ الْحِلْمُ وَالْأَنَاةُ)[1]، واتە: بەڕاستی دوو خەسڵەت لە تۆ دا هەن خوای گەورەو پێغەمبەر هەردووكیانی خۆش دەوێن، نەرمیو لێبوردەیی،

1- صحيح مسلم: ج/1 ص/48.

لەفەرموودەیەکی تردا دەفەرمووێ: (إِنَّ الرِّفْقَ لَا يَكُونُ فِي شَيْءٍ إِلا زَانَهُ ولا يُنْزَعُ مِن شَيْءٍ إِلا شَانَهُ)[1]، واتە: نەرمیو جوان هەڵسوکەوت کردن لە هەر شتێك هەبن جوانی دەکاو لە هەر شتێکیشدا نەما ناشیرینی دەکات.

یان لەبارەی ئارامی نواندنەوە خوای گەورە زۆرترین پاداشتی داناوە، بۆ هەموو ئەوانەی بەو خەسڵەتەوە بەندن، هەروەك دەفەرمووێ: ﴿**إِنَّمَا يُوَفَّى الصَّابِرُونَ أَجْرَهُمْ بِغَيْرِ حِسَابٍ**﴾[2]، واتە: بەڕاستی تەنها خۆگران پاداشتیان بێ سنوورو بێ ئەندازەیە.

بۆیە دەبێ ئەوە بزانین سەفەری حەج، کە هەندێ مشەقەتو ئەرکو ماندوو بوونی تێدایە، بۆ ئەوەیە حەجکار ڕابێ لەسەر ئاکارە بەرزەکانی وەك لێبوردەییو ئارامیو جوان هەڵسوکەوت کردنو نەرمی نواندنەوە، نەك بەپێچەوانەوە بەرگەیان نەگرێو، خۆی تووشی هەڵەو ڕەفتاری ناشایستەی ئەو شوێنو مەقامە بکات.

بە تەحەمول کردنی ئازارو هەموو ئەو مەشەقەتانەی لەئەنجامی ئەو سەفەرەوە دروست دەبن، مرۆڤ دەگاتە بەرزی ئاکارە بەرزەکانی دەروونیو لەئایندەیدا سوودیان لێ دەبینێ. چونکە جاری وا هەبووە خەڵکێکی بێ لێبوردەو ئارام نەگر چۆتە حەج، بەڵام کە گەڕاوەتەوە نرخی ئەو دوو چەمکەی زانیوە، بەهۆیەوە دوای حەج گۆڕاوەو گیانی لێبوردەییو هێمنی گەلێك زیاتر بووە.

جا بۆیە پێویستە ڕەچاوی ئەو خاڵە بکرێو، وەکو حاجیو قوتابی حەجو قوتابخانەی پڕ نەفعی ئەو ڕوکنە، خۆمان بە ئاکارو ڕەوشتە بەرزەکان بەهرەمەند بکەین، بۆ ئەوەی بگەینە ئەو پایەی کە حەجمان وەرگیراو بێو، پاداشتی بەهەشتمان بەئیزنی خوا مسۆگەر بێت (الْحَجُّ الْمَبْرُورُ ليس له جَزَاءٌ إلا الْجَنَّةُ)[3].

1- صحيح مسلم: ج/4 ص/2004.
2- الزمر: 10.
3- صحيح البخاري: ج/2 ص/629.

# حەج و ڕۆژی عەرەفە

یەك لەمەشهەدە هەرە گەورەو کاریگەرەکانی حەج، ڕۆژی عالفەو وەستانی عەرەفەیە، کە وەك گەورەترین کۆبوونەوەی ئیمانی موسڵمانان زۆرترین کاریگەری هەیە، لە پاکبوونەوەی بەندەکانو هاتنەخوارەوەی ڕەحەماتی خوای پەروەردگار.

لەو ڕۆژە گەورەدا، تێکڕای موسڵمانان لەیەك شوێنو لە یەك کاتدا، بە یەك بەرگو بۆ یەك مەبەست، بە جیاوازی ڕەنگو ڕەگەزو زمانو کلتورەوە، بەڵام بە یەك نیدای ئیمانی هاوار دەکەن (لبيك اللّهم لبيك...).

لەو شوێنە جیاوازی نیە لەنێوان دەوڵەمەندو هەژار، گەورەو بچووك، بەدەسەڵاتو بێ دەسەڵات، ڕەشو سپی، ڕۆژهەڵاتیو ڕۆژئاوایی، بەهێزو بێ هێز، خاوەن عەشیرەتو بێ کەس، گەنجو پیر، درێژو کورت..... هتد.

کە ئەمە ئەوپەڕی دەسەڵاتی خوای باڵا دەست دەردەخاتو، پەیامێکە ئەوپەڕی دادوەریو یەکسانی هەڵگرتووە، بەوەی تێکڕا لەبەردەم چاوەڕوانی ڕەحمەتی خوا وەستاونو، هەست دەکەن هیچ پەناو مەئوایەك نیە، جگە لە بەرزکردنەوەی دەستەکانو، پاڕانەوە لە خوای میهرەبانەوە.

لەو شوێنە دڵو دەروونەکان ئالوودەی خۆشەویستیەکی یەکجار گەورە بوونە، کە فرمێسكو ئەنینی گریانو هاوارو ڕۆڕۆی حاجیان لەو شوێنە، گەورەترین وەستانی مەیدانی حیساب دێنێتە بەر چاو.

عەرەفە لەبەر ئەوە پێی دەگوترێ عەرەفە، چونکە باوکی بەشەریەت حەزرەتی ئادەم، ئا لەو شوێنە ئیعترافی بە گوناهی خۆی کرد، کە ئەمە دەخوازێ نەوەو ڕۆڵەکانی وەك ئەو، لەو شوێنە ئیعتراف بە گوناهو تاوانیان بکەنو، داوای لێخۆشبوون لە خوا بخوازن.

لەو شوێنە کەس ئاگای لە دونیا نییەو، کەسیش هەست ناکات لەو ڕۆژە دونیا هێندە گەورەو شیرین بێت، وەك ئەوەی ئێمە لەپێناویا ڕەنج دەدەین، هەرکەس وا

تەماشا دەکات، کە لە مەیدانی حەشرەو پێویستی بە لێبوردەییو میهرەبانی خوای گەورە هەیە، بۆ ئەوەی دڵو دەروونی پاك بیێتەوەو نامەی کردەکانی بە دەستی ڕاست وەرگرێتەوە.

گەورەیی ئەو ڕۆژە لەوەدا دەر دەکەوێت، کە چەندین فەزڵو تایبەتمەندی خۆی هەیە، لێرەدا بەچەند خاڵێك دەیخەینە ڕوو:

1- عەرەفە گەورەترین ڕوکنی حەجە، کە بێ وەستانی عەرەفە حەج تەواو نابێو دانامەزرێ، چونکە پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرمووێ: (الْحَجُّ عَرَفَةُ..)[1]، واتە: حەج بریتیە لەرۆژی عەرەفە. بۆیەش گەورەییو ڕۆحیەتی ئیمانی لەو ڕۆژە دەردەکەوێتو مرۆڤ هەست دەکا بەو کارەی هەنگاوێکی گەورەی ناوە لەژیاندا.

2- رۆژی پاڕانەوەو نزا کردنە، چونکە پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووێ: (خَيْرُ الدُّعَاءِ دُعَاءُ يَوْمِ عَرَفَةَ وَخَيْرُ ما قلت أنا وَالنَّبِيُّونَ من قَبْلِي لاَ إِلَهَ إلا الله وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ له له الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ وهو على كل شَيْءٍ قَدِيرٌ)[2]، واتە: باشترین پاڕانەوەو دوعا، دوعای ڕۆژی عەرەفەیە، باشترین نزاش، کە منو پێغەمبەرانی پێش من گوتویانە ئەوەیە (لاَ إِلَهَ إلا الله وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ له له الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ وهو على كل شَيْءٍ قَدِيرٌ).

3- ڕۆژی ڕزگار بوونی بەندەکانی خوایە لەئاگری دۆزەخ، کە ئەمەش گەورەترین بەخششی خوای گەورەیە، بۆ هەموو ئەوانەی بە نیەتێکی پاكو دڵو زمانو هەستێکی عاشق بەڕەحمەتی خوا دەپاڕێنەوە.

پێغەمبەر(ﷺ) لەو بارەوە دەفەرمووێ: (ما من يَوْمٍ أَكْثَرَ من أَنْ يُعْتِقَ الله فيه عَبْدًا من النَّارِ من يَوْمِ عَرَفَةَ وَإِنَّهُ لَيَدْنُو ثُمَّ يُبَاهِي بِهِمْ الْمَلَائِكَةَ فيقول ما أَرَادَ هَؤُلَاءِ)[3]، واتە: هیچ ڕۆژێك بەقەد ڕۆژی عەرەفە نییە، کە خوای گەورە لە بەندەکانی

1- سنن النسائي: ج/5 ص/256.
2- سنن الترمذي: ج/5 ص/572.
3- صحيح مسلم: ج/2 ص/982.

خۆش دەبێ، لەوەش زیاتر خوای گەورە لەبەندەکانی نزیك دەبێتەوەو، فەخر بە بەندەکانی دەکات بەسەر مەلائیکەتانەوەو دەفەرمووێ ئا ئەوە بەندەکانم چیان دەوێ..؟!

لە فەرمودەیەکی تردا دەفەرمووێ: (مَا مِنْ يوْمٍ أَفْضَلُ عِنْدَ اللَّهِ مِنْ يومِ عَرَفَةَ يَنْزِلُ اللَّهُ إِلَى السَّمَاءِ الدُّنْيَا فَيُبَاهِي بِأَهْلِ الأَرْضِ أَهْلَ السَّمَاءِ فَيَقُولُ انْظُرُوا إِلَى عِبَادِي شُعْثًا غُبْرًا ضَاحِينَ جَاءُوا مِنْ كُلِّ فَجٍّ عَمِيقٍ يَرْجُونَ رَحْمَتِي وَلَمْ يَرَوْا عَذَابِي فَلَمْ يُرَ يَوْمٌ أَكْثَرُ عِتْقًا مِنَ النَّارِ مِنْ يوْمِ عَرَفَةَ)[1]، واتە: هیچ ڕۆژێك بەقەد ڕۆژی عەرەفە نییە، کە لای خوا گەورە بێت، لەو ڕۆژە خوا خۆی دێتە ئاسمانی دونیاو فەخر بە خەڵکی عەرەفە دەکات بەسەر مەلائیکەی ئاسمانەوەو دەفەرمووێ: سەیر کەن بەندەکانم بە سەروپرچی ئاڵۆزو تۆزاویەوە لە هەموو شوێنەکانەوە هاتوونو داوای ڕەحمەتی من دەکەنو هەست بە عەزابم ناکەن، بۆیە هیچ ڕۆژێك نییە بەقەد ئەو ڕۆژە، کە خوا خەڵکی لە ئاگری دۆزەخ ڕزگار بکات.

4- ڕۆژی گچکە بوونەوەی شەیتانە، هەروەك پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووێ: (ما رؤى الشَّيْطَانُ يَوْمًا هو فيه أَصْغَرُ وَلاَ ادحر وَلاَ أَحْقَرُ وَلاَ أَغْيَظُ منه في يَوْمِ عَرَفَةَ)[2]، واتە: شەیتان هیچ ڕۆژێك بەقەد عەرەفە وا خۆی گچکەو سووکو ڕیسواو ناشیرین نەبینیوە، ئەوەش لەبەر ئەوەی کە ڕەحمەتی خوا نازل دەبێو، خوای گەورە لەگوناهی بەندەکانی خۆش دەبێت.

5- ڕۆژی یەکبوونی ئۆمەتی ئیسلامیە، کە هەموو خەڵك لەشوێنە جیاجیاکانی دونیا دێتە عەرەفەو پێکەوە لەپێناو یەك مەبەست هەنگاو دەنێن، کە ئیمانو پابەندی ڕاستەقینەی ڕێبازی ئیسلامو قورئانو سوننەتی پێغەمبەر(ﷺ)ە، بۆیە ئەو گرد

1- صحيح ابن حبان: ج/9 ص/164.
2- موطأ مالك: ج/1 ص/422.

بونەوەیە دەلالەتی گەورەی هەیەو، لە هەمووشی دیارتر پێکەوە بەستنەوەی موسڵمانانی جیهانە لەڕێی عەقیدەو ئیمانیو ئاینیو، پێکەوە بوونی برایانەی ئۆمەتی ئیسلام لەسەر نەهجی قورئانی پیرۆزو سوننەتی رەسولی ئەکرەم.

6- عەرەفە مەشهەدی تەوبەو گەرانەوەیە، کاتێ مرۆڤ چەندە بەباری گوناهو تاوانەوە بچێتە ئەو شوێنە، ئەوە بە تەوبەو گەرانەوە بۆ لای خوای گەورە، وا دەکات خوا لە گوناهەکان دەبووریو مرۆڤ پاك دەکاتەوە.

7- عەرەفە دەرخستنی هەقیقەتی دونیاو پیشاندانی قیامەتە بە بەندەکان، بەو مانایە لەوێ دەردەکەوێ کە دونیا هیچ نرخێکی وای نییە لای خوای گەورە، تەنها ئەوە نەبێ کە چاکەو زیکرو یادی خوایە، هەروەك پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی: (وَلَوْ كَانَتِ الدُّنْيَا تَزِنُ عِنْدَ اللَّهِ جَنَاحَ بَعُوضَةٍ ما سَقَى كَافِرًا منها **شَرْبَةَ مَاءٍ**)[1]، واتە: ئەگەر دونیا بەقەد باڵی مێشولەیەك نرخی هەبا لای خوای گەورە، ئەوە قومێ ئاوی نەدەدا بەوانەی کافرنو لە فەرمانی دەردەچن.

لەهەمان کاتدا ئەو مەشهەدە گەورەیە، ڕێك دیمەنی وەستانی قیامەت دەخاتە بیری موسڵمانانەوە، کە بەهەمان شێوە لەو ڕۆژەش خەڵك پێویستی بە فەیزو ڕەحمەتی خوا هەیە، بۆ نەجات بوونو گەیشتنە ڕەزامەندی خوای گەورە.

بۆیەش ئالەو شوێنە خوای گەورە دوا پەیامی خۆی نازڵ کردو بە پێغەمبەری ڕاگەیاندو فەرمووی: (**الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الإِسْلاَمَ دِينًا فَمَنِ اضْطُرَّ فِي مَخْمَصَةٍ غَيْرَ مُتَجَانِفٍ لِّإِثْمٍ فَإِنَّ اللّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ**)[2]، کە لەڕۆژی جومعەو لە کاتی وەستانی پێغەمبەر(ﷺ) لەعەرەفە ئەو ئایەتە نازڵ بووە.

1- المعجم الكبير: ج/6 ص/157.
2- المائدة: 3.

# وتاریماڵئاوایی و چەند خاڵێك

پێغەمبەر(ﷺ) ماوەی نۆ ساڵ بوو لەمەدینە بوو، حەجی ئەنجام نەدا، بەڵام لەساڵی دەیەمی کۆچی خۆی ژمارەیەکی زۆر لەیاوەرە بەڕێزەکانی هەڵسان بە ئەنجام دانی ئەو فەڕیزەیە، ئەوەبوو پێغەمبەر(ﷺ) خۆیو ژمارەیەکی زۆر لەموسڵمانان بەرەو مەککە بەڕێکەوتن، بەمەبەستی بەجێگەیاندنی فەرزی حەج، پێغەمبەر(ﷺ) لەرێی کیداء داخلی مەککە بوو، ئینجا لە حەرەم نزیك بوویەوەو کاتێ بەیتی لێ بەدیار کەوت، فەرمووی: (اللَّهُمَّ زِدْ هَذَا الْبَيْتَ تَشْرِيفًا وَتَكْرِيمًا وَتَعْظِيمًا وَمَهَابَةً ، وَزِدْ مَنْ شَرَّفَهُ وَكَرَّمَهُ وعَظَّمه مِمَّنْ حَجَّهُ وَاعْتَمَرَهُ تَشْرِيفًا وتَكريماً وَتَعْظِيمًا وَبِرًّا). دواتر دەستی بەکارەکانی حەج کردو موسڵمانانیش لەچۆنیەتی ئەدای ئەرك و کارەکان پابەندی ئەو بوونو پەیڕەوی بەرنامەی ئەویان دەکرد.

ئەو حەجکردنەی پێغەمبەر بوو بەمایەی ئەوەی، کە موسڵمانان لێیەوە فێری ئەنجامدانی حەج بن و، شێوازی ئەرکەکان لەو وەربگرن، هەروەك خۆیشی لەو بارەوە دەفەرمووێ: (خُذُوا عَنِّي مناسِكَكُم)[1]، واتە: ئەرکەکانی حەج لە منەوە وەرگرن و فێری بن.

ئەو حەجەی پێغەمبەر(ﷺ) بەحەجی ماڵئاوایی بەناو بانگە، لەبەر ئەوەی دوای ئەو حەجە، هیچی تر بۆی نەڕەخسا حەج بکاتو وەفاتی فەرموو، بەناوبانگترین وتاری پێغەمبەریش(ﷺ) ئەو وتارە بوو، کە لەو حەجەدا لەخاکی عەرەفەو ئەسنای وەستانی عەرەفە پێشکەشی کرد، کە دەکرێ ئەو وتارە وەك یاسایەکی گشتگیر سەیر بکرێ، کە چەندین وردیاتو خاڵی گرنگو پەیوەست بە ژیانو ژیارو خەڵکەوە لەخۆ دەگرێو تێیدا دەخوێندرێتەوە.

1- سنن البيهقي الكبرى : ج/5 ص/125.

لێرەدا دەقی وتاری ماڵئاوایی، کە پێغەمبەر(ﷺ) لەبەردەم ژمارەیەکی زۆری موسڵمانو لە کێوەی عەرەفەو لە ڕۆژی نۆیەمی زیل حیجە پێشکەشی کرد، دەخەینە ڕوو، دواتریش هەندێك خاڵی گرنگو سەرەکی لەسەر ئەو وتارە باس دەکەین.

خطبة حجة الوداع:

(( الحمدُ لله نحمدُهُ وَنَسْتَعِينُه، ونَسْتَغْفِرُهُ، ونَتُوبُ إليه، ونَعُوذُ باللهِ مِنْ شُرورِ أنْفُسِنا ومِنْ سيِّئَاتِ أعْمَالِنَا مَن يَهْدِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ، ومَنْ يُضْلِلْ فَلاَ هَادِيَ لَهُ. أَمَّا بعد:

أَيُّها النَّاس، اسمعوا قولي، فَإنّي لاَ أَدْري، لعَليّ لاَ أَلْقَاكُمْ بَعْدَ عَامي هَذَا، بهذا الموقف أبدا.

أيها الناس إنَّ دِمَاءَكُمْ وَأَمْوَالَكُمْ وَأَعْرَاضَكُمْ عَلَيْكُمْ حَرَامٌ كَحُرْمَةِ يَوْمِكُمْ هَذَا فِي شَهْرِكُمْ هَذَا فِي بَلَدِكُمْ هَذَا أَلاَ هَلْ بَلَّغْتُ، وإنكم ستلقون ربكم فيسألكم عن أعمالكم وقد بلغت، فَمَنْ كَانَتْ عِنْدَهُ أَمَانَةٌ فليؤدِّها إلى مَنْ ائْتَمَنَهُ عَلَيها، ألا كُلُّ شَيْءٍ مِن أَمْرِ الْجَاهِلِيَّةِ تَحْتَ قَدَمَيَّ مَوْضُوعٌ وَدِمَاءُ الْجَاهِلِيَّةِ مَوْضُوعَةٌ وَإِنَّ أَوَّلَ دَمٍ أَضَعُ مِن دِمَائِنَا دَمُ بن رَبِيعَةَ بن الْحَارِثِ كان مُسْتَرْضِعًا في بَنِي سَعْدٍ فَقَتَلَتْهُ هُذَيْلٌ وَرِبَا الْجَاهِلِيَّةِ مَوْضُوعٌ وَأَوَّلُ رِبًا أَضَعُ رِبَانَا رِبَا عَبَّاسِ بن عبد الْمُطَّلِبِ فإنه مَوْضُوعٌ كُلُّهُ.

أَيُّها النَّاس، فَاتَّقُوا اللَّهَ في النِّسَاءِ فَإِنَّكُمْ أَخَذْتُمُوهُنَّ بِأَمَانِ اللَّهِ وَاسْتَحْلَلْتُمْ فُرُوجَهُنَّ بِكَلِمَةِ اللَّهِ، اسْتَوْصُوا بِالنِّسَاءِ خَيْرًا فَإِنَّهُنَّ عِنْدَكُمْ عَوَانٍ ليس تَمْلِكُونَ مِنْهُنَّ شيئا غير ذلك إلا أَنْ يَأْتِينَ بِفَاحِشَةٍ مُبَيِّنَةٍ فَإِنْ فَعَلْنَ فَاهْجُرُوهُنَّ في الْمَضَاجِعِ وَاضْرِبُوهُنَّ ضَرْبًا غير مُبَرِّحٍ فَإِنْ أَطَعْنَكُمْ فلا تَبْغُوا عَلَيْهِنَّ سَبِيلًا إِنَّ لَكُمْ من نِسَائِكُمْ حَقًّا وَلِنِسَائِكُمْ عَلَيْكُمْ حَقًّا فَأَمَّا حَقُّكُمْ على نِسَائِكُمْ فلا يُوطِّئَنَّ فُرُشَكُمْ من تَكْرَهُونَ ولا يَأْذَنَّ في بُيُوتِكُمْ لِمَنْ تَكْرَهُونَ ألا وَحَقُّهُنَّ عَلَيْكُمْ أَنْ تُحْسِنُوا إِلَيْهِنَّ في كِسْوَتِهِنَّ وَطَعَامِهِنَّ،

أيها الناس إِنَّ الشَّيْطَانَ قد أَيِسَ أَنْ يُعْبَدَ في بَلَدِكُمْ هذا أَبَدًا وَلَكِنْ سَيَكُونُ له طَاعَةٌ في بَعْضِ ما تَحْتَقِرُونَ من أَعْمَالِكُمْ فَيَرْضَى بها.

أَيُّها النَّاس، إِنَّمَا النَّسيءُ زِيادَةٌ فِي الكُفرِ ، يضلُّ به الـذينَ كَفَـروا ، يُحِلُّونَـهُ عامـاً ، وَيُحَرِّمُونَهُ عاماً ، لِيوَاطِئُوا عِدَّةَ مَا حَرَّمَ اللهُ فيحلوا ما حرم الله ويحرمـوا مـا أحـل الله. إِنَّ الزَّمَانَ قد اسْتَدَارَ كَهَيْئَتِهِ يوم خَلَقَ الله السماوات وَالْأَرْضَ السَّنَةُ اثْنَا عَشَرَ شَهْرًا منها أَرْبَعَةٌ حُرُمٌ ثَلَاثَةٌ مُتَوَالِيَاتٌ ذُو الْقَعْدَةِ وَذُو الْحِجَّةِ وَالْمُحَرَّمُ وَرَجَبُ مُضَرَ الـذي بـين جُمَـادَى وَشَعْبَانَ.

أيّها النّاس قد تَرَكْتُ فِيكُمْ ما لَـنْ تَـضِلُّوا بَعْـدَهُ إن اعْتَـصَمْتُمْ بِـهِ كِتَـابُ اللَّـهِ وَأَنْـتُمْ تُسْأَلُونَ عَنِّي فما أَنْتُمْ قَائِلُونَ قالوا نَشْهَدُ أَنَّكَ قد بَلَّغْتَ وَأَدَّيْتَ وَنَصَحْتَ فقـال بِإِصْـبَعِهِ السَّبَّابَةِ يَرْفَعُهَا إلى السَّمَاءِ وَيَنْكُتُهَا إلى الناس اللهم اشْهَدْ اللهم اشْهَدْ ثَلَاثَ مَرَّاتٍ

أَيُّها النَّاس، اسمعوا قـولي واعقلـوه تعلمـن أن كـل مـسلم أخ للمـسلم وأن المسلمين إخوة، فَلاَ يَحِلُّ لامْرِىءٍ مَالُ أَخيهِ إلاّ عَنْ طيبِ نفْسٍ منهُ، فلا تظلمن أنفسكم اللهم هل بلغت ؟ و ستلقون ربكم فلا تَرْجِعُنّ بَعْدِي كُفاراً يَضرِبُ بَعْضُكُمْ رقابَ بَعْض.

أيها النّاسُ إن رَبَّكُمْ وَاحِدٌ، وإنّ أَبَاكُمْ واحِدٌ، كُلكُمْ لآدمَ، وآدمُ من تُراب، أكرمُكُمْ عندَ الله أَتْقَاكُمْ وليس لعربيّ فَضْلٌ على عجميّ إلاّ بالتّقْوىَ، أَلاَ هَلْ بلَّغْتُ، اللّهُمّ اشـهد، أَلَـا لِيُبَلِّغْ الشَّاهِدُ الْغَائِبَ فَلَعَلَّ بَعْضَ مَنْ يُبَلَّغُهُ أَنْ يَكُونَ أَوْعَى لَهُ مِنْ بَعْضِ مَنْ سَمِعَهُ.

وأخرج مسلم أنه قال: ((وأنتم تسألون عني، فما أنتم قائلون؟ قالوا: نـشهد أنـك قـد بلغت وأديت ونصحت، فقال بإصبعه السبابة يرفعها إلى السماء وينكتها إلى النـاس: (اللهم اشهد) ثلاث مرات.ولما فرغ من خطبته نزل عليه قوله تعالى: (الْيَوْمَ أَكْمَلْـتُ لَكُـمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الأَسْلاَمَ دِيناً ...

گەورەترین نیعمەت ئەو ئایەتە بوو، کە خوای گەورە ئـاینی پـیرۆزی ئـیسلامی وەك پەیامێك وەسف کردووە، کە شامل‌و تەواوە و، جێگەی ڕەزامەندی خۆیەتی، لەبەر ئـەوە گەورترین پەیامی پێغەمبەریش، خۆی لەو وتارەی حەجی ماڵئاییی بینیەوە، کە زۆرتـرین لایەنەکانی ژیان‌و هێڵە گشتیەکانی ئیسلامی لەخۆ گرتووە، بۆیە لێرەوە ئاماژە بە چەند خاڵێکی سەرەکی دەکەین، کە لە وتاری پێغەمبەر(ﷺ) وەردەگیرێن:

**یەکەم:** خوێن ڕشتن بە ناڕەوا قەدەغەیە: بە پێی ئەو فەرموودە، پێغەمبەر(ﷺ) بە شتێکی قەدەغە کراوی دادەنێت، کە موسڵمانێك بە ناڕەوا دەست بۆ گیانو ماڵو شەرەفی کەسێکی تر ببات، لە بەرامبەردا خۆشەویستیو برایەتیو تەبایی بە پێویست دەزانێ لە نێوان موسڵماناندا، چونکە سیمای موسڵمانێتی خۆی لە برایەتی دەبینێتەوە، هەروەك برایەتی گەورەترین نیعمەتو نیشانەی ئیمانداریێتیە لە ژیانی دونیاو دوا ڕۆژدا.

**دووەم:** ئەمانەت بەرپرسیارێتیەکی گەورەیە: لەبەر ئەوە پێویستە مرۆڤی موسڵمان بە ڕێکیەوە ئەمانەت وەربگرێو بیپارێزێت، بە تایبەت لەنێوان خۆیو خوا لەلایەکو، لە نێوان خۆیو مرۆڤەکان لە لایەکی ترەوە.

**سێیەم:** وەلاانانی جەهالەتو شاردنەوەی نەفامی: هەروەك سەروەرمان لەوتارەکەیدا، هەرچی بنەماو ئاکارو دروشمو رووکەشو هزری جاهیلیەت هەیە، هەمووی خستە ژێر پێیەوە، چونکە ئیسلام دەستووری ئۆمەتەو، دەبێ لەسەر ئەو ڕێبازە پیرۆزە هەنگاو بنێین.

**چوارەم:** حەرام کردنی ریبا: چونکە سیستەمێکە دژ بە مافی هەژارانەو، کۆمەڵگە دابەش دەکات بۆ دوو پلەیی لەنێوان هەژارو دەوڵەمەندا، لەبەر ئەوە ئەو تاوانو دیاردەیە ئیسلام ڕەفزی دەکاتەوەو، دەیەوێ بازرگانیو بەخشینو مامەڵە دوور بن لەو تاوانەو، موسڵمانان بە شێوەیەکی دروستو گونجاوەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو پرسە بکەن.

**پێنجەم:** خۆ پاراستن لە شەیتان: کە سەرسەختترین دوژمنی مرۆڤەو، هەمیشە مەبەستی ئەوەیە موسڵمانان لە ڕێگە لابداتو، بەرەو تاوانو سەرپێچی ئاراستەیان بکات، بۆیە دەبێ بە هەموو توانایەکەوە خۆمان بپارێزینو نەکەوینە داوی نەفسو شەیتانەوە، هەروەك تەوسیەی ئەو وتارە بەشێکی لەسەر ئەو تەوەرە تایبەت کراوە.

**شەشەم:** باش بوون لەگەڵ ئافرەتان: ئیسلام بە تەواوی مافی ئافرەتی دیار کردووە، بۆیە پێغەمبەر(ﷺ) جەخت لەسەر پارێزگاری ئەو مافەیان دەکاتەوەو، وەسیەتیش دەکات لەگەڵ ئافرەتان چاك بن، چونکە ئەوەی ڕێزی ئافرەت دەگرێت خۆی کەسێکی ڕێزدارەو، ئەوەشی کە ڕێز لە ئافرەت ناگرێ، دیارە خۆی کەسێکی بێ ڕێزە.

**حەوتەم:** داننان بە یەکسانیو دادپەروەری: هەروەك ئیسلام ئەو دوو چەمکەی وەك یاسایەك بۆ سەرۆكو تاكێكی ئاسایی، هەژارو دەوڵەمەند، گەورەو بچووك، ڕەشو سپی، ژنو پیاو داناوە، هەمووان لە مافی مرۆڤایەتی بوونیان یەکسانن، بۆیە پێویستە ئێمەش دان بەو چەمكانە بنێینو، لە واقیعدا مومارەسەیان بكەین، بۆ ئەوەی رۆحی ئیسلام لە نێوانمان زیاتر پەرە بستێنێ.

**هەشتەم:** دەست گرتن بە قورئانو سەننەتەوە: چونكە ڕێگەی هیدایەتو مایەی سەرفراز بوونی مرۆڤەكانن لە دونیاو دوا رۆژدا، گەورەترین دەستوورو یاسای ژیانن، کە هانمان دەدەن لەسەر هەرچی كاری چاكەیەو، لە بەرژەوەندی خۆمانو دەروبەرو كۆمەڵگەدایە بیكەین، لە لایەكی ترەوە هۆشیارمان دەكاتەوە لە هەرچی خراپەو ئاكاری ناشایستە هەیە لە ژیاندا، كە خۆی لێ بە دوور بگرین.

**نۆیەم:** كاروباری دونیاو دوا رۆژی ڕێك خستووە، هەروەك لە دەقەكە هاتووە، كە باس لە پەیوەندی كۆمەڵایەتیو، برایەتیو، پەیوەندی نێوان كوڕو باوكو، ژنو مێردو، خێزانو كۆمەڵگە دەكات، وە چەندین بنەماو یاسای دارشتووە، بۆ ئەوەی ئێمە گرنگیان پێ بدەینو دونیاو دوا رۆژمان پێكەوە ببستینەوە.

**دەیەم:** كاری بانگخوازی تەنها تەبلیغە، نەك بەدوا داچوون: كە ئەمەش بە پێی ئایەتی قورئان دیاری كراوە، كە ئەركی داعی تەنها هۆشیاركردنەوەو تەبلیغە، (فَإِنَّمَا عَلَيْكَ الْبَلاَغُ الْمُبِينُ)، بۆیە لە وتاری ماڵئاوایی پێغەمبەر(ﷺ) فێرمان دەكات، كە هەرچی لە توانامان دایە سەرفی كەین، لە پێناو راگەیانی پەیامی ئیسلامو هۆشیار كردنەوەی خەڵك، بەڵام چاوەڕێی ئەنجام نەبینو، كەسیش لەسەر نەكردنو پابەند نەبوونی موسڵمانێتی موحاسەبە نەكەین، چونكە ئەوە كاری خوایەو، هەر خوا خۆشی دەزانێ چارنووسی بەندەكان چۆن دیاری دەكات.

# حەج و دوعا کردن

یەك لە کردەوە هەرە گرنگو پڕ بایەخەکانی موسڵمانان لە سەفەری حەجدا دوعاو پاڕانەوەیە، کە بەو هەنگاوە مرۆڤ دەتوانێ ڕەزامەندی خوای گەورە بۆ خۆی دەستەبەر بکات، چونکە دوعا کردنو پاڕانەوە لە خوا، یەکێکە لە گەورەترینی عیبادەتەکانو، بەهۆشیەوە دەکرێ مرۆڤ ویژدانی خۆی ئاسوودە بکات.

لەبەر ئەوەشە پێغەمبەری خۆشەویست(ﷺ) لەفەرموودەیەکدا دەفەرمووێ: (الدُّعَاءُ هو الْعِبَادَةُ)، واتە: نزاو پاڕانەوە خواپەرستیەو هیچی کەمتر نییە لە عیبادەت.

خوای گەورە لە چەندین شوێنو ئایەتی قورئاندا جەخت لەسەر ئەو بابەتە دەکاتەوە، بەوەی کە مرۆڤی موسڵمان بەردەوام لە خوای خۆی بپاڕێتەوەو نزا بکات، تا بەهۆی ئەو پاڕانەوە، هەمیشە سەرکەوتوو بێت.

ئەوەتا خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿**ادْعُوا رَبَّكُمْ تَضَرُّعًا وَخُفْيَةً إِنَّهُ لَا يُحِبُّ الْمُعْتَدِينَ، وَلَا تُفْسِدُوا فِي الْأَرْضِ بَعْدَ إِصْلَاحِهَا وَادْعُوهُ خَوْفًا وَطَمَعًا إِنَّ رَحْمَةَ اللَّهِ قَرِيبٌ مِنَ الْمُحْسِنِينَ**﴾[1]، واتە: هاناو هاوار بکەن لە پەروەردگارتان بەپاڕانەوەی بەکوڵ، بەنهێنی (لەکاتو شوێنی لەباردا)، چونکە بەڕاستی ئەو زاتە دەست درێژکارانی خۆش ناوێت (مەبەست ئەوانەن کە هاناو هاوار بۆ غەیری خوا دەبەن). (خەڵکینە) فەسادو گوناهو تاوان ئەنجام مەدەن لەزەویدا دوای ئەوەی چاکەکاریی ڕەنگی گرتووەو (خەڵکی خەریکن خووی پێوە دەگرن)، بەردەوام هاناو هاوار بۆ خوا بەرن لەترسی سزای دۆزەخو بەئومێدی بەدەستهێنانی بەهەشت، بەڕاستی ڕەحمەتی خوا نزیکە لەچاکەکارانو چاکەخوازانەوە.

لە ئایەتێکی تردا دەفەرمووێ: ﴿**هُوَ الْحَيُّ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ فَادْعُوهُ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ**﴾[2]، واتە: ئەو زاتە هەمیشەو بەردەوام هەر زیندووە، جگە لەو

1- الأعراف: 55-56.
2- غافر: 65.

خوایەکی تر نیە، کەوابوو هاناو هاوارو نزاتـان روو بـەو بێـت، ملکـەچو فەرمانبـەرداری بەرنامـەو ئاینەکـەی ئـەو بـن، سـوپاسو سـتایش بـۆ خـوا، کـە پـەروەردگاری هـەموو جیهانیانە.

ئەو پاڕانەوەیە بۆ ئەوەیە خـوای گـەورە، ئـەو هـەموو نیعمـەتو خۆشـیو سـاغیو لێبوردەییـە، لەسـەر بەنـدەکانی بـەردەوام بکـاتو، لەئەنجامـدا مـرۆڤ بگاتـە لوتکـەی هیدایەتو، ڕێگەی خواپەرستی تەواوەوە.

هەروەك دەفەرمووێ: ﴿**وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌ أُجِيبُ دَعْوَةَ الدَّاعِ إِذَا دَعَانِ فَلْيَسْتَجِيبُوا لِي وَلْيُؤْمِنُوا بِي لَعَلَّهُمْ يَرْشُدُونَ**﴾[1]، واتـە: (ئـەی محمـد(ﷺ) ئەگـەر بەندەکانم پرسیارت لێبکەن دەربارەم، ئەوە من نزیکم لێیانەوە، بە هانـاو هـاواری دوعـا گۆیانەوە دەچم هەر کاتێك لێم بپاڕێنەوەو نـزا بکـەن، دەبـا ئـەوانیش بـەدەم بانگـەوازی منەوە بێن و باوەڕی دامـەزراو بـە مـن بهێـنن، بـۆ ئـەوەی ڕێگـای هوشیاریو ئاگـایی بگرنەبەر (بۆ بەدەستهێنانی سەربەرزیو سەرفرازی هەردوو جیهان).

یان بۆ ئەوەیەتی، کە نزاو پاڕانەوەی بەندەکان ببێتە مایەی ڕزگاربوونو دوورکەوتنەوە لەسزای دونیاییو قیامەتی، هەروەك دەفەرمووێ: ﴿**وَقَالَ رَبُّكُمُ ادْعُونِي أَسْتَجِبْ لَكُمْ إِنَّ الَّذِينَ يَسْتَكْبِرُونَ عَنْ عِبَادَتِي سَيَدْخُلُونَ جَهَنَّمَ دَاخِرِينَ**﴾[2]، واتـە: ئـەی خەڵکینـە پەروەردگارتان فەرموویەتی: ئێوە هاناو هاوار بۆمن بهێنن، ئەوە مـن دوعـاو نزاتـان گیرا دەکەم، بەڕاستی ئەوانەی خۆیان بەگەورە دادەنێنو لووت بەرزی دەکەن لەئاستی پەرستنی مندا، لەئاییندەدا بەسەرشۆڕیو خەجاڵەتییەوە دەخرێنە ناو ئاگری دۆزەخەوە.

خستنەڕووی ئەو فرمایشتانەی سەرەوە بۆ ئەوەیە، کە خوشـكو بـرای حـاجی بزانـێ حەج دەرفەتێکی بەخێرە بۆ دوعاو نزا کردن.

---

1- البقرة: 186.

2- غافر: 60.

چونکە کاتو شوێنو ئەرکو کارەکانی حەج هەمووی پیرۆزنو، چەندە نزایان تێدا بکرێت هەر کەمە، بەتایبەت لە حەرەمی بەیتو لەکاتی تەوافو ڕۆژی عەرەفە، کە گەورەترین کاتی دوعا کردنە، چونکە پێغەمبەر(ﷺ) لەبارەی دوعای عەرەفەوە دەفەرمووێ: (خَيْرُ الدُّعَاءِ دُعَاءُ يَوْمِ عَرَفَةَ وَخَيْرُ ما قلت أنا وَالنَّبِيُّونَ من قَبْلِي لاَ إِلَهَ إلا الله وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ له له الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ وهو على كل شَيْءٍ قَدِيرٌ)[1]، واتە: باشترین دوعاو پاڕانەوە دوعای ڕۆژی عەرەفەیەو، باشترین زیکریش ئەو زکرەیە، کە لەفەرموودەکە هاتووە. ئەمە لە حالێکدا لەو مەشهەدانە پێغەمبەر(ﷺ) زۆر دوعای کردووەو زۆر لە خوا پاڕاوەتەوە، بۆیە پێویستە لەشەوو ڕۆژانی حەجدا، لەشوێنە پیرۆزەکاندا، لە مەوسمی بەجێگەیاندنی ئەرکەکاندا، چەندەی دەکرێو دەتواندرێ دوعاو پاڕانەوەی زۆر بکرێ، بەتایبەتیش ڕۆژی عەرەفە، کە ڕۆژی نزاو پاڕانەوەیە، ئینسان زۆر خۆی ماندوو بکاتو لە خوا بپاڕێتەوە، چونکە خوای گەورە دوعای خەڵکی عەرەفە ڕەت ناکاتەوەو وەری دەگرێت.

ئەبێ ئەوەش بزانین سەرەڕای ئەوەی، کە هەموومان پێویستمان بە دوعاو پاڕانەوە هەیە، لەهەمان کاتدا ئەو کاتو شوێنانە دەرفەتنو ڕەنگە لە ژیاندا یەك جار زیاتر نەبنە قسمەت، بۆیە خۆ ماندوو کردن لەدوعاو نزا کردنو بەفیڕۆنەدانی کات لە مەوسمی حەجدا، دەسکەوتێکی پڕ خێرە، بۆ ئەوەی خوای گەورە لەڕێی ئەو دوعایانەوەو، بە ڕەحمەتی خۆی لێبوردەیی ببەخشێتە بەندەکانیو، نەیان خاتە ناهەمواریو نەهامەتیەکانی ژیان، چونکە پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرمووێ: (لا تعجزوا في الدعاء فإنه لن يهلك مع الدعاء أحد)[2]، واتە: بێ توانا مەبن لە نزاو پاڕانەوە، چونکە کەس لەگەڵ دوعا کردن بە هیلاك ناچێ.

1- سنن الترمذي: ج/5 ص/572.
2- المستدرك على الصحيحين: ج/1 ص/671.

# حەج و زیکر کردن

خوای گەورە، کە حەجی فەرز کردووە لەسەر بەندەکانی خۆی بۆ ئەوەیە، کە زیکرو یادی خوای گەورە بکرێت، واتە زیکرو یاد کردنی خوای بالاّ دەست مەبەستە لەفەریزەی حەج، بگرە لە تەواوی خواپەرستیەکانیشدا، چونکە پەرستشەکان بۆ ئەو مەبەستە دانراونو، هەر لەو ڕێیەشەوە مرۆڤ دەتوانێ لە خوا نزیك بێتەوە.

لە زۆربەی ئایەتەکانی حەجدا خوای گەورە تەئکید لەسەر ئەو خاڵە دەکاتەوە، کە پیویستە مرۆڤی موسڵمانو بڕوادار، بەردەوام زیکرو یادی خوا بکات، بەتایبەتی لەمەوسمی حەجدا، کە دەرفەتێکی گرنگە بۆ خۆ ڕاهێنان لەسەر زیکرو پاڕانەوەو، یادکردنەوەی خوای میهرەبان.

چونکە زکر کردن وێڕای ئەوەی بەشێکی گەورەی خواپەرستی پێك دێنێ، لەهەمان کاتیشدا زیکر کردن بەردەوام گوڕوتین بە دڵو دەروون دەداتو، لەززەتی ئیمانو، خۆشەویستی خواو پێغەمبەریش(ﷺ) زیاتر دەکات.

لەقوڕئانی پیرۆزو سوننەتی پێغەمبەردا(ﷺ) گەورەییو پیرۆزیو بەرهەمی زیکر زۆر باسکراوە، بەلاّم لێرەدا هەندێ لەو ئایەتانە دەخەینە ڕوو، کە خوای گەورە لەگەڵ باسکردنی حەجدا باسی زیکری کردووە، بۆ ئەوەی حەجکار هۆشیاربێ لەوەی، کە زیکر کردن یەکێکە لەو مەبەستە گرنگانەی فەریزەی حەج. هەروەك خوای گەورە دەفەرمووێ:

**﴿وَأَذِّن فِي النَّاسِ بِالْحَجِّ يَأْتُوكَ رِجَالًا وَعَلَى كُلِّ ضَامِرٍ يَأْتِينَ مِن كُلِّ فَجٍّ عَمِيقٍ، لِيَشْهَدُوا مَنَافِعَ لَهُمْ وَيَذْكُرُوا اسْمَ اللَّهِ فِي أَيَّامٍ مَّعْلُومَاتٍ عَلَى مَا رَزَقَهُم مِّن بَهِيمَةِ الْأَنْعَامِ فَكُلُوا مِنْهَا وَأَطْعِمُوا الْبَائِسَ الْفَقِيرَ﴾**[1]، واتە: بانگی خەڵکی بکەو جاڕ بدە لەناویاندا با بێن بۆ حەج، ئەوانیش بەپیادە دێن بەدەم بانگەوازەکەتەوە، یان بەسواری (ئەو وشترانەی کە

1- الحج: 26-27.

دووری ماوەکە) لاوازی کردوونو لە هەموو ڕێگەیەکی دوورەوە هەر دێن، بۆ ئەوەی سوودو کەڵکی ماددیو مەعنەوی بەدەست بهێننو ببیننو یادی خواش بکەنو ناوی پیرۆزی بەردەوام لەسەر زاریان بێت لەڕۆژانێکی دیاریکراودا (کە ڕۆژانی عەرەفەو جەژنی قوربانە، سروودی (لبيك أللهم لبيك، لبيك لا شريك لك لبيك، إن الحمد والنعمة لك والملك، لاشريك لك)، لەحەجدا (الله أكبر، الله أكبر، الله أكبر، لا إله إلاالله و ألله اكبر، ألله أكبر ولله الحمد) لەڕۆژانی جەژندا، فەرامۆش نەکەن، هەروەها ناوی خوا (بسم الله) بکەن لەکاتی سەربڕینی ئەوماڵاتانەدا کە پێمان بەخشیوون، ئەوسا لەگۆشتەکەی بخۆنو، بەشی هەژارو نەدارانیشی لێ بدەن.

یان دەفەرمووێ: ﴿**فَإِذَا أَفَضْتُم مِّنْ عَرَفَاتٍ فَاذْكُرُواْ اللّهَ عِندَ الْمَشْعَرِ الْحَرَامِ وَاذْكُرُوهُ كَمَا هَدَاكُمْ وَإِن كُنتُم مِّن قَبْلِهِ لَمِنَ الضَّآلِّينَ**﴾[1]، واتە: هەر کاتێك لە عەرەفات دابەزینو گەڕانەوە، یادی خوا بکەن لە لای (مشعر الحرام کە: کێوێکە لەداوێنی مزدلفەدا)و یادیشی بکەن، وەك چۆن ڕێنموویی کردوونو هیدایەتی داوون، چونکە بەڕاستی ئێوە پێش ئەم ئاینو ڕێنوومایيە سەرگەردانو گومڕا بوون.

یان دەفەرمووێ: ﴿**وَاذْكُرُواْ اللّهَ فِي أَيَّامٍ مَّعْدُودَاتٍ فَمَن تَعَجَّلَ فِي يَوْمَيْنِ فَلاَ إِثْمَ عَلَيْهِ وَمَن تَأَخَّرَ فَلا إِثْمَ عَلَيْهِ لِمَنِ اتَّقَى وَاتَّقُواْ اللّهَ وَاعْلَمُوا أَنَّكُمْ إِلَيْهِ تُحْشَرُونَ**﴾[2]، واتە: لە ڕۆژانێکی دیاریکراودا (کە ڕۆژانی جەژنی قوربانە) یادی خوا بکەن ئەوەی، کە پەلە بکاتو، لە دوو ڕۆژدا شەیتان ڕەجم بکات ئەوە هیچ گوناهی لەسەر نییە، ئەوەش دوای بخاتو (بە سێ ڕۆژ ئەنجامی بدات) هەر گوناهی لەسەر نییە، بەتایبەت بۆ ئەوانەی، کە خۆیان لە نافەرمانی خوا دەپارێزن، جا لە خوا بترسنو بزانن سەرئەنجام ئێوە بۆ لای ئەو دەگەڕێنەوە، (لەبەردەم دادگای ئەودا) کۆ دەکرێنەوە.

1- البقرة: 198.
2- البقرة: 203.

یان دەفەرمووێ: ﴿**فَإِذَا قَضَيْتُم مَّنَاسِكَكُمْ فَاذْكُرُواْ اللّهَ كَذِكْرِكُمْ آبَاءكُمْ أَوْ أَشَدَّ ذِكْرًا فَمِنَ النَّاسِ مَن يَقُولُ رَبَّنَا آتِنَا فِي الدُّنْيَا وَمَا لَهُ فِي الآخِرَةِ مِنْ خَلاَقٍ**﴾[1]، واتە: جاهەر کاتێك ئەرك‌و مەناسیکەکانتان بەجێ هێنا، ئەوکاتە یادی خوا بکەن هەروەکو چۆن یادی باوو باپیرانتان دەکەن (کاتی خۆی عەرەب زۆر خۆیان هەڵکێشاوە بە باوو باپیریانەوەو باسیان کردوون) یاخود زۆر زیاتریش لەوان، جا هەندێك لە خەڵکی هەیە، کە دەڵێت: پەروەردگارا هەرچیمان پێ دەبەخشیت لەدنیادا پێمان ببەخشە، بێگومان ئەو جۆرە کەسە لەقیامەتدا بێ بەهرەو بێ بەش‌و بێ ڕێزە.

ئەگەر بەوردی لەو ئایەتانە ووردبینەوە، دەبینین قورئانی پیرۆز لەگشت مەقامەکانی حەجدا تەئکید لەسەر زیکرو یادی خوای گەورە دەکاتەوە، لەوەستانی عەرەفە، لەمشعەرولعەڕام، لەکاتی قوربانی کردن، لە ڕۆژانی تەشریق، لە هەموو کارەکانی فەریزەی حەجدا، کە سەرەنجام دەگەینە ئەو ڕاستیەی زۆربەی پەرستشەکان تەنها بۆ بەرزو پیرۆز ڕاگرتنی یادو زیکری خوای میهرەبانن.

هەروەك پێغەمبەر(ﷺ) لەو بارەوە لە فەرموودەیەکدا دەفەرمووێ: (إنما جُعِلَ الطَّوَافُ بِالْبَيْتِ وَبَيْنَ الصَّفَا وَالْمَرْوَةِ وَرَمْيُ الْجِمَارِ لِإِقَامَةِ ذِكْرِ اللَّهِ)[2]، واتە: خوا کە تەوافی بەیت‌و هاتوچۆی نێوان سەفاومەڕواو ڕەجمی شەیتانەکانی داناوە، بۆ بەرز ڕاگرتن‌و زیندوو کردنەوەی یادی خوای گەورەیە.

هەموو ئەم بەڵگانە جەخت لەسەر گەورەیی زکرو یادی خوای گەورە دەکەنەوە، کە پێویستە حەجکار زۆر لەوە هۆشیاربێ‌و، بەردەوام زیکری خوا بکات، بۆ ئەوەی وەکو موسڵمانێك پەیڕەوی ئەو دەقانە بکات‌و، لەلایەکی تریشەوە ئاسودەیی دەرونی‌و بەختەوەری ڕۆحی بۆ بەهێز کردنی ئیمان بۆ خۆی فەراهەم بکاتەوە.

1- البقرة: 200.

2- سنن أبی داود: ج/2 ص/179.

چونکە گەورەترین پاداشتیش بۆ ئەوانەیە، کە زۆر زیکری خوای گەورە دەکەن، کە بەهۆیەوە لە خوا نزیك دەبنەوەو، هەمیشە باوەڕیان لە ئاستێکی بەرزدا دەخولێتەوە، کە ئەمەش دەبێتە مایەی ئەوەی مرۆڤ لە تاوانو سەرپێچیو گوناه دوورکەوێتەوە.

لە هەموو ئاستو پلەیەکی خواپەرستیشدا زیکرکردن ڕۆحو ناوەڕۆکی پەرستشەکانە، بۆیە زۆر پێویستە ئینسان لە هەموو کاتو شوێنو تەنانەت پلەو ئاستو تەمەنێك، بەتایبەتی لە مەوسمی حەجدا، زۆر زیکرو یادی خوای گەورە بکات، بۆئەوەی بەهۆی ئەو زیکرەوە بگاتە پاکی دەروونیو، ژیانێکی ئاسوودەو، خۆشی بەختەوەریەکی بەردەوامو، دڵێکی ئارامو بێ خەم، کە هەموو ئەمانە لە ئەنجامی زیکرەوە بۆ مرۆڤ فەراهەم دەبن.

هەروەك خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿**الَّذِينَ آمَنُواْ وَتَطْمَئِنُّ قُلُوبُهُم بِذِكْرِ اللّهِ أَلاَ بِذِكْرِ اللّهِ تَطْمَئِنُّ الْقُلُوبُ**﴾[1]، واتە: ئەوانەی باوەڕیان هێناوەو دڵو دەروونیان ئارام دەبێت بە قورئانو پەیامەکەی خوای پەروەردگار، ئاگاداربن دلەکان: هەر بە قورئانو یادی خواو (پابەندبوون بە ئاینەکەیەوە) خۆشنود دەبنو دەحەوێنەوە.

1- الرعد: 28.

# حەج و تەوبە کردن

زۆرن ئەو کردەوەو خواپەرستیانەی، کە مرۆڤ لە تاوانو گوناه پاك دەکەنەوەو، بەرەو پاکیو ساغ بوونەوە ئاراستەی دەکەن، حەج کردن دەروازەیەکی گرینگە، کە حەجکار لە هەموو گوناهێك پاك دەکاتەوە، بەو مەرجەی حەجەکەی بۆ خواو لەپێناو خوا بێت، هەروەك پێغەمبەر(ﷺ) لەفەرموودەیەکدا دەفەرمووێ: (مَن حَجَّ لِلَّهِ فلم يَرْفُثْ ولم يَفْسُقْ رَجَعَ كَيَوْمِ وَلَدَتْهُ أُمُّهُ)[1]، واتە: هەر کەسێك حەج بکاتو نیەتیشی لەو حەجکردنە تەنها خوا بێت، وە لە کاتی حەجدا نزیکی خێزانی خۆی نەکەوێتو خۆی دوور بگرێت لە شتە بێ شەرعیەکان، ئەوە وەکو تازە لەدایك بووبێ ئاوای لێ دێتەوە.

هەر وەك لە فەرموودەیەکی تردا هاتووە، کە پێغەمبەر(ﷺ) بە عەمری کوڕی عاصی فەرموو: (أَمَا عَلِمْتَ أَنَّ الْإِسْلَامَ يَهْدِمُ ما كان قَبْلَهُ وَأَنَّ الْهِجْرَةَ تَهْدِمُ ما كان قَبْلِهَا وَأَنَّ الْحَجَّ يَهْدِمُ ما كان قَبْلَهُ)[2]، واتە: ئەی عەمر نەتزانیوە، کە ئیسلام تاوانی پێش خۆی لادەباو دەسڕێتەوە، کۆچکردنیش لەپێناو خوا تاوانی پێش خۆی ناهێڵێتو، حەجکردنیش تاوانی پێش خۆی دەسڕێتەوە.

هەروەك لە فەرموودەیەکی تردا هاتووە: (تَابِعُوا بين الْحَجِّ وَالْعُمْرَةِ فإن الْمُتَابَعَةَ بَيْنَهُمَا تَنْفِي الْفَقْرَ وَالذُّنُوبَ كما يَنْفِي الْكِيرُ خَبَثَ الْحَدِيدِ)[3]، واتە: حەجو عومرە بە دوای یەکتردا بکەنو بەینیان مەدەنێ، چونکە ئەو دووانە هەژاریو تاوان ناهێڵنو دەیهاڕن، هەروەك چۆن مووشە چڵکی ئاسنو زێڕو زیو پاك دەکاتەوە ئاوایە.

1- صحيح البخاري: ج/2 ص/553.
2- صحيح مسلم: ج/1 ص/112.
3- صحيح الترمذي: ج/3 ص/175.

یاخود دەفەرمووێ: (الْحَجُّ الْمَبْرُورُ ليس له جَزَاءٌ إلا الْجَنَّةُ)[1]، واتە: حەجێك، كە خوای گەورە قبوڵی کرد بێ، ئەوە پاداشتی لای خوای گەورە تەنها بەهەشتە.

کۆی ئەو دەقانە بەڵگەن لەسەر گەورەیی فەریزەی حەجو، چۆنیەتی پاکبوونەوە لە گوناهو تاوانو ڕزگاربوون لەسزای دۆزەخ، لەبەر ئەوە پێویستە ئینسانی موسڵمان ئەو مەوسمە بە دەرفەتێکی باش بزانێت بۆ گەڕانەوەو، وازهێنان لە هەموو ئەو تاوانو سەرپێچیانەی خوای گەورە نەهی لێ کردوون، لەهەمان کاتدا مادام حەجکردن مرۆڤ پاك دەکاتەوە، مخابنە جارێکی تر حاجی ڕوو لە تاوانو بێ ئەمری خوا بکات.

چونکە بە ئەنجامدانی ئەو فەرزە، بۆتە خاوەن دەسکەوتێکی گەورە، کە پاکبوونەوەیە، بەڵام گەورەتر لەوە ڕاگرتنی ئەو پاکیو پەرێزەیە، کە لە دوای حەجیش بە هەمان شێوە لەسەری بەردەوام بێت.

لە قورئانی پیرۆزدا خوای گەورە نیدای بەندەکانی خوا دەکات، بە وازهێنان لەتاوانو تەوبە کردن، بۆ ئەوەی مرۆڤ بەهۆیەوە سەرفرازی هەردوو دونیا بێت.

ئەوەتا لەئایەتێك دەفەرمووێ: ﴿**يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا تُوبُوا إِلَى اللَّهِ تَوْبَةً نَصُوحًا**﴾[2]، واتە: ئەی ئەو کەسانەی کە باوەڕتان هێناوە، ئێوە بە تەوبەو پەشیمانیەکی پەخت و دڵسۆزانەوە روو بکەنەوە خوا.

لە ئایەتێکی تردا دەفەرمووێ: ﴿**وتُوبُوا إِلَى اللَّهِ جَمِيعًا أَيُّهَا الْمُؤْمِنُونَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ**﴾[3]، واتە: ئەی ئیمانداران بەرەو لای خواو بەدەستهێنانی ڕەزامەندی ئەو بگەڕێنەوە بۆ ئەوەی رزگارو سەرفراز بن.

1- صحيح البخاري: ج/2 ص/629.
2- التحريم: 8.
3- النور: 31.

بەو پێیە خوای گەورە، نەك هەر تەنها ئیمانداران سەرفراز دەکات، بەڵکو تاوانو گوناهەکانیشیان لەسەر ڕەش دەکاتەوەو بە چاکەش بۆیان دەگۆڕێت، ئەوەتا لەو ئایەتە دەفەرمووێ: ﴿**إِلَّا مَنْ تَابَ وَآَمَنَ وَعَمِلَ صَالِحًا فَأُولَئِكَ يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ وَلَا يُظْلَمُونَ شَيْئًا**﴾[1]، واتە: جگە لەوانەی کە تەوبە دەکەنو باوەڕی دامەزراو دەهێننو کارو کردەوەی چاك ئەنجام دەدەن، ئا ئەوانە دەچنە بەهەشتەوەو هیچ جۆرە ستەمێکیان لیٚ ناکرێت.

کەواتە: خوشكو برای حاجی، ئەگەر دەتەوێت خوای گەورە حەجەکەت قبوڵ بکاتو، بەر گەورەیی حەجیشت بخات، ئەوە پێویستە بە ئەنجامدانی ئەو فەرزە، تەوبەیەکی نەسوح بکەی، بۆ ئەوەی بەو پاکیەوە ژیان ببەیتە سەر، کە هەم بۆ دین هەم بۆ دونیاو دوا ڕۆژت سەرفرازو بەختەوەر دەبیت.

بەڵام ئەگەر دوای حەجکردن بەهەمان شێوەی پێشووتر گەڕایتەوە سەر گوناهو تاوانەکان، ئەوە بزانە حەجت ئەنجامداوە، بەڵام هیچ کاریگەریەکی لەسەر دروست نەکردووی.

1- مریم: 60.

# حەج و تەقوا

ئەگەرچی وشەی (تەقوا) لە دەربڕین کورتەو لەچەند پیتێك پێکهاتووە، بەڵام لە ناوەڕۆكو مانادا، پەرێزێکی فراوانو چەمکێکی گەورەی نێو خواپەرستیەکانە، چونکە ئامانج لە ئەنجامدانی پەرستشەکان، ئەوەیە مرۆڤ بگاتە پلەی خۆپارێزیو لەخواترسیو تەقوا، بۆ ئەوەی لەو ڕێگەوە ڕەزامەندی خوای گەورە وەدەست بێنێ.

لەبەر ئەوەش لە زۆربەی ئەو ئایەتانەی، کە باس لەحەج دەکەن، خوای گەورە پەیوەستی کردووە بەبابەتی تەقواوە، بۆ ئەوەی لە کاتی ئەنجامدانی مەناسکی حەجدا، حەجکار خۆی بەرەو گەیشتنە تەقوا ئاراستە بکاتو، زەخیرەیەکی تەواویش بۆ دوارۆژی خۆی مسۆگەر بکات.

پەیوەست کردنی مەسەلەی حەجو چۆنیەتی ئەنجامدانی کارەکانی، بە تەقواو لە خوا ترسی، لەبەر ئەوەیە فەریزەی حەج زۆر ڕێگەو هۆکاری گەیشتنە تەقوای تێدایەو، لەهەمان کاتیش ئاگادار کردنەوەی مرۆڤەکانە بەوەی، کە پێویستە هۆشیاری تەواویان هەبێ لە ئەدای حەجو، تێگەیشتن لە هەقیقەتو مەغزای مەناسیکی حەج، بۆ ئەوەی ئەو کارە ببێتە هۆکاری لاپەڕەیەکی نوێ لە دەروونو پاکبوونەوەی دڵەکان.

لەبەر ئەوەش هێندە جەخت لەتەقوا کراوەتەوەو، لە چەندین شوێن دووبارە کراوەتەوە تەنها بۆ گەیشتن بەو ئامانجە، کە لە خواپەرستیەکان دا پێویستە.

ئەوەتا خوای گەورە لە هەندێ لەو ئایەتانەدا دەفەرموێ: ﴿**وَتَزَوَّدُواْ فَإِنَّ خَيْرَ الزَّادِ التَّقْوَى وَاتَّقُونِ يَا أُوْلِي الأَلْبَابِ**﴾[1]، واتە: بەردەوام هەوڵ بدەنن کە زەخیرەو توێشوو بخەن، بێگومان چاکترین زەخیرەش تەقواو پارێزکاریە، بەردەوامیش لە من بترسن ئەی خاوەن بیرو هۆشەکان.

1- البقرة: 197.

یان دەفەرمووێ: ﴿وَاتَّقُواْ اللّهَ وَاعْلَمُوا أَنَّكُمْ إِلَيْهِ تُحْشَرُونَ﴾[1]، واتە: لە خوا بترسن‌و بزانن سەرئەنجام ئێوە بۆ لای ئەو دەگەڕێنەوە، (لەبەردەم دادگای ئەودا) کۆ دەکرێنەوە.

یاخود لەشوێنێکی تر دەفەرمووێ: ﴿وَاتَّقُواْ اللّهَ وَاعْلَمُواْ أَنَّ اللّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ﴾[2]، واتە: لە خوا بترسن‌و پارێزکار بن‌و بزانن، کە بەڕاستی خوا سزاو تۆڵەی زۆر سەختە (لەوانەی کە سەرپێچی دەکەن).

هەموو ئەو ئایەتانە کۆتایی ئەو ئایەتانەن، کە باس لە حەج دەکەن، چونکە ئەنجامدانی فەرزێکی وا گەورە بۆ ئەوەیە، کە ئینسان بەهۆیەوە تەقوای لەلا دروست ببێ‌و، ترسی خوای گەورەی بکەوێتە دەروونەوە.

لە قورئانی پیرۆزیشدا گەورەترین تەوسیەو باشترین زەخیرەی دوارۆژ تەقوایە، کە وەسیەتی خوای گەورەیە بۆ خەڵقی خۆی، لەسەرەتاوە تا کۆتایی ژیان، هەروەك دەفەرمووێ: ﴿وَلَقَدْ وَصَّيْنَا الَّذِينَ أُوتُواْ الْكِتَابَ مِن قَبْلِكُمْ وَإِيَّاكُمْ أَنِ اتَّقُواْ اللّهَ﴾[3]، واتە: بەڕاستی ئیمە ئامۆژگاری‌و فەرمانمانداوە بەسەر ئەوانەی بەرنامەی خوایان بۆ هاتبوو، لە پێش ئێوە، هەروەها ئامۆژگاری ئێوەشمان کردووە لە خوا بترسن و بە تەقواو پارێزکاربن.

بەهەمان شێوە وەسیەتی پێغەمبەری ئازیزیش(ﷺ) کاتێ لە ژیان‌و خۆشی‌و ناخۆشی‌و لەکاتی جەنگ‌و ئاشتی، تەنانەت لە دوایین وتاریماڵئاوایی تەئکیدی لەبابەتی تەقوا کردۆتەوە، یەك لە فەرموودە بیستراوو بەرچاوەکانی ئەوەیە، کە دەفەرمووێ: (اتَّقِ اللَّهِ حَيْثُمَا كُنْتَ وَأَتْبِعْ السَّيِّئَةَ الْحَسَنَةَ تَمْحُهَا وَخَالِقِ النَاس بِخُلُقٍ

1- البقرة: 203.
2- البقرة: 196.
3- النساء: 131.

حَسَنٍ)[1]، واتە: لە هەر کوێیەك بووی لە خوا بترسەو خۆ پارێزی ئەنجام بدە، لەدوای هەر تاوانێك چاکە بکە بۆ ئەوەی ڕەشی بکاتەوە، بەشێوەیەکی جوانیش هەڵسوکەوت بکە لەگەڵ خەڵکی.

چونکە تەقوا بەرهەمو سوودو قازانجی زۆرو گەورەی دونیاو دواڕۆژی هەیە، بۆ مرۆڤی بڕوادارو باشترین کاریشە، کە مرۆڤ لەسەری دەڕوات.

خوای گەورە لە چەندین ئایەت حەزو ئاواتەکانی مرۆڤ، واتە ئەو شتانەی، کە ئینسان حەز دەکا بۆی فەراهەم بێت، خوای گەورە پەیوەستی کردووە بە تەقواوە، بگرە هەر لە زانستو، ڕزقو ڕۆزیو، کارئاسانیو، لێبوردەیی خواو، سەرکەوتنو، تا دەگاتە دواڕۆژێکی سەرفرازو بەختەوەرەوە.

بۆ نمونە:

**﴿وَاتَّقُواْ اللّهَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ﴾**[2]، **﴿وَاتَّقُواْ اللّهَ وَيُعَلِّمُكُمُ اللّهُ﴾**[3]، **﴿إَن تَتَّقُواْ اللّهَ يَجْعَل لَّكُمْ فُرْقَاناً﴾**[4]، **﴿وَمَن يَتَّقِ اللَّهَ يَجْعَل لَّهُ مِنْ أَمْرِهِ يُسْرًا﴾**[5]، **﴿إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ﴾**[6]، **﴿إِنَّ لِلْمُتَّقِينَ مَفَازًا، حَدَائِقَ وَأَعْنَابًا، وَكَوَاعِبَ أَتْرَابًا..﴾**[7]. **﴿وَمَن يَتَّقِ اللَّهَ يَجْعَل لَّهُ مَخْرَجًا، وَيَرْزُقْهُ مِنْ حَيْثُ لَا يَحْتَسِبُ﴾**[8].

1- سنن الترمذي: ج/4 ص/355.
2- آل عمران: 130.
3- البقرة: 282.
4- الأنفال: 29.
5- الطلاق: 4.
6- الحجرات: 13.
7- النبأ: 31-33.
8- الطلاق: 3.

کەواتە مەوسمی حەجیش یەکە لەو دەرفەتە زێڕینانەی، بەهۆیەوە مرۆڤی موسڵمان بتوانێ لایەنی ڕۆحیو تەقوای بەهێز بکاتو، دەرفەتە گرنگو پڕ خێرەکانیشی بۆ ئەو مەبەستە بقۆزێتەوە، بۆ ئەوەی وەك کەسێکی تەقوادارو لەخواترس مامەڵە بکاتو خۆی لە هەرچی خراپو تاوانو بێ شەرعیە بپارێزیو، هەموو ئەو فەرمانانە جێ بەجێ بکا، کە خوای گەورەو پێغەمبەری ئازیز ئەمری پێکردووە.

دووپات کردنەوەی تەقوا لەگەڵ ئایەتەکانی حەجدا، بۆ ئەوەیە کە ئینسانی ژیرو تێگەیشتی حەج بە قوتابخانەو دەروازەیەکی گەورە بزانێت، بۆ گەیشتنە پلەی تەقواو لە خواترسی، تا خوای گەورە لیبوردەییو ڕەزامەندی خۆی بکاتە دیاریو، لە عەزابو مەینەتو ناخۆشیەکانیش پارێزراومان بکات.

# حەج و ئاوی زمزم

ئاوی زمزم کانییێکە لەکانیەکانی بەهەشتو، بەرهەمی دوعای پێغەمبەر ئیبراهیمە(سەلامی خوای لەسەر بێ)، کە ئەو ئاوە بوو بەمایەی ئاوەدانی مەککەی پیرۆزو، پیرۆزترین ئاوی سەر ڕووی زەویە، کە بەواستەی حەزرەتی جوبرائیلو بەفرمانی خوا لە پیرۆزترین شوێنی دونیا هەڵدەقوڵێت.

یەك لەو نیعمەتانەی خوشكو برای حاجی لەئەنجامی سەفەری حەجدا پێی دەگەن، ئاوی زمزمە، کە پڕ شیفاترین ئاویشە لەنێو تەواوی ئاوەکانی دونیادا.

لەسەردەمی پێغەمبەر ئیبراهیم(سەلامی خوای لەسەر بێ) ئەو ئاوە پەیدا بووە، ئەویش لەو کاتە، کە هاجەرە خاتوونو ئیسماعیلی کۆرپەلەی بە فەرمانی خوای گەورە لەو شوێنە بەجێی هێشتن، کە ئەوکات دۆڵێکی وشكو بیابان بوو، تەنها گۆزەیەکی ئاوو لەگەڵ چەند دەنکە خورمایەکیان پێ بوو، لەپاڵ دارێکی گەورە مانەوە، کاتێ پێغەمبەر ئیبراهیم گەڕایەوە، هاجەرە خاتوون لێی پرسی: بۆ کوێ دەڕۆیی‌و بەجێمان دێڵی؟ دواتر وتی: ئەوە فەرمانی خۆتە یان هی خوایە؟

حەزرەتی ئیبراهیم فەرمووی: فەرمانی خوایە، ئینجا هاجەرە خاتوون دڵی ئاسوودە بوو گوتی: کەواتە بڕۆ، چونکە خوا ئێمە بەزایع نادات.

کاتێ پێغەمبەر ئیبراهیم (سەلامی خوای لەسەر بێ) لێیان دووركەوتەوە، لە(سەنیە)ی دەروازەی مەککە، ڕووی لەشوێنی بەیت کردو ئەم دوعایەی کرد: ﴿**رَّبَّنَا إِنِّي أَسْكَنتُ مِن ذُرِّيَّتِي بِوَادٍ غَيْرِ ذِي زَرْعٍ عِندَ بَيْتِكَ الْمُحَرَّمِ رَبَّنَا لِيُقِيمُواْ الصَّلاَةَ فَاجْعَلْ أَفْئِدَةً مِّنَ النَّاسِ تَهْوِي إِلَيْهِمْ وَارْزُقْهُم مِّنَ الثَّمَرَاتِ لَعَلَّهُمْ يَشْكُرُونَ**﴾(1)، واتە: پەروەردگارا بەراستی من هەندێ لە وەچەو خێزانم، لەدۆڵێکی وشکی بێ کشتوکاڵدا جێنشین کردووە،

---

1- إبراهيم: 37.

لەپاڵ ماڵە پیرۆزەکەتدا، لەپاڵ (بيت الحرام) دا، پەروەردگارا، بۆیە لێرە نیشتەجێم کردن تا بەچاکی نوێژو خواپەرستی ئەنجام بدەن، جا داواکارم دڵی هەندێك لەو خەڵکە کەمەندکێش بکەیت بۆ لایانو لەرزقو رۆزی جۆراو جۆر بەهرەمەندیان بکەیت، بۆئەوەی سوپاسگوزاری بکەن.

جا کاتێ هاجەرە خاتوون ئاوو خورمای لێ بڕاو، چەندین جار چووە سەر کێوی سەفاو مەڕوا بۆ ئەوەی هاوارێك وەربگرێ بەڵام هیچی بۆ نەکرا.

دواتر بەفەرمانی خوا حەزرەتی جوبرائیل باڵی ڕەحمەتی لە زەوی داو ئاوی زمزم لە شوێن پێیەکانی ئیسماعیلی کۆرپەلە دەربوو، بەڵێ هەر لەو ڕۆژەوە تا ئێستاشی لەگەڵ دابێت ئاوی زمزم ئاوەدانی بەدوای خۆی داهێنانو، بوو بەمایەی خێرو بەرەکەتی گەورەترین ماڵی خوا لەسەر پشتی زەوی.

لەبارەی فەزڵو گەورەیی ئەو ئاوە، پێغەمبەری ئازیزمان چەندین فەرموودەی فەرمووە لەوانە:

(خَير مَاء عَلى وَجهِ الأرضِ مَاء زمزم إنّها **طعام طُعْمٍ** وشفاء سُقْمٍ)[1]، واتە: بەخێرترین ئاو لەسەر زەوی ئاوی زمزمە، کە خواردنەوەیەو جێگای خواردن دەگرێت، چارەسەرە بۆ گشت نەخۆشیەك.

بەگوێرەی لێکۆڵینەوەکان دەرکەوتووە، کە ئاوی زمزم کۆنترین ئاوە لەدونیادا ووشك نەبووەو، پاکترین ئاویشە لەخواردنەوەو، لەڕووی پێکهاتەوە باشترین ئاوە، بگرە هەموو ئەو مادانەی لەخۆ گرتووە، کە سوودی زۆری تەندروستیو سەلامەتی بۆ خواردنەوە تێدایە، لەبەر ئەوەیە ئەو ئاوە چەندین تایبەتمەندی خۆی هەیە، کە تەعبیر لە گەورەییو خێرو بەرەکەتو شیفای ئەو ئاوە دەکەن لەوانە:

---

1- سنن البيهقي الكبرى: ج/5 ص/147.

1- ئەو ئاوە لەبنچینەدا بە فەرمانی خوا بۆ حەزرەتی ئیسماعیلو هاجەرە خاتوونی خێزانی حەزرەتی ئیبراهیم(سەلامی خوای لەسەر بێ) دەربووە.

2- ئاوی زمزم، کانیەکە لەکانیەکانی بەهەشتو بەفەرمانی پەروەردگارو بەهۆی حەزرەتی جوبرائیلەوە هاتۆتە سەر زەوی.

3- بەپێی فەرموودەی پێغەمبەر(ﷺ) پیرۆزترین ئاوی سەر زەویەو، لەپیرۆزترین شوێنی دونیاش دەرکەوتووە.

4- بەپێی لێکۆڵینەوە ئەو ئاوە لەژێر زەوی لە سێ شوێنی پیرۆز دەردەچێت، کە ڕوکنی حەجەرولئەسوەدو هەردوو کێوی سەفاو مەڕوایە، بەڵام بەدووری (21) مەتر لە بەیت بەلای مەقامی ئیبراهیم(سەلامی خوای لەسەر بێ) کۆدەبێتەوە.

5- زۆرترین میوانانی ئەو شوێنە لە پێغەمبەرانو سەحابەو پیاو چاكو زاناو خواپەرستان لێیان خواردۆتەوە.

6- بەگوێرەی بەکارهێنانی زیاد دەکاتو لەگەڵ ئەوەش، کە ڕێژەی خوێی زۆرە بەڵام ئاوێکی شیرینە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی خاسیەتی ئەو ئاوە وەکو هەنگوینە، کە تامو بۆنو ڕەنگی ناگۆڕێ.

7- شیفای هەموو نەخۆشیەکە بۆ هەر مەبەستێکیش بخورێتەوە دێتە جێ، هەروەك پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرمووێ: (مَاءُ زَمْزَمَ لِمَا شُرِبَ له)[1]، واتە: ئاوی زمزم بۆ هەر مەبەستێك بخورێتەوە دێتە دی.

8 - دڵی پێغەمبەر(ﷺ) چەند جارێك بە ئاوی زمزم شوراوەتەوە، هەروەك لەو فەرموودەدا هاتووە، کە پێغەمبەر(ﷺ): (فُرِجَ عن سَقْفِ بَيْتِي وأنا بِمَكَّةَ فَنَزَلَ جِبْرِيلُ فَفَرَجَ صَدْرِي ثُمَّ غَسَلَهُ بِمَاءِ زَمْزَمَ)[2]، واتە: سەرووی ماڵەکەم بوویەوە، من

---

~~1- سنن ابن ماجة: ج/2 ص/1018.~~

2- صحيح البخاري: ج/1 ص/135.

لـە مەککـە بـووم، جوبرائیـل هاتـە لامو سـینگی کردمـەوە ئینجا بـەئاوی زمـزم شوشتیەوە.

سەرەڕای ئەوە پێغەمبـەر(د.خ) لـە ئـاوی زمزمـی بردۆتـەوە مەدینـەو زۆریـشی لێ خواردۆتـەوە، بۆیـە سـوننەت وایـە چـەندەی دەکـرێ ئینـسان لـەو ئـاوەی بخواتـەوەو، بەشێوەیەك کە پەراسووی مـرۆڤ بکاتـەوە، هـەروەها سـوننەتیش وایـە (بـسم الله) بکـاو لەسەرەتای خواردنەوە ئەو دوعایە بخوێنێ (اللّهم إني أسألك علماً نافعاً، وَرِزقـاً واسِـعاً، وَشِفاءً من كل داءٍ وسقم، برحمتك يا أرحم الراحمين).

چونکە ئەو ئاوە سوودو نەفعی زۆری تێدایە، بۆ هەموو ئەوانەی بە نیەتی تەبەڕوكو پاکەوە دەیخۆنەوە، لەبەر ئەوەی پیرۆزترین ئاوی سەر زەویە.

سەرەڕای ئەوەش کاتێ خوای گەورە زیارەتکارانی بەیت، بە وەفدو شاندی خـۆی نـاو دەبات، ئەوە بەخێرترین خوانیش، کە ئاوی زمزمە ئامادەی کردوە بۆ ئەوانەی زیـارەتی ئەو شوێنە دەکەن.

www.zanayan.org

# سەرچاوەکان


| | |
|---|---|
| ❋ | القرآن الكريم. |
| 1. | الجامع الصحيح المختصر، تأليف: محمد بن إسماعيل أبو عبدالله البخاري الجعفي، دار النشر: دار ابن كثير، اليمامة- بيروت- 1407-1987، الطبعة: الثالثة، تحقيق: د.مصطفى ديب البغا. |
| 2. | صحيح مسلم، تأليف: مسلم بن الحجاج أبو الحسين القشيري النيسابوري، دار النشر: دار إحياء التراث العربي- بيروت، تحقيق: محمد فؤاد عبد الباقي. |
| 3. | إرشاد السالك لأداء المناسك: تأليف عبد الكريم المدرس، بغداد. |
| 4. | أقرب المسالك الى أداء المناسك: الدكتور محمد السيد على بلاس، مجلة الرسالة الاسلامية/ العدد 2001/267 بغداد. |
| 5. | البلد الحرام فضائل وأحكام: إعداد كلية الدعوة واصول الدين، الطبعة الآولى/1424هـ جامعة أم القرى- مكة المكرمة. |
| 6. | تأريخ مكة المكرمة: قديماً وحديثاً: د. محمد الياس عبدالغني، الطبعة الأولى/ 1422هـ-2001م. مطابع الرشيد- المدينة المنورة. |
| 7. | تأريخ مكة المكرمة: إعداد جماعة من العلماء، بإشراف الشيخ صفيّ الرحمن المباكفوري، دار السلامة للنشر والتوزيع- الطبعة الأولى 1423هـ 2002م، المملكة العربية السعودية. |
| 8. | تبصير الناسك بأحكام المناسك: تأليف عبدالمحسن بن حمد العباد البدر، الطبعة الثالثة/ 1430هـ مطابع الحميضى- الرياض. |
| 9. | توێشوی سەفەری حەج بۆ حاجیانی کوردستان: ئامادەکردنی: عوزیر حافظ نذیر، چاپی سێیەم/ 1425ك-2005ز، چاپخانەی پەیڤ- سلێمانی. |
| 10. | پوختەی رێنماییەکانی حەجو عومرە: هەردی صابر هەمەوەندی، چاپی یەکەم/ 1430ك-2009ز، چاپخانەی شارستان. |
| 11. | حدود الصفا والمروة: الأستاذ الدكتور عبدالملك بن عبدالله بن دهيش، الطبعة الأولى |

| | |
|---|---|
| | (1429-2008) مكتبة الأسدي- مكة المكرمة. |
| 12. | حكم أحكام القرآن: الدكتور مصطفى ابراهيم الزلمى، الطبعة الآولى/ 1424هـ-2004م، مطبعة الخنساء/ بغداد- العراق. |
| 13. | الحج المبرور: للشيخ أبي بكر الجزائري، الطبعة الأولى(1415-1994)، مكتبة العلوم والحِكَم- المدينة المنورة. |
| 14. | الحج آداب وأسرار ودروس: تأليف محمد بن إبراهيم الحمد، الطبعة الأولى/1420هـ. |
| 15. | الحج أشهر معلومات: أ.د. ناصر بن سليمان العمر- المنشور على موقع: www.pdffactory.com |
| 16. | الحج المبرور والزيارة: لفضيلة الشيخ أبي بكر جابر الجزائرى، الطبعة الأولى/ مكتبة العلوم والحكم- المدينة المنورة. |
| 17. | الجامع الصحيح سنن الترمذي، تأليف: محمد بن عيسى أبو عيسى الترمذي السلمي، دار النشر: دار إحياء التراث العربي- بيروت، تحقيق: أحمد محمد شاكر وآخرون. |
| 18. | خلاصة المسالك لأداء مناسك الحج والعمرة: خليل محمد حسن، الطبعة الثانية/ 2005م، مطبعة دارا- أربيل. |
| 19. | الخلاصة في أحكام الحج والعمرة: جمع وإعداد الباحث في القران والسنة الدكتور علي بن نايف الشحود، الطبعة الاولى/ مصر. |
| 20. | چۆنیەتی حەجو عومرە: کۆکردنەوەی عبدالله عبدالعزیز هەرتەلی، چاپی یەکەم/ 2007م/ هەولێر. |
| 21. | دروس عقيدية مستفادة من الحج: تأليف عبدالرزاق بن عبدالمحسن البدر، الطبعة الأولى/ 1424هـ-2004م، مطابع الحميضى- الرياض. |
| 22. | الدعاء المشروع في الحج: عبدالله بن أحمد آل علاف الغامدى، دار الطرفين للنشر والتوزيع/ الطبعة الأولى- مكة المكرمة. |
| 23. | دليل الحاج في الحج والعمرة: الحاج ماهر معين مصطفى الشيخان، الطبعة الأولى/ 2009م-1430هـ مطبعة منارة- أربيل. |
| 24. | رسائل الى الحجاج والمعتمرين: إسلام محمود دربالة، الطبعة الأولى/ دار الآفاق- سعودية. |
| 25. | ڕووناکی(رب العالمين) ڕونکرنەوەی (منهاج الطالبين)، دانانی: عبدالله عبدالعزیز هەرتەلی، |

| | |
|---|---|
| | بەرگی دووەم/ چاپی یەکەم/ 2000، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- هەولێر. |
| .26 | رێبەری حاجی: مەلا موسای بیارە، چاپی یەکەم/ 2008م، ناوەندی راگەیاندنی ئارا- سلێمانی. |
| .27 | زەمزەم چارەسەرە: دارا رشید محمد: چاپی یەکەم/ چاپخانەی چوارچرا 2009ز- سلێمانی. |
| .28 | السراج الوهاج على متن المنهاج، تأليف: العلامة محمد الزهري الغمراوي، دار النشر: دار المعرفة للطباعة والنشر- بيروت. |
| .29 | السكينة أيها الناس: إعداد المكتب العلمى بموقع (الإسلام اليوم) بإشراف: أ.د. صالح بن محمد السلطان- د. عبدالوهاب بن ناصر الطريري. |
| .30 | سنن ابن ماجه، تأليف: محمد بن يزيد أبو عبدالله القزويني، دار النشر: دار الفكر- بيروت، تحقيق: محمد فؤاد عبد الباقي. |
| .31 | سنن أبي داود، تأليف: سليمان بن الأشعث أبو داود السجستاني الأزدي، دار النشر: دار الفكر، تحقيق: محمد محيي الدين عبد الحميد. |
| .32 | السيرة النبوية: تأليف محمد سعيد رمضان البوطي، الطبعة السابعة/ مكتبة الشرق الجديد- بغداد. |
| .33 | سنن البيهقي الكبرى، تأليف: أحمد بن الحسين بن علي بن موسى أبو بكر البيهقي، دار النشر: مكتبة دار الباز- مكة المكرمة- 1414-1994، تحقيق: محمد عبد القادر عطا. |
| .34 | شەریعەتی ئیسلام: دانراوی مەلا عبدالکریمی مدرس/ بەرگی یەکەم، چاپی 2009، دەزگای چاپو بڵاوکراوەی رۆژهەڵات- هەولێر. |
| .35 | صحيح ابن حبان بترتيب ابن بلبان، تأليف: محمد بن حبان بن أحمد أبو حاتم التميمي البستي، دار النشر: مؤسسة الرسالة- بيروت- 1414-1993، الطبعة: الثانية، تحقيق: شعيب الأرنؤوط. |
| .36 | الطواف أنواعه وأحكامه: د.سليمان العيسى، بحث منشور على موقع المسلم. |
| .37 | العمرة والحج والزيارة: د.سعيد بن على وهف القحطاني. |
| .38 | فتح الباري شرح صحيح البخاري، تأليف: أحمد بن علي بن حجر أبو الفضل العسقلاني الشافعي، دار النشر: دار المعرفة- بيروت، تحقيق: محب الدين الخطيب. |
| .39 | فضائل الحج والعمرة: هيثم محمد حيدر، المنشور على موقع (دليل الحاج). |

| | |
|---|---|
| 40. | فضل المدينة وآداب سكناها وزيارتها: عبد المحسن بن حمد العباد البدر، الطبعة التاسعة/ 1430هـ. مطابع الحميضي- السعودية. |
| 41. | فضل ماء زمزم: سلئد بكداش، دار البشائر الإسلامية/ الطبعة الأولى، بيروت- لبنان. |
| 42. | فقه السنة: السيد سابق، المجلد الأول/ الطبعة الحادية والعشرون (1418هـ-1998م) دار إبن كثير- دمشق- بيروت. |
| 43. | الفقه الاسلامى وأدلته: تأليف، الدكتور وهبة الزوحيلي/ الجزء الثالث: الطبعة الرابعة (1418-1997)، المطبعة العلمية، دار الفكر المعاصر/ بيروت لبنان. |
| 44. | الفقه المنهجي على مذهب الإمام الشافعي: الدكتور مصطفى الخِن- الدكتور مصطفى البغا، المجلد الأول/ الطبعة الأولى (1418هـ-1998م) دار احسان- للنشر والتوزيع/ طهران- ايران. |
| 45. | كتاب الإيضاح في مناسك الحجّ والعمرة: للإمام الربّاني يحيى بن شرف النّووي، وعليه الإفصاح على مسائل الإيضاح: تأليف/ عبدالفتاح حسين راوه المكي، الطبعة السادسة (1428-2007)، المكتبة الإمدادية" مكة المكرمة- السعودية. |
| 46. | كتاب الإعلام بأعلام بيت الله الحرام: محمد بن أحمد النهرواني، الطبعة الأولى/1416هـ، المكتبة التجارية- مكة المكرمة. |
| 47. | كفاية الأخيار في حل غاية الإختصار، تأليف: تقي الدين أبي بكر بن محمد الحسيني الحصيني الدمشقي الشافعي، دار النشر: دار الخير- دمشق- 1994، الطبعة: الأولى، تحقيق: علي عبد الحميد بلطجي، ومحمد وهيي سليمان. |
| 48. | كفاية المحتاج الى الدماء الواجبة على المعتمر والحاج: الإمام العلامة فخرالدين أبي بكر بن علي بن ظهيرة القرشي المكي الشافعي، الطبعة الثانية 1415هـ/ دار البخاري- للنشر والتوزيع/ المدينة المنورة. |
| 49. | كنز العمال في سنن الأقوال والأفعال، تأليف: علاء الدين علي المتقي بن حسام الدين الهندي، دار النشر: دار الكتب العلمية- بيروت- 1419هـ-1998م، الطبعة: الأولى، تحقيق: محمود عمر الدمياطي. |
| 50. | مذكرة الحج: خالد بن عبدالعزيز الهويسن، الطبعة الأولى/ 1425هـ. |
| 51. | المستدرك على الصحيحين، تأليف: محمد بن عبدالله أبو عبدالله الحاكم النيسابوري، دار |

| | |
|---|---|
| | النـشر: دار الكتـب العلميـة- بـيروت- 1411هــ-1990م، الطبعـة: الأولى، تحقيـق: مصطفى عبد القادر عطا. |
| 52. | مشاريع العشر: محمد حسين يعقوب، الطبعة الأولى (2005-1426) دار التقوى- للنشر والتوزيع. |
| 53. | معالم مكة التأريخية والأثرية: عاتق بن غيث البلادي، دار مكة للنشر- 1413هـ. |
| 54. | المعجم الكبير، تأليف: سليمان بن أحمد بن أيوب أبو القاسم الطبراني، دار النشر: مكتبة الزهراء- الموصل- 1404-1983، الطبعة: الثانية، تحقيق: حمدي بن عبدالمجيد السلفي. |
| 55. | المغني في فقه الإمام أحمد بن حنبل الشيباني، تأليف: عبد الله بن أحمد بن قدامة المقدسي أبو محمد، دار النشر: دار الفكر- بيروت- 1405، الطبعة: الأولى. |
| 56. | مغنى المحتاج: للشيخ شمس الدين محمد بن الخطيب الشربينى، المجلد الأول/ الطبعة الأولى 1419هـ 1998م/ دار الفكر/ بيروت- لبنان. |
| 57. | مناسك الحج: إدارة الإرشاد الدينى وشؤون الحج، (1421هـ-2001م) دار الحرية للطباعة- شركة عامة. |
| 58. | مناسك وأدعية للحج والعمرة: إعداد: حسام الدين جودت، الطبعة الأولى/ 2007م، أربيل. |
| 59. | من حكم الشريعة وأسرارها: تأليف الشيخ حامد بن محمد عبدالله العبادى، الطبعة الخامسة/ 1425هـ-2004م، مكتبة الأسدى- مكة المكرمة. |
| 60. | من مقاصد الحج: الدكتور عبدالعزيز بن عبدالله الحميدى، المنشور على موقع (مكتبة الوقفية). |
| 61. | منهاج الطالبين وعمدة المفتين، تأليف: يحيى بن شرف النووي أبو زكريا، دار النشر: دار المعرفة- بيروت. |
| 62. | اليسير فى الحج والعمرة: د. صلاح سلطان، سلسلة قضايا اجتماعية واسلامية، العدد (7) مملكة البحرين. |

# ناوەڕۆك


| بابەت | ل |
|---|---|
| پەسندنامە | 6 |
| سوپاس‌و پێزانین | 8 |
| پێشەکی: | 9 |
| ئەرکی موڕشیدی ئایینی | 12 |
| پێویستییەکانی سەفەری حەج | 16 |
| **بەشی یەکەم: حەج لە قوڕئان‌و سوننەدا** | 21 |
| دەروازەیەك: مەبەست لەو فەڕیزەیەو چەند وشەیەك | 22 |
| باسی یەکەم: حەج لە قوڕئانی پیرۆزدا | 25 |
| بڕگەی یەکەم: یەکەمین ماڵی خودا | 25 |
| بڕگەی دووەم: کات‌و مەبەستی حەج | 26 |
| بڕگەی سێیەم: سوودو بەهرەکانی حەج | 28 |
| بڕگەی چوارەم: هەندێ یاسای حەج | 30 |
| بڕگەی پێنجەم: دروشمی خواپەرستی | 31 |
| بڕگەی شەشەم: پوختەی باسەکە | 33 |
| باسی دووەم: حەج لە سوننەتی پێغەمبەردا | 37 |
| بڕگەی یەکەم: پێویست بوونی حەج بەپێی فەرموودە | 38 |
| بڕگەی دووەم: گەورەیی حەجکردن | 40 |
| بڕگەی سێیەم: پایەو ڕێزی حاجی | 43 |
| بڕگەی چوارەم: پوختەی باسەکە | 46 |
| **بەشی دووەم: ئاداب‌و ئامانج‌و سودو نهێنیەکانی حەج** | 49 |
| دەروازەیەك: وەرزی حەج ڕێوڕەسمێکی گەورە | 50 |

باسی یەکەم: ئادابەکانی حەجکردن 54
باسی دووەم: سوودو ئامانجەکانی حەج 58
یەکەم: سوودو ئامانجە گشتیەکان 59
دووەم: سوودو ئامانجە تایبەتیەکان 62
بڕگەی یەکەم: لەڕووی ئاینیەوە 62
بڕگەی دووەم: لەڕووی کەسایەتیەوە 63
بڕگەی سێیەم: لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە 65
باسی سێیەم: حیکمەتو نهێنیەکانی حەج 67
بڕگەی یەکەم: حیکمەتەکانی حەج 67
بڕگەی دووەم: نهێنیەکانی حەج 72
باسی چوارەم: پەندو وانەکانی حەج 79
**بەشی سێیەم: ئەحکامەکانی حەج** 89
باسی یەکەم: چەند زانیاریەك دەربارەی حەج 90
یەکەم: پێناسەی حەج 90
دووەم: واجب بوونی حەج 90
سێیەم: مەرجەکانی واجب بوونی حەج 92
باسی دووەم: کاتو شوێنەکانی ئیحرام بەستنی حەج 97
أ- زەمەنی دیاری کراو بۆ حەج 97
ب- شوێنەکانی ئیحرام بەستن 98
باسی سێیەم: چۆنیەتی ئیحرام بەستن 102
بڕگەی یەکەم: جۆرەکانی ئیحرام بەستن
بڕگەی دووەم:چۆنیەتی نیەتی ئیحرام بەستن 105
**بەشی چوارەم: ڕوکنو ئەرکەکانی حەج** 107
دەسپێکی باس: 108
باسی یەکەم: پایەکانی حەج (ارکان الحج) 110

| | |
|---|---|
| یەکەم: ئیحرام بەستن | 110 |
| أ- پێناسەی ئیحرام | 110 |
| ب- سوننەکانی ئیحرام | 110 |
| ج- واجبەکانی ئیحرام | 113 |
| د- قەدەغە کراوەکانی ئیحرام | 113 |
| هـ- قەدەغە کراوەکانی هەردوو حەرەم | 117 |
| دووەم: تەواف کردن | 119 |
| أ- پێناسەو جۆرەکانی تەواف | 119 |
| 1- پێناسەی تەواف | 119 |
| 2- جۆرەکانی تەواف | 119 |
| ب- واجبو مەرجەکانی تەواف | 121 |
| ج- سوننەتەکانی تەواف | 124 |
| د- ئادابەکانی تەواف | 126 |
| هـ- حیکمەتەکانی تەواف کردن | 127 |
| سێیەم: هاتووچۆی نێوان سەفاو مەڕوە (السعی) | 130 |
| أ- پێناسەی سەعی کردن | 130 |
| ب- مەرجەکانی کۆشش کردن لە نێوان سەفاو مەڕوە | 131 |
| ج- سوننەتەکانی سەعی کردن | 133 |
| د- ئادابەکانی سەعی کردن | 134 |
| هـ- حیکمەتی سەعی کردن | 135 |
| چوارەم: وەستانی عەڕەفە | 137 |
| أ- لە بارەی عەڕەفەوە | 137 |
| ب- واجبەکانی عەڕەفە | 137 |
| ج - سوننەتو ئادابەکانی عەڕەفە | 139 |
| د- حیکمەت لە وەستانی عەرەفە | 143 |

| | |
|---|---|
| پێنجەم: سەر تاشین یان کورتکردنەوە | 148 |
| أ- پێناسەو بەڵگە | 148 |
| ب- ئەندازەی واجب | 149 |
| ج- سوننەتو ئادابەکانی تاشینو کورتکردنەوە | 151 |
| د- حیکمەتی سەر تاشین یان کورتکردنەوە | 152 |
| باسی دووەم: ئەرکەکانی حەج (واجبات الحج) | 154 |
| یەکەم: ئیحرام بەستن لە شوێنی دیاریکراودا | 155 |
| دووەم: وەستان لە عەرەفە تا خۆرئاوا بوون | 156 |
| سێیەم: شەو مانەوە لە موزدەلیفە | 157 |
| سوننەتەکانی موزدەلیفە | 158 |
| چوارەم: شەو مانەوە لە مینا | 160 |
| حیکمەتی مانەوەی مینا | 161 |
| پێنجەم: ڕەجم کردنی شەیتانەکان | 163 |
| أ- کاتی ڕەجم کردن | 164 |
| ب- مەرجەکانی ڕەجم کردن | 164 |
| ج- سوننەتەکانی ڕەمی | 166 |
| د- ڕەجم کردن لەجیاتی کەسێکی تر | 166 |
| ر- حیکمەتی ڕەجم کردن | 167 |
| ز- ئیحرام شکاندن | 168 |
| شەشەم: تەوافی ماڵئاوایی (طواف الوداع) | 169 |
| **بەشی پێنجەم: خوێنو فیدیەکانی حەجو عومرە** | 171 |
| دەسپێك | 172 |
| باسی یەکەم: پێناسەو بەڵگە | 173 |
| باسی دووەم: جۆرەکانی فیدیە | 174 |
| باسی سێیەم: کاتو شوێنی سەربڕین | 183 |

| | |
|---|---|
| باسی چوارەم: چۆنیەتی قوربانی کردن | 184 |
| 1- پێناسەو بەڵگە | 184 |
| 2- مەرجەکانی قوربانی | 185 |
| 3- حیکمەتو گەورەیی قوربانی کردن | 187 |
| **بەشی شەشەم: زیارەتو دوعاکان** | 189 |
| باسی یەکەم: زیارەتـەکان | 190 |
| بڕگەی یەکەم: زیارەتی مەدینە | 191 |
| أ- گەورەیی مەدینە | 191 |
| ب- ئادابی چوونە مەدینە | 194 |
| بڕگەی دووەم: زیارەتی گۆڕی پێغەمبەر(د.خ) | 195 |
| أ- سۆزو هەست لەو شوێنەدا | 195 |
| ب- بەڵگەی ڕەوایەتی زیارەتی گۆڕی پێغەمبەر(د.خ) | 196 |
| ج- ئادابەکانی زیارەتی گۆڕی پێغەمبەر(د.خ) | 199 |
| بڕگەی سێیەم: زیارەتی ئەو شوێنانەی سوننەتن | 203 |
| أ- گۆڕستانی بەقیع | 203 |
| ب- مزگەوتی قوبێ | 205 |
| ج- شەهیدانی ئوحد | 207 |
| بڕگەی چوارەم: زیارەتی هەندێ شوێنی تر | 209 |
| یەکەم: مزگەوتەکان | 210 |
| دووەم: ئەشکەوتەکان | 214 |
| سێیەم: بیرە ئاوەکان | 218 |
| باسی دووەم: دوعاکان: | 221 |
| دوعای سەفەر | 222 |
| دوعای دەرکەوتنی مەککە | 222 |
| دوعای چوونە ناو شاری مەککە | 222 |

دوعای چوونە ژوور لە (باب السلام) 223
دوعای دیتنی بەیت 223
دوعاکانی تەواف 223
چەند دوعایەکی بەخێر لەئەسنای تەوافدا 226
دوعای نێوان هەردوو ڕوکنی یەمانیو حەجەڕولئەسوەد 226
دوعای مولتەزەم 226
دوعای مەقامی ئیبراهیم 227
دوعای حیجری ئیسماعیل 227
دوعای پاش نوێژی سوننەتی تەواف 227
دوعای خواردنەوەی ئاوی زەمزم 228
دوعاکانی سەفاو مەڕوا 229
دوعای سەرتاشین یا کورتکردنەوە 234
دوعای دوای سەرتاشین 234
دوعاکانی عەرەفە 234
دوعاکانی زیارەتی مەدینەی پیرۆز 256
دوعاکانی ڕەوزەی پیرۆز 257
دوعای گۆڕستانی بەقیع 258
دوعای خواحافیزی لە مەدینە 258
**بەشی حەوتەم: کۆمەڵێك وتاری پەیوەست بە حەج** 259
فەزڵو پیرۆزی حەج 260
حەجو گەورەیی عەشرول ئەواخیر 263
حەجو خۆشەویستی پێغەمبەر 266
حەجو پەروەردەی رۆحی 269
حەجو ئیخلاس 272
حەجو پشت بەستن بەخوا 275

| | |
|---|---|
| حەج و لێبوردەیی و ئارامی | 278 |
| حەج و ڕۆژی عەرەفە | 281 |
| وتاری ماڵئاوایی و چەند خاڵێك | 285 |
| حەج و دوعا کردن | 290 |
| حەج و زیکر کردن | 293 |
| حەج و تەوبە کردن | 297 |
| حەج و تەقوا | 300 |
| حەج و ئاوی زمزم | 304 |
| سەرچاوەکان | 307 |
| ناوەڕۆك | 313 |